پ.د.ئەورەحمانی حاجی مارف

ڕێزمانی کوردی

بەرگی یەکەم
(وشەسازی)

هەواڵنامەی کتێب

بەشی دووەم
(جێناو)

د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف

ڕێزمانی کوردی

بەرگی یەکەم

(وشەسازی)

بەشی دووەم

(جێناو)

ناوی کتێب :	ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشـەسازی) بەشی دووەم (جێنـــاو)
ناوی نووسەر:	د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف
ڕێکخستن و پێداچوونەوەی	د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
نـــرخ:	(٦٠٠٠) دینار
دەرهێنانی هونەری ناوەوەو بەرگ	خەلیل هیدایەت مام شێخ
شوێنی چاپ:	چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر (٤٦٣٩٥٣١)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (٧٧٨) ساڵی ٢٠١٤ ی دلوەتیٚ

بەڕێوەبەری هونەری دەزگا

سلام محمد رسول

پێشەكی

دەربارەی ئەوەی جێناو چییە و ئایا لە زمانی كوردیدا بەشێكە لە بەشەكانی ئاخاوتن، باسێكی یەكجار گران و پڕ كێشەیە. ئەمە بە تایبەتی پێوەندی بەو جۆرانەوە هەیە، لە كاتێكدا كە جێناون، دەكرێ لە هەمان كاتدا لەڕیزی بەشە ئاخاوتنێكی‌تر دابنرێن. لە ڕاستیدا ئەگەر وشەیەک لە بنەڕەتدا ناوبێ ناڵوێ لە هەمان كاتدا لەڕیزی ئاوەڵناو یان ژمارە دابنر[1]... بەڵام هەرچی جێناوە بە شێوەیەكی‌ترە واتە هەر جێناوێک لە یەک كاتدا لەگەڵ بەشێكی تری ئاخاوتندا نزیک دەبێتەوە. بەوێنە جێناوی كەسی جودای (من، تۆ، ئەو ...) لە ناو نزیک دەبێتەوە، جێناوی نیشانەی (ئەم، ئەو ...) لە ئاوەڵناو نزیک دەبێتەوە....

بۆیە كێشەی ئەوە دێتە پێشەوە: بە گشتی پێویست دەكا جێناو وەک بەشە ئاخاوتنێكی سەربەخۆ جیا بكرێتەوە؟ و بە تایبەتی گوێ نەدرێتە ئەوە، كە بەشێكیان (من، تۆ، ئەو ...) لە ناو نزیک دەبنەوە و بەشێكی تریان (ئەم، ئەو ...) لە ئاوەڵناو و ..... هتد. یاخود ڕاستتر وایە جێناو وەک گرووپێكی ڕێزمانی جیا نەكرێتەوە و بە سەر ئەو

---

[1] بێگومان لێرەدا مەبەست گوێزانەوەی وشە نییە لە بەشێكی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێكی دی. بەڵێ ناو دەشێ وەک ئاوەڵناو بەكاربهێنرێ، بەڵام ئەو وشەیە ناشێ لەیەک كاتدا ناویش و ئاوەڵناویش بێ.

بەشە ئاخاوتنانەدا دابەش بکرێن، کە نیشانەی وێکچوون لە نێوانیاندا هەیە. هەندێ لە زانایان بەم جۆرەیان کردووە و بەسەر ناو و ئاوەڵناو ..... دا دابەشیان کردووە.

لە ڕێزمانی چاولێکەریی کوردی و گەلێ زمانی تردا، زاراوەی (جێناو، ڕاناو– pronoun) زۆر جار تەنیا بۆ ئەو وشانە بە کار دەهێنرێن، کە لە ڕستەدا هەمان دەوری ناو دەبینن، واتە زاراوەی ناوبراو لە رووی ئێتیمۆلۆژییەوە بە واتای دەقاودەقی (جێ– ناو، ڕا– ناو) – (pro–noun) وەردەگرن. کە گوایە لە جێی ناو، لە بریتی ناو دێت.... بەو پێیە وشەی وەک (ئەم، ئەو ...) و گەلێکی تر کە ئەرکی ئاوەڵناو بە جێ دێنن نابێ لە ڕیزی جێناو دابنرێن.

دیارە پێویست ناکا بە دوور و درێژی لە نامەنتیقی و ناڕاستیی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی جێناو بدوێین، کە تەنیا لە سەر بناغەی ئێتیمۆلۆژی زاراوەکە بنیات نراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر وشەی (هی، ئەم، چەند، چۆن ...) جێناو نەبن و ئاوەڵناو بن، لە سەر بناغەی ئەوەی جێی ناو ناگرن، بەڵکو لە بریتی ئاوەڵناو دێن، ئەوە ئاشکرا نییە، بۆچی وشەی وەک: (من، تۆ ...) هەر ئەو ئەرکە دەبینن کە ناو دیبینێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە ناو دانانرێن و وەک کۆمەڵە وشەیەکی تایبەتی بە ناوی جێناوەوە جیاکراونەتەوە. کەواتە ئەگەر (هی، ئەم، چەند، چۆن ...) بە ئاوەڵناو دابنرێن، ئەوە دەبێ بە پێی هەمان تێگەیشتن و بۆچوون وشەی (من، تۆ ...)ش بە ناو بژمێررێن.

بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە جێناو چییە و ئەو گروپە بۆ جیاکراوەتەوە، هەندێ لە خاسیەتی دەدەوێین:

تایبەتێتی جێناو لە ڕووی واتاوە:

لە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی جێناو لەگەڵ وشەی تردا ئەوەی هەرە سەرەکییە و زۆر دیارە و زۆر دێتە پێش چاو، تایبەتێتی خاسیەتی واتایەتی. بە وێنە جێناوی کەسی کاتێ لە ڕستەدا وەک ناو ئەرکی نیهاد دەبینێ (کوڕەکە گوێزەکەی شکاند – ئەو گوێزەکەی شکاند) لە ڕووی واتاوە زۆر لە ناو جیاوازە. جیاوازی لەگەڵ ناو بە تایبەتی لەوەدایە هیچ جێناوێکی کەسی هەمیشەیی نییە و بەند نییە و ناوی گیاندارێک یان بێ گیانێک یان بیرێک یان کارێک نیشان نادا. بە وێنە "خانوو" کە شتێکی چەسپاوی شێوە دیارە و هیچ بەند نییە بەوەی کەی و لە کوێ باسی لێوەکراوە. ئەم شتە لە هەموو حاڵێکدا هەر ئەو وشەیە ناوێتی. هەرچی جێناوە بەو جۆرە نییە، بە نموونە جێناوی (من) بە پێی شوێن دەشێ پێوەندی بە پیاوەوە یان بە ژنەوە، بە منداڵەوە یان بە گەورەوە، تەنانەت بە ئاژەڵ و بێ گیانیشەوە هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (من) بۆ هیچ کەسێک ناوبردنێکی هەمیشەیی نییە. لە سەروو هەموو شتێکیشەوە بێ خوێندنەوەی شوێن وشەی (من) بە گشتی هیچ ناگەیەنێ، واتە بە وێنە ئەگەر لەسەر وتارێک بنووسرێ (ئازاد)، ئەوە کەسێکی دیاری کراو نیشان دەدا، بەڵام بێتو لە جێی وشەی (من) دابنرێ، ئەوە خاوەنی ناناسرێ... جێناوی کەسی واتای گیاندار و بێ گیان بە شێوەیەکی نیسبی دەگەیەنێ، نەک بە شێوەیەکی گشتی، واتە لە ڕووی پێوەندیی ئەو ئاخاوتنەوە: جێناوی کەسی یەکەم – قسەکەر، واتە خاوەنی قسە نیشان دەدا، جێناوی کەسی دووەم – قسەبۆکراو، واتە بەشداری

کەری قسە دەردەخا، جێناوی کەسی سێیەم – قسەلێکراو، واتە بەشداری نەکەری قسە دەگەیەنێ و بۆیە بە بێ بایەخی دادەنێین.

ئەوە جۆرە خاسیەت و تایبەتێتی‌یانە ڕوون و ئاشکرایە لە واتای (جێناوی نیشانە) شدا دەردەکەون، کە لەگەڵ ئاوەڵناودا بەراورد دەکرێ. بە وێنە لە دەستەواژەی "ئەم خانووە" یان "ئەو خانووە"دا ئاشکرا دیارە کە قسە لە بارەی کام خانووەوە دەکرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی حاڵەتی دیاری کردن نیشانی داوە. بەلام زانینی چۆنیەتی (ئەم خانووە) یان (ئەو خانووە)ە بە بێ نیشاندانی حاڵەتی ئاخاوتن ناشێ. (خانوو)، کە هەر ئێستا لە ڕێی (ئەم)ەوە واتای گەیاند، لەباری گۆڕینی حاڵەتی ئاخاوتندا وای لێ هات لە ڕێی (ئەو)ەوە مەبەست بگەیەنێ. بەم چەشنە بەکارهێنانی جێناوی (ئەم) و (ئەو) بۆ شتی چەسپاو، بێ گومان بارودۆخی ئاخاوتن دیاری دەکات، نەک خاسیەتی شتەکە، وەک بڵێین "خانووی گەورە"، "خانووی بەرز" ... جێناوی نیشانە خاسیەتی شتێک دەردەخا، کە حاڵەتی ئاخاوتنەکە دیاری کردبێ.

ئەو خاسیەت و تایبەتێتییانەی واتا کە ناومان بردن و پێوەندن بە بارودۆخی ئاخاوتنەکەوە، هەروەها لە جێناوی نەفی و پرسیاریشدا هەیە. هەرچەندە لەماندا زۆر ڕوون دەرناکەون، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو خاسیەت و تایبەتێتییانەن کە جێناوی نەفی و پرسیار لە ناو و ئاوەڵناو جیا دەکەنەوە. بۆ نموونە لە ڕستەی "هیچ کەس نەهات"دا جێناوی (هیچ کەس) نیشان دەدا، کە وا لەم حاڵەتەدا یەک کەس چییە دەوری کارای نەبینیوە و بەو پێیە ئەو هەواڵەی لەبارەیەوە قسە دەکرێ، ڕووی نەداوە. هەر بەو چەشنە لە

ڕستەی "من هیچ شتێک نابینم"دا (هیچشتێک) ناوی شتێکی دیاری کراو نابا و نیشانی دەدا کە یەک شت چییە نەبووەتە بنکەی ئەم پرۆتسێسە. جێناوی نەفی، بەم جۆرە واتای دەرهاویشتنی دەگەیەنێ. ئەو جێناوانە هیچ کەسێک یان هیچ شتێکی دیاری کراو دەست نیشان ناکەن و ناوی هیچ نابەن، بەڵکو تەنیا پەنجە بۆ ئەوە درێژدەکەن کە وا ئەو کەسە یان ئەو شتەی دەکرا بە شێوەیەکی ئاشکرا ناوی ببرێ یان خاسیەتی نیشان بدرێ، نییە.

(جێناوی پرسیار)یش دیسان بێبەرە لە ئەرکی ناوبراو. لە ڕستەی "تۆ چی دەکەی؟" دا پرسیارکەر تەنیا سەرنج بۆ ناوی شتێک ڕادەکێشێ، بەڵام نەک بۆ شتێک کە وا وەک هەواڵێک یان شتێکی دیاری کراو جیا کرابێتەوە و لە شتی تر جیاواز بێ و ناونرابێ (چی). هەروەها لە ڕستەی "کێ ئەوی بینی"دا، کە وا (کێ) تەنیا نیشانی ئەوە دەدا، ئەو کەسەی ئەم کارەی بەجێ هێناوە لێمان ئاشکرا نییە. بەم جۆرە جێناوی پرسیار نیشانی دەدا، کە وا شتێک ئاشکرا نییە و داوا دەکا ئاشکرا بکرێ، ئەو شتە چییە.

بەم پێیە بۆ واتای جێناو ئەوە مەرجە، کە بە هاریکاری ئەو هیچ شتێک ناونابرێ، بەڵکو تەنیا نیشانی خاسیەتی گشتی دەدات لەگەڵ پێوەندی و ڕێکەوتنی بە بارودۆخی ئاخاوتنەوە. بۆیە مانای گشتیی جێناو دەشێ وەک ئیشارەت بۆ ئەم شت یان ئەو نیشانەیە، کە حاڵەتی ئاخاوتن دیاری کردووە، لێک بدرێتەوە. بە تایبەتیتیو واتای ئاشکرا دەبێ، کە جێناو لە هەمیشەیی و چەسپاوی بێبەشە - واتە جێناو مانایەکی بەردەوامی شتێکی دیاریکراو ناگەیەنێ. جا ئەم

بەردەوام نەبوونی واتایە سیفەتێکی بنەڕەتیی جێناوە و ئەم تایبەتێتییە هەموو جۆرەکانی جێناوی بەیەکەوە بەستووە.

وەک دەبینین لە واتای جێناودا پێوەندییەکی ناسراو هەیە. لەبەر ئەوەی زۆر جار واتای هەمەجۆری پێوەندی بە دەوروبەرەوە نەبەستراوە، بۆیە وەک دەربڕینی ڕێزمانی تەماشا دەکرێ. بەم پێیە لە زۆر حاڵەتدا وا ڕادەگەیەنرێ کەوا جێناوە لە ڕووی واتاوە خاسیەتی ڕێزمانی هەیە.

بەو تێگەیشتنە بەشێکی ناسراو لەو ڕاستییە هەیە. بە نموونە واتای کەس کە خاسیەتی جێناوەی کەسییە لە ناوەرۆکدا لەگەڵ حاڵاتی ڕێزمانیی کەس لە کرداردا وەک یەکن. لەم ڕستەیەدا "من دەنووسم" جێناوی (من) هیچ کەسێکی دیاریکراو ناو نابا، بەڵکو تەنیا پەنجە بۆ خاوەنی قسەکەر درێژدەکا، کە وا لەهەمان کاتدا جێبەجێکەری (کارا)ی ڕووداوە بەجێهێنراوەکەیە... ئەمەش بە وێنە لەگەڵ "ئێوە دەنووسن"دا جیاوازی هەیە، کە وا قسەکەر و نووسەر کەسانی جیاوازن... دیسان هەمان واتای کەسی یەکەم لە قاڵبی کردارەکە (دەنووسم)دا دەردەکەوێ. بەڵێ لە (دەنووسم)دا هەروەها واتای ڕێژە و کات و شتی دی هەیە. کەچی لە (من)دا سەرنج تەنیا بۆ واتای کەس ئاراستەکراوە. بەڵام ئەو جیاوازییە چەندێتییە و بە واتای چۆنیەتی (لە ڕووی ڕاگەیاندنی واتای کەسەوە) _ (من) و (دەنووسم) وەک یەکن. ئەمە ئەوە ئیسپات دەکا کە لە زۆر زماندا کە لە ڕێژەی کرداردا کەس هەبێ، جێناوی کەسیی جودا دەشێ بەکار نەهێنرێ. بە وێنە ئێمە لە زمانی کورددا کاتێ لە کردارەکەدا نیشانەی

کەس بە باشی دیارە، جێناوی کەسیی جودا دەپەڕێنین: (من) دەنووس – م، (ئێمە) دەنووس – ین[2]...

بەو چەشنە واتای جێناوی کەسیی جودا لەگەڵ واتای کەس لە قاڵبی کرداردا وەک یەکن. بەڵام لەبەر ئەوەی کەس لە کرداردا واتایەکی ڕێزمانیی هەیە، بۆیە دەکرێ کێشەی واتای ڕێزمانی لە جێناوی کەسیدا بهێنرێتە ناوانەوە.

جیاکردنەوەی جێناو وەک وشە:

سەربەخۆیی جێناوی کەسیی جودا جێگەی گومان نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایان وەک وشەی سەربەخۆ تەماشا ناکەن.

جێناوەکانی (من، تۆ، ئەوە، ئێمە، ئێوە، ئەوان) کە لەگەڵ کرداردا بۆ نیشاندانی کەس بەکار دەهێنرێن، بریتین لە وشەی سەربەخۆ، نەک پارچەیەک لە قاڵبی کردارەکە. ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

1 – ئەو دانانە خاوەنی بزووتنەوەیەکی چالاکن لە ڕستەدا. لەمەدا خاسیەتی لە گەلێک باری گرنگدا بە تەواوی وەک ناو وایە. بە نموونە:

ئەو هات/ ئازاد هات

ئایا ئەو منی بینی؟/ ئایا ئازاد منی بینی؟

ئێوە هیچ کات نانوون/ کرێکاران هیچ کات نانوون.

ئەو لەسەرخۆ ڕۆیشت/ ئازاد لە سەرخۆ ڕۆیشت

---

[2] لە زمانی ڕووسیدا بە هەمان چەشن جێناوی کەسیی جودا دەپەڕێنرێ، وەک: " (یا)- پیش- و"/(من)- دەنووس-م "... لە زمانی ئینگلیزیدا لە بارودۆخی تایبەتییدا (لەزمانی ئاخاوتندا، لە یادداشتدا ....)، هەروەها جێناوی کەسیی جودا دەپەڕێنرێ.

...هتد

بەم چەشنە ئەگەر ئەو دانانە هەروەها پارچەی قاڵبی کردار بێ، ئەوە تەنیا لە باروەخێکدا، دەبێ وابێ، کە وا ئەو جۆرە قاڵبانەی کردار وەک قاڵبی تەحلیلی تەماشا بکرێن – واتە وەک ئەوانەی کە وا واتای ڕێزمانی بە پارچەی ئەو قاڵبە دەردەبڕڕێ، کە بە ڕوخسار خاسیەتی وشەی سەربەخۆی تێدایە. ئەگەر بە پێچەوانەوە بیربکرێتەوە، ئەوە دەبێ:

١- یاخود ئافیکسێکی ڕێزمانیی ئاسایی بێ جا ئەوسا ئیتر نەیدەتوانی وەک ناو دەور ببینێ؛ ٢ – یاخود نەک تەنیا بە ڕوخسار، بەڵکو لە واقیعیشدا وشەیەکی سەربەخۆ بێ... بۆچوونی یەکەم لاوازە، چونکە لەگەڵ هەڵکەوتیدا ڕێک ناکەوێ. بەڵام ئەگەر (من، تۆ، ئەو ...) بەشێکی قاڵبی تەحلیلی نەبن، ئەوە وشەی سەربەخۆن و ناکەونە پێکهاتنی کردارەوە. بێ گومان بۆچوونی دووەم پتر لە واقیعەوە نزیکە. دیارە دانەکانی وەک (من، تۆ، ئەو...)، خاسیەتی وشەیان تێدایە و وەک وشەی سەربەخۆ لەگەڵ کرداردا دێن و کەس و ژمارە نیشان دەدەن.

ب– جێناوی کەسیی (من، تۆ، ئەو...) وەنەبێ تەنیا ئەرکی نیهاد ببینێ یان تەنیا کارای ڕستە نیشان بدات. ئەگەر "ئەوە منم" بە (وردەگیریی ڕێزمانی) دابنرێ، خۆ "ئەوە تۆی" ؛ "ئەوە ئەوە" ... بێ گومان دەربڕینێکی عادەتییە.

هەروەها (من، تۆ...) لە حاڵەتی وەهاشدا: "بە هیچ جۆرێک من نەبووم" ؛ "هیچ کاریان بە من نییە" ؛ "تۆ بۆ لە من تۆراوی؟" ... دەبینرێ.

جێناو بە چەشنێک فراوان و جۆرەبەجۆرە لە گەیاندنی واتای کەسدا، ڕەنگە هەڵە نەبێ، ئەگەر بوترێ بۆ ماوەیەک کردار لەبیر دەباتەوە.

ج – جێناوی (من، تۆ، ئەو...) نەک تەنیا لە ڕستەدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن بە شێوەی وشەی سەربەخۆی وەک ناو، بەڵکو لەگەڵ ناویشدا دێن و ئەمەش پتر بەرانبەر بە ناو وەستان یان نیشان دەدا. بە نموونە:

من و ئازاد پێکەوە چووین بۆ قوتابخانە.

نە من و نە ئازاد لێیان تێنەگەیشتین.

د – تاکو ئێرە دەربارەی واتاگەیاندنی کەسی یەکەسی یەکەم و دووەم دواین، کەوا لە ڕستەدا شوێنێکی تایبەتییان هەیە. ئەوەی پێوەندی بە جێناوی کەسی سێیەمەوە هەیە، ئاشکرا دەبینرێ (ئەو)ە لەگەڵ ناودا دەکەوێتە یەک ڕیز – بەو واتایەی کە وا لەگەڵ ئەو جێناوەدا کۆتایی کردار چۆن دێت، لەگەڵ ناویشدا بە هەمان چەشن دەردەکەوێ، وەک:

ئەو ڕۆیشت/ ئازاد ڕۆیشت

ئەو خواردی/ ئازاد خواردی

تایبەتێتی جێناو لە ڕووی وشەسازییەوە:

جێناو توانایەکی گەورەی هەیە بۆ یەکخستنی وشە لە یەک گرووپدا، هەرچەندە ئەو هەموو وشانەی لە ڕیزی جێناودا کۆدەبنەوە زۆر هەمەچەشن بە ڕوخسار و لە ڕووی پێکهاتنیشەوە پتر لەیەکتر جیا دەبنەوە، وەک لەوەی کە دەبنە بەشە ئاخاوتنێکی دی.

بە وێنە لە نێو ئەو جێناوانەدا، کە لە ناو نێزێک دەبنەوە، یاخود بە واتایەی تر لە نێو جێناوی ناویدا، چەند دەستەیەک وشە هەیە، کە جیاوازییەکی ڕووکەشی لەگەڵ ناوی عادەتی دا هەیە و بە ڕێی جیاوازدا تێ دەپەڕن:

١ – جێناوی کەسی:

بەر لەهەر شت، ئەوەی لە نێو جێناوی ناویدا سەرنج ڕادەکیشێ، ئەوەی کە ئەم جێناوانە جیاوازییان لەگەڵ ناودا هەیە:

بوونی وشە لە زماندا حاڵەتێکی تایبەتی وەردەگرێ، کە ئەویش تاکە هەڵگری واتای کەسی یەکەم و دووەمە. لە ڕاستیدا واتای خاوەنی قسە یا خود بەشداری قسە، تەنیا لە جێناوی کەسی یەکەم و دووەمدا هەیە و لە وشەی تردا نییە. بەم بۆنەیەوە دەتوانرێ بوترێ کە وا ڕێبازی ڕێزمانی چاولێکەری ڕاست نییە لەوەدا کە وای داناوە. گوایە جێناوی هەر سێ کەسەکە بوونیان لە زماندا لەسەر بناغەی جیاوازە. لە ڕاستیدا لەو کاتەدا کەسی دووەم تەنیا لە جێناوی (من) و (ئێمە)دا هەبێ و واتای کەسی دووەم تەنیا لە جێناوی (تۆ) و (ئێوە)دا و واتای کەسی سێیەمی جێناوی (ئەو) و (ئەوان) لەگەڵ ژمارەیەکی بێ شومار لە ناو وەک یەک دەردەکەون، بە تایبەتی لە ڕوخساری قاڵبی کرداردا یەک دەگرنەوە.

لە جێناودا زۆر ڕوون و ئاشکرا تایبەتێتی بوونی کەس بەدی دەکرێ، بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی تردا بەرانبەر ڕابگیرێ... بە وێنە جێناوی ناوی جیاوازی لەگەڵ ناوی ئاساییدا لەوەدایە، کە وا ناو ئەگەرچی هەمیشە بە واتای کەسی سێیەم دێت، بەڵام بێ گومان حاڵەتی کەسی تێدا نییە.

٢ – جێناوی پرسیاری (کێ) و (چی)، کە وا وەک جێناوی کەسی بەر جێناوی ناوی دەکەون، خاسیەتی سەرەکیان سنوورکێشانە لە نێوان کەس و شت دا. بە واتایەکی ڕوونتر جیاکردنەوەی مەبەست لە ڕووی گیانلەبەری و بێ گیانییەوە. جێناوی (کێ) بۆ گیانلەبەر بەکاردێنرێ (لە پێش هەموو شتێکیشەوە بۆ مرۆڤ)، بەلاَم جێناوی (چی) بەکارهێنانی پێوەندی بە شتی بێ گیانەوە هەیە.

بە گشتی جیاکردنەوە بە پێی بوون و نەبوونی گیانەوە بە ئاشکرایی لە ناویشدا هەیە. کەس لاریی لەوە نییە، کە وشەی "پیاو" و "پشیلە" و "خانوو" شتێکی بێ گیان دەگەیەنێ و وشەی "پشیلە" گیانلەبەر. خۆ وشەی "پیاو"، ڕەنگە هەڵە نەبێ ئەگەر بوترێ پتریش گیانلەبەرە.

بەلاَم لە سیستەمی ناودا ئەو جیاوازییە وەک جیاوازییەکی سەربەخۆ دەردەکەوێ لە نێوان ئەو مەبەستانەدا کە ناونراون. لێرەدا لە ڕووی گیانداری و بێ گیانەوە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنێکی ئاشکرا نییەو ئەگەر واتای ناوێک نەزانرێ، ناتوانرێ دیاری بکرێ ناوی کەسێکە یان شتێکە. هەرچی جێناوی (کێ) و (چی) یە، کاتێ بە مەبەستی پرسیار دێن ئاشکرا مەبەست بە سەر گیانداری و بێ گیانیدا دابەش دەکەن. بە هۆی ئەمەوە لە زماندا بە گشتی دیاری کردنی سنوور لە ڕێگای حاڵەتی بوون و نەبوونی گیانەوە، باش دەردەخرێ، ئەگەرچی ئاڵۆزیش دەبێ. بە وێنە مرۆڤ کاتێ باسی ناوی دەکرێ (کێ) بە کاردێ، بەلاَم کە دەربارەی کار و پیشەی قسەدەکرێ (چی) بەکاردێ. ئەمەش دیارە لەبەر ئەوەیە، کە مرۆڤ گیانلەبەرە و شتێکی زیندووە و کار و پیشەش شتێکی بێگیانە.

٣ – جێناوی نەفی و جێناوی نادیاریش هەروەها دەکەونە ڕیزی جێنـاوی ناوییـەوە. ئـەم جـۆرە جێناوانـەش لـە ڕووی گیانـداری و بێگیانییەوە، جیاوازی نیشان دەدەن. وەک:

کەس، کەسێک...

شت، شتێک...

هیچ، هیچ کەس، هیچ شت...

٤ – جێنـاوی نیشـانە (ئـەم، ئەمـە، ئـەو، ئـەوە...) جیـاوازی لەگـەڵ ئـەو جێناوانـەی لـە سـەرەوە باسـمان کـردن، ئەوەیـە کـە ئەوانـە هەمیشە ئەرکی ناو بە جێ دێنن، بەڵام ئەم چۆن ئەرکی ناو بە جێ دێنێ، لە هەمان کاتدا ئەرکی ئاوەڵناویش دەبینێ. بە وێنە بەراوردی ئەو دوو ڕستەیە بکە:

ئەمە چییە؟ ئەوە چییە؟

ئەم پیاوەکە کێیە؟ ئەو پیاوە کێیە؟

تایبەتێتی جێناوی نیشانەی (ئەم، ئەمـە، ئـەو، ئـەوە...) لـەوەدایـە کـە خـاوەنی ژمـارەن. ئـەم تایبـەتێتی ژمارەیـەش تـەنیا هـەر لـەو حاڵەتـەدا نییـە کـە جێنـاون، بـەڵکو لـەو حاڵەتانەشـدایە کـە وەک ئاوەڵناو بە دەردەکەون. بە وێنە بەراوردی ئەو ڕستانە بکە:

ئەم پیاوە – ئەمان پیاون.

ئەو پیاوە– ئەوان پیاون.

جگە لە جێناوی نیشانە هەروەها زۆر کۆمەڵە جێناویتر دەتوانن دەوری ناو یان ئاوەڵناو ببینن.

تایبەتێتی جێناو لە ڕووی ڕستەسازییەوە:

تایبــەتێتی و خاســیەتی جێنــاو لــە مەیــدانی ڕستەسازییشــدا دەبینرێ. جێنـاو لـە ڕستەدا شوێنی تایبـەتی خۆی هەیـە. بـە وێنـە (ئەم) و (ئەو) لە پلەی یەکەمدا دێن، وەک: "ئـەم خـانووە گەورەیـە" ؛ "ئـەو خـانووە گەورەیـە" ... بـەڵام نـاوترێ "خـانوو ئـەم گەورەیـە" ؛ "خانوو ئەو گەورەیە" ...[3]

شوێنی جێناو لە نێو بەشەکانی ئاخاوتندا:

بــە گشــتی هــەموو حاڵــەتێک ئــەوە نیشــان دەدەن کــە جیاکردنەوەی جێنـاو تـەنیا لـە ڕووی واتاوە ڕاست نییـە. هـەروەک نــاو و ئاوەڵنــاو و بەشــە ئاخاوتنــەکانی دی، جێنـاویش کۆمەڵــە وشەیەکە کە هەر لەسەر بناغەی خاسیەتی واتاوە جیانەکراوەتەوە، بــەڵکو لەســـەر بناغــەی خاســیەتی ڕێزمــان (وشەســـازی و ڕستەسازی)یش.

ئەوەنـدە هەیـە پێوەنـدی نێـوان خاسـیەتی ڕێزمـانی و واتـا لـە جێناودا وەک ناو و ئاوەڵناو... نییە. لە ناو و ئاوەڵنـاو... دا نیشـانەی ڕێزمانی دیاری دەکەن، کە ئەو وشەیە سەر بـەو بەشـە ئاخاوتنەیـە و هەندێ جاریش لەگەڵ واتایدا جووت دێن.

هــەر ئــەو واقیعــەی، کــە وا جێنــاوی وەک کۆمەڵــە وشــەیەکی سەربەخۆ لەسەر بناغـەی خاسـیەتی واتـاو و ڕێزمـان جیاکرۆتـەوە، یارمــەتی ڕوونکردنــەوەی ئــەوەش دەدا کــە بــۆچی وەک بەشــە ئاخاوتنێک لە بەرانبەر ناو و ئاوەڵناو دێت.

---

[3]لەبەر ئەوەی لەم کتێبەدا لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە جێناو دەدوێین، بۆیە درێژەمـان بـە باسی تایبەتێتی ئەم بەشە ئاخاوتنە لە ڕووی ڕستەسازی‌یەوە نەداوە.

بەڵام پێویسـتە ئـەوە لـەبیر نەکـەین کـە ئەگـەر بتـوانرێ جێنـاو ناوبنرێ بەشـە ئاخـاوتن، ئـەوە تـەنیا لـەو حاڵەتـەدا دەبـێ، کـە ئـەو زاراوەیە بـە واتایەکی فراوانتر تەماشا بکرێ، نـەک وەک ئەوەی بە (جێگـری نـاو) لێـک بدرێتـەوە... جگـە لـەوە، کـە جێنـاو وەک بەشـە ئاخاوتن ناودەبرێ، پێویستە بزانین، کە وا جیاکردنەوەی، جیاوازی لەگەڵ جیاکردنەوەی ناو و ئاوەڵناو و بەشە ئاخاوتنەکانی تردا هەیە. جا لەبەر ئەوەیە، جیاکردنەوەی جێناو جیاوازی لەگەڵ دابەش کردنی بەشـە ئاخاوتنـەکانی تـردا هەیە و وا دەبینـرێ کە مـەودا و سنووری جێنـاو لـەچاو بـەشـە ئاخاوتنـەکانی تـردا بـەرینتر و فراوانتـرە. لـە ڕاستیدا، وەک پێشتر باسمان کرد، وشەیەک ئەگەر ناو بێ ناتوانێ لە هـەمان کاتـدا کـرداریش بـێ، بـەڵام جێنـاو بـە چەشـنێکی دیـیە و زۆر ئاڵۆزترە و خاسیەتی بە پێی باری ئاخاوتنەکە دەردەکەوێ[4].

کورتەباس:

دەوری جێناو لە زماندا ئێجگار گـەورە و فراوانـە و بۆیـە جێنـاو یەکێکە لە باسـە زۆر بایەخدارەکانی زمانەوانی.

لـە جێنـاودا بـە شـێوەیەکی بنجـی دیـاردەی کـەس و خۆیـەتی و نیشاندان لە پلەی یەکەمدا دێن.

کێشـەی واتا و ئەرکی جێناو لە لایـەن زمانەوانانـەوە تـا ڕادەیـەک بە جۆری جیاواز باس کراوە. هەندێ جار پەنجە بۆ ئەوە درێژکراوە، کە جێناو لە بەرانبەر دانەکانی تری زمان وەک "وشـەی بـەتاڵ" وان و تەنیا لە ڕستەدا مانا پەیدا دەکەن. لەگەڵ ئەوەدا جێناو واتای تایبـەتیی

---

[4]) ا. ی. سامیرنیتسکی، مۆرفۆلۆژیی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ، ١٩٥٩،ل١٩٥-١٩٦.

خۆی هەیە، کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز پێکهاتووە. دەتوانرێ جێناو وەک ڕشتەیەکی خاوەنی خاسیەتی هەمەچەشن بخرێتە پێش چاو، کە ئەرکی هەمەجۆر بە جێ دێنن و پێوەندیی ئاڵۆزیان لەگەڵ یەکتر هەیە. هەندێ لەو خاسیەتانە بە تەواوی ڕەنگی واقیعی تایبەتێتی جێناو دەدەنەوە، وەک کەس و ژمارە و خۆیەتی...، هەندێکیش لەو خاسیەتانە پێوەندییان بە دەوری ڕستەسازیی جێناوەوە هەیە، کە لە پێکهاتنی ناوی یان کرداری دا (لە سەربەخۆیی یان پێوەندی دا؛ لە کارایی و نیهادی یان بەرکاری و گوزارەیی دا) هەیە. سێیەم — پێوەندیی جێناو بەو دۆخەوە کە لە جێی ناو دێت لەگەڵ ڕیشەی (مادی و مەعنەوی؛ گیانداری و بێگیانی؛ جینس...هتد)دا. هەموو فۆرمێکی جێناو خاسیەتی گشتیی جێناوی تێدایە، کە وا دەشێ خاسیەتەکان بە خاسیەتی "بە جێناو بوون" ناو ببرێن.

جێناو وەک (جێگر)ی دانەیەکی واتادار خۆی دەنوێنێ، بەڵام واتاکەی وەرناگرێ. بە وێنە ئەگەر جێناوی (ئەو) لە ڕستەی "ئەو بگرە" دا مەبەستی (کچێک) بێ، ئەوە وا ناگەیەنێ کە (ئەو) مانای (کچێک) دەگەیەنێ. جێناو لە وشەیەکی واتادار ماناکەی وەرناگرێ، بەڵام نیشانی ئەوە دەدا، کە لەم تێکستەدا قسە لەبارەی بەرکارێکەوە دەکرێ کە ناوە و تاکە و تەواوکەری ڕاستەوخۆیە.

-١-

کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی "جێناو" دا کراون

بەر لە هەر کەس مامۆستا سەعید صدقی کابان لە کتێبی "مختصر صرف و نحوی کوردی" دا بە ناوی "ضمیر"ەوە لەو کێشەیە دواوە[1] و دەڵێ: "ضمیر- دوو نەوعە ١- متصل، ٢ – منفصل" (ل ٢٨). لە سەرەتای باسی جێناوی کەسیی جودادا هەر شەش جێناوەکەی (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)ی دەستنیشان کردووە و پاشان لە بارەی ئەرک و دەوریانەوە لە ڕستەدا نووسیویە کە "ضمیر منفصل... دەبێ بە فاعل، دەبێ بە مفعول، دەبێ بە مضاف الیە..." (ل٣١) و ئینجا نموونە و بەڵگەی بۆ ئەو حاڵەتە جۆراوجۆرانە هێناوەتەوە...[2] ئەگەرچی وایە، کە مامۆستا سەعید صدقی "لە هەموو ڕوویەکیشەوە پەیڕەوی زمانی عەرەبی کردووە کە ئەوسا بۆ ئەو تاکە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە بوو"[3]، بەڵام دەبێ ئەو

[1] سەعید صدقی، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل ٢٨ _٣٢.

[2] وەک لە سەرەوە نیشانم دا، مامۆستا سەعید صدقی باش لە جێناوی کەسیی خودا دواوە و ئەو باسەی دوو لاپەڕەی گرتوەتەوە، کەچی لیژنەی زمان و زانستەکانی کوڕ کە باسی جێناو لە کتێبی "مختصر صرف و نحسی کوردی"دا دەگێڕێتەوە، دەڵێ "١- ضمیری منفصل وەکو من خوێندم، ئەو هەڵستا. مامۆستا سەعید صدقی هەر ئەمەندە لەسەر ڕاناو دواوە." (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان زانستەکانی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٧).

[3] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، بەغدا، ١٩٧٦،

ڕاستییەش لە یاد نەکەین کە لە ڕێزمانی فارسیش‌دا شارەزا بووە و ئەم لێدوانەشی لە زۆر ڕووەوە لە هەندێ لەو باسانەی ئەم سالآنەی دوایی لە بارەی جێناوی کەسیی خوداوە نووسراون زانستیانەتر و قووڵترە...

نووسەر جێناوە لکاوەکانی بەسەر دوو جۆری "١- متصل ئاشکرا؛ ٢- متصل شاراوە"دا دابەش کردووە و لە بارەیانەوە دەڵێ: "ئاشکرا ضمیرێکە لە لفظا شکڵێکی ببێ وەکو ضمیرانێ کە لەم مثالانەدا بە فیعلان و اسمانەوە نووسراوەن (خوێندم دەرسم، خوێندت دەرست، خوێندی دەرسی، خوێندمان دەرسمان، خوێندتان دەرستان، خوێندیاندەرسیان). لەم مثالانەدا (م، ت، ی، مان، تان، یان) قسمێکن لە ضمائری متصلە هەم بە فیعلەوە، هەم بە اسمەوە نووساون. (یت، ین، الف، ن) قسمێکی ترن هەر بە فیعلەوە دەنووسێن. وەکو (دەخۆیت، دەخۆن، دەخوا، دەخۆن، بخۆن).

ضمیر شاراوە – ضمیرێکە لە لفظا شکڵێکی نەبێ. ئەم ضمیرە مخصوص مفرد غائی ماضی لازم و مفرد امر و نەهی حاضرە چ لازم بن و چ متعدی، وەکو (نووست، دانیشت، بنوو، خوێنە، مەنوو، مەنووسە" (ل ٢٨ – ٢٩).

مامۆستا سەعید کابان بەدوا ئەمەدا، ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە ئەو جێناوە لکاوانە بە جێناوی کەسی ناو دەبرێن و لە ڕووی بەکارهێنانیانەوە لەگەڵ کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕی ڕابوورد و جیایان دەکاتەوە و دەڵێ: "ماضی متعدی ئەمانەن: (م) بۆ مفرد متکلم، (ت) بۆ مخاطب مفرد، (ی) بۆ غائب مفرد، (مان) بۆ جمع متکلم، (تان) بۆ جمع مخاطب، (یان) بۆ جمع غائب، وەکو (خوێندم، خوێندت خوێندی،

خوێندمان، خوێندتان، خوێندیان). ضمیران شخصیەی ماضی لازم ئەمانەن: (م) بۆ مفرد متکلم، ،یت) بۆ مخاطب مفرد، بۆ مفرد غائب لە فعلەکەدا دەشارێتەوە، (ین) بۆ جمع متکلم، (ن) بۆ جمع مخاطب و غائبە بە قەرینە جوێ دەکرێتەوە، وەکو (نووسستم، نووسستیت، نووسست، نووسستین، نووسستن، نووسستن" (ل ٢٩).

لەبارەی ئەو جێناوە لکاوانەشەوە کە دەچنە سەر کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ نووسیویە: "ضمیران شخصیەی حال و استقبال چە لازم و چە متعدی ئەمانەن: (م) بۆ مفرد متکلم، (یت) بۆ مفرد مخاطب. ئەم (ت)یە دەنووسرێ اما ناخوێنرێتەوە. (ێ) بۆ مفرد غائب. لە بعضی فیعلا (الف) وەکو (دەخوا، دەڕوا)، (ین) بۆ جمع متکلم، (ن) بۆ جمع مخاطب و غائب بە قەرینە جوێ دەکرێنەوە. مثال بۆ استقبال، وەکو (دەخوێنم، دەنووم، دەخوێنیت، دەنوویت، دەخوێنێ، دەنوێ، دەخوێنین، دەنووین، دەخوێنن، دەنوون). مثال بۆ حال، وەکو (وا دەخوێنم، وا دەنووم، وا دەخوێنیت، وا دەنوویت الخ" (ل ٢٩- ٣٠).

لە کۆتاییشدا باسی ئەوەی کردووە کە جێناوە لکاوەکان دەبن بە کارا و بە بەرکار و بە موزافوئیلەیهی (ل٣٠ –٣١).

یەکێ لە ڕووی هەرە دیارە و باشی ئەم لێدرانەی خاوەنی کتێبی "مختصر صرف و نحوی کوردی"، ئەوەیە جێناوەکانی کەسی دووەم و سێیەمی تاک دەستەی دوویەم کە تا ئەمڕۆ هەر زمانەوانێک بە شێوەیەک ناوی دەبا و لە دیاری کردنیاندا هەڵەی زۆری تێدا دەکرێ، ئەم ڕاستتر بۆیان چووە.

هەروەها شایانی باسە، مامۆستا سەعید صدقی دەستەی دووەمی وەک جێناو تەماشا کردووە، بەک وەک کۆتایی کردار.

هەروەها لە سەرەوە وتمان ڕێزمانی عەرەبی و ڕێزمانی فارسی سەرچاوە مامۆستا کابان بووە و هەر بۆیەش تەنیا باسی جێناوی کەسیی جودا و جێناوی کەسیی لکاوی کردووە و هەرچی جۆرەکانی تری جیناوە بە شتی دی داناون. بۆ نموونە (جێناوی پرسیار)ی بە (ادوات استفهام) لەقەڵەم داوە و لە لاپەڕە (١)دا لە بارەیانەوە نووسیویتی: " ادوات استفهام – چەند لفظێکن سؤالیان پێ دەکرێ. بعضی لەوان ئەمانەن: کێ، چی، کوا، – کوێ، ئاخۆ، –ئایا– ئایاکو، کام – کامەتە – کامەیە – کامەیە، چۆن – چلۆن –چەن"[4]. یا خود ئەو وشانەی سەر بە (جێناوی دیار) یان (جێناوی نادیار)ە لە باسی (ادوات مبهمە)دا لێیان دواوە (ل ٥٢ – ٥٣)...

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە کتێبی "دەستوری زمانی کوردی"دا لە ژێر سەرناوی "بۆ ناو"دا کۆڵیوەتەوە[5] و جێناوەکانی زمانی کوردی بەسەر حەوت جۆردا دابەش کردووە: "١– بۆ ناوی کەسی سەربەخۆو پێوەنووساو؛ ٢– بۆ ناوی نیشانی؛ ٣– بۆ ناوی لێکدەر؛ ٤– بۆ ناوی موبهەم؛ ٥– بۆ ناوی پرسی؛ ٦ – بۆ ناوی خۆیی؛ ٧– بۆ ناوی ملکی".

نووسەر لە دیاری کردنی جێناوە کەسییە جوداکاندا، جگە لە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)، هەروەها (ئەوە)و (ئەوێ)یشی بۆ کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ (ئەو)دا ڕیزکردووە و دەربارەیان دەڵێ:

"بۆ ناوی (ئەو) بۆ کەس، بۆ ناوی (ئەوە) بۆ شت بۆ ناوی (ئەوێ) بۆ جێ بەکەڵک ئەهێنرێ، وەکو: نەخێر، ئەو ئەمڕۆ نایەت.

---

[4] ئەگەرچی مامۆستا سەعید صدقی ئەو جێناوانەی بە ئامرازی پرسیار داناوە، بەڵام هەندێ فۆرمی باو و ڕاستی وای تۆمار کردووە، کە نووسەرانی تر ناویان نەبردووە.

[5]. تەوفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم بەغدا، ١٩٢٩، ل ٨٣ – ٨٥

حەیفێ، ئەوە ئەسپێکی چاک بوو.
ئەڵێن ئەوێ زۆر خۆشە.

لەم جوملانەدا (ئەو، ئەوە، ئەوێ) بۆ ناوی کەسیی سەربەخۆن" (ل ٨٤).

وەک ئاشـکرایەو وەک مامۆسـتا وەهبـی خۆیشـی لـە لاپـەڕە (١٠٢)دا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە (ئەوە) و (ئەوە) جێناوی نیشانەن.

دوای نیشـاندانی جێنـاوە کەسییە جوداکـان، نووسـەر هاتووەتـە سـەر باسـی ئەرکـەکانی ئـەو جێناوانـە و پێـنج ئـەرکی بـۆ دیـاری کردوون... (ل ٨٤–٨٥).

مامۆسـتا تۆفیـق وەهبـی لـە ژێـر سەرباسـی "بـۆ نـاوی کەسـیی پێوەنووساو"دا (ل ٨٥– ١٠٢)، ئەگەرچی بە دوور و درێژی لە جێناوە لکاوەکان دواوە، بەڵام باسەکەی زۆربەی زۆری دەبارەی ئەرکـەکانی جێناوی لکاوە، کە سەر بە سینتاکە و مەبەستی لێکۆڵینەوەی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوەیـە... ئـەوەی لێـرەدا دەمـەوێ پەنجـەی بـۆ ڕابکێشـم، ئەوەیە کە:

١ – نووسـەری کتێبـی "دەسـتووری زمـانی کـوردی" بـەپێی ئـەرک جێناوە لکاوەکانی دیاری کردووە و بە گوێرەی ئـەو چـوار ئەرکـەی لێیان دواوە، چوار خشتەی داناوە.. ئەمەش بووە بە هۆی پەیـدابوونی فۆرمی هەمەچەشن و دوورخستنەوەی جێناوەکان لە ئەسڵیان.

٢ – مامۆستا وەهبی حەڤدە لاپەڕەی سەبارەت جێناوی کەسیی لکـاو نووسـیوە و تـەنیا نیـو لاپـەڕەی سـەرەتای پێوەنـدی بـە لێکۆڵینەوەی ئێمەوە هەیە... بەڵام وەک خۆی پەنجـەی بـۆ ڕاکێشـاوە،

لە باسی گەردانی کرداردا لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لێی دەدوێ...

دەربارەی ئەو نیو لاپەڕەیە چەند تێبینییەک هەیە:

أ) جێناوە لکاوەکان بەپێی بەکارهێنانیان جیانەکراونەتەوە، بەڵکو بە گوێرەی هاتنیان بە دوای دەنگی بزوێن و نەبزوێندا ڕیزکراون.

ب) لە دیاری کردنی جێناوە لکاوەکانی کەسیی دووەم و سێیەمی تاکدا کەم و کورتی زۆرە.

مامۆستا وەهبی لەژێر ناوی "بۆ ناوی پرسی"دا (جێناوی پرسیار)ی کردووە و لە سەرەتادا پێناسەی بۆ داناوە و ئینجا خشتەیەکی ڕێکخستووە وای تێدا نیشان داوە کە (کێ، چەند، کام) بۆ ئینسان و (چی، چەند، کامە-کام) بۆ شت و (کوێ) بۆ جێ بەکار دێن. بەدوا ئەمەشدا باسی ئەرکەکانیانی کردووە(ل ١١١-١١٢).

دوو ناتەواویی بنجی لەم باسەدا دەبینرێ:

١- یادداشت نەکردنی هەندێ جێناوی گرنگو ئاشکرا، وەک: (چ، چۆن، چلۆن، کەی، کوا، کوانێ...).

٢- باش دیاری نەکردنی مەبەستی بەکارهێنانی بەشێک لەو جێناوانەی باسی کردوون. بە وێنە وای داناوە، کە (کامە) هەر بۆ شت بەکاردەبرێ، بەڵام هەڵکەوتی زمانی کوردی نیشانی دەدا کە بۆ ئینسانیش دەبێ.

کەموکورتی باسی (جێناوی خۆیی) نەک هەر ئەوەیە کە هیچ شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەویراوە، بەڵکو لە دیاری کردنی فۆرمیشدا هەڵە کراوە و بە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) دانراوە (ل١١٢- ١١٣).

مامۆستا وەهبی بە تەئسیری زمانی ئینگلیزی وای داناوە، کە لە زمانی کوردیشدا (جێناوە لێکدەر- relative pronoun) هەیە و (ی) و (کە)ی بۆ ئەم جۆرە دیاری کردووە... کەچی بەلای (جێناوی چەندیتی) و (جێناوی نەفی) و (جێناوی هاوبەشی)دا نەچووە، کە لە زمانی کوردیدا دەوری دیار و ئاشکرا دەگێڕن.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لەو کتێبەدا کە بە ناوی "ڕێزمانی کوردی"یەوە بڵاوی کردۆتەوە[6] لەژێر سەرباسی (ڕاناو)دا لەو کێشەیە دواوە و ئەمیش وەک مامۆستا وەهبی بەسەر حەوت جۆردا دابەشی کردووە: "١- ڕاناوی کەسی (جوێ و لکاو)؛ ٢- ڕاناوی خۆیی؛ ٣- ڕاناوی ئیشاری؛ ٤- ڕاناوی گەیەنەر؛ ٥ -ڕاناوی پرسیاری؛ ٦ – ڕاناوی نادیار؛ ٧- ڕاناوی هەیی".

نووسەر لە سەرەتادا لە "ڕاناوی کەسیی جوێ" دواوە و (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)ی دیاری کردووە و نموونە و بەڵگەی بۆ هێناونەتەوە (ل٨٨ – ٨٩). دوا بە دوای ئەوەش باسی "ئەرکەکانی ڕاناوی کەسیی جوێ لە ڕستەدا"ی کردووە و چوار حاڵەتی دەست نیشان کردووە (ل٨٩-٩٠).

لە لاپەڕە (٩٠-٩٥)دا لە (جێناوی کەسیی لکاو)ی کۆڵیوەتەوە و بە سەر دوو جۆردا دابەشی کردوون، بۆ جۆری یەکەم "م، ت، ی، مان، تان، یان)ی دیاری کردووە و دەڵێ چوار ئەرک: "١- ئەبێتە بکەری هەرچی فرمانی ڕابوردووی تێپەڕ هەیە؛ ٢- ئەبێتە تەواوکەری سەربەخۆی فرمانی بەهێز؛ ٣- ئەبێتە تەواوکەری یاریدەدراوی فرمانی بەهێز؛ ٤- ئەبێتە تەواوکەری ناو

[6] نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٨٧-١١٠.

(موزافوئیلەیهی)" دەبینێ و بەڵگە و نموونەی بۆ هێناوەتەوە (ل٩١-٩٢)... دوا بە دوای ئەوەش باسی جۆری دووەمی کردووە "م"؛ "ی(یت)، ە"؛ "ێ (ێت)، ت (ات)،)(=.) ؛ "ین"، "ن"؛ "ن"ی بۆ دەست نیشان کردووە و ئینجا باسی دەورەکانیانی لە ڕستەدا کردووە و لەوە دواوە لەگەڵ کام جۆر کرداردا بەکار دێن و لەگەڵ کام بە کار نایەن (ل٩٢-٩٥)... ئەم باسە تا ڕادەیەک سەرکەوتووەو کەرەستەیەکی خراپ نییە... کەموکوڕیی سەرەکیشی ئەوەیە فۆرمی هەندێ جێناو باش دیاری نەکراوە.

نووسەری ناوبراو لە لاپەڕە (١٠١-١٠٣)دا بە ناوی "ڕاناوی پرسیاری"یەوە کۆڵیوەتەوە و هەشت دەستەی دەست نیشان کردووە:

"١- کێ
٢- چۆن، چلۆن، کوو
٣- کام، کامە
٤- کەی، کەنگێ
٥- کوا، کوانێ، کوێ
٦- چەن، چەند، چەنگ
٧- چی، چوو، چما،
٨- ئایا"

ناتەواویی سەرەکیی ئەم باسەش لە دوو ڕووەوەیە:

١- هەندێ وشەی وەک "ئایا، چما..." لە هیچ ڕوویەکەوە نابنە جێناوی پرسیار.

٢- یادداشت نەکردنی هەندێ فۆرمی ئاشکرای جێناوی پرسیار، وەک: چ، چە، کوێندەرێ....

مامۆستا نووری بە هەڵە چووە کە لە باسی "جێناوی خۆیی"دا دەڵێ: "ڕاناوی خۆیی لە وشەی "خۆ" و یەکێ لەم ڕاناوە لکاوانە "م، مان- ت، تان- ی،یان " پێک هاتووە " "ل٩٦ "، چونکە ئەگەر جێناوی خۆیی "خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان" بوایە، ئەوە لە شێوەی"خۆ" و جێناوە لکاوەکانەوە، یاخود نەدەبوو" خۆ" ببێتە پارچەیەکی وشەی ناسادە، بەڵکو دەبوو" خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان، "بن...

نووسەری کتێبی "ڕێزمانی کوردی "یش هەر وەک مامۆستا تۆفیق وەهبی جۆری "جێناوی لێکدەر " کە ئەو "ڕاناوی گەیەنەر"ی پێ وتووە دیاری کردووە " ل ٩٩-١٠٠"، بەلام ناوی "جێناوی چەندێتی" و"جێناوی نەفی" و "جێناوی هاوبەشی"نەیردووە ...

لە باسی جێناوی کتێبی "آوا ئو دەستورا زمانێ کوردی "ی مامۆستا جگەرخوێن دا[7]، باسی چوار جۆر جێناو: "١- جێناوی کەسیی جودا ؛ ٢- چێناوی کەسی لکاو؛ ٣-جێناوی نیشانە ؛ ٤- جێناوی نادیار" کراوە "ل٧١-٨٤" و هەندێ جێناویش وەک ئامراز تەماشاکراوە "ل ٦٢-٦٤ ...".

نووسەر لە باسی جێناوی کەسیی جودادا، ئەگەرچی بەپێی سروشتی دیالێکتی ژووروو دوو دەستەی دەست نیشان کردوو، بەلام هەڵە و ئالۆزی و تێکەڵ کردنێکی نەشارەزایانەی کردووە "بڕوانە : ل٧١-٧٤".. مامۆستا جگەرخوێن "هون "ی بە جێناهوی

[7] جگرخۆین، آوا ئو دەستورا زمانێ کوردی، بەغدا، ١٩٦١.

کەسیی جودای کەسی دووەمی کۆی دەستەی دووەم داناوە، بەڵام هەموو بەڵگەیەک، تەنانەت بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆشی، ئەوە ڕوون دە کەنەوە، کە فۆرمی "هوون" سەرەکی تر و باوترە کە " هون " :

"ئەم پارسەکن کێ هوون ژ بە خچکا دیبا خوە تێنن "

"جگەر خۆین، ل۲٥"[8]

" هۆ کەچێ جیهان ! لاوێن سەرگران !
ئیرۆ هوون جڤین دکن مهرجان" .

"صەبری، ل ۲۳"

یاخود "وا" ی بە جێناوی کەسیی جودای کەسی سێیەمی کۆی دەستەی یەکەم لە

قەڵەم دراوە٠ ڕاستە ناونناوە ئەم فۆرمە دەبینرێ، بەڵام فۆرمی گشتی و باوی ئەو جێناوە لە کرمانجیی ژووروودا"وان /ئەوان "ە و نەک تێکڕای نووسەرانی کرمانجی ژووروو ئەمەیان بەکارهێناوە، بەڵکو مامۆستا جگەر خوێن خۆیشی هەر "وان /ئەوان "ی نووسیوە و مەگەر بەدەگمەن"و" ی نووسیبێ . بە وێنە:

"٠٠٠ل وان مەگرە "

"جگـەر خـوێن، ل۲٥"

[8] لە چەند شوێنێکی کتێبی "جیم و گولپەری " "شام،۱۹٤۱" دا مامۆستا جگەر خوێن فۆرمی "هۆن "ی بەکارهێناوە ٠ وەک : "نا بێژن هون کەنگی هاتنە ڤر" "ل۲۲". بەڵێ ئەو فۆرمە لە ناوچەیەکی تەسکی کوردەواریدا هەیە، بەڵام لە ئەدەبیاتدا بەدەگمەن بەکارهێنراوە

"من دە یەکە یەکان وان ژ هەڤ ددم بژارتن " "جگەر خوێن،ل٣١"

"ڕەبێ عالەمێ خۆجەێی خدر ل وان کربەیانە"
"مەمێ ئالان، ل ٤٠"

"گۆیا کوئەوان ژدەست فەلاتوون 'مامێ ئالان، ل ٤٠"
خوارن ب یەقین دەواو ماجوو" "خانی، ل ١٧٠"

لە باسی جێناوی کەسی لکاویشدا، دیسان هەڵە و ئاڵۆزی و تێکەڵ کردنێکی نەشارەزا یانە کراوە "بڕوانە : ل ٨١-٨٢" ٠ نووسەر نەک هەروا دادەنێ کە "م- نیشانا دەنگبێژە .ئی- نیشا نا تەکێ پەندی و نەپەندییە . ن- نیشانا هەموو کۆمەیە "ل٨١"، بەڵکو بەڵگە و نموونەکانیشی زۆر لاواز و نازانستین. مامۆستا جگەر خوێن کە باسی "پرسیاری "الاستفهام" دا "ل٦٣-٦٤" وشەکانی "کێ، کەی،کەنگێ، کا- کوا، کو، کیژان- کامە، قەی، خوەنە، خەمۆ، چە، چاوا، چلۆ، لۆ، بۆ، چەند، چقا، گەلۆ، ئایا، چۆن"ی بەو ئامیزانە داناوە، کە یارمەتیی پرسیارکردنی ناوێک دەدەن . وەک دیارە نووسەر ئەم وشانەی وەک جێناو تە ماشانە کردووە، جا بۆیە وشەی وەک "لۆ، بۆ، ئایا، خوەنە، خەمۆ ..." یان تێکەوتووە ئەگەر ئێمەش وەک ئەو بە ئامرازی پرسیاریان دابنێین، ئەوە دەتوانین بڵێین، گەلێ ئامرازی ئاشکرای پرسیاری تریش هەیە .....

لێکۆڵینەوەی هەرە قووڵ و زانستی و دیار کە لەبارەی (جێناوە)ەوە نووسراوە، ئەو لاپەڕانەن، کە مامۆستا مەسعوود محەممەد لە وتاری "سووڕێکی خامە بە دەوری ڕاناو"دا[9] ئەو باسەی تێیاندا کردووە.

نووسەر دەربارەی جێناوی کەسیی جودا هەندێ زانیاریی باشی خستۆتە پێش چاو (بڕوانە: ل ٨٦-٩٤) و بە تایبەتی لەوەی کۆڵیوەتەوە، کە ئاخۆ ئەو چەند جێناوە هەموویان یەکن و یەک توانایان هەیە لە جێگرتنی ناو و بەکارهێنانیان لە ڕستەدا.

مامۆستا مەسعوود لە باسی "جێناوی لکاو"دا لە سێ کێشەی سەرەکی دواوە:

١) لە ڕووی زاراوەوە

بە ڕای واقیعی و نموونەی لەبار ئەوەی ئیسپات کردووە، کە چ زاراوەی (ڕاناو، جێناو)و چ زاراوەی (لکاو) ئێجگار نابەجێن.... ئەگەرچی لە جێی (لکاو) وشەی (چالاک)ی پێشنیار کردووە، بەلام ناچار بووە هەر (لکاو) بەکار بێنێ (ل٦٦ – ٧٥).

٢) ساغ کردنەوەی فۆرمی کەسی دووەمی جێناوی لکاوی دەستەی دووەم.

زۆربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بە هەڵە (یت) یان (ە) یان (.) ... یان حاڵەتی کەسی دووەمی تاکی دەستەی دووەم داناوە... ئەو تاکە تاکەیەش کە ڕاستن و (ی)یان دەست نیشان کردووە هیچ

---

[9] مەسعود محەمەد، سووڕێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب٢، ژ١، بەغدا، ١٩٧٤، ل٩-١٤٧.

بەڵگەیەکیان نەهێناوەتەوە... هەرچی مامۆستا مەسعوود محەمەدە لە ساغ کردنەوەی ئەم کێشەیەدا لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی و زمانەوانی ئەوتۆی کردووە گومانی نەمێنێ، کە فۆرمی ڕاستی ئەو دۆخە (ی)یە (بڕوانە: ل٨٩ – ٩٩).

٣) باسی جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی دووەم:

ا) ئەوەی چەندین ساڵە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بزوێنی (ە)ی کۆتایی ڕستەی وەک "دارا مەردە" یان بە کرداری "بوون" (فعل الکینونە- verb to be) داناوە، ئیسپاتی کردووە کە ئەو بزوێنە جێی جێناوی لکاوی گرتۆتەوە و بۆتە جێناو (ل١١٠-١٢٩).

ب) مامۆستا مەسعوود محەمەد ڕاست بۆ ئەوە چووە کە لە حاڵەتی کەسی سێیەمدا هەندێ جار جێناوی لکاو پەیدا نابێ و، هەروەها باش ئەوەی لێکداوەتەوە کە (ت)ی دوای (ێ) و (ات)ی وشەکانی وەک (دەچێت، دەنووسێت... دەڕوات، دەخوات...) زیادەی گەردانی کردارە.

ئەگەرچی هەندێ سەرنج و تێبینیم دەربارەی وتاری ناوبراوی مامۆستا مەسعوود محەمەد هەیە[10]، بەڵام ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم بەتایبەتی لە باسی جێناوی لکاودا، ئەوەی مامۆستا مەسعوود گەیشتوویەتێ لێکۆڵینەوەیەکی بێهاوتایە... بەڵام سەیرو سەمەرە ئەوەیە د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم لەبارەی ئەم وتارەوە

---

[10] بە تایبەتی لەوەدا کە زاراوەی (ڕاناو، جێناو)ی تەنیا لەبەر ڕووناکی (جێگری ناو)دا تەماشا کردووە و بۆیە هەر جێناوی کەسی (جودا و لکاو)ی بە جێناو داناوە.

دەڵێ: "مامۆستای بەڕێز (مەسعوود محەمەد – ئەورەحمان (هیچ ئەنجامێکی وەدەست نەهێناوە"[11].

مامۆستا مەسعوود محەمەد هەروەها لە کتێبی "چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی" (ل ٦-٧، ٩- ١٧، ٨٥- ٩١)[12]دا و لە وتاری "لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک" (ل٢٣-٢٥)[13]داو لە "بەسەرداچوونەوە"ی وتاری "لەبارەی هێندێ لە نهێنیەکانی ڕێزمانی کوردی"ی مامۆستا حەسەن قزلجی (ل١٤٦-١٤٩)[14]دا گەلێ زانیاری لەبارەی جێناوە لکاوەکانی زمانی کوردییەوە خستۆتە پێش چاو.

مامۆستا حەسەن قزلجی لە لاپەڕەی (١٢٤ – ١٢٧)ی وتاری "لەبارەی هێندێ لە نهێنیەکانی ڕێزمانی کوردی"[15] باسی (ت)ی کۆتایی هێندێ کرداری کردووە و لەوەدا لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەددا گونجاوە، کە وتوویە ئەو (ت)انەی کۆتایی کرداری کەسی دووەم و سێیەمی تاک، وەک: (دەخۆیت، دەکەیت – دەبات، دەچیت...)

---

[11]د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوەنووسان و پێکەوەنەنووسانەوە، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"، ب ٩، بەغدا، ١٩٨٢، ل٤٥٣.

[12]مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

[13]مەسعوود محەمەد، لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک، گۆڤاری "کاروان"، ژ٢٠، هەولێر، ١٩٨٤، ل١٧- ٢٥.

[14]مەسعوود محەمەد، بەسەرداچوونەوە، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب٥، بەغدا، ١٩٧٧، ل١٣٥ – ١٧٦

[15]حەسەن قزلجی، لەبارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب٥، بەغدا، ١٩٧٧، ل١٣٥ – ١٧٦.

جێناو نین و وشـەی کۆنی دەری‌و ئاوێستای هێناوەتەوە کە لەواندا وەک لە پەهلەویدا ئەو (ت)انە بەکارهاتوون....

لیژنـەی زمـان و زانسـتەکانی کۆڕی زانیاری کورد تـا ڕادەیـەک بـاش لـە جێنـاوی کەسـیی جـودا دواوە[16]. لـە سـەرەتدا فـۆرمی هەمەچەشنەی ئەو جێناوانـەی تۆمـار کـردووە؛ دواتـر سـەرنجی بـۆ ئـەوە ڕاکێشـاوە کـە لـە دیـالێکتی ژووروودا دوو دەسـتە جێنـاوی کەسیی جودا هەیە؛ لە کۆتاییشـدا هەندێ لە چۆنیەتی بـەکارهێنانیان کۆڵیوەتـەوە... ناتـەواویی ئـەم باسـەی لیژنـە لەوەدایـە کـە چەنـد جێناوێکی زۆر باو و ئاشکرای ناو نەبردووە، کەچی هەندێکی ئێجگار کـەم بـەکـارهێنراوی یادداشـت کـردووە... لـە باسـی چۆنیـەتی بـەکارهێنانی جێناوەکانیشـدا هەنـدێ حاڵـەتی چـالاک و گرنگـی لـەبیر کردووە.

لیژنـەی نـاوبراو کـە لـە کێشـەی جێنـاوی کەسـیی لکـاو دواوە[17]ڕایەکی یەکگرتوو لە نێوان ئەندامەکانیدا نەبووە و بۆیە هەر یەکە بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی بیروڕای تۆمار کردووە:

لە سـەرەتدا دەمڕاسـتی لیژنـە - مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد ئـەوەی ڕاگەیانـدووە، کـە ئـەو بیـروڕای خـۆی لـەبارەی تێکـڕای جێناوەکانـەوە لـە وتـاری "سـوورێکی خامـە بـە دەوری (ڕانـاو)دا" دا بڵاوکردۆتەوە و پێویست نییە لێرەدا دووبارەی بکاتەوە (ل٤٠).

---

[16]ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٤- ٣٧

[17]هەمان سەرچاوە، ل٢٧ - ٥٨

بـەدوا مامۆسـتا نـووری عـەلی ئـەمین لـە جێنـاوە لکاوەکـانی کۆڵیوەتەوە (ل ٤٠ -٤٣)... ئەگەرچی زانیاریی باشی تۆمار کردووە، بەڵام هەندێ تێبینیم لەبارەی چەند ڕاوبۆچوونێکەوە هەیە:

ئـەم ئەندامـەی لیژنـە لـە سـەرەتادا وای دەربڕیـوە کـە لـەو بڕوایەدایە (ت)ی کۆتایی کرداری کاتی ئێستای کەسی سێیەمی تاکی تێپەڕ و تێنەپەڕ، جێناوی لکاوە و وشەکانی (دەچێت، دەخوات)یشی کردووەتە نموونە... (ل٤٠). بەلای منەوە، نەک هەر ئەو (ت)ە بەڵکو (ێ/آ)ش جێناو نین و زیادەی گەردانین...

لـەو خشـتەیەدا کـە بـۆ دەسـتەی دووەمـی جێنـاوە لکاوەکـانی سازکردووە، وای نیشان داوە، کە لە حاڵەتی کەسی سێیەمدا جێناوە نییە (ل٤١)، کەچی وەک باسمان کرد، لە سەرەتادا ئەوەی وتووە، کە "(ت) لە کۆتایی کاری (مضارع)ی تێپەڕو تێنەپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاک ڕاناوی لکاوە...." (ل ٤٠)... دواتریش دەڵێ: "لە (مضارعی تێپەڕو تێنەپەڕی (معلوم)دا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک لە شێوەی (ێ، ێت)دا دەردەکەوێت، وەک: دەچێ، دەچێت" (ل٤١)... بەم چەشنە ئەمە لەگەڵ مەبەستی خشەکەدا یەک ناگرنەوە.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین بزوێنی (ە)ی ڕستەی وەک: (دارا مـەردە) بە جێناوی لکاوی کەسی سێیەم دانانێ[18]، کەچی بزوێنی (ە)ی کرادری فەرمان بۆ کەسی دووەمی تاکی بە جێنار لەقەڵەم داوە.

---

[18]بۆ ڕەتکردنەوە ئەم بۆچووە، بڕوانە: مەسعوود محەمەد، سەرچاوەی ناوبراو، سووریکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا، ل١١٠- ١٢٩.

مامۆستا صادق بەهائەدین لە سەرەتادا وای داناوە، لە دیالێکتی کرمـانجیی ژووروودا (م) بـۆ کەسـی یەکـەمی تـاک؛ (ی) بـۆ کەسـی دووەمی تـاک؛ (ە) بۆ کەسی سێیەمی تاک؛ (ن) بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ نیشانە یان پاشگرن و وا ڕادەگەیەنێ کە لەگەڵ ڕەگی کرادری تێنەپەڕ و تێپەڕی ڕابووردوو و ڕانەبردوو بەکاردێن.. وێڕای تێکەڵ و پێکەڵی، کەمو کورتی گەورەی ئەم لێدوانە، بە تایبەتی لەوەدایە، کـە نووسـەرەکەی هیـچ حیسـابی بـۆ حاڵـەتی دەرکـەوتن و دەرنەکەوتنی بەرکار نەکردوە.

ئەگەرچی باشە؛ مامۆستا صادق ئەوەی خستۆتە پێش چاو، کە لە ناوچەی بادینان لە کەسی یەکەمی کۆدا کۆتایی (ین) لـە جێی (ن) دەبینرێ و لە کەسی سێیەمی تاکدا (یت) لە بریتی (ە) بەکاردێ، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە چ (یت) و (ە) زیادەی گەردانین...

ئینجـا د. نەسـرین فـەخری کەوتۆتـە باسـی جێنـاوی لکـاو و لـە کەسـی سێیەم و دووەمی تـاک دواوە (ل ٤٩ – ٥٠). بە داخـەوە، ڕام لەگەڵ تێکڕای نووسینەکەیدا ناگونجێ:

ئەم نووسـەرە وای داناوە کە " (یت) ڕاناوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لـە کاتی ئێستاو داهـاتوودا نـەک (ێ) بە تـەنیا ..." (ل٤٩). بۆ ئیسـپات کردنی ئـەم ڕایەش پێنج بەڵگـەی ئـەوتۆی هێناوەتـەوە، کە لـە ڕووی زانستییەوە یـەک لـە یـەک کزتـرن. بەوێنە لـە بەڵگـەی دووەمدا دەڵێ: "٢– لەگەڵ ڕەگی کاری چـاوگ ئەلفیـەکاندا هەمیشـە کۆتاییـان بـە (ێ) دێت،ئەگەر (ت)مان قرتاند بڵێین چی؟ کە هـەمیشـە کۆتاییان بـە (ێ)ی ڕەگەکەیەیان ڕاناوەکە؟ ئەگەر بڵێین هی ڕەگەکەیە ئەی کوا ڕاناو یان بە پێچەوانـەوە" ..."وا بزانم ئەگـەر یەکسـەر بڵێین ڕانـاوە خۆمـان لـەو

هەموو ئاڵۆزی و لێکدانەوە و ڕوون کردنەوەیە ڕزگار دەکەین" (ل ٤٩ – ٥٠).

ئێمە کە لە زمان دەکۆڵینەوە، دەچینە بنج و بناوانی و هەوڵ دەدەین یاسا و دەستوورە جۆربەجۆرەکانی بدۆزینەوە و وەک ەن با نالەبار و پڕ کێشە و زەحمەتیش بن – بەو چەشنە بیانخەینە پێش چاو ... توێژەر مافی ئەوەی نییە بۆ خاتری ئاسان کردن شتێک بە شتێکی تر لە قەڵەم بدا، چۆن دەکرێ حاڵەتێکی گەردانی کردار بە جێناو دانرێ هەر بۆ ئەوەی خۆمان لە ئاڵۆزی و لێکدانەوە و ڕوون کردنەوە ڕزگار بکەین!... ئەمە لە هیچ زانست و مەیدانێکدا بە تایبەتی لە مەسەلەی زمانەوانی و تێکدانی واقیعی زمانێکدا بە هیچ چەشنێک جێی نابێتەوە.

د. نەسرین لەبارەی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکیشەوە نووسیویە: "هەمان شتیش دەڵێین دەربارەی ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک"...بەڕاستی د. نەسرین دەبوو هیچ نەبێ کەمێک سوود لەو هەموو بەڵگە مێژوویی و واقعییانەی مامۆستا مەسعوود وەربگرێ...

لە کۆتاییدا مامۆستا هەژار ڕای لەبارەی جێناوە لکاوەکانەوە دەربڕیوە (ل ٥٧ –٥٨). هەرچەندە ئەم نەچۆتە ناو کێشە ئاڵۆزەکانی ئەو باسەوە و بەکورتی لە چەند لایەنێکی دواوە، بەڵام ئەو زانیارییەی خستوویەتییە پێش چاو لەگەڵ هەڵکەوتی زمانی کوردیدا دەگونجێ...

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، جگە لە باسی جێناوی کەسیی خوداو جێناوی کەسیی لکاو، هەروەها لەم جۆرە جێناوانەی تریش

دواوە: "ڕاناوی لێکدەر" (ل٥٨ – ٦٣)؛ "ڕاناوی خۆیی" (ل ٦٣ – ٦٦)؛ "ڕاناوی هەیی" (ل٦٦ –٦٧)؛ "ڕاناوی پرسیاری" (ل٦٨ –٧٢)؛ "ڕاناوی نادیار" (٧٢–٧٤).

باسانەشدا جیاوازیی زۆر لە نێوان بۆچوونی ئەندامانی لیژنەدا هەیە. بە وێنە لە باسی جێناوی لێکدەردا بەلای د.نەسرین فەخری و مامۆستا صدق بەهائەدینەوە "تەنها وشەی (کە) ڕاناوە" و "ئەو پیتە (ی)ەی کە هەندێ جار دێتە پێش ڕاناوەکەوە پیتی پەیوەندییە و کەرتی ڕاناوەکە نییە (ل٥٨)... مامۆستا نووری عەلی ئەمینیش دەڵێ: "پیتی (ی) یا خود (کە) ئەگەر بە تەنها هاتن هەر یەکەیان ئەو ڕاناوەن کە پێی دەڵێن ڕاناوی لێکدەر، بەلام لەم حاڵەتدا فەرقیان لەگەڵ حاڵەتی بە جووتە هاتنیان لە ڕستەدا ئەوەی کە (ی)ی تەناو (کە)ی تەنها هەر یەکەیان لەو شێوەیەدا ڕاناوی لێکدەری سادەیە، بەلام ئەگەر بە سەریەکەوە بەکارهێنران دەبنە ڕاناوی ناسادە (ل٥٨)... مامۆستا مەسعوود محەمەدیش ئەمە بە جێناو دانانێ و بۆ بە جێناو دانەنانی گەلێ نموونە و بەڵگەی زمانەوانیی جوان و لەباری هێناوەتەوە (ل ٥٩ ٦٣).

یاخود لە جێناوی پرسیار دواون، هەر لە سەرەتاوە مامۆستایان: مەسعوود محەمەد و هەژار بە جێناویان دانەناوە، بەلام د. نەسرین و مامۆستا نووری و مامۆستا صادق بە جێناویان داناوە و هەندێ بەڵگەیان بۆ بۆچوونەکەیان هێناوەتەوە.

مامۆستا ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی"دا[19]، بە شێوەیەکی سادە و ساکار چەند وشەیەکی دەربارەی

[19] ـ ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

جێناوی (من، تۆ، ئە، ئێمە، ئێوە، ئەوان)ی نووسیوە (بڕوانە: ل١٥٨).
بە هەمان شێوەی سادەو ساکار باسی جێناوە لکاوەکانیشی کردووە (ل١٥٩ – ١٦٧). هەر چەندە دوو دەستە جێناوە لکاوەکانی جیاکردووەتەوە، بەلام لە دیاری کردنی دەستەی دووەمدا هەڵە و کوموکورتیی زۆر دەبینرێ.

نووسەر لەژێر ناوی "ڕاناوی ئازری"دا لە (جێناوی هەیی) دواوە (ل ١٦٩–١٧١). لێرەدا باسی (هی) و (ئی) کردووە و نموونەی زۆری بۆ هێناوەتەوە. ئەم بەشە تا ڕادەیەک سەرکەوتووە و لە بەشەکانی تر باشترە.

لەم بەرهەمەدا، وێڕای ئەو سێ باسە، باسی جێناوی نیشانەش دەبینرێ، کە ئەو بە ناوی نیشانەی داناوە و لەژێر سەرباسی (ناوی نیشانەکردن)دا لێی دواوە (ل٧٣–٨٠).

لە لاپەڕە(٥١–٥٤)ی کتێبی پۆلی یەکەمی ناوەندیدا[20] بە ناوی "ڕاناوی کەسیی سەربەخۆ"وە کەمێ زانیاری بە شێوازی فێرکردن خراوەتە پێش چاو... لە لاپەڕە (٥٥–٦٥)ی کتێبی هەمان پۆلدا باسی "ڕاناوی کەسیی لکاو" کراوە. ڕووی باشی ئەم کارە ئەوەیە، کە دوو دەستە جێناوی لکاو دیاری کراوە.... ئەگەرچی گەلێ هەڵەی تێدایە، بەلام سیانیان زۆر دیارن.

١) لە دەستەی دووەمدا بۆ کەسی دووەمی تاک (یت) بە جێناو دانراوە و بۆ کەسی سێیەمی تاکیش (ات، ێت).

---

[20] عەبدوڵڵا شاڵی، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئەمین عەلی، نووری عەلی ئەمین، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عەلائەددین سەجادی، کەمال مەحموود فەرەج، ئەبوو زەید مستەفا سەنئی: زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، بەغدا، ١٩٧٦.

٢) وتـراوە: "لەگـەڵ فرمـانی ڕابـوردووی تێنەپـەڕدا، بـۆ کەسـی سێیەمی تاک ڕاناو نییە" (ل٥٦)... بەڵام وەک ئاشکرایە، جێناوی (ە) بـە کـرداری تێنەپـەڕەوە دەلکێ کـە لـە دۆخـی ڕابـوردووی نزیکـی ئینشائیدا بێ، وەک: مردووە، نووستووە، گەڕاوە، فڕیوە...

٣) نووسراوە: "بۆ فرمانی ئێستا و داهاتوو (ات) یان (ێت) بەکار دەهێنین و ئەگەر ڕەگی فرمانەکە بە پیتی بزوێن دوایی بێت (ات) و ئەگـەر بـە پیتـی دەنگدار دوایـی بێـت (ێت) بەکار دەهێنـین" (ل٥٦)... وەک لێکۆڵینـەوە دەری دەخـا نـە (ێـت)، نـە (ێ) و (ا) جێنـاو نـین و زیـادەی گـەردانی کـردارن... وێڕای ئەوە، ڕاست نییـە بـوترێ ئەگـەر ڕەگـی کردارەکە بە دەنگی بزوێن دوایی بێت (ات) بـەکار دەهێنین، چونکە وەک پشکنین دەردەخا ئەو (ێ)یە بەدوا بەشێک لە بزوێنەکاندا نـابێ بـە (ا)، بـەڵکو بزوێنـی کۆتـایی ڕەگـی کردارەکـە دەکـا بـە کۆنسۆنانت و خۆی وەک خۆی دەمێنێتەوە، بە وێنە:

دەنووم	**دەنووین**
دەنووی	**دەنوون**
دەنوێ	**دەنوون**

دانەرانی کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی" لە کتێبی پۆلی دووەمی ناوەندیدا لە جێناوی نیشانە دواون و لەو ڕایەدان لە ڕستەکانی (ئـەم کوڕە ئازایە) و (ئەو کوڕە ئازایە)دا – (ئەم ....) (ئەو ....) ئاوەڵنـاون و لـە ڕسـتەکانی (ئەمـە ئازایـە) و (ئـەوە ئازایـە)دا – (ئەمـە) و (ئـەوە) جێنـاوی نیشـانەن... هـۆی ئـەم هەڵەیـە ئەوەیـە کـە زاراوەی (جێنـاو، ڕاناو، pronoum) یان تەنیا وەک (جێگری ناو) تەماشاکردووە.

لە کتێبی پۆلی سێیەمدا (ل٣٤-٣٧) بە شێوەیەکی ساکار لەژێر سەرناوی "ڕاناوی پرس"دا باسی (جێناوی پرسیار)یان کردووە... لە لاپەڕە (٢١-٢٣)ی کتێبی پۆلی پێنجەمی ئامادەییشدا کە لە جێناوی خۆیی دواون بە هەڵە وایان داناوە، کە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان،خۆیان) جێناوی خۆیین....

یەکێ لەو کارە دیارانەی لەبارەی جێناوی کەسیی جوداوە نووسراوە ئەو چەند لاپەڕەیەی کە د. جەمال نەبەز لە کتێبی "زمانی یەکگرتووی کوردی"دا[21] هێناوییەتە بەرهەم (بڕوانە: ل٢٣-٢٦). نووسەر بە شێوەیەکی ڕاستو زانستییانە دوو دەستە جێناوە کەسییە جوداکەی دیالێکتی کرمانجی ژووروودی دیاری کردووە و بە نموونە و بەڵگەی زۆری زمانەوانی بەراوردی کردوون و لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دواوە... سەبارەت بە جێناوە کەسییە جوداکانی دیالێکتی خوارووش کەرەستەیەکی چاکی خستووەتە پێش‌چاو... لە کۆتاییشدا بۆ نێزیک خستنەوەی هەر دوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی و دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەدەبی هەندێ بیروڕا و پێشنیاری پەسەندی خستووەتە ڕوو.

بە بێ سێ و دوو دەتوانم بڵێم باشترین و زانستیترین نووسین کە تا ئێستا بە زمانی کوردی لە بارەی جێناوی کەسیی جوداوە بەرچاوم کەوتبێ، ئەو چەند لاپەڕەیەی د. جەمال نەبەزە.... لەو ڕایەدام ئەو چەند تێبینییەش کە ئێستا دەیانخەمە پێش‌چاو لە نرخی ئەو بەرهەمە باشە کەم ناکاتەوە.

---

[21] د. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.

د. نەبەز (هۆن)ی بە جێناوی کەسیی جودای کەسی دووەمی کۆی دۆخی ڕاستەوخۆ (کە ئەو دۆخی کارای ناوناوە) داناوە. ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە لە ناوچەیەکی تەسکدا هەیە، بەلام ئەوە هەر دەمێنێتەوە کە تێکڕای ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروودا وا ڕادەگەیەنێ کە ئەو جێناوە (هوون)ە[22].

نووسەر باش لەوە دواوە کە چۆن جێناوەکانی دۆخی ڕاستەخۆ لەگەڵ هەموو دەمەکانی کرداری تێپەڕدا بەکاردەهێنرێن، کەچی بە هیچ چەشنێک باسی ئەوەی نەکردووە، کە ئەو جێناوانە هەروەها لەگەڵ کرداری تێپەڕی دەمی ئێستاو ئایندەشدا دێن.

د. نەبەز ئەگەرچی لە باسی جێناوی کەسیی جودای دیالێکتی خوارووودا گەلێ تایبەتێتی ناوچەی هەولێر و موکریان ...ی باس کردووە، بەلام بەشێکیانی یادداشت نەکردووە.

....و هەندێکی تر.

لە کتێبی "زمانی یەکگرتووی کوردی"دا جگە لە باسی جێناوی کەسیی جودا، باسی "جێناوی بە کارەوە نووساو" (ل ٢٦) و "جێناوی خۆیی" (ل٢٦ –)یش کراوە. بەلام ئەم باسانە کەمو کورتییان زۆرە و هیچ شتێکی ئەوتۆیان تێدا نییە شایانی باس بێ.

مامۆستا صادق بەهائەدین لەو نووسراوەیەدا کە بە ناوی "ڕێ زمانا کرمانجی"یەوە نووسیویتی و بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوە[23] لە لاپەڕە (٨٤–٩٦)دا لە جێناوی کەسیی جودا دواوە. ئەگەرچی نووسەر لەم کارەدا دوو دەستە جێناوی کەسیی جودای دیاری کردووە و

[22] بۆ شی کردنەوە و لێکدانەوەی ئەو ڕایە، بڕوانە: لاپەڕە (٢٧، ٨٠) پەراوێزی (٨).

[23] صادق بەهائەدین ئامێدی، ڕێزمانا کرمانجی، بەغدا، ١٩٧٦.

کەرەستەیەکی زۆری لەبارەی کێشەی ناوبراوەوە خستووەتە پێش چاو، بەلاّم لە گەلێ شوێندا تەواو لە باسە بنەڕەتییەکە دوورکەوتووەتەوە و گەلێک شتی هەمەجۆری تێکەڵ بە یەکتر کردووە....

سەرنج ڕاکێش، ئەوەشە مامۆستا صادق فۆرمی هەندێ جێناوی بە چەشنێک دیاری کردووە، کەچێ کاتێ بەکاری دێنێ فۆرمێکی دی دەنووسێ. بە وێنە بۆ کەسی سێیەمی کۆی دەستەی دووەم (وا)ی داناوە، بەلاّم لە سەرپاکی نووسینەکەیدا کە دەدوێ (وان)ی بەکارهێناوە.

نووسەر ئەگەرچی باسی جێناوە لکاوەکانی تێکەڵ بە جێناوی جودا و گەردانی کردار کردووە، بەلاّم کەرەستەیەکی زۆری لەبارەی کێشەی ناوبراوەوە خستۆتە پێش چاو و لە دیاری کردنی فۆرمیاندا تا ڕادەیەک سەرکەوتووە.

مامۆستا صادق لە لاپەڕە (٩٦- ٩٧)دا لە (جێناوی هەبی) دواوە و لێرەدا ئەوەی دەست نیشان کردووە کە جێناوی هەیی لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بە پێی جنسی نێر و مێ دەگۆڕێ و (ئی، یێ) بۆ نێر بەکاردێ و (یا، ئا)ش بۆ مێ... هەڵەی ئەم باسە ئەوەیە، کە نووسەر جێناوی هەیی و نیشانەی ئیزافەی تێکەڵ کردووە. هەرچی (یێ) و (یا)یە ڕاستە جێناوی هەیین، بەلاّم (ئی) و (ئا) کە ڕاستییەکەی (ێ) و (ا)ن نیشانەی ئیزافەن.

نووسەر لە لاپەڕە (١٠٨-١٠٩)دا، کاتێ باسی (جێناوی پرسیار)ی کردووە، وێڕای ئەوەی ناوی بەشێکی زۆری ئەو

جێناوانەی نەبردووە، هەروەها جارێک بە جێناو ناویان دەبا و جارێکیش بە ئامراز.

ئەگەرچی مامۆسا محەمەد مەعرووف فەتتاح لە وتاری "خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا"[24] مەبەستی سەرەکی دیاری کردنی شێوەی جیاوازی دەربڕینی خۆیەتی لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدایە، بەڵام بەتایبەتی لەبارەی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمەوە گەلێ زانیاری تۆمار کردووە، چونکە ئەم دەستەیە دەورێکی گەورە لە دەربڕینی خۆیەتی دا دەبینێ.... هەروەها جێناوەکانی دەستەی دووەمیشی دیاری کردووە و کەمێک لێیان دواوە. ئەوەی جێی ڕەخنە بێ، ئەوەیە (ت)ی بۆ کەسی دووەمی تاک و (ێ، ێت، ئا، ئات)ی بۆ کەسی سێیەمی تاکی دەستەی دووەم بە جێناو داناوە.

د. کوردستان موکریانی لە وتاری "جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجیی ژووروودا"دا[25] دە جۆر جێناوی دیاری کردووە: "جێناوی کەسی" (ل٢٣٤-٢٣٩)؛ "٢- جێناوی لکاو" (٢٤٠-٢٤٢)؛ "٣- جێناوی نیشانە"(ل٢٤٣-٢٤٤)؛ "٤- جێناوی پرسیاری"(ل٢٤٤-٢٤٧)؛ "٥- جێناوی چەندی (چەندێتی)" (ل ٢٤٧-٢٤٨)؛ "٦- جێناوی هەیی" (ل٢٤٨-٢٤٩)؛ "٧- جێناوی خۆیی" (ل ٢٤٩-٢٥٠)؛ "٨- جێناوی

---

[24]. محەمەد مەعرووف فەتاح، (خۆیەتی) لە زاری سلێمانیدا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کوردی"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٦٢-١٦٥.

[25]د.کوردستان موکریانی، جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٢٢٩ -٢٥٤.

نادیار" (ل٢٥٠-٢٥١)؛ "٩- جێناوی دیار" (ل ٢٥١-٢٥١) ؛ " جێناوی نا (نەفی)" (ل٢٥٢-٢٥٣).

نووسەر بە کورتی لە جێناوی لکاو (بەتایبەتی دەستەی یەکەم) و دەوری لە ڕستەدا دواوە... هۆی باس نەکردنی دەستەی دووەمی جێناوەکان ئەوەیە، کە بە جێناویان دانانێ و لەم بارەیەوە نووسیویێتی دەڵێ: " هێندێ لە زمانەوانان گرووپی دووەم بە جێناوی لکاو و لە هەمان کاتدا بە کۆتایی کەسی دەدەنە قەڵەم... وەیا بە کاری بێ هێز، کاری یارمەتیدەر یان پێوەندی کاری دەژمێرن. جێناوە لکاوەکانی گرووپی دووەم جێناوی لکاو نین، هەروەها کاریش نین، بەڵکو ئەو کۆتاییانەن کە بە کۆتایی کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ وە کاری ڕابوردووی تێنەپەڕەوە دەلکێن. لە ڕستەدا ئەو دەورە ناگێڕن کە ڕاناوی لکاو (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەیگێڕن و دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و دیارخەر. ئەرکی گرووپی دووەم (م، ی، ێ، ،، آ، ین، ن، ن) تەنیا نیشاندانی کەس و ژمارەیە، نەک گێڕانی دەوری کار . ئەم کۆتاییانە، کە لەبەر ئەرکی ڕێزمانی نێوی (کۆتایی کەسی لێ نراوە"(ل٢٤٠).

وا دەردەکەوێ د. کوردستان لەو ڕایەی پەشیمان بووبێتەوە، بۆیە لەو کتێبی ڕێزمانەدا، کە لەگەڵ د. نەسرین فەخرێ دا بۆ بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین دایانناوە، تێکڕای ئەو پاشکۆیانەی وەک جێناو باس کردووە[26].

[26] د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٢، ل٦٨ و ٧٢-٧٤.

بەڵی هەندێ نووسەرانی دی ڕێزمانی کوردی باسی ئەم دەستەیەیان هەر لە بەشی گەردانی کرداردا کردووە و بە کۆتایی کرداریان لە قەڵەم داوە (دواتر لێیان دەدوێین).

ناتەواوی د. کوردستان لە باسی جێناوی پرسیاردا، ئەوەیە هەندێ جێناویان فۆرمی هەندێ جێناوی یادداشت نەکردووە، بە وێنە :

١ـ یادداشت نەکردنی جێناو . وەک :

کەی / کەنگێ / کەنگی ...

لەم کتێبەشدا، هەروەک لە وتاری ((جۆرەکانی جێناوو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکێ کرمانجیی ژووروودا))دا دەجۆر جێناو دیاری کراوە (بڕوانە : ل ٥٩) .

کوا/ کوانێ / کا / کانێ...

کوێ / کوێندەرێ / کیرێ / کیدەرێ ...

٢ـ یاداشت نەکردنی فۆرمی جێناوە . وەک :

(کێها) ی نووسیوە و (کێهە)ی نەنووسیوە .

(چۆن) ی تۆمارکردووەو ناوی (چلۆن) و (کوو)ی نەبردووە.

"چەوا (ن) " ی یاداشت کردووەو "چاوا (ن) " ی یادداشت نەکردووە .

نووسەر لە باسی جێناوی چەندێتی دا بۆ ئەوانەی کرمانجیی خواروو تەنیا (چەند، ئەوەندە، هێندە)ی نووسیوە . بۆئەوانی کرمانجیی ژووررووش هەر باسی (چەند، چقاس، ئەڤواس)ی کردووە. د . کوردستانیش وەک مامۆستا تۆفیق وەهبی و مامۆستا نووری عەلی ئەمین کە دیاری کردنی فۆرمی جێناوی خۆییدا بە هەڵە چووە

و هەروەها (جێناوی هاوبەشی)ی باس نەکردووە... ئەگەرچی ئەو ناتەواوییانە و هەندێکی تر لە وتاری ناوبراودا دەبینرێن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکرێ، کە د. کوردستان تا ڕادەیەک کەرستەی باش و ڕای زانستی و نوێی خستۆتە پێشچاو.

مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی کە دوا بەرهەمی زمانەوانیدا – "زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا "[27] تا ڕادەیەک باش لە جێناوە کەسییە جوداکانی بەشە دیالێکتی هەورامانی دواوە هەروها نموونەی ڕاست و لە باری لە قوولایی ئەدەبی ئەو ناوچەیەوە هەڵهێنجاوە و کردوویەتییە بەڵگەی قسەکانی (بڕوانە: ل١٨٩- ١٩٠؛ ٢٦٤- ٢٦٥)

نووسەر لە باسی جێناوی لکاودا (١٨٦-١٨٩) ئەوەی دیاری کردووە، کە لە بەشە دیالێکتی ناوبراودا (م) بۆ کەسی یەکەمی تاک؛ (ت) بۆ کەسی دووەمی تاک ؛ (ش) بۆ کەسی سێیەمی تاک؛ (م) بۆ کەسی سێیەمی کۆ جێناوی لکاون ودەچنە سەر چاوگ و ئاوەڵناو .

یەکێک لەو نووسەرانەی باسی دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانیان لە بەشی گەردانی کرداردا کردووە و بە کۆتایی کرداریان لەقەڵەم داوە، د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیمە. ئەوەتە لە وتاری "گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسان و پێکەوە نەنوسانەوە "[28] دەڵێ : "بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێمە دەری

---

[27]- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا بەغدا، ١٩٨١.

[28]) د. ئەیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، گیروگرفتی نوسیینی فرمان لە گەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوەنووسان وپێکەوە نەنوسانەوە،"گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد "، ب ٩، بەغداد، ١٩٨٢، ل ٤٥٠- ٤٨٢.

دەخات، کە وێنەی دووەم (م، ت، ی / یت، ،، ین، ن، ن،) ڕاناو نین و نابێ ناویان لێ بندرێت ڕاناو . دەتوانم ئەم ڕایەش دەربڕم لەبەر هەبوونی تیشکی ئەم ڕاستییانەی خوارەوە :

١- ئەمانە، کە ناویان براوە ڕاناو نین، ناتوانن ببن بە بەشێک لە بەشەکانی ڕستە . ٢- بە هیچ جۆر شوێنی خۆیان ناگۆڕن لەناو ڕستەدا . ٣- هەردەم بە کۆتایی فەرمانەوە دەلکێن و خۆیان لە کۆتایی فرمان جیاناکەنەوە . ٤ – فۆرمی (سفر) چۆن دەتوانن ببن بە ڕاناو ؟

لەبەر ئەم چوار خاڵانەی سەرەوە ناتوانن جۆری دووەم بە ڕاناوی لکاو دابنێن، بەڵکو ئەمانە کۆتایی فرمانن و دەکەونە کۆتایی فرمانەکان (ل٤٥٣-٤٥٤) .

هەندێ بەشە ئاخاوتن هەن نابن بە بەشێک لە بەشەکانی ڕستە و بەشە ئاخاوتنیش هەر بە ڕێبازی بوونە بەشی ڕستە جیاناکرێتەوە.... جا ئەگەرچی لە سەرێکەوە یەکەم بەڵگە کە د. ئیبراهیم بۆ دەستەی دووەم لە هەڵەیەکی بنەڕەتی بووە، ئەویش ئەوەیە بەر لە هەر شت ئاشکرا دیارە کە دەوری کار و بەرکار دەبینن لە ڕستەدا، وەک:

أ- دەوری کارا:

دەمان نێرن – ئەوان ئێمە دەنێرن

دەتگرین – ئێمە تۆ دەگرین

ب - دەوری بەرکار:

ناردمانن – ئێمە ئەوانمان نارد

گرتیانین ـ ئەوان ئێمەیان گرت

بەڵگەی دووەم هێندە لاوازە، کە قووڵ بوونەوە لە وەڵامیدا بە پێویست نازانم و تەنیا ئەوەندە لە توێژەر دەپرسم: لە کەیەوە مەسەلەی شوێن گۆڕین لە ڕستەدا بووەتە مەرجی پێناسەی جێناو؟.

بەڵگەی سێیەم، کە وا دادەنێ "هەردەم بە کۆتایی فرمانەوە دەلکێن و خۆیان لە کۆتایی فرمان جیاناکەنەوە"، ئەگەرچی مەرجێکی نابەجێیە، هەروەها ڕاستیش نییە، چونکە وەک ئاشکرایە، جێناوەکانی دەستەی دووەم بە زۆر بەشە ئاخاوتنەکانی تریشەوە دەلکێن، بە وێنە:

١- دەچێتە سەر ناو. وەک:

من شێرزادم، ئێمە شێرزاد **و شێروانین**

تۆ کوردی، ئەوان کوردن

٢- بە ئاوەڵناوەوە دەلکێ. وەک:

تۆ جوانی، ئەوان جوانن

من زیرەکم، ئێمە زیرەکین

٣- لەگەڵ زۆربەی جێناوەکاندا دێ:

أ) لەگەڵ جێناوی کەسیی جودا. وەک:

منم، ئێمەین، ئێوەن...

ب) لەگەڵ جێناوی پرسیار. وەک

من کێم، ئێمە کێین، ئەوان کێن.....

ج) لەگەڵ جێناوی خۆیی. وەک:

ئێمە خۆین، ئێوە خۆن...

د) لەگەڵ جێناوی نەفی. وەک:

تۆ هیچی، ئێوە هیچن

...و هەندێکی تر

٤ – دەچێتـە سـەر چەنـد جۆرێـک لـە ئـاوەڵکردار (بەتایبـەتی ئاوەڵکرداری شوێن). وەک:

من لێرەم، ئێمە لێرەین.....

من لە سەرەوەم، ئێمە لە سەرەوەین...

٥– بە ژمارە دەنووسێ. وەک:

ئێمە چوارین، ئەوان شەشن...

و گەلێکی تر.

بەڵگەی چوارەمیش زۆر کز و لاوازە، چونکە ئاشکرایە لە زماندا جێنـاوی نادیـار (شـاراوە) هەیـە و تەنانـەت مامۆسـتا سـەعید صـدقی کابان لەمە دواوە.

د. ئیبراهیم دوای ئەو چوار بەڵگەیـەی لـە ڕێیانـەوە ویسـتوویەتی دەستەی دووەمی پێ لـە جێنـاوەتی بخـا، وا دەردەبڕێ کـە تـەنیا (ێ) جێناوە و دەڵێ: "لە ناو فۆرمەکانی (م، ت، ێ/یت، ،، ین، ن، ن) ڕاناوی (ێ) هەیە لە لای هەندێ نووسـەرانی ڕێزمانی کوردی‌یەوە. کە بە ڕای ئێمـە کۆتـایی فرمـانن، بـەلام ئێمـە سـەبارەت (ێ) دەڵێین ئـەو فۆرمـە ڕاناوی لکاوە. چونکە دەتوانێ بە ناو بلکێ لە ڕستەدا یـان بـە ڕانـاوی کەس لکاو هەروەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە" (ل٤٥٤).

وەک ئاشکرایە، لـەمێژە نووسـەرانی ڕێزمـانی کوردی لـە یـەکێتی سـۆڤییەت مامەڵـەی جێنـاوی لکاویـان لەگـەڵ (ێ)دا کـردووە... ئـەم بۆچوونە جێی سەرنج و تێبینی زۆرە ئێرە جێی لێدوانی نییـە، بـەلام ئەوەنـــدەی پێوەنـــدی بـــە باســـەکەی د. ئیبراهیمـــەوە هـــەبێ،

سەرسووڕهاوەر ئەوەیە، زۆربەی ئەو بەڵگانەی ئەو بۆ بە جێناو دانانی (ێ) هێناونییەوە نادروست و هەڵەن:

ڕستەی "دوێنێ زوو گەیشتمە هەولێرێ"و .... کە بۆ ئەوە کردوویەتیە نموونە، گوایا ئەو جێناوە چووەتە سەر ناو (ێ)ی دوای وشەی (هەولێر) جێناوی کەسی سێیەمی تاکە - هەڵەیەکی گەورەی زمانەوانییە، چونکە ئەو (ێ)یە نیشانەی جنسی مێیە، لە هەندێ بەشە دیالێکتی وەک سۆران و موکریان ....[29] . لەبەر ئەوەی نیشانەی جنسی مێ لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا نەماوە، ئەو ڕستەیە دەبێتە: "دوێنێ زوو گەیشتمە هەولێر".

دیسان کە دەڵێ: "ڕاناوی ناوبراو دەتوانێ ببێ بە ئاوەڵکاری شوێن لە ڕستەدا، نموونە:

***مارەکەی خۆ خشاندە کونێ.**

***نوێنەرەکان ڕۆیشتنە کەرکووکێ.**

***گەشتکەرەکان هاتنە دهۆکێ"،**

ئەوە لەمانەشدا هەمان هەڵەی کردووە و (ێ)ی دوای وشەکانی (کون، کەرکووک، دهۆک) دیسان نیشانەی جنسی مێیە. ئەگەر بە شێوەی سلێمانی ئەو ڕستانە بوترێن، ئەوە لە ڕستەی یەکەمدا پاشبەندی (ەوە) دەچێتە سەر وشەی (کون) و بەو پێیە بە قسەی د. ئیبراهیم بێ، دەبێ (ەوە)ش جێناو بێ... یاخود لە ڕستەی دووەم و سێیەمدا هیچ شتێک ناچێتە سەر (کەرکووک)و (دهۆک)، کەچی نووسەر پێشتر لە بەڵگەی چوارەمی دانەنانی دەستەی دووەمی ئەو

---

[29] بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم – مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم – ناو، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٧٢ – ١٧٨.

پاشبەندانەدا بە جێناو وتویە: "فۆرمی (سفر) چۆن دەتوانێ ببێ بە ڕاناو".

نامەوێ لە تێکڕای نموونەکانی بدوێم، تەنیا پەنجە بۆ خاڵێکی سەرنجڕاکێش درێژدەکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەڵگەی سەرەکی دانانی (ێ) بە جێناوی لکاو، ئەوەیە کە دەڵێ: "بە ڕاناوی کەسی لکاو"ەوەو "ناردمێ، ناردنێ، ناردیێ، ناردمانێ، ناردتانێ، ناردیانێ"ی بە نموونە هێناوەتەوە.... ئەمە ڕاستە، بەلام خۆ تێکڕای جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم، کە د. ئیبراهیم بە کۆتایی کرداریان دادەنێ، ئەوانیش بە جێناوی کەسیی لکاوەوە دەلکێن، وەک: (ناردیانم، ناردیانی،ناردیانین، ناردیانن...). کەواتە بۆ ئەمان جێناو نەبن و (ێ) جێناو بێ.

د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم کاتێ لە باسی ئەوەدا، کە دەستەی دووەمی جێناوەکانی بە کۆتایی کردار داناوە، لەبارەی وتاری "سوورێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا"وەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دواوە و وتوویە: مامۆستا مەسعوود "ئەوەی پێکاوە، کە ئێمە لەسەر جۆری دووەمی ڕاناوی لکاو هەیە و دەڵێ هەندێ لە زمانەوانان بە (کار)ی دادەنێن و هەندێکی تریش بە ڕاناو، بەلام مامۆستای بەڕێز هیچ ئەنجامێکی وەدەست نەهێناوە" (ل٤٥٣)... ئاشکرا دیارە، د. ئیبراهیم لە نووسینەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد نەگەیشتووە و وێڕای ئەوەش حوکمێکی ناڕەوای داوە...

مامۆستا مەسعوود لە وتاری ناوبراودا دوای ئەوە نەکەوتووە، کە دەستەی دووەم جێناون یان کۆتایی کردار، بەڵکو هەوڵی داوە، هەڵەی نووسەران لە دیاری کردنی جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی

تاکی دەستەی دووەم دوور بخاتەوەو فۆرمی ڕاستی ئەو جێناوانە دەست نیشان بکات... هەروەها بزوێنی (ە)ی کۆتایی ڕستەی وەک (دارا مەردە)، کە زۆربەی زمانەوانان بە کرداری دادەنێن، ئەو ئیسپاتی کردووە، کە جێناوی لکاوە... بەو پێیە، ئاشکرا دیارە، کە مامۆستا مەسعوود ئەو پاشبەندانە بە جێناوی لکاودا، ئەوەی مامۆستا مەسعوود گەیشتوویەتی – ئەگەرچی لە هەندێ شوێنیشدا ڕام لەگەڵی ناگونجێ – لێکۆڵینەوەیەکی بێ هاوتایە.

د. بەدرخان سندی لە بەرگی دەیەمی "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"دا وتارێکی بە ناوی "(ئەز) ئو (مـن) د ئەزمانێ کوردیدا"دا بڵاو کردووەتەوە[30] و تێیدا باسی جێناوی کەسیی جودای لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا کردووە... بێ گومان باشە، کە نووسەر دوو دەستە جێناوی کەسیی دەستنیشان کردووە و دەستووری بەکارهێنانی هەر کۆمەڵێکیانی بە دوور و درێژی باس کردووە، بەڵام بە داخەوە وتارەکەی لە زۆر ڕووەو ڕەخنەی لێ هەڵدەستێ. بە وێنە:

* مەسەلەی دیاری کردنی دوو دەستە جێناوی کەسیی جودا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، نەک هەر بە زمانی بێگانە، بەڵکو دەمێکە بە زمانی کوردیش لە لایەن د. قەناتی کوردۆ و مامۆستا جگەرخوێن و د. جەمال نەبەز و مامۆستا صادق بەهائەددین... ەوە باس کراوە، کەچی د. بەدرخان هیچ ناوی ئەوانە نابا و لە وتارەکەیدا پەنجە بۆ هیچ سەرچاوەیەک ڕاناکێشێ...

---

[30] د. بەدرخان سندی، (ئەز) یو (من) د ئەزمانێ کوردیدا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"، ب ١٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل ١٣٣- ١٥٣.

* زانایان و ئەدەب و فۆلکلۆری دیالێکتی ژووروو و ئاخاوتنی مەڵبەندە جیاوازەکانی سەر بە دیالێکتی ژووروو، ئەوە ئیسپات دەکەن کە دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە ئەمانەن: "ئەز، تو، ئەو، ئەم، هوون، ئەو (ان)"، کەچی د.بەدرخان بە "ئەز، تو، ئەو، ئەم، هین، ئەو[31]"لە قەڵەم داون. لێرەدا دوو تێبینی دەخەمە پێش چاو:

١- زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکان ئەوە دەگەیەنن کە فۆرمی باوی کەسی دووەمی کۆی جێناوی کەسیی جودا لە کرمانجی ژووروودا (هوون)ە، بەڵام د. بەدرخان (هین)ی تۆمار کردووە[32] ... من بەش بە حاڵی خۆم فۆرمی (هین)م تەنیا لە کارەکەی مامۆستا صادق بەهائەدین دا دیوە و لە نەخشەکەی د. مەکسیمی خەمۆدا لە شێوەی بامەڕنێ دا بە چاوم کەوتووە و لە چەند کەسێکی کەمی ناوچەی بادینانی بیستووە.

٢ – ڕاستە بۆ کەسی سێیەمی کۆی کۆمەڵی یەکەم (ئەو) زۆر لە کاردایە، بەڵام (ئەوان)یش هەیە و نووسەر ناوی نەبردووە.

د.بەدرخان بۆ کەسی دووەمی کۆی جێناوی کەسیی جودایی دەستەی دووەم (هەوە)ی نووسیوە، بەڵام هەموو بەڵگەیەک ئەوە

---

[31] د. بەدرخان ئەو جێناوانەی باش ڕیز نەکردووە. ڕیزکردنەکەی بەم جۆرەیە: (ئەز، تو، هین، ئەو، ئەو، ئەم) – واتە: کەسی یەکەمی تاک، کەسی دووەمی تاک، کەسی دووەمی کۆ، کەسی سێیەمی تاک، کەسی سێیەمی کۆ، کەسی یەکەمی کۆ.

[32] ئەم فۆرمەی (هین)، وەک د. مەکسیمی خەمۆ نیشانی داوە، لە ناوچەی بامەڕنێ بەکاردێنرێ. (بڕوانە: د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، کتێبی "وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیک و ناوەڕاست"، ب٧، یەریڤان، ١٩٧٥، ل ٣٣١ – ٣٣٢).

دەگەیەنێ، کە ئەم فۆرمە تەنها لە ناوچەیەکی تەسکی بادینانىدا بەکاردێ[33] و، فۆرمی ئاشکرا و گشتیی ئەو جێناوە (وە)یە.

* نووسەر وا ڕادەگەیەنێ کە هەندێ لە شاعیرانی کلاسیکی وەک نالی و وەفایی و کوردی ... فۆرمی (ئەن)یان بەکارهێناوە (بڕوانە: ل١٣٥)، بەڵام تاکە نموونەیەک چییە نەیهێناوەتەوە.

* د.بەدرخان کە لە باسی دەستووری بەکارهێنانی جێناوەکاندا شازدە حاڵەتی دەستنیشان کردووە، زۆر جار هەر دەستوورێکە و بەسەر دوان یان سیاندا دابەشی کردووە. بە وێنە خاڵی سێیەم کە لە جێناوی (مـن) و هەڤاڵەکانی دەدوێ لەگەڵ دەمی ئێستای کرداری تێپەڕدا و خاڵی چوارەم کە باسی هەمان جێناوی (مـن) و هەڤاڵەکانی دەکات لەگەڵ هەمان جۆرە کرداری تێپەڕدا لە کاتی ئایندەدا، باشترە جیانەکرێنەوە و بەیەک بەند بنووسرێن.

* وتاری ناوبراو کاتێ شێوازی زانستی تەواوی وەردەگرت کە نموونە و بەڵگەی لە بەرهەمی ئەدیبانی کوردی وەک: خانی و جزیری و صەبری ... و تێکستی فۆلکلۆری بەناوبانگی وەک: مەمی ئالان ... و هەندێکی ترەوە وەربگرتایە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ، ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین، کە د. بەدرخان ئەگەرچی زمانەوانیش نییە، بەڵام کارەکەی لە کاری هەندێ زمانەوان قووڵتر و زانستییانەترە.

وتاری "لایەنێکی جیاوازی"، نووسەرەکەی د. وریـا عومەر ئەمینە[34]، بەشێکی کەمی دەربارەی جێناوی کەسیی جودایە. باشیی

---

[33] لە ناوچەی (باوەجانی)یش لە کوردستانی ئێران (هەوە) لە جیاتیی (ئێوە) و (هەمە) لە جیاتی (ئێمە) بەکاردێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە تایبەتی لەوەدایە، کە لەسەر شێوازێکی زانستیی نوێ نووسراوە، بەڵام بە گشتی باسێکی قووڵ نییە و کەرەستەی زمانی کوردی کەم تێدایە و ناتەواوی زۆرە.

د. وریا لە نەخشەی ژمارە ٣دا (بڕوانە: ل٢٦١)و لە سەرپاکی نووسینەکەیدا لە دەستەی B ی جێناوی کەسیی جودا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بۆ کەسی دووەمی کۆ (هون)ی نووسیوە. وەک پێشتر لێی دوام[35] و دواتریش باسم کردووە[36]، (هون) پتر لە (هوون) بەکاردێ. سەرنجڕاکێش، ئەوەیە کە لە نێو نووسەرانی کورددا تەنیا مامۆستا جگەرخوێن (هون)ی تۆمار کردووە.

ئەگەرچی نووسەر باش دوو دەستە جێناوی کەسیی جودای لە کرمانجیی ژووروودا دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەوەی یادداشت نەکردووە، کە ئەو دوو دەستەیە بە پێی دۆخ جیادەبنەوە.

دابەش کردنی جێناوە کەسییە جوداکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان و بەراوردکردنیان لە لایەن زانایانی کورد و بێگانەوە، بە زمانی کوردی و بێگانە تا ڕادەیەک باس کراوە، کەچی د. وریا پەنجەی بۆ هیچ یەکێک لەو سەرچاوانە ڕانەکێشاوە.

ئەو نموونانەی نووسەر بۆ ئیسپاتکردنی باسەکەی هێناونییەوە، لە قووڵایی زمانی کوردییەوە نین، واتە لە فۆلکلۆر و ئەدەب و ...ی تۆمارکراوەوە نین، بەڵکو ڕستەی سادەی زمانی خۆی یان ناسیاوێکێتی.. و هەندێکی تر.

---

[34] د. وریا عومەر ئەمین، لایەنێکی جیاوازی، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"، ب ١٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٢٥٤ – ٢٧٦.

[35] بڕوانە لاپەڕە (٢٧).

[36] بڕوانە لاپەڕە (٨٠).

د.وریـا لــە وتــاری نــاوبراودا، کـە بەشـێکی زۆری دەربــارەی جێناوی کەسیی لکاوە (ل ٢٦١ – ٢٧٤) و لە وتاری "ڕێزمـانی ڕاناوی لکاو"دا[37] و "پەیوەندی ڕاناو و فرمان لە کرمانجیی ژووروودا"[38]، کە سەرلەبەریان جێناوە لکاوەکانی زمانی کوردییە، زانیاری باش و ڕاسـتی لـەبارەی ئـەو کێشـەیەوە تۆمـار کـردووە، بـە تایبـەتی لـە نیشـــاندان و دەور و چۆنیـــەتی دەرکـــەوتن و ئـــاڵوگۆڕکردنی جێناوەکاندا. مەبەستی سـەرەکیی نووسـەر لـەم لێکۆڵینەوانـەدا ڕوون کردنـەوەی دەوری جێنـاوی لکـاوە لــە ڕسـتەدا، جـا بۆیـە ڕووی مۆرفۆلۆژی بایەخ پێ نەداوە..... کەم و کورتی ئەو بەشانەی وتارە ناوبراوەکانی د. وریا، کە پێوەندییان بەم باسەی ئێمەوە هەیە، بە تایبەتی لە دیاری کردنـی فۆرمی جێناوەکاندایە. ئـەویش لـە کەسـی دووەم و سـێیەم تـاکی دەسـتەی دووەمـدا.... بـەڵام نـابێ ئـەوە لـەیاد بکەین، کە بەرهەمـەکانی ئـەم نووسـەرە، بەتایبەتی لـە مەیدانی کێشـە جۆربەجۆرەکانی جێناوی لکاودا جێی دیار و بەرزیان وەرگرتووە.

بەرهــەمی لیژنــەی زمــانی کــوردی کــۆڕی زانیــاری عێــراق – دەســتەی کــورد، کــە بــە نــاوی "بــەراوردکــاریی لــە نێــوان زارە کوردییــەکاندا"وەیــە[39] چەنـد لاپەڕەیـەکی کـەمی کۆتـایی لـەبارەی

---

[37] د. وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، گۆڤاری "کاروان"، ژ٨، هەولێر، ١٩٨٣، ل٦٨-٧٤.

[38] د. وریـا عومـەر ئـەمین، پەیوەنـدی ڕانـاو و فرمـان لـە کرمـانجیی ژووروودا، گۆڤـاری "کاروان" ژ٢، هەولێر، ١٩٨٢، ل ٤١- ٤٣.

[39] لیژنـەی زمـانی کـوردی، بـەراوردکاریی لـە نێـوان زارە کوردییەکانـدا، "گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"، ب١٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل٢٧٧ – ٣٣٧.

جێنـاوی کەسـیی جوداوەیە (ل ٣٢٩ – ٣٣٧)و چەنـد لاپەڕەیەکیشـی دەربارەی جێناوی کەسیی لکاوە (ل ٣١٧ – ٣٢٩).

ئەم کارەی وێڕای ئەوەی کە هەمووی (٦٠) لاپەڕەیـەک دەبێت و بە حەوت هەشت کەس لە ماوەی دوو سێ سـاڵدا هێنراوەتە ئەنجام، هـەروەها تـا بڵێی ناتـەواوی و هەڵەشـی زۆرە[40]... ئێمـە لێرەدا تـەنیا لـەو کـەم و کورتیانـە دەدوێین، کـە پێوەندییان بـە باسـی جێنـاوەوە هەیە:

* ئەگـەرچی لیژنــە دوو دەســتە جێنــاوی کەسـیی جـودای لــە دیــالێکتی کرمــانجیی ژووروودا جیاکردۆتــەوە، بــەڵام دەستنیشــانی نەکردووە، کە بوونی ئەو دوو کۆمەڵە پێوەندی بە دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیانەوە هەیە و ئەمەش واقیعی سەرەکی مەسەلەکەیە.

* لیژنە لە لیستەکەدا بۆ کەسی سێیەمی تـاکی کۆمـەڵی دووەمـی کرمــانجیی ژووروو، هــەر (وێ، وی)ی نووســیوە و نــاوی (ئــەوێ، ئەوی)ی نەبردووە و سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی یادداشـت نـەکردووە، کە (وێ) بۆ مێیە و (وی) بۆ نێرە (بڕوانە: ل٣٢٩).

* بێ گومان، باشـە کە هەندێ تایبەتێتی بەشـە دیالێکتی لوڕی و هەورامانی باس کردووە، بـەڵام گـەلێ تایبـەتێتی سلێمانی و موکریـان و سۆران ... هەن ناوی نەبردوون.

* وێــڕای ئــەوەی نموونــەی کــەم هێنراوەتــەوە، هــەروەها نموونەکانیش لە قووڵایی زمانی کوردییەوە هەڵنەهێنجراون.

---

[40] دەربارەی ئەو بەرهەمەی لیژنە باسێکی تایبەتیم هەیە، هیوادارم بەم زووانە بە وتارێکی تایبەتی بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.

* لە باسی بەکارهێنانی جێناوەکان و نموونە هێنانەوە بۆیاندا هەندێ هەڵەی دەبینرێ، بە نموونە لە لاپەڕە (٣٣٥)دا، کاتێ باسی بەکارهێنانی جێناوی (ئەو) کراوە، وا وتراوە، کە گوایا بەکاردێ لەگەڵ:

" ٢- کاری تێنەپەڕ بە هەموو چەشنەکانیەوە، وەک: ئەو نڤست. ٣- لەگەڵ کاری تێپەڕدا، لە کاتی ئێستا و ئایندەدا. وەک:

ئەو دنڤە –ئەو دنڤت

ئەو دێ نڤت – دێ نبڤت".

لیژنە ڕاستە کە لە خاڵی دووەمدا (نڤست)ی بە کرداری تێنەپەڕ داناوە، بەڵام چۆن پاش دێڕێک – واتە لە خاڵی سێیەمدا بووە بە تێپەڕ؟ وێڕای ئەوە لیژنە کە لە خاڵی دووەمدا دەڵێ "لەگەڵ کرداری تێنەپەڕ بە هەموو چەشنەکانییەوە"، ئەی بۆچی نموونەی تەنیا بۆ دەمی ڕابوردوو هێناوەتەوە"....

........هتد

وەک نیشانمان داوە، زۆربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی دوو دەستە جێناوی کەسیی لکاویان دیاری کردووە، کەچی لیژنەی ناوبراو تەنانەت ناوی ئەو هەڵکەوتە ئاشکرایەی زمانی کوردی نەبردووە.

یەکێک لە دیاردە چالاکەکانی ڕێزمانی کوردی و یەکێک لە بابەتە کێشە لەسەرەکانی زمانی کوردی مەسەلەی جێناوی کەسیی لکاوە، کەچی لیژنەی زمانی کوردی کۆڕ و تویژاڵێکی تەنگی سەرەوەی گرتووەو بە پچڕپچڕی چەند شتێکی سادە و ساکاری لەسەر نووسیوە... من نایەم بەراوردی ئەم بەرهەمەی لیژنە لەگەڵ

وتارەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد بکەم، کە دە ساڵێک لەمەوبەر بڵاوی کردووەتەوە، چونکە ناگاتە قولەپێیشی، بەڵام دەڵێم تەنانەت ناشگاتە ئەژنۆی ئەو باسانەی، کە د.وریا عومەر ئەمین و مامۆستا نووری عەلی ئەمین سەبارەت بە جێناوی لکاو نووسیویانە.... جا دەبێ تەفسیری ئەمە چی بێ، کە کاری لیژنەیەکی حەوت هەشت کەسی، نەک هەر نەگاتە کاری کەسێکی دوور، بەڵکو نەگاتە نووسینی تایبەتی کۆنتری دوان لە ئەندامەکانی خۆیشی.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین پتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر دوو دەستە جێناوی لکاوی جیاکردۆتەوە.... لەم ساڵانەی دواییشدا د. وریا بە شێوازێکی زانستییانەتر جیاوازیی ئەو دوو دەستە جێناوەی نیشان داوە... بەڵام لیژنە نە لە یەکی جیاکردوونەتەوە و نە باسی بوونی ئەو دیاردەیەی کردووە....

قەڵەم توانستی باسی هەموو هەڵەو ناتەواوییەکانی ئەو کارەی لیژنەی نییە و تەنیا لەبارەی حاڵەتی کەسی دووەم و سێیەمی تاکی جێناوە لکاوەکانەوە دەدوێین، چونکە ئەوان کێشەی گرنگی ئەم باسەن:

لیژنە بۆ کەسی دووەمی تاک تەنیا باسی (ت)ی کردووە و ئەویش زۆر بە کورتی، هەروەها دیاریشی نەکردووە سەر بە کام دەستەیە ... لەو نەخشەیەی لە لاپەڕە (٣٢٩)دا بۆ جێناوە لکاوەکانی ساز کردووە لە تەک (ت)ەوە (یت)یشی داناوە و هەر ئەوەندە ... ئەگەرچی ئێمە تێ دەگەین ئەو (یت)ە بۆ دەستەی دووەمە، بەڵام هەقمانە لە لیژنە بپرسین: ئەم جێناوە کە لە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لە شێوەی (ی)دا دەبینرێ و دواتر

(ت)ش وەک زیادەی گەردانی کردار هاتوتە سەری ئیتر بۆ دەبێ (یت) بێ؟.... ئەو جێناوە هەر دەچێتە سەر کرادر یان بەشە ئاخاوتنەکانی تریش؟ ... بە کرداری تێپەڕەوە دەلکێ یان تێنەپەڕەوە؟ ... لە ڕستەدا چۆن خۆی دەنوێنێ؟...

لیژنە باسی جێناوی (ی) دەکا، نەک هەر نەیوتووە ئەمە بۆ کەسی سێیەمی تاکی دەستەی یەکەمەوە نەک هیچیشی لەبارەی دەور و دەرکەوتن و خۆنواندنییەوە نەنووسیوە.... بەڵکو تەنیا بە چەند دێرێک ئەوەی نیشان داوە کە لە لوڕی و هەورامانی و کرمانجی ژووروودا چۆن دێت..... بەلام بەداخەوە، زۆربەی ئەمەشی بە هەڵە لێک داوەتەوە. بە وێنە لیژنە وا ڕادەگەیەنێ، کە "ئەم ڕاناوە لە زاری لوڕیدا دەرناکەوێ" (ل٣٢٢ – ٣٢٣)، کەچی لە (نوێشکێ لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە)دا، کە پاشکۆی "فەرهەنگی لەک و لوڕ"ە[41]، بە ڕوونی ئەوە دیاری کراوە، کە (ی) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە و چەند نموونەیەکیش هێنراوەتەوە، وەک: "هەنی (دەبێ)" (ل ٢٢٤)؛ "مووی (دەبی)" (ل ٢٢٧)...

هەروەها بۆ کەسی سێیەمی تاک لیژنە لە لاپەڕە (٣٢٧) دا "ت، یت"ی دەسنیشان کردووە و لە لاپەڕە (٣٢٩)یشدا (ان، تیت) .... بەڕاستی ئەمەی کارێکی یەکجار بێ سەروبەرە. لیژنە نەک هەر لە دیاری کردنی ئەو جێناوانەدا هەڵەی گەورەی کردووە و فۆرمی وای داناوە، کە لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو سەیرو سەمەرە ئەوەشە لە

[41] حەمید ئیزەپەناه، فەرهەنگی لەک و لوڕ (لێدوان و بەراوردکردنی: مەحموود زامدار)، بەغدا، ١٩٧٨.

دوو شـوێنی یەکجار لـە یـەک نێزیکدا بـە دوو چەشـنی تـەواو لەیـەک دوور وێنەی کێشاون.

د. ئیبراهیم پـوور لـە لاپـەڕە (١٠ – ١٣)ی کتێبـی "دسـتور زبـان کردی"دا[42] بە کورتی لە جێناو دواوە و بەسـەر دوو جۆردا دابەشـی کردووە: "ضـمیر شـخصـی" (ل ١١ –١٢)؛ "٢ – ضـمیر اشـارە" (ل ١٢– ١٣). هەرچی جێناوی کەسییشە کردوویە بە دوو بەش: "١ – ضـمیر منفصل" (ل١١)؛ "٢ – ضمیر متصل" (ل ١١ – ١٢).

نووسـەر نەخشـەیەکی بـۆ جێنـاوی کەسـیی جـودا لـە بەشـە دیالێکتەکانی مەهاباد و سنە و هەورامان و کرماشاندا ڕێکخسـتووە و هـەروەها بـە چەنـد دێڕێـک لـەبارەی بـەکارهێنانیان و ئـەرکیان و دەوریانەوە دواوە.... بە کورتی لە جێنـاوی لکـاو دواوە و ئەوانـەی دیـاری کـردووە کـە لـە بەشـە دیالێکتـەکانی سـنە و هـەورامان و کرمانشـاندا بـەدەردە کـەون و وا ڕادەگەیـەنێ کـە سـێ حـاڵات: "ا – ضمیر متصل فاعلی؛ ب – ضـمیر متصل مفعول؛ ج – ضـمیر متصل اضافی"ی هەیە و بە پێی ڕێژەی تێپەڕی و تێنەپەڕی کردار خۆیـان دەنوێنن (ل ١٠ –١١).

لە هەندێ لـەو کـارە زمانەوانییانـەدا کە کوردناسـانی سـۆڤێت: د. قەتانی کوردۆ، د. چەرکـەزی بـەکۆ، د. کـەریمی ئـەیووبی و د. ئـی. ئـا. سـمیرنۆڤا، د. مەکسـیمی خـەمۆ، د. ڕ. ل. تسـابۆلۆڤ ...... نووسـیویانە چاومان بە باسـی جێناو دەکەوێ.

د. قـەناتی کـوردۆ لـە تێکـڕای ئـەو کتێبانەیـدا کـە لـەبارەی مۆرفۆلـۆژی زمـانی کوردییـەوە نووسـیونی باسـی جێنـاوی

[42] دکتر ابراهیم پور، دستور زبان کردی، تهران؟

کردووە[43].... لەبەر ئەوەی کاری هەرە گەورە و دیار و زانستی د. قەناتی کوردۆ کتێبی "دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و زمانی خواروو)"ە و تێیدا بە وردی و دوور و درێژی لە جێناو (ل ٩٩ – ١٢٠)ی کۆڵیوەتەوە، دەیکەنە کەرەستە و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم باسەمان.

شایانی باسە، کە د. کوردۆ لە یەکەم بەرهەمییەوە هەستی بەوە کردووە، لە کرمانجیی ژووروودا جێناوی کەسیی جودا دوو دۆخ (ڕاستەوخۆ و تیان)ی هەیە.

نووسەر لە کاری هەرە دیاری ناوبراویدا لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوەی وتووە، کە لە دیالێکتی خوارووی کوریدا دەستەیەک جێناوی کەسیی جودا هەیە و لە دیالێکتی ژووروودا دوو دەستە کە بە پێی دۆخی ڕاستەوخۆ و تیان دابەش دەبن. دوای ڕیزکردن و لێدوان و نەخشەی گۆڕانی ئەو جێناوانە، ئینجا لەگەڵ یەکتر بەراوردی کردوون و بە پێی توانست لە پەیدابوونی هەندێکیانی کۆڵیوەتەوە و لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دواوە و دواتریش باسی تایبەتێتی هەندێ بەشە دیالێکتی کردووە.

هەر چەندە د. کوردۆ زانیاریی باش و نوێی تۆمارکردووە و بە شێوەیەکی زانستییانە لێیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام ناوە ناوە تێکەڵ کردن

---

[43] بە وێنە، بڕوانە:

ا – د. قەناتی کوردۆ، گراماتیکا زمانێ کوردی، چاپی سێیەم، یەریڤان، ١٩٦٠، ل ٩٦ – ١١٢.

ب – د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییێڤ)، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل ١٠٤ – ١٢٥.

ج – د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییێڤ)، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ٩٩ – ١٢٠.

لە کارەکەیدا دەبینرێ، هەروەها چەند ڕووی گرنگیش هەن باس نەکراون.

نووسەر لە گشت ئەو کتێبانەدا کاتێ لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە جێناوی لکاو دواوە، تەنیا باسی (ێ)ی کردووە[44] ... هەرچی جێناوەکانی دەستەی دووەمە لە بەشی "کۆتایی کردار"دا لێیانی کۆڵیوەتەوە.

بە ڕای من، ئەو (ێ)یەی د. قەناتی کوردۆ و گەلێکی تر بە جێناوی گشتیی دۆخی تیانی دادەنێن، وەک پێشتر نیشانم دا، جێناو نییە... هەرچی دەستەی دووەمیشە، کە بە کۆتایی کرداریان لەقەڵەم داوە، هەموو بەڵگەیەک ئەوە دەگەیەنن، کە جێناوی کەسیی لکاون.

د. قەناتی کوردۆ لە کتێبی "دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژوورو و خواروو)"دا بە دوور و درێژی لە جێناوی کەسیی لکاو (ل ١٠٤ – ١١١)ی کۆڵیوەتەوە.

نووسەر لە سەرەتادا ئەوەی دیاری کردووە، کە (ێ، ین، ن) دەستەیەک جێناون و لە هەر دوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا بەکار دێن... دوای لێدوانی لەم دەستەیە، ئنجا ئەوەی نیشان داوە، کە (م، ت، ی، مان، تان) دەستەیەک جێناوی لکاون و لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا لە مەودایەکی فراواندا دەور دەبینن... دواتر لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان و شێوەی خۆنواندنیان لەگەڵ کرداری سادە و ناسادەدا دواوە...

---

[44] بە وێنە، بڕوانە:

ا – د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، سەرچاوەی ناوبراو، گراماتیکا زمانێ کوردی، ل ١١١.

ب – د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، سەرچاوەی ناوبراو، دەستووری زمانی کوردی، ل ١٠٧

ج – د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦١، ل ٣٢ – ٣٣.

هەرچەندە د. قەناتی کوردۆ دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانی وەک کۆتایی کردار تەماشاکردووە (بڕوانە: ل ١٦٥ – ١٨٨)، بەڵام زانیاریی باشی لەبارەیانەوە تۆمار کردووە، بەتایبەتی لە نیشاندانی ئەو حاڵەتانەدا، کە کاتێ لە کرمانجیی خواروودا دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان دەچنە سەر کرداری ڕابوردووی تێپەڕ و لە کرمانجیی ژووروودا نین و دەرناکەون چی جێگەیان دەگرێتەوە و چۆن دەردەبڕرێن.

د. قەناتی کوردۆ وێڕای جێناوی کەسیی جودا و جێناوی کەسیی لکاو، چەند گرووپێکی تریشی دەست نیشان کردووە و لێیان دواوە، وەک: "جێناوی نیشانە" (ل ١١١- ١١٣)، "جێناوی خۆیی" (ل ١١٤)؛ "جێناوی هاوبەشی" (ل ١١٤ – ١١٥)؛ "جێناوی دیار" (ل ١١٥ – ١١٦)؛ "جێناوی هەیی"(ل ١١٦ – ١١٧)؛ "جێناوی دیار" (ل ١١٧ – ١١٨)؛ "جێناوی نادیاری چەندی" (ل ١١٨ – ١١٩)؛ "جێناوی نادیار" (ل ١١٩)؛ "جێناوی نەفی" (ل١١٩).

نووسەر لە باسی جێناوی خۆیی دا وا ڕادەگەیەنێ کە مۆرفیمی (خۆ) جێناوی خۆییەوە دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان (م،ت، ی، ما، تان، یان) وەردەگرێ و دەبێتە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان).... ئەگەرچی د.کوردۆ ڕاست بۆ دیاری کردنی فۆرمی ئەو جێناوە چووە، بەڵام ناتەواوی ئەوەیە، کە تەنیا حاڵەتی پێوەلکاندنی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمی باس کردووە و بە هیچ چەشنێک ئەوەی یادداشت نەکردووە کە جێناوی (خۆ) جێناوێکی لکاوی دەستەی دووەم یان دوو جێناوی دەستەی یەکەم پێکەوە یان جێناوێکی دەستەی یەکەم و بەدوایدا جێناوێکی دەستەی دووەم یان

(ش/یش)ی پێوەندی و بە دوایدا جێناوێکی دەستەی یەکەم .... یش وەردەگرێ.

کەم و کورتی باسی "جێناوی هەیی" بە تایەتی لەوەدایە، کە نووسەر نیشانەکانی ئیزافەشی بە جێناوی هەیی داناوە. ئەگەرچی ڕاستە ئەم نیشانانەی ئەو بە جێناوی هەیی لە قەڵەم داون لە ڕەسەندا لە جێناوی هەییەوە کەوتوونەتەوە، بەڵام بوون بە نیشانە و لە جێناوی شۆراون.

ناتەواوی د. قەتانی کوردۆ لە باسی "جێناوی پرسیار"دا، ئەوەیە هەندێ جێناو یان بەشێک لە فۆرمی ئاشکرای هەندێ جێناوی هەر دوو دیالێکتی ژووروو و خوارووی ناونەبردووە. بە وێنە: لە دیالێکتی ژووروودا جێناوی (کا/کانێ)؛ (کیرێ/کیدەرێ/کوێدەرێ/کوو)ی یادداشت نەکردووە و لە دیالێکتی خوارروودا (کوا/کوانێ)؛ (کوێ/کوێندەرێ) تۆمار نەکردووە.... لە دیالێکتی ژووروودا باسی (چاوان)ی کردووە، کەچی فۆرمی (چاوا/چەوا)ی ناونەبردووە... لە دیالێکتی خوارروودا لە (کام)؛ (چۆن) دواوە، بەڵام بە لای فۆمری (کامە)؛ (چلۆن، کوو)دا نەچووە....

...هتد.

د. چەرکەزی بەکۆش لە کتێبی "زمانی کوردەکانی ئازەربایجان"[45] و کتێبی "بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستان"دا[46] باسی جێناوی کردووە و دواتریش لە کتێبی "زمانی کوردەکانی

[45] د.چەرکەزی بەک (باگاییڤ)، زمانی کوردەکانی ئازەربایجان، مۆسکو، ١٩٦٥، ل ٥٧-٦٥.

[46] د.چەرکەزی بەک (باگاییڤ)، بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستان مۆسکو، ١٩٦٢، ل ٤٩ – ٥٨.

سۆڤییەت"دا[47] باشتر لێی دواوە. مامۆستا بەکۆ لەم کتێبەی دواییدا لەسەر بناغەی کەرەستەیەکی زۆری بەشە دیالێکتەکانی کوردی سۆڤییەت و بەراوردکردن لە نێوانیاندا زانایانە و شارەزایانە لە جێناوی کۆڵیوەتەوە و یازدە دەستەی دیاری کردوە: "١- جێناوی کەسی" (١٣٨ – ١٤٣)؛ "٢- جێناوی نیشانە" (ل ١٤٣ – ١٤٩)؛ "٣ – جێناوی هەیی" (ل ١٥٠ – ١٥٥)؛ "٤- جێناوی هەیی پرسیار" (ل ١٥٥ – ١٥٧)؛ "٥- جێناوی چەندێتی" (ل ١٥٧ – ١٥٨)؛ "٦- جێناوی دیار" (ل ١٥٨ – ١٦٠)؛ "٧- جێناوی نادیار" (ل ١٦٠ – ١٦٢)؛ "٨- جێناوی نەفی (ل ١٦٢ – ١٦٣)؛ '٩ – جێناوی خۆیی" (ل ١٦٣ – ١٦٤)؛ "١٠ – جێناوی خۆیی هاوبەش" (ل- ١٦٤ – ١٦٥)؛ "١١ – جێناوی لکاو" (ل ١٦٥ – ١٦٦).

گەلێ بۆچوون و لێکدانەوەی د. بەکۆ هەر وەک د. قەتانی کوردۆ وایە. بە وێنە ئەمیش دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانی وەک کۆتایی کردار سەیر کردووە، بەڵام لە سەر بناغەی کەرەستەیەکی زۆری بەشە دیالێکتەکانی کوردی سۆڤیەت و بەراوردکردن لەنێوانیاندا، شارەزایانە لەو کێشەیەی کۆڵیوەتەوە و شایانی باسە، ئەوەشی دیاری کردووە، کە لە کراداری ڕابوردووی تێپەڕدا هاتن و نەهاتنی جێناوە لکاوەکان (کە ئەو بە کۆتایی کرداری داناون) بە بوون و نەبوونی بەرکارەوە بەندن.

---

[47] د.چەرکەزی بەک (باگاییڤ)، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکو، ١٩٧٣، ل ١٣٧ – ١٦٦.

لە کتێبی "دیالێکتی کوردی موکری"دا کە د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا دایانناوە[48]، باسی جێناو لە بەشە دیالێکتی موکریدا کراوە (بڕوانە: ل ٤٣ – ٥٣)و سیازدە جۆر دەستنیشان کراوە:

"١- جێناوی کەس" (ل٤٤)؛ "٢- جێناوی لکاو" (ل ٤٥- ٤٧)؛ "٣- جێناوی نیشانە (ل ٤٧ – ٤٨)؛ "٤- جێناوی پرسیاری هەیی" (ل ٤٨ – ٤٩)؛ "٥- جێناوی چەندێتی" (ل ٤٩)؛ "٦- جێناوی هەیی (ئی/هی)" (ل ٤٩ – ٥٠)؛ "٧- جێناوی نادیار" (ل ٥٠)؛ "٨- جێناوی نادیاری نیشانە" (ل ٥٠)؛ "٩- جێناوی نەفی" (ل ٥٠)؛ "١٠- جێناوی دیار" (ل ٥٠ – ٥٢)؛ "١١- جێناوی خۆیی" (ل ٥٢)؛ "١٢- جێناوی کەسیی دیار" (ل ٥٢)؛ "١٣- جێناوی خۆیی هاوبەشی" (ل ٥٣).

کەم و کورتی باسی جێناوی کەسیی جودای ئەم کارە ئەوەیە، کە هەندێ تایبەتێتی ئاشکرای ئەو بەشە دیالێکتە باس نەکراوە و نموونە لە فۆلکلۆر و ئەدەبەوە نەهێنراوەتەوە و چەند حاڵەتی گرنگی بەکارهێنانی جێناوەکان یادداشت نەکراوە.

نووسەرانی ئەم کتێبە لە باسی جێناوی لکاودا وایان نیشان داوە کە جگە لە دوو دەستە جێناوی لکاو، هەروەها (ێ)یش جێناوێکی گشتییە....

لەبارەی باسی جێناوی لکاوی ئەم بەرهەمەوە سەرنج بۆ چەند خاڵێک ڕادەکێشم:

١- نووسەرانی ئەم کتێبە، هەروەک مامۆستا مەسعوود محەمەد، فۆرمی دەستەی دووەمی جێناوەکانیان دیاری کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەهێناوەتەوە.

---

(48) د.کەریمی ئەیووبی؛ د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا، بەشە دیالێکتی کوردی موکری، لێنیگراد، ١٩٦٨.

٢- ڕاست بۆ ئەوە چوون، کە لە بەشە دیالێکتی موکریدا لە جێناوەکانی دەستەی دووەمدا بۆ کەسی یەکەمی کۆ، خگە لە (مان) لە زوودا شێوەی (ن)ش هەبووە..... بۆ کەسی دووەمی کۆ، هەروەها (وو)ش جێناوی کەسیی لکاوە، بەڵام لە (تان) کەمتر بەکار دێ.... دەبوو ئەو ڕایەیان بە نموونە و بەڵگە پتەو بکەن.

٣-دەڵێن: "ئەو وشانەی کۆتاییان بە بزوێنی (ی – i) هاتووە جێناوی لکاوی(ی – i) کەسی سێیەمی تاک وەرناگرن. لەو حاڵەتانەدا جێناوی جودایان بۆ بەکاردێنرێ، وەک: جوانی وی".

٤- د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا تا ڕادەیەک باش لە چۆنیەتی بەکارهێنانی (ێ) دواون، بەڵام هەڵەیان لەوەدایە، کە بە جێناوی لکاویان لە قەڵەم داوە.

ئەمانیش هەر وەک د. قەناتی کوردۆ و د. چەرکەزی بەکۆ وایان ڕاگەیاندووە کە مۆرفیمی (خۆ) جێناوی خۆییە و دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان (م، ت، ی،مان، تان، یان) وەردەگرێ و دەبێتە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان).....

نووسەرانی ناوبراو لە باسی جێناوی پرسیاردا، هەندێ جێناوی ئێجگار ئاشکرا و باوی بەشە دیالێکتی موکرییانی ناونەبردووە. وەک: (چلۆن، کەنگێ، کوا، کوانێ ....) لە بەشی جێناوی چەندێتی دا تەنیا (چەند، هێندە، ئەوەندە)یان یادداشت کردووە. کاتێ لە جێناوی هاوبەشی دواون هەر باسی (یەکتری/یەکتری)یان کردووە و بەلای (یەکدی)دا نەچوون، کە لە بەشە دیالێکتی موکریدا زۆر باوە...

د. مەکسیمی خەمۆ لەو کارە زانستییەیدا، کە بە ناوی "زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق"ەوە بڵاوی کردۆتەوە[49] لە جێناوی کەسیی جودا دواوە (ل ۳۳۱- ۳۳۲). نووسەر ئەو جێناوانە لە بەشە دیالێکتەکانی ئاکرێ، ئامێدی، شێخان، ئەترووش، بامەڕنی چۆن بەکاردێن بەو چەشنە خستوونییە پێش چاوو لەگەڵ یەکتری بەراوردی کردوون... نووسەر باسی هیچ جێناوێکی کەسیی لکاوی نەکردووە. بەڵام لە بەشی "کۆتایی کردار" (۳٤۱- ۳۵۱)دا، ئەوەی دەستنیشان کردووە، کە لە بەشە دیالێکتەکانی بادیناندا (م، ت، یت، ن/ین، ن، ن) دەبینرێن... لەو هەموو جێناوە زۆرەی پرسیاردا تەنیا ناوی (کی/کێ/کیشک)و (چ)ی بردووە (ل۳۳۳) و باسەکەی بە پێنج دێڕێک براندۆتەوە.... ئەمیش وەک تێکڕای کوردناسانی سۆڤییەت وای ڕاگەیاندووە کە مۆرفیمی (خۆ) جێناوی خۆییە و دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان وەردەگرن.....

ئەم نووسەرە جێناوی بەسەر پێنج دەستەدا دابەش کردووە: "١- جێناوی کەسی" (ل ۳۳۱-۳۳۲)؛ "۲- جێناوی نیشانە"(ل۳۳۲-۳۳۳)؛ "۳- جێناوی هاوبەشی" (ل۳۳۳)؛ "٤- جێناوی پرسیار" (ل ۳۳۳)؛ "۵- جێناوی خۆیی" (ل۳۳٤).

د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ لە کتێبی "لەبارەی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە"دا[50] باسی جێناوی کردووە (ل ۱۸ – ۳۱)و حەوت جۆری سەرەکیی دیاری کردووە: "١- جێناوی کەسیی: ا- تەواو یان سەربەخۆ؛ ب- کورت یان لکاو؛ ج- کەسیی خۆیی" (ل۱۸-۲۸)؛ "۲-

---

[49] د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عیراق، کتێبی "وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیک و ناوەڕاست"، ب ۷، یەریڤان، ۱۹۷۵، ل ۲۷۳ -۳۸۲.

[50] د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ، لەبارەی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە، مۆسکۆ، ۱۹۷۸.

جێناوی نیشانە" (ل٢٩)؛ "٣- جێناوی پرسیار" (٢٩-٣٠)؛ "٤- جێناوی هەیی"(ل ٣٠-٣١)؛ "٥- جێناوی چەندێتی" (ل٣١)؛ "٦- جێناوی نادیار" (ل ٣١)؛ "٧- جێناوی هاوبەشی" (ل٣١).

ڕووی باش و سەرکەوتووی ئەم کارە بەتایبەتی لەوەدایە نووسەرەکەی بەشێکی زۆری ئەو جێناوانەی لێیان دواوە، لەگەڵ ئاوێستا و فارسیی کۆن و .... دا بەراوردی کردوون. ناتەواویی دیاریشی، ئەوەیە هەندێ گرووپی زۆر ئاشکرای باس نەکردووە و چەند جۆرێکی بێ گومان بە ناو یان ئاوەڵناو لە قەڵەم داوە.

لە نێو ئەو کارانەی بە زمانە ڕۆژئاواییەکان لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسراون، سەیری کتێبەکانی: د.ئەرنست مەگارۆس و د.مەکەنزی و د.جۆیس بلۆ دەکەین.

د. ئەرنست مەکارۆس لە لاپەڕە (٥١)ی ئەو کتێبی "ڕێزمانی کوردی"یەیدا، کە سەبارەت بە شێوەی سلێمانییە و سالی ١٩٥٨ لە نیویۆرک بڵاوی کردووەتەوە[51] تەنیا جێناوە کەسییە جوداکان و جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەمی دیاری کردووە. جێناوە کەسییە جوداکانی بەسەر کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاک و کۆدا دابەش کردووە و وتوویەتی کە کەسی سێیەمی کۆ لەکەسی سێیەمی تاک بە یاریدەی نیشانەی (ان)ی کۆ ساز بووە. نووسەر دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانی بە کۆتایی کردار داناوەو لە بەشی (کۆتایی کردار)دا لێیان دواوە. وێڕای کورتیی باسەکە بە تێکڕایی، هەروەها هەڵە لە دیاری کردنی فۆرمی کەسی دووەم و سێیەمی تاکی دەستەی دووەم دەبینرێ، ئەویش ئەوەیە، فۆرمی

[51] ernest n. Mccarus a kurdish gammar new-york, 1958. P, 51.

(یت)ی بۆ کەسی دووەمی تاک و (ێت، ات)ی بۆ کەسی سێیەمی تاک داناوە.

د.مەکەنزی لە سەرەتای باسی جێناوی کەسیی جودادا ئەوەی وتووە، کە ئەو جێناوانە لە دیالێکتی ژووروودا بەپێی دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیان دابەش دەبن. وێڕای ئەمەو هەندێ توێژینەوە لەو باسە، هەروەها لە بەشە دیالێکتەکانی (سوورچی و ئاکرێ و ئامێدی زاخۆ و شێخان ...)دا فۆرمی جیاوازیان نیشان داوە[52].

د. مەکەنزی سەرەڕای ئەوەی باش فۆرمی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمی نیشان داوە، هەروەها تایبەتێتی هەندێ ناوچەشی خستۆتە پێش چاو[53]. بە وێنە وا ڕادەگەیەنێ لە ناوچەی وارماوە بۆ کەسی دووەمی تاک، جگە لە (ت)، هەروەها (و – یو)ش لە ناواندایە... لە ناوچەی پشدەر و موکری و ڕەواندز بۆ کەسی دووەمی کۆ (وو– یو)و بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ن)ش بەکاردێنرێن[54].

ئەم زانایە، وەک گەلێ لە نووسەرانی دی جێناوەکانی دەستەی دووەمی بە کۆتایی کردار داناوە و سەرەڕای ئەوەش وای نیشان داوە، بۆ کەسی دووەمی تاک لە سلێمانی و وارماوە (ی/یت)و لە بنگرد و پژدەر و موکریان و هەولێر و ڕەواندز و خۆشناوەتی (ی) بە کاردێ و بۆ کەسی سێیەمی تاکیش لە سلێمانی و وارماوە

[52] D.N. Mackenzie, kurdish dialect studies, london, 1961, 171 -173.

[53] D.N.Mackenzie, kurdish dialect studies, london, 1957.

[54] بەپێی ەو لێکۆڵینەوەی د. مەکینزی، دەبێ جیاوازی حاڵەتی کەسی دووەمی تاک و کۆ کورتی و درێژی (و) دەری ببڕێ، بەلام تێکستی تۆمارکراوی کوردی، ئەوە ئیسپات ناکەن، بەڵکو ئەوە نیشان دەدەن، کە (وو) بۆ هەردوو حاڵەت بەکاردێ.

(ێ/ێت)؛ لە بنگرد و پژدەر و موکریان (ی/ێت)؛ لە هەولێر و ڕەوندار و خۆشناوەتی (ی/تن/ت) بەکاردێنرێن (ل١١٠).

د. مەکەنزی لە هەردوو کتێبی ناوبراویدا جگە لە باسی (جێناوی کەسیی جودا) و (جێناوی کەسیی لکاو) لە (جێناوی نیشانە) و (جێناوی پرسیار)یش دواوە.

د. جۆیس بلۆ لە کتێبی (MANUEL DE KURDE (Dialecte sorani))دا[55] (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)ی لەژێر سەرباسی "جێناوی کەسی جودا"دا بە کورتی باس کردووە (ل٤٨). لە لاپەرە (٥٥-٦٥)یشدا (م، ت، ی، مان، مان، تان)ی لە ژێر سەرناوی "جێناوی کەسیی لکاو"دا بە کورتی دواوە. هەرچی دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانە وەک کۆتایی کرداری تەماشاکردوون و لە بەشی کرداردا لێیان دواوە. بۆ کەسی تاکی ئەو دەستەی دوومە (ی/یت)ی دیاری کردووە و بۆ کەسی سێیەمی تاکیش (ێ/ێت، آ/آت، ی/یت)ی داناوە (ل ٥٠-٥٣). هەرچی جێناوی لکاوی (ە)شە بە کرداری "بوون" (فعل الکینونە - verb to be) ی لەقەڵەم داوە.

سەرەڕای ئەو چەند بەرهەمەی لە سەرەوە لێیان دواین، هەندێ کتێب و نامیلکە و وتاری دیکەش هەن کە باسی جێناویان تێدا کراوە، بەڵام بەداخەوە لێرەدا مەودا نییە باسی هەموویان بکەین.

* * *

---

[55] Joyce Blau Manue De Kurde, Paris. 1980.

تا ئێرە- واتە دوای کەمێ نیشاندانی ئەوەی چی لەبارەی جێناوەوە لە زمانی کوردیدا نووسراوە – ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لەسەر جۆرەکانی جێناو لە زمانی کوردی ڕێکنەکەوتوون و بەشێکی زۆری ئەو باسانەی دەربارەی ئەم کێشەیە نووسراون سادە و ساکارن و هەڵە و ناتەواوی و کەم و کورتییان تێدایە و بەلای زۆر لایەنی باسەکەدا نەچوون و تیشکی ڕووناکییان ئاراستەی گەلێک ڕووی نەکردووە و ئەنجامێکی سەرکەوتوویان وەدەست نەهێناوە... بەڵام چەند کارێک هەیە، بەتایبەتی ئەوەی د. قەناتی کوردۆ و د. چەرکەزی بەکۆو د. مەکەنزی و د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا ... لە باسی تێکڕای جێناوەکاندا و ئەوەی د. نەبەز... لە باسی جێناوی کەسیی جودا و ئەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەدو د. وریا .. لە باسی جێناوی کەسیی لکاودا و ئەوەی د. ڕ. ڵ تسابۆڤ.. لە باسی جێناوی هاوبەشی دا.. کە لەسەر بناغەی کە ڕەستەی باش و شێوازی زانستی نووسراون. ئەگەرچی ئەو جۆرە هەوڵانە گەلێ ڕووی جێناویان ساغ کردووەتەوە، بەڵام هێشتا چەندین نادیاریی و تەم و مژ بەسەر ئەو کێشەیەی زمانەکەمانەوە هەیە ئاشکرا نەکراون و نەڕوێنرانەتەوە و تەنانەت هەندێ شتی زۆر ئاشکراش دەبینین کە بە هیچ چەشنێک نەخراونەتە سەر کاغەز.

تێکڕای ئەو نووسەرانەی باسی جێناوی کەسیی جودایان لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا کردووە، نەک هەر گەلێ تایبەتیتی ئەو جێناوانەیان باس نەکردووە، بەڵکو هەندێ فۆرمی ئاشکرای لە زوودا باویشیان باس نەکردووە... ئەوانەش کە دەربارەی جێناوی کەسیی

جودا لە دیالێکتی کرمانیجی ژووروودا دواون، ئەگەرچی زۆربەیان دوو دەستە جێناویان دیاری کردووە، بەلام بەشێکیان بۆ ئەوە نەچوون، کە بەپێی دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیان دابەش دەبن.

زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا دواون، ئەگەرچی تا ڕادەیەک لەسەر ئەوە هاودەنگن کە دوو دەستەی جێناوی لکاو لەو دیالێکتەدا هەیە... بەلام لە دیاری کردنی هەندێ جێناودا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە.

دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە دەمەتەقێیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە. هەرچی دەستەی دووەمە لە دوو ڕووەوە جێی دەمەتەقێیە. ڕووی یەکەمیان، ئەوەیە کەمێ لە زمانەوانان ئەم دەستەیە بە جێناو دانانێن. ڕووی دووەم، کە بناغەی مەسەلەکەیە، ئەوەی، ئەوانەی بەجێناویان داناوە یان بە شتێکی دی لە دیاری کردنی بەشێکیاندا جیاوازییەکی تەواو لە نێوانیاندا هەیە... گومان و دەمەتەقێ و کێشەی ئەم دیارەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە فۆرمی کەسی دووەم و سێیەم تاکدایە.

دەربارەی کێشەی جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا سێ کێشەی هەیە:

١- بەشێکی گەورەی زانایان، ئەگەرچی وا ڕادەگەیەنن، کە دەستەی دووەمی جێناوەکان لەم دیالێکتەشدا وەک دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەردەکەون، بەلام بە کۆتایی کردارییان لەقەڵەمدەدەن.

٢-زۆربەی توێژەران وایان نیشان داوە، کە لە کرمانجیی ژووروودا دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە نین و هیچ حاڵەتێکی لەو

چەشنە نابینرێ.... هەندێکیش ئەوەیان نیشانداوە، ئەگەرچی لە دیالێکتی ژووروودا دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە بەرچاو ناکەون، بەڵام ئەو مەبەستەی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا دەیگەیەنن و ئەو دەورەی دەبینن، لە کرمانجیی ژووروودا لە شێوازێکی ئێجگار نێزیکدا دەردەبڕرێن.

٣-نزیکەی هەموان لەو ڕایەدان، کە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا تەنیا (ێ) جێناوی لکاوە.

نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لە باسی جێناوی خۆییدا دەبنەوە دوو کۆمەڵ:

کۆمەڵی یەکەم وا ڕادەگەیەنن کە مۆرفیمی (خۆ) جێناوی خۆیییە و دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان (م، ت، ی، مان، تان، یان) وەردەگرێ و دەبێتە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان).... کۆمەڵی دووەم وایانداناوە، کە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆتان) جێناوی خۆیین... وێڕای جیاوازیی بۆچوون، هەردوو کۆمەڵ بەلای گەلێ خاسیەت و تایبەتێتی ئەو جێناوەدا نەچوون.

لە مەسەلەی جێناوی چەندێتی دا سێ شت لە باسە ڕێزمانییەکاندا بەدی دەکرێ:

١- زۆربەی نووسەران نە باسیان کردووە و نە بەلایدا چوون. دیارە ئەمەش لە دوو ڕێگەوە وا کەوتۆتەوە. یەکەم - بەشێک لەو نووسەرانە لەبەر کورتیی نووسینەکانیان یان هەستی پێنەکردن بەلایدا نەچوون؛ دووەم - بەشێکیتریان لەبەر ئەوەی بە جێناویان دانەناوە یان ئەگەر بە جێناویاشیان دانابێ، وەک جێناوی چەندێتی تەماشان کردووە.

٢- کـەمێ لـە نووسـەران ئەگـەرچی باسـیان کـردووە، بـەڵام وایان‌دانـاوە، کـە ئـەم گرووپـە جێنـاو نییـە و پێوەنـدیی بـە نـاو و ئاوەڵکرداوەوە هەیە.

٣- ئـەو نووسـەرانەش کـە وەک گرووپێکـی تایبـەتی جیایـان کردووەتەوە لێی دواون، زۆربەی بە چەند دێڕێک کۆتاییان بەو باسـە هێناوە. وێڕای ئەوە، ئەوانـەش کە لـەم باسـەدا سـەرکەوتوون، گەلێ وشەی ئاشکرای ئەم گرووپەیان ناونەبردووە.

هـیچ یـەکێک لـە نووسـەرانی لای خۆمـان باسـی (جێنـاوی هاوبەشی)ی نەکردووە. سـەرەڕای ئـەوەش، هەندێکیان بـە تەئسیری زمانی ئینگلیزی گرووپی (جێناوی لێکدەر)یان هێناوەتە ناوەوە.

ئەمانـە و گـەلێک کێشـە و نائاشـکرایی دی لـە باسـی جێنـاودا دەبینرێن. جا هیوامە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا توانیبێتم بەشێکی زۆریان ساغبکەمەوە.

-٣-

لێکۆڵینەوەکانی خۆم لەبارەی "جێناوە"وە

جێناو لەنێو بەشە ئاخاوتنەکانی دیدا جێگایەکی دیارو تایبەتی هەیە. ئەگەرچی لە رووی واتا و پێوەندییەوە لە ناوو ئاوەڵناو و ژمارە و هەروەها ئاوەڵکردار نزیکە، بەڵام گرووپێکی سەربەخۆیە. لە لایەنی واتاوە جێناو خاسیەتی ئەوەیە کە وا جێگەی پێوەندیی واتای گشتیی نێوان ئەو شتانە دەکاتەوە کە لە واقیعی جیهاندا هەن.

بەر لە هەر شت تایبەتێتی واتای جێناو لەوەدایە، کە وا نەک تەنیا واتای کەس و چۆنیەتی و چەندێتی تریشدا رادەگەیەنێ و خاسیەتیان لە رووی ئەو پێوەندییەوە دیاری دەکا. بە وێنە جێناوی (تۆ) لە رستەی: "تۆ کتێبەکەم بۆ بێنەوە"دا، کەسێک رادەگەیەنێ کە پێوەندی بە قسەکەرەوە هەبێ. لە راستیدا ئەوە نیشان دەدا کە ئەو کەسە قسەبۆکراوە و وەک بەشداریکەری قسەکردنەکە دێتە ناوانەوەو قسەکەر راستەوخۆ لەگەڵی دەدوێ.

ئەگەر بێتو لەو هەواڵە وردبینەوە کە وا باسی (٢٥) قوتابی دەکا و دەڵێ: "دوێنێ (٢٥) قوتابی بەشداریی یارییان کرد، هەموویان خەڵات کران"، ئەوە لە حاڵەتی یەکەمدا ژمارەی بەشداریکەران لە یاریدا وتراوە" بێ ئەوەی پێوەندی نێوانیان نیشانبدرێ. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا جێناوی (هەموو) نیشانی پێوەندیی ژمارەی بەشداران بە ژمارەی خەڵاتکراوانەوە دەدات و ئەوە رادەگەیەنێ کە

بەشداران تێکڕایان خەڵات کروان.... لە شێوەیەکی وێکچووی ڕستەی "دوێنێ (٢٥) قوتابی بەشداریی یارییان کرد، هەندێکیان خەڵات کران"دا دەربڕینی پێوەندیی ژمارەی خەڵاتکراوان بە ژمارەی گشتیی بەشدارانەوە بەدیدەکرێ، ئەویش وەک بەشێکی نادیاری بەشداران لە سەرپاکی بەشداران... جێناوی (کەس) لە ڕستەی "من لە سۆلاڤ کەسی ناسیاوم نەبینی"دا دیسان ئەوە دەگەیەنێ، کە وا لە کاتی بوونمدا لە سۆلاڤ کەسێکی ناسیاوم نەبینیوە و ئەو (کەس)ەش هەموو ناسیاوێک دەگەیەنێ.

بەو جۆرە جێناو واتای کەس و شت و چۆنیەتی و دەگەیەنێ لەسەر بناغەی هەر پێوەندییەک بێت. دیارە ئەو پێوەندییانەش بەپێی حاڵەتی پێویست پەیدادەبن و دەگۆڕێن. خاسیەتێکیتری جێناو بەم تایبەتییەوە بەندە- ئەو تایبەتییەش ڕاگەیاندنی کەس و شت و چۆنیەتی و چەندێتی دیار و دیاریکراوە. ئەوەتە تەنانەت لە گفتوگۆیەکدا جێناوی (تۆ) هەر یەکێ لە بەشدارانی گفتوگۆکە دەگرێتەوە، کە ڕووی قسەی لێبکرێ، کەچی لە هەموو بارێکی ئاخاوتندا ئەم جێناوە دەتوانێ کەسانی جیاوازی دیار و دیاریکراو بگەیەنێ، کە هاوبەشیی گفتوگۆکەت بن. جێناوی (ئەوەندە) دەتوانێ چەندێتی هەمەچەشن ڕابگەیەنێ، تەنانەت شتی دژواتاش: "دوێنێ ڕۆژێکی گەرم بوو، ئەمڕۆش ئەوەندە گەرمە"؛ "دوێنێ ڕۆژێکی سارد بوو، ئەمڕۆش ئەوەندە ساردە". لە ڕستەی یەکەمدا واتای دیار و دیاریکراوی جێناوەکە ڕاگەیاندنی ڕادەی (گەرما)یە. لە ڕستەی دووەمدا دژواتایەتی، کە (سەرما)یە.. جێناوی (هەموو) لە حاڵەتی جۆربەجۆردا ژمارەی جیاواز دەگەیەنێ. بە وێنە: "برایان هەموو لە

ماڵن"؛ "هەموو گەلی کورد راپەڕیوە"... جێناوی (خۆ) لە ڕستەی: "کوڕەکە ئیمەی بۆ ماڵی خۆیان بانگ کرد، کچەش بۆ ماڵی خۆیان. حاڵەتی یەکەم "ماڵی کوڕە" دەگەیەنێ، بەڵام حاڵەتی دووەم "ماڵی کچە"... بەمەدا، وەک نموونەکان نیشانی دەدەن، واتای دیاریکراوی جێناو لە ڕێی بارودۆخی یاریدەدەری هەمەچەشنەی وەک جۆری تێکست؛ حاڵەت؛ پێوەندی نێوان بەشدارانی ئاخاوتن؛ هەواڵی جۆراوجۆر... دەوە ئاشکرا دەبێ. بێ کارتێکردنی ئەو دەوروبەرەی واتای دیاری جێناوەکە ئاشکرا نابێ. بەوێنە ئەگەر لە تێکستێکدا ڕستەی "ئەو زوو بیریکەوتەوە، کە دوێنێ چی بڕیاردابوو" وەربگرین، ئەوە ئاشکرا نییە کەسی جێناوی (ئەو) کێیە، بەڵام ئەگەر ڕستەی پێشەوەی "دارا لەپڕ خەبەری بووەوە" بڵێین، ئەوە جێناوی (ئەو) بەتەواوی واتای دیاری خۆی دەدا.

ئەم جۆرە گۆڕانەی واتای جێناو بەندە بە بارودۆخ و تێکستەوە و لەمەدا بەرانبەر ناو و ئاوەڵناو و ژمارە دەوەستێ، کە سەربەخۆیی و واتای چەسپاویان هەی. ناو و ئاوەڵناو و ژمارە کەس و شت و چۆنیەتی و چەندێتی ناودەبەن، بەڵام جێناو تەنیا ئیشارەتیان بۆ دەکا. زۆر جار لە پرسیاری لە کوێوە هاتنی زاراوەی "جێناو"ەوە دەوترێ لە "جێگری ناو"ەوە هاتووە، چونکە پاڵپشتی واتای دیاری جێناو ناو یان ئاوەڵناوە و لەم لایەنەوە جێیان دەگرێتەوە: "ئازاد لەسەر گردێک دانیشتبوو. ئەو (= ئازاد) لە دوورەوە دیاربوو"؛ "پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین – نامرن ئەوانە (= شەهیدی وەتەن) وا لە دڵی میللەتا ئەژین"... بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەو واتای (جێگر)ی‌یەی جێناویشدا، جیاوازیی زۆری لەگەڵ واتای ناو یان

ئاوەڵناو (جیٚگیراو)ەکەدا هەیە، بەتایبەتی لەوەدا کە جێنـاو بەنـدە بـەم یـان بـەو نـاو یـان ئاوەڵنـاوەوە و لـە ڕووداوی جیاوازدا بـەکارهێنانی دەبێتـە هـۆی گـۆڕینی نـاوەڕۆکی دیـار و دیـاریکراو. لـەپاڵ ئەوەشـدا واتای جێناو وەنەبیٚ هەمیشـە لە واتای نـاو یـان ئاوەڵنـاو بچـیٚ، بـەڵکو زۆر جار بە خاسیەتی جیاوازی خۆی دەبینریٚ و لە نێو (نـاو)دا وشـە نییە وەک واتای ئەوی هـەبیٚ. بۆ نموونـە هـیچ ناوێک نـاتوانیٚ واتـای جێنـاوی (مـن، تـۆ) بگەیـەنیٚ، کـە وا لەسـەر بنـاغـەی بەشـداریی لـە گفتوگۆدا ئیشـارەت بـۆ کـەس دەکـەن. لـە نێـو نـاو و ئاوەڵنـاودا هـیچ وشەیەک نییە بەرانبـەر جێنـاوی (کیٚ) یـان (چـۆن) یـان (هـەموو) یـان (کەس) .... بووەستیٚ.

جێناو بە ژمارە گرووپێکی بچووکە، بەڵام لـە ئاخاوتنـدا ئـەرکێکی گـەلیٚ گرنـگ و گـەورە دەبینـیٚ و لەبـەر ئـەوە زۆر بـەکاردەهێنریٚ. لـە زۆریـی بەکارهێنانـدا جێنـاو لـە نێـو وشـەکانی بەشـە ئاخاوتنـەکانی زماندا لە پلەی یەکەمدا دێت. ئـەو زۆر بەکارهێنانەشـی بـە تایبـەتێتی زۆری ڕێزمانییەوە بەستراوە.

جێناو لە ڕووی واتاوە دابەش دەبیٚ بەسـەر چەنـد جۆرێکدا ئـەو جۆرانە لە ڕووی خاسیەتی ئەو پێوەندییەوە جیادەبنەوە کە وا هەندیٚ گرووپـی جێنـاو دەیگەیـەنن. ئـەو دابـەش کردنـە دەمێکـە لـە لایـەن زانایـانی ڕێزمانـەوە کـراوە و نووسـەرانی کـوردیش کـەڵکیان لیٚوەرگرتووە.

وەک لە فەسڵی یەکەم ئەم کتێبەدا لێیدواوین، لەنێو نووسـەرانی ڕێزمانی کوردیدا لە دیاریکردنی جۆرەکانی جێناودا شـێوەی جیـاواز

دەبینری .... بەپێی بۆچوونی ئێمە لە زمانی کوردیدا لە ڕووی واتاوە دەشێ جێناو بەسەر ئەو چەند جۆرەی خوارەوەدا دابەش بکرێ:

١- جێناوی کەسی:
أ- جێناوی کەسیی جودا.
ب- جێناوی کەسیی لکاو.
٢- جێناوی خۆیی
٣- جێناوی نیشانە
٤- جێناوی پرسیار
٥- جێناوی چەندێتی
٦- جێناوی هەیی
٧- جێناوی نەفی
٨- جێناوی هاوبەشی
٩- جێناوی دیار
١٠-جێناوی نادیار

جێناوی کەسیی جودا

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دوو دەستە جێناوی کەسیی جودا هەیە، کە ئەوانیش بەپێی دۆخی ڕاستەوخۆ (direct case) و دۆخی تیان (oblique case) دابەش دەبن:

ژمارە	کەس	دۆخی ڕاستەخۆ	دۆخی تیان
تاک	یەکەم	ئەز	من
	دووەم	تو	تە
	سێیەم	ئەو	ئەوی، وی (بۆ نێر) ئەویێ، ویێ، (بۆ مێ)
کۆ	یەکەم	ئەم	مە
	دووەم	هوون	وە
	سێیەم	ئەو، ئەوان	ئەوان، وان

نموونە بۆ جێناوەکانی دۆخی ڕاستەخۆ:

(ئەز) – کەسی یەکەمی تاک.

ئەز بەندە نە لایقێ ویصالم
خورسەندێ ب صوورەتێ خیالم

(خانی، ل ١٦٢)

(تو) – کەسی دووەمی تاک.

رازی دەهری ژ سپەهری تۆ نزانی ب جەدەل
حکمەتێ داوەرە تۆ ژ حکمەتی داوەر مەکە بەحث

(جزیری، ل ١٥٨)

(ئەو)

ئەو شاهە، ئەگەر چ ئەز گەدامە
ئەلطافێ شەهەنشەها نە عامە

(خانی، ل ١٦٢)

(ئەم) — کەسی یەکەمی کۆ.
دگۆتن: گەلی برانۆ، ئەم سێ برانە

(مەمێ ئالان، ل ٣٩)

(هوون) — کەسی دووەمی کۆ.
هوون نە گوناهکارن، ئەم ب خوە هاتن جەم وە.

(کوردۆ، ل ١٢٨)

مەمێ گۆت: ئەز ژ وە دخوازم هوون تەڤ چێکن تەخمەکی ژ بۆنا بۆزێ رەوانە.

(مەمێ ئالان، ل ٤٤)

(ئەو، ئەوان) — کەسی سێیەمی کۆ
ئەو هەردو جوان، وەلێکی عاشق
ئەو هەردو برا، وە پێکڤە صادق

(خانی، ل ٩٦)

نوورەک فتلی ل وان ژ ناگەهـ
ئێدی قە نە ما ئەوان چو ئاگەهـ

(خانی، ل ١٢٤)

نموونە بۆ جێناوەکانی دۆخی تیان:
(من) — کەسی یەکەمی تاک
دلێ من گەشکر ڤێ چڤانا وە.

(صەبری، ل ٢٣)

(تە) – کەسی دووەمی تاک.

.... "بێژە، چ دەخوەزی ئەزێ پێشکێش بدمە تە، قەرارێ من هەیە، ئەز تشتەکی بیەخشیمە تە".

(کوردۆ، ل ٤١)

(ئەوێ، وێ) – کەسی سێیەمی تاکی مێ.

..... ئــەوێ دگــۆت: "ژ مــنڕا شــەمەقیا بینــە، کراســێ هەوریشمێ بینە!"

(کوردۆ، ل ٣٢ – ٣٤)

یا دن، باڤێ وێ مەزنێ جزرا بۆتانە
کەچا میر زەنگین، زینا زێدانە

(مەمێ ئالان، ل ٤٥)

(ئەوی، وی) _ کەسی سێیەمی تاکی نێر

ئەوی قرارکر، کو ژنا خوەڕا گلی نەکە.

(کوردۆ، ل ٤٥)

.... هنەک دبێژن: "ئەمێ ناڤێ وی بکەن عارف".

(مەمێ ئالان، ل ٤١)

(مە) – کەسی یەکەمی کۆ.

مالێ مە، عەدرێ مە، خەباتا مە تەڤی جان ...

(صەبری، ل ٢٣)

(وە) – کەسی دووەمی کۆ.

ل پێش وە دبن ئم دۆزەک پڕ گران

(صەبری، ل ٢٣)

(ئەوان، وان) – کەسی سێیەمی کۆ.

جێناوی خۆیی سەرحەلقەیێ وان پەری میسالان
سەرتاجێ ئەوان مەلەک خیصالان

(خانی، ل ٩٦)

ئەو فۆرمانەی جێناوی کەسیی جودا کە خستمانننە پێش‌چاو، ئەوانەن کە ئاخاوتنی کرمانجی ژووروو و ئەدەبیات و فۆلکلۆریدا زۆر لە کاردان. ئەگینا لە هەندێ بەشە دیالێکتی ژووروودا بۆ بەشێک لەو جێناوانە فۆرمی دی بەکاردێن.

لە بادینان جێناوی کەسیی جودا، هەر ئەوانەن کە لە بەشە دیالێکتەکانی‌تری دیالێکتی ژووروودا هەن، بەڵام لە کۆمەڵی ئەم جێناوانەدا هەندێ گۆڕانی فۆنەتیکی هەیە، کە بەشە دیالێکتیک لە بەشە دیالێکتیکی‌تر جیادەکاتەوە. جیاوازی لە نێوان بەشە دیالێکتەکانی بادیناندا لە سەرێکەوە و لەنێوان بەشە دیالێکتەکانی تری دیالێکتی ژووروو و بادیناندا لە سەرێکی‌ترەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە فۆرمی کەسی دووەمی تاک و کۆدایە:

جێناوی کەسیی جودا لە بەشە دیالێکتەکانی بادیناندا[1]

[1] لە ڕێکخستنی ئەم نەخشەیەدا جگە لە تەجرووبە و زانیتی خۆم، هەروەها کەڵکم لە کارەکانی: د. مەکسیمی خەمۆ، د. مەکمەنزی وەرگرتووە... لە بەراوردکردنی ئەو دوو نەخشەیەدا دەبینین:

١- لە ناوچەی ئاکرێ.

أ- لە دۆخی ڕاستەوخۆدا بە تەواوی یەکدەگرنەوە.

ب-لە دۆخی تیاندا بۆ کەسی یەکەم و دووەمی تاک و کەسی یەکەمی کۆ د. مەکەنزی جگە لە (من) و (تە) و (مە)، هەروەها (ئەمن) و (ئەتە) و (ئەمە)شی نووسیوە. بۆ کەسی دووەمی کۆ د.مەکسیمی خەمۆ (هونگە)ی داناوە، بەڵام د. مەکەنزی (هۆنگۆ)ی نووسیوە.

٢- لە ناوچەی ئامێدی.

أ- لە دۆخی ڕاستەوخۆدا هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاند نییە.

ژمارە	کەس	ئاکری	ئامێدی	زاخۆ	شێخان	ئەترووش	بامەڕنی
دۆخی ڕاستەوخۆ							
تاک	یەکەم دووەم سێیەم	ئەز ئە(تۆ) ئەو	ئەز تۆ ئەو	ئەز تۆ ئەو	ئەز تۆ ئەو	ئەز تۆ ئەو	ئەز توو ئەو
کۆ	یەکەم دووەم سێیەم	ئەم هونگ ئەو(ان)	هونگ ئەو(ان)	ئەم هوون ئەو(ان)	ئەم هوون ئەو(ان)	ئەم هونک ئەو(ان)	ئەم هین ئەو(ان)
دۆخی تیان							
تاک	یەکەم دووەم سێیەم	من ته ئه(وی)	من ته ئه(وی)	من ته ئه(وی)	من ته ئه(وی)	من ته ئه(وی)	من ته ئه(وی)
کۆ	یەکەم دووەم سێیەم	مه هونگه ئەو(ان)	مه وه/هەوه ئەو(ان)	مه وه ئەو(ان)	مه وه ئەو(ان)	مه هونکه ئەو(ان)	مه هەوه ئەو(ان)

ب-لە دۆخی تیاندا بۆ کەسی یەکەمی تاک د. مەکسیمی خەمۆ هەر (من)ی نووسیوە، هەرچی د. مەکەنزییە، جگە لەو فۆرمە (م)شی تۆمار کردووە.
...... و هەندێکی‌تر.

لە بەراورددا دیارە، کە وا فۆرمی ڕاستەوخۆی کەسی دووەمی کۆی جێناوی کەسیی جودا لە بامەڕنی (هین)ە و لە ئەتروش (هونک)ە. فۆرمی تیانی کەسی دووەمی کۆی جێناوی کەسیی جودا لە بامەڕنی (هەوە)یە و لە ئەتروش (هونکە)یە.

جیاوازیی ئەو بەشە دیالێکتانە لەگەڵ بەشە دیالێکتەکانی بامەڕنی و ئەترووش لە دۆخی ڕاستەوخۆ و تیاندا ئەوەی کە کەسی سێیەمی کۆی جێناوی جودا لە زمانی ئەدەبی و بەشە دیالێکتی کوردانی شێخاندا لە فۆرمی (هوون)، (وە) دایە؛ لە ئاخاوتنی کوردی ئامێدیدا – (هنگ)، (وە)؛ لە ئاخاوتنی کوردی ئاکرێدا – (هونگ)، (هونگە)یە.

جگە لەوە، فۆرمی کەسی دووەمی تاک لە بامەڕنی و شێخان وێکدەچن. ئەم فۆرمە لە ئەترووش و ئامێدی یەکدەگرنەوە. لە حاڵەتەکانی تردا جێناوی کەسیی جودا لە بەشە دیالێکتەکاندا وەک یەکن[2].

لە شێوەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەتدا، هەروەها وەک هەموو کرمانجیی ژووروودا بەپێی دۆخ دوو گرووپی جیاواز هەیە و فۆرمی جێناوەکانیش لە زمانی ئەدەبییاندا، بەتەواوی لەگەڵ شێوەی گشتیی ئەدەبی کرمانجیی ژووروودا یەکدەگرنەوە، واتە:

[2]بڕوانە: د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، کتێبی "وڵاتانو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیکو ناوەڕاست"، ب٧، یەریڤان، ٩٧٥، ل ٢٧٣ – ٣٨٢.

بۆ دۆخی ڕاستەوخۆ: ئەز، تو، ئەو، ئەو، هوون، ئەو/ ئەوان.
بۆ دۆخی تیان: من، تە، وی/ئەوی_ وێ/ ئەوێ، مە، وە، وان/ ئەوان.

بۆ کەسی سێیەمی کۆ، جگە لەوانەی لەسەرەوە ناومان بردن و کە گشتین بۆ هەموو شێوەکانی کوردی سۆڤییەت، هەروەها لە بەشە دیالێکتی ئازربایجاندا ناوناوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ئەم فۆرمانەش: (ئیدە، ئەدە، ئینە) دەبینرێن، وەک:

خزان چوون مەکتەبە، ئیدە هو دبن
کۆ ڕادبن ئەدە هەرن تاداش دەبە....
ڤان کۆلخۆزچی‌یە مە، ئینە تووتوونە نەرەف دکن.

لە هەندێ بەشە دیالێکتی کوردەکانی سۆڤێتدا دووپاتکردنەوەی نیشانەی (ان) بەرچاودەکەوێ: ئەو+ان+ان. بۆ سەر ئەم فۆرمە ئاڵۆزە دەشێ هەروەها نیشانەی (ا)ش ئیزافە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فۆرمە درێژە لەڕووی واتاوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فۆرمی عادەتی "ئەوان(ا)" و "وان(ا)"دا نییە. بە وێنە:

تو فام دەکی ئەوانان چ گەپ دەکن؟
تە بیست ئەوانانا چ گۆ؟[3]
چەند سەرنجێک:

---

[3]) د. چەرکەزی بەکۆ (باکاییف)، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ١٤٠.

*جێناوی (مـن) هەنـدێ جار دەنگـی (ن)ی کۆتاییەکەی قـووت دەدرێ و دەوترێ:

ظاهر تو پەریشانی حالی نەبین

مەجموعی د ذاتێ خوەو طوغرایم ئەز

(جزیری، ل ٢١٧)

*جێناوی کەسیی جودا لەڕووی جنسەوە جیاوازی لە نێوانیانـدا نییە، جگە لە حالەتی کەسی سێیەمی تـاک کە لە دۆخـی تیانـدا دوو فۆرمی جنسی هەی: ئە (وێ) — بۆ مێ؛ ئە (وی) — بۆ نێر.

فۆرمی ئـە (وێ) و ئـە (وی) دۆخـی تیـان لـە بنـاغـەی (ئـەو) و (ێ)ی نیشانەی جنسی مێ و (ی) نیشانەی جنسی نێر ساز بووە.

*هـەر هـەمان بناغـەی (ئـەو) بـە یارمـەتی نیشـانەی (ان)ی کـۆ کەسی سێیەمی کۆی جێناوی کەسیی جودای ڕۆناوە.

*کاتێ نیشانەی (ێ) یان (ی) یان (ان) دەچێتە سەر (ئەو)، ئـەو دەم (ئە)ی سەرەتا دەکرێ بقرتێ یان بووترێ.

*هەنـدێ جـار لـە بریتـی (ئـەوان)ی فـۆرمی تـەواوی دۆخـی ڕاستەوخۆی جێناوی کەسی سێیەمی کۆی جێنـاوی کەسیی جودا فـۆرمی (ئـەو)ی ناتـەواو بـەکاردێنرێ، کـە لەگـەڵ (ئـەو)ی جێنـاوی کەسی سێیەمی تاکدا دەبێتە هـاوبێژ (homonym). لـەم حاڵەتـەدا واتای ژمـارە لـە تێکسـتدا لـەڕێی گـەردانی کردارەکـەوە یـان هەنـدێ زیادییەوە بەدەردەکەوێ. بەوێنە:

ئەو چوو/ ئەو چوون

ئەو برە منە/ ئەو برە منە

*جێناوی کەسیی جودای دۆخی ڕاستەوخۆ نیشانی (ە) و (ی-i) وەردەگرێ. لە حاڵەتی تاکدا بۆ سازبوونی جنسی مێ نیشانەی (ە) و بۆ جنسی نێر نیشانەی (ی- i) بەکاردێنرێ. لەگەڵ جێناوی کەسیی جودای کۆدا نیشانەی (ە) بەکاردێ، وەک:

تاک		
کەس	مێ	نێر
یەکەم	ئەزە	ئەزی
دووەم	تۆە	تۆی
سێیەم	ئەوە	ئەوی

کۆ	
کەس	نێرو مێ
یەکەم	ئەمە
دووەم	هوونە
سێیەم	ئەوانە

*جێناوی کەسیی جودا، کە لەگەڵ کرداری کاتی ڕابوردوو و ئایندەی ڕێژەی ئیخباریدا یان ئایندەی ڕێژەی ئینشائی‌دا دێت، نیشانەی (ێ) وەردەگرێ.

... گۆت: "چەند ڕۆژا شووندا ئەزێ ژ تەڕا بێژم".

(کوردۆ، ل٤٥)

ئەزێ هەرم ناڤ وان ژ خوەڕا یەکە رند بێژم....

(کوردۆ، ل ٤٣)

.... ئەزێ بانکم جێرێو خولامانە.

(مەمێ ئالان، ل ٤٩)

...... ئەزی ڕابم، بانکم هەزارو پێنج سەد خورتێن مەزنێن کوردانە

(مەمێ ئالان، ل ٥١)

...... توێ بزانبی چ کارا تە وی هەیە...
(کوردۆ، ل ٣٩)

هتد..........

لـــە دیـــالێکتی کرمـــانجی ژووروودا، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کـــە سنوورێکی تەواو لەنێوان دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیاندا هەیـە، بـەڵام ئـەوەش بـەدی‌دەکرێ کـە فـۆرمی دۆخـی تیـان بـە فـۆرمی ڕاستەوخۆ دەربڕاوە، یان بەپێچەوانەوە فۆرمی دۆخی ڕاستەوخۆ لەبریتی فۆرمی دۆخی تیان بەکارهێنراوە[4].

***

لە دیالێکتی خواروودا یەک دەستە جێناوی کەسیی جودا هەیـە پێوەندی بە دۆخەوە نییە.

لـە ئاخاوتنی ئـەمڕۆی سـلێمانی و زمـانی ئـەدەبیی یـەکگرتووی کوردیدا جێناوەکانی کەسیی جودا، ئەمانەن:

ژمارە	کەس	جێناو
تاک	یەکەم	من
	دووەم	تۆ
	سێیەم	ئەو
کۆ	یەکەم	ئێمە
	دووەم	ئێوە
	سێیەم	ئەوان

نموونە:

[4] باسـی ئـەو تێکـەڵ کردنـە لـەو شـوێنەدا دەکـەین، کە دەربـارەی چۆنیـەتی بـەکارهێنانی جێناوی کەسیی جودا دەدوێین.

من– کەسی یەکەمی تاک.

بۆچی بوختان کەم کە شەیتانە گوناهم پێئەکا
من چە شەیتانم نییە هەر نەفسمە شەیتانی خۆم
(زێوەر، ل ٣٣)

تۆ – کەسی دووەمی تاک.

نە لە شار و نە لە دێ
نەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس

(گۆران، ب، ل ٣٥)

ئەو– کەسی سێیەمی تاک.

ئەو شتی وای بۆ چیە، با بە بێ پارە ئەوە بدا بە من.
(لەخەوما، ل ٤٥)

ئێمە کەسی یەکەمی کۆ.

کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا
هەر صاحێبە لەبەرکەری کالایی بێرەواج
(مەحوی، ل ٩٣)

ئێوە – کەسی دووەمی کۆ.

ئەمجا باوک ڕووی تێکرد
وتی ڕۆڵە گوێبگرن
ئێوەش ئەگەر لەم ژیانە

جیابن وەک ئەم دارانە
شکاندنتان زۆر ئاسانە

(بێکەس، ل ١٩٢)

ئەوان – کەسی سێیەمی کۆ.
ڕێم نیە منیش شوێن ئەوان کەوم
پیرم هەنگاوێک بنێم نەکەوم

ئەگەر ئاوڕێک لە زووی ئەم شێوەیە بدەینەوە، دەبینین:

١- بۆ کەسی یەکمی تاک جگە لە (من) هەروەها (ئەزیش بەکارهێنراوە. هەرچەندە ئەوەی لەم بارەیەوە مامۆستا تۆفیق وەهبی کە وتوویە: "میستەر ڕیچ لە ساڵی ١٨٢٠دا کە سلێمانی گورانییکی بیستووە کە تێیدا ڕستەی (ئەز دەناڵم) هەبووە"[5] و ئەوەی د. قەناتی کوردۆ، کە نووسیویە: "لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا بە شایەتی ئا. خۆدسکۆ بۆ کەسی یەکەمی تاک، جگە لە (من) هەروەها (ئەز)یش دەبینرێ"[6] نموونەی باشن، بەڵام بەڵگەی نێزیکتر و واقیعیتر زۆرە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو دیاردەیە لە هەندێ پەندی پێشینان و شعری هەندێ لە شاعیرانی کلاسیکی دا بەرچاو دەکەوێ.

بۆ نموونە:
ئەزم، هەڵئەبەزم.

---

[5]تۆفیق وەهبی، ئەسلی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب١، ژ١، بەغدا، ١٩٧٣، ل ١٥.

[6]د. قەناتی کوردۆ (کوردییێڤ)، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ١٠٤.

(پەندی پێشینان، ل ٢٧)

ئەگەر زانی ئەزم، ئەگەر نەیزانی دزم.

(پەندی پێشینان، ل ٣٣)

ئەوە ئەزم، هەڵ ئەبەزم

(پەندی پێشینان، ل ٥٩)

بەهاران حەیوان و بەز، هاوینان باخ و ڕەز، زستانان ئاگر و ئەز

(پەندی پێشینان، ل ١٢٥)

خاو و بێخاوی دو زولفی خاوم ئەز
چاوە چاوی یەک غەزالە چاوم ئەز
گەر نییە ئاور لە سینەمدا بەناو
بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟!
ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز
غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە
دەس لە (ما فیها)ی زەمان بڕیاوم ئەز
تازە ئەبرۆت وسمە کێشاوە بە ناز
دڵ لەتی شمشێری تازەساوم ئەز
ئەی ڕەفیقان! صوحبەتی "نالی" مەکەن
بۆچ؟ کە من لەوڕا وەکو بەدناوم ئەز

(نالی، ل ٢٢١ – ٢٢٣)

٢- وێڕای فۆرمی (من)، (تۆ)، هەروەها (ئەمن) و (ئەتۆ)ش هەبووە. بە وێنە:

چەندە پێم خۆشبوو زوبانی حاڵی دەیوت "نالیا"

هەردو حەیوانین، ئەتۆ گوێکورت و ئەمنیش گوێدرێژ

(نالی، ل ٢٢٨)

هیلاکی دەستی حەناییتە، کوشتە بێ دەمی تێغ،
ئەمن شکاریی پابەستەوو، ئەتۆ با دەست

(مەحوی، ل ٧١)

دەرحەق بە عیلم و مەکتەب ئەتۆ هاتیتە زبان
فکری بڵندی تۆیە گەیشتۆتە موشتەری

(زێوەر، ل ٢٣)

ئەگەر بۆ دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی پلەکان و کەمبوون و نەمانی فۆرمی (ئەمن، ئەتۆ)، گەشتێک بە دیوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین، ئەوە دەبینین کەلە زوودا ئەو فۆرمە زۆر بەکارهاتووە و دوایی کەمبۆتەوە و ئنجا تیداچووە. بەوێنە لە شیعرەکانی نالی و سەردەمی ئەودا وێنەی (ئەمن، ئەتۆ) زۆر دەبینرێ... بەلام ئەگەر بەرەوپێش بێین، ئەوە دەتوانین ڕەوتی ئەو دیاردەیە دیاری بکەین. بۆ نموونە لە شیعرەکانی مەحویدا هەرچەندە (ئەمن، ئەتۆ) زۆر بەکارهاتووە، بەلام لەوی نالی کەمترە. زێوەر کە ماوەیەک بەدوا مەحویدا هاتووە، زۆر (ئەمن، ئەتۆ)ی نەوتووە. بێکەس کە کەمێک پاش زێوەر کەوتووە تەنیا لە دوو سێ شوێندا (ئەمن، ئەتۆ)ی نووسیوە... لە بەرهەمی شاعیرانی دواتردا بە هیچ چەشنێک ئەو فۆرمە نابینرێ.

لە ئاخاوتن و فۆلکۆری بەشە دیالێکتی موکریدا جێناوی کەسی جودا، بە شێوەیەکی سەرەکی دوو فۆرمی هەیە. یەکێکیان بە (ئە)

دەست پێ دەکات و ئەوی‌تریان بە بێ (ئە). بوونی ئەو دوو فۆرمەش لەو بەشە دیالێکتەدا پێوەندی بە دۆخەوە نییە:

ژمارە	کەس	سەرەتا بە (ئە)	سەرەتا بە بێ (ئە)
تاک	یەکەم	ئەمن	من
	دووەم	ئەتۆ، ئەتوو	تۆ، توو
	سێیەم	ئەو	وی
کۆ	یەکەم	ئەمە	مە
	دووەم	ئەنگۆ	نگۆ
	سێیەم	ئەوان	وان

نموونە بۆ ئەو جێناوانەی بە (ئە) دەستپێدەکەن:

ئەمن – کەسی یەکەمی تاک.

شاه عەبیای گوت: "دەروێش ئەمن بنێرە لە جیاتی خۆت".

(تحفەء مظفريە، ب١، ل١٨٠).

ئەتۆ/ ئەتوو– کەسی دووەمی تاک.

ئەتوو خەرجی ئەمشۆت لەکوێ بوو؟

(تحفەء مظفريە، ب١، ل ١٨٦)

ئەو – کەسی سێیەمی تاک.

... هەرچی ئەو دەڵێ وام بەسەردێ.

(تحفەء مظفريە، ب١، ل ١٨٨)

ئەمە – کەسی یەکەمی کۆ.

کاکەمەم و بەنگینە گوتیان: "مامۆستا خوڵا هاتۆتە نێو ئەمە".

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ٢٢٣).

ئەنگۆ – کەسی دووەمی کۆ.

سەگ گوتی: "ئەنگۆ دەنگێ مەکەن، ئەمن دەزانم چۆتە کوێ".

(تحفەءء مظفریە، ب١، ل ٢٢٣)

ئەوان– کەسی سێیەمی کۆ.

... وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتێی نادریە کن ئەوان.

(تحفەء مظفریە، ب١، ٢٢٣)

نموونە بۆ ئەو جێناوانەی بە بێ (ئە) دەست پێ دەکەن:

من – کەسی یەکەمی تاک.

مامۆستا وتی: "ڕۆڵەم میرمەم، سەبرێکیبگرە، زەحمەتی من بە خۆڕایی مەدە".

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ٢٢٣)

تۆ/توو – کەسی دووەمی تاک.

ئەو میرمەمی لە یەمەنێ دەبەر تۆی ناوە سی جزووی قورعانێ

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ١٨٠)

... ئەمشۆ بە بەختی توو پێنج کەوم گرتوە

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ١٨٠)

وی – کەسی سێیەمی تاک.

... تفەنگی خۆی پڕکرد، ڕووی لە سینگی وی کرد لێی ئاوردا

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ١٨٣)

مە – کەسی یەکەمی کۆ.

دەیگوت: "بەنگینە، ئەو لەشکرەی بابی مە بۆ مەی دروست کردووە داخولا! چلۆنە، تەواوە؟"

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ٢٥٠)

نگۆ -- کەسی دووەمی کۆ.

کوتی: "لەنگۆم دەوێ قەلا و باڵەخانێک خشتێکی لە زێڕی، خشتێکی لە زێوی بێ".

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ١٩٦)

وان- کەسی سێیەمی کۆ.

ئەحمەد پادشا بە دووی واندا، هاتە سەر بەحرەکەیم چاوەنۆڕی وان بوو.

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ١٩٨)

تێبینی:

١- تێکڕای جێناوەکانی دەستەی دووەم (جگە لە "وی")، هەر ئەوانەی دەستەی یەکەمن و (ئە)یان پێوە نییە... هەرچی (وی)یشە دیسان هەر (ئە)ی لێقرتاوە، بەڵام (ی)یەکی خراوەتە سەر.

٢- جێناوەکانی دەستەی یەکەم چۆن بەکاردەهێنرێن، ئەوانی دەستەی دووەمیش (جگە لە "نگۆ") بەهەمان چەشن کاردەکەن... بەڵام (نگۆ) ئەگەر پریپۆزیشنێکی لەپێشەوە نەیەت - واتە بێتوو پریپۆزیشنی لەپێشەوە نەبێ - ئەوە فۆرمی (ئەنگۆ) بەکاردێ. بە وێنە:

.... سێ شێری وەک ئەنگۆ ڕاوەستێ لێرە، ئەمن چلۆن پشتم دە نگۆ دەکەم.

(تحفەء مظفریە، ب١، ل٢٥٩)

دەڵێ: "براله، هەیچ له نکۆم نیه گلەییِیه".

(تحفەء مظفریه، ب٢، ل ٨٧)

جگه لەو دوو دەسته سەرەکییەی دەستنیشانمانکردن، هەروەها هەندێ حاڵەتیتر بەرچاو دەکەوێ:

١- بۆ کەسی یەکەمی تاک، جگه له (ئەمن، من) جارجاره (ئەز)یش دەبینرێ، وەک:

خوشکێ، ئەزت ببم به قوربانه!

(تحفەء مظفریه، ب ١، ل ٢٢٦)

ئەزو[7] ببم به قوربانی هەردووک چاوانه!

(تحفەء مظفریه، ب ١، ل ٢٥٦)

هەندێ جار له جیاتی ئەم (ئەز)ەی که سەرەتای (ئە)یە، وشەی (وەز) بەکاردێندێ، وەک:

خوشکێ، وەزو ببم به قوربانه!

(تحفەء مظفریه، ب ١، ل ٢٥٦)

٢- بۆ کەسی دووەمی کۆ وێڕای (ئەنگۆ، نگۆ)، هەروەها فۆرمی (ئینگۆ)ش هەیه، وەک:

... کوتی: "هەتتا ئەمن زیندووم یایەزین ئینگۆ هەسێکانه؛ ئینجا هەرچی خولا داینێ ئی وی بێ".

(تحفەء مظفریه، ب ١، ل ٢٩٤)

... ئاغایەتیی من له ئینگۆ کەمتر نییه....

(تحفەء مظفریه، ب ٢، ل ٨٩)[8]

---

[7] د. قەناتی کوردۆ، که دەڵێ فۆرمی (ئەو) له بەشه دیالێکتی موکریدا دەبینرێ (بڕوانه: دەستووری زمانی کوردی، ل ١٠١)، هەستی بەوە نەکردووە که ئەو (و)ەی کۆتایی جێناوی لکاوە و له ئەسڵدا (ت)ی کۆتایی (ئەزت)ە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

جێناوی کەسیی جودا لە ئاخاوتن و فۆلکلۆری ناوچەی موکریاندا بەو چەشنەیە کە باسمانکرد، بەڵام هەرچی زمانی ئەدەبە، زۆر لە شێوەی سلێمانی ـ زمانی ئەدەبی ـ نێزیک کەوتووەتەوە. بە وێنە:

١- لە ئاخاوتن و فۆلکلۆردا بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ئەمە، مە) بەکاردێ، بەڵام لە زمانی ئەدەبدا (ئێمە) ـ واتە وەک لە سلێمانی:

بە نموونە:

پەنیرو ڕۆنەکەی ئێمە بە زاری
ئەوان دەخورا، دەما بۆ ئێمە هەر دۆ

(هێمن، ل ٦٦)

٢- لە زمانی ئەدەبدا بۆ کەسی دووەمی کۆ وەک سلێمانی (ئێوە) بەکاردێنرێ، بەڵام لە ئاخاوتن و فۆلکلۆردا (ئەنگۆ/ نگۆ/ ئینگۆ).

بە نموونە:

ئەوان وەک ئێوە ناژین تەمبەڵ و بێکار و ئاسوودە
ئەوان وەک ئێوە ناخۆن شەربەت و شەکراو و پاڵوودە

(هێمن، ل ٦٠)

٣- لە ئاخاوتن و فۆلکلۆردا بۆ کەسی سێیەمی تاک (ئەو)و (وی) بەرچاودەکەون، کەچی لە زمانی ئەدەبدا (وی) بەدەگمەن دەبینرێ و پتر (ئەو) بەکاردێنرێ، کە لە شێوەی سلێمانیدا تاکە جێناوی کەسی سێیەمی تاکە.

دێتە مەیدان و دەڵێ: من دەمەوێ مافی ژیان
تازە هەڵناخەڵەتێ ئەو، بەقسەی نەرم و نیان

[8] د.کەریمی ئەیووبی و د.ئی. ئا. سمیرنۆڤا ناوی ئەم جێناوانە (ئەتوو/توو، ئەز/وەز، ئینگۆ)یان نەبردووە (بڕوانە: "کتێبی دیالێکتی موکردی"، ل٤٤).

(هێمن، ل٨٣)

٤ــ هەرچی کەسی یەکەم و دووەمی تاک و کەسی کۆیە، جیاوازی‌یان لە نێوان زمانی ئەدەب و ئاخاوتن و فۆلکلۆردا تێیدا ناکرێ – واتە هەردوو فۆرمی بە (ئە) دەستپێ‌کراو و بە بێ (ئە)یان هەیە.

جێناوی کەسیی جودا لە بەشە دیالێکتی سۆراندا زۆر لە بەشە دیالێکتی موکری نێزیکە. لە ئاخاوتن و فۆلکلۆری ئەم بەشە دیالێکتەشدا بە شێوەیەکی سەرەکی دوو فۆرم – بە (ئە) دەستپێ‌کراو و بێ (ئە) – بەرچاودەکەوێ. واتە:

١- ئەمن، ئەتۆ/ ئەتوو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان.

٢- من، تۆ/ توو، وی، مە، نگۆ، وان

نموونە بۆ ئەو جێناوانەی بە (ئە) دەستپێ‌دەکەن:

ئەمن ــ کەسی یەکەمی تاک.

ئەمن خولامەکی حیز و دز نیمە عەیشانم بە دزی لە فەرخۆی نەستاندیە ئەمن فەرحۆم لەسەرێ مەیدانێ کوشتیە.

(لاوک، ل ١٨)

ئەتۆ/ ئەتوو – کەسی دووەمی تاک.

ئەتۆی چاوم، ئەتۆی باڵی فڕینم

ئەتۆی ڕووحم، ئەتۆی ڕەمزی نەجاتم

(میهری، ل ٢٦)

کچ: ئەتوو شیشی من کەبابم

ئەمن لە توو چێتر نابم

(فۆلکلۆر، ل ١١٥)

ئەو- کەسی سێیەمی تاک.

ئەو گۆتی ئەمن ئەوهام کرد...

(لاوک، ل ١٠٠٠)

ئەمە- کەسی یەکەمی کۆ.

ئەم دەگەر بابت حەفت ڕۆژان پێکدیمان هێناو بردیە....

(لاوک، ل ٢١)

ئەنگۆ – کەسی دووەمی کۆ.

ئەنگۆ وەرن زەینێ خۆ بدەنێ

گەوارەکی دەهینا چەند ڕەشی تاری

(فۆلکلۆر، ل ٢٢٠)

ئەوان- کەسی سێیەمی کۆ.

... کە ئیسلامەک بەوێندەرێکەدا بچی ئەوان بەرایی لێبگرن بیکوژن...

(لاوک، ل ٢١)

نموونە بۆ ئەو جێناوانەی بە بێ (ئە) دەستپێدەکەن:

من- کەسی یەکەمی تاک.

سەرێ بەندانم عەیشێ

....

غرمەی دێ لەبن کەوشێ

مندالە و بە من ناشێ

(فۆلکلۆر، ل ٧٧)

تۆ/توو- کەسی دووەمی تاک.

ئەگەر تۆمە و بە تۆ دەرێم

ئاشقی شەمامەی (باغەر)ێم

سوندم خوداریە بەکەس نەرێم

(فۆلکلۆر، ل ٧٧)

ئەمان تەعبیرێ خەونێ توو لەکن فەرحۆیێ پیرەبابێ توو نەبی لەکن چ کەسیتکە نیە.

(لاوک، ل ١٢)

وێ – کەسی سێیەمی تاک

....

سەبارەت بە چاوی وی

کەتمەی زاری گولانێ

(فۆلکلۆر، ل ٨٥)

مە – کەسی یەکەمی کۆ.

سوارەک دێ لۆ مالێ مە ئەگەر سەلامی کرد.

(لاوک، ل ١٨)

نگۆ – کەسی دووەمی کۆ.

ئەوجە چەتۆ دگۆ منێ نەهاتیمە ئەلعانەکە ئەنگۆ چلن ییکەکی لەنگۆ[9] بەڕاستیە.

(لاوک، ل ٢٥)

وان – کەسی سێیەمی کۆ.

ئەو میرۆیە چبوو لە مارێ وان بوو....

(لاوک، ل ٤٥)

---

[9] لەم بەشە دیالێکتەشدا، فۆرمی (نگۆ) کاتی دەتوانرێ بەکاربهێنرێ، کە پریپۆزیشنێکی لەپێشەوە بێت.

جگە لەو دوو دەستە سەرەکییەی باسمان کرد، هەروەها هەندێ حاڵەتی‌تر دەبینرێ:

١ – بۆ کەسی یەکەمی تاک، جگە لە (ئەمن، مِن) جارجارە (ئەز)یش بەرچاو دەکەوێ، وەک:

ئەز چوومە ملکێ بەندێ

گەیشتمە کیژێ ڕەندێ

کوڕ پێ‌دەکەن گەوەندێ

(فۆلکلۆر، ل ١٥٠)

واش ڕێ‌دەکەوێ لە بریتی (ئەز)، وشەی (هەز) بەکاردێنرێ، وەک:

هەز هاتمە سەری گری

دێدەمە بدرتە تری

(فۆلکلۆر، ل ١١٢)

٢ – بۆ کەسی دووەمی کۆ وێڕای (ئەنگۆ، نگۆ)، هەروەها فۆرمی (ئینگۆ)ش بەرچاودەکەوێ، وەک:

گۆتی: بەخوای دەزانم بە مەملەکەتێ تەیان‌دا هاتم وە مەملەکەتەکە ئێنگۆ بوو ....

(لاوک، ل٩٧)

بەو نموونانەدا دەرکەوت، کە جێناوی کەسیی جودا لە ئاخاوتن و فۆلکلۆری ناوچەی سۆران و موکریاندا ئێجگار لەیەک نێزیکن .... سەرەڕای ئەوە، چۆن ئەو جێناوانە لە زمانی ئەدەبی خەڵکی موکریاندا قاڵبی شێوەی سلێمانی وەرگرتووە، هەر بەو چەشنە هی ناوچەی سۆرانیش وەک هی سلێمانی لێ‌هاتووە. بە نموونە:

١ – لە ئاخاوتن و فۆلکلۆردا (ئەمە، مە) – جێناوی کەسیی جودای کەسیی یەکەمی کۆیە، بەلام لە زمانی ئەدەبدا بە زۆری (ئێمە) بەرچاو دەکەوێ، بە وێنە:

....

تەماشاکەن لە مەبعووسانی ئێمە وەکو حەیوان لغاوی لێ درایە
(میهری، ل ٤٥)

٢ – لە زمانی ئەدەبدا بۆ کەسی دووەمی کۆ وەک سلێمانی (ئێوە) بەکادێنرێ، بەلام لە ئاخاوتن و فۆلکلۆردا (ئەنگۆ/نگۆ/ئێنگۆ). بە وێنە:

ئەم سەگانەی کە لە لای ئێوە وەکیلو کەلان
بێتە لای تۆ بەخوا نایکەیە گاوانو شوان

(کۆیی، ل ٢٣)

٣ – لە ئاخاوتن و فۆلکلۆردا بۆ کەسی سێیەمی تاک (ئەو) (وی) بەرچاودەکەون، کەچی لە زمانی ئەدەبدا (وی) بەدەگمەن دەبینرێ و پتر (ئەو) بەکاردێنرێ، کە لە شێوەی سلێمانیدا تاک جێناوی کەسی سێیەمی تاکە.

میهری بۆیە وا نەخۆشە، وا پەشێوە دایما
هەر لەبەر ئەم وەزعە ئەو جەرگی براوە لەتلەتە

(میهری، ل٤١)

چەند سەرنجێك:

*– ئەمرۆ کە دەوترێ (لەو، لەوان، ....) ئەوە ئەسلەکەیان (لە ئەو، لە ئەوان ...) بووە و (ئە/ە)کەی سەرەتایان تێچووە. لە ئاخاوتن و نووسینی ئەمرۆی بەشە دیالێکتەکانی خوارووی لەوانەیە بڵێین خەڵک

هەموو وشەکان بەیەکەوە دەڵێن و بە یەکەوە دەیاننووسن – واتە مەودا ناخەنە نێوان پریپۆزیشنەکە و وشەی دوایەوە.

*- تێکڕای جێناوەکان دەتوانن نیشانەی (ێک، ێ ...)ی نەناسیاوی وەربگرن بەلام هیچیان نیشانەی (ەکە، و، ...)ی ناسیاوی قبوول ناکەن)[10].

*- نیشانەی (ی ...)ی ئیزافە دەچێتە سەر هەموو جێناوەکان، کەچی (ە ...)ی ئیزافە بەهیچ کامێکیانەوە نالکێ.

کورتە بەراوردێک:

فۆرمی جێناوی کەسیی جودای زمانی ئەدەبی دیالێکتی خواروو بە ڕەچەڵەک پێوەندی

تەواوی بە فۆرمی جێناوی کەسیی جودای زمان ئەدەبی دیالێکتی ژووروووە هەیە:

*- لە هەردوو دیالێکتدا، چ لە زوودا چ ئەمڕۆ بۆ کەسی یەکەمی تاک جێناوی (مـن) بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێ ... لە دیالێکتی ژووروودا تا ئەمڕۆش بۆ دۆخی ڕاستەوخۆی کەسی یەکەمی تاک جێناوی (ئەز) دەورێکی چالاک دەبینێ، ئەم جێناوە لە دیالێکتی خوارووودا زوو لە کاردا بوو، بەلام ئێستا تێداچووە.

*- بۆ کەسی دووەمی تاک لە دیالێکتی خوارووودا (تۆ) بەکاردێنرێ و لە دیالێکتی ژووروودا (تو، تە). ئاشکرا دیارە کە (تۆ/ تو/تە) شێوەی فۆنەتیکی یەکترن.

---

[10] لێرەدا ئەو واتایە ناگەیەنێ کە لە باری ئاساییدا دەگەیەنێ.

*- (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاکی دیالێکتی خواروو وەک (ئەو)ی کەسی سێیەمی دۆخی ڕاستەوخۆی دیالێکتی ژووروووە. هەرچی ئە (وێ)، ئە(وی)یشە کە لە دیالێکتی ژووروودا لە دۆخی تیاندا بەکاردێ لە بناغەی (ئەو) و (ێ)ی نیشانەی جنسی مێ و (ێ)ی نیشانەی جنسی نێر سازبووە.

*- جێناوی (ئێمە)ی کەسی یەکەمی کۆ و (ئێوە)ی کەسی دووەمی کۆ بە ڕەچەڵەک لە (مە) و (وە)وە نێزیکە و بە ڕوخسار وا پێدەچێ ئەوانی کرمانجیی خواروو (ئی)یان پێوەبێ و ئەوانی کرمانجیی ژووروو پێوەیان نەبێ.

*- سەرنجڕاکێش فۆرمی (ئەوان)ی کەسی سێیەمی کۆیە، کە لە دیالێکتی خواروو و ژوورووودا وەک یەکە. ئەم جێناوە نەک هەر لە دیالێکتی خوارووودا بە دۆخەوە بەند نییە، بەڵکو لە کرمانجیی ژوورووشدا هەر بەو چەشنەیە.

کێشەی دۆخ:

*- دیارە لە کرمانجیی ژوورووودا بەپێی ئەرک سنووردانان لەنێوان دۆخی ڕاستەوخۆو تیانداو لە دیالێکتی خوارووودا نەمای دۆخ بووەتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی.

*- تێکەڵاوکردنی فۆرمی دۆخی ڕاستەوخۆ و فۆرمی دۆخی تیان لە شێوەی ئەمڕۆی دیالێکتی ژوورووش و خوارووشدا بەرچاو دەکەوێ.

*- لە بەشە دیالێکتەکانی کرمانجیی خوارووودا، هەرچەندە جێناوی کەسیی جودا دۆخی نییە، بەلام حاڵەتی وا بەرچاو دەکەوێ، کە

فـۆرمی بـەکارهێنراو لـە ڕووی فۆنـەتیک لـە بـەجێهێنانی ئەرکـەوە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا یەکبگرنەوە.

*- لە بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی خوارووودا، بەکارهێنانی فۆرمی جیاواز بۆ دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیان وەنەبێ بە ڕێکەوتبێ. بوونی ئەو جیاوازییە ئەوە نیشان دەدات، کە لە زوودا دوو فۆرمی بە فۆنەتیک لەیەکتر نێزیک بۆ دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیان هەبووبێ.

*- لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا کەسی یەکەمی تاک دوو فۆرمی هەبوو:

یـەک- "ئـەز" کـە لـە دۆخـی ڕاسـتەوخۆدا بـەکاردەهێنراو لـە "ئەدەم"ی فارسیی کۆن و "ئەزم"ی ئاوێستای دۆخی ڕاستەوخۆوە کەوتووەتەوە.

دوو- "من" کە لە ددۆخی تیاندا بەکاردەهێنرا و لە "مەنا"ی حاڵەتی جەڕی فارسیی کۆنەوە کەوتبووەوە.

دۆخی ڕاسـتەوخۆی کەسـی یەکـەمی تـاکی جێنـاوی کەسـیی جـودای "ئـەز" لـە زمانی فارسیی ناوەڕسـتدا لـە واقیعـدا بووبـووە فۆرمێکی نیمچەمردوو. لە تێکستدا کەم بەرچاودەکەوێ. ئەرکی هـەرە دیاری بینینـی دەوری کارا بوو لەگـەڵ کرداری تێنەپـەڕ لە هـەموو کاتەکاندا و لەگەڵ کرداری تێپەڕ لە کاتی ڕابوردوودا.

دۆخی تیانی کەسی یەکەمی تاکی جێناوی کەسیی جودای "مەن"، لە ڕستەدا دەیتوانی هەموو ئەرکێک ببینێ.

بەم شێوەیە جێنـاوی "مـەن"ی کەسی یـەکمی تـاکی دۆخی تیانی کۆن، لە فارسیی ناوەڕاستدا لـە واقیعـدا دەبێتە فـۆرمێکی گشـتی بە

کەسی یەکەمی تاک و لەسەرخۆ تەنگ بە "ئەز"ی فۆرمی ڕاستەوخۆ هەڵدەچنێ.

"تووَ"ی جێناوی کەسی دووەمی تاکو "ئەماه"ی جێناوی کەسی یەکەمی کۆ و "شماه"ی کەسی دووەمی کۆ دۆخیان نەبوو.

بۆ کەسی سێیەمی تاک، جێناوی نیشاندانی (و) بەکاردەهێنراو بۆ کەسی سێیەمی کۆش (ئشان). کەسی سێیەمی تاکو کۆش هەروەها دۆخیان نەبوو.[11]

جێناوی کەسیی لکاو

زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجی خوارووا دواون، ئەگەرچی تا ڕادەیەک لەسەر ئەوە هاودەنگن کە دوو دەستە جێناوی لکاو لەو دیالێکتەدا هەیە .... بەڵام لە دیاریکردنی هەندێ جێناودا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە.

جێناوی لکاو لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە:

١ – جۆری هێز:

ئەم جۆرە ئەو جێناوانەن کە لە ڕابوردووی تێپەڕدا بەکاردێن، وەک:

---

[11] ڤ. س. ڕاستورگویڤا، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل ٥٤ – ٦٢.

ژمارە	کەس	جێناو	نموونە
تاک	یەکەم	م	ناردم، فرۆشتم، خواردم، نووسیم...
	دووەم	ت	ناردت، فرۆشتت، خوارت، نووسیت...
	سێیەم	ی	ناردی، فرۆشتی، خواردی، نووسی...
کۆ	یەکەم	مان	ناردمـــــان، فرۆشـــــتمان، خواردمـــــان، نووسیمان...
	دووەم	تان	ناردتان، فرۆشتتان، خواردتان، نووسیتان...
	سێیەم	یان	ناردیان، فرۆشتیان، خواردیان، نووسییان...

٢ – جۆری بێ‌هێز:

ئەوانەن کە لە ڕابوردووی تێنەپەڕدا دەردەکەون و بەدوا ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێن، وەک:

١ – ڕابوردووی تێنەپەڕ:

ژمارە	تاک			کۆ		
کەس	یەکەم	دووەم	سێیەم	یەکەم	دووەم	سێیەم
جێناو	م	ی	.	ین	ن	ن
نموونە	نووستم، چووم، مردم، گەڕام...	نووستی (یت)، چووی(یت)، مردی(یت)، گەڕای(یت).	نووست، چوو، مرد، گەڕا...	نووستین، چووین، مردین، گەڕاین...	نووستن، چوون، مردن، گەڕان...	نووستن، چوون، مردن، گەڕان...

ب – ڕانەبوردووی تێپەڕ:

ژمارە	کەس	جێناو	نموونە
تاک	یەکەم	م	دەنێرم، دەفرۆشم، دەخۆم، دەنووسم....
	دووەم	ی	دەنێری(یت)، دەفرۆشی(یت)، دەخۆی(یت)، دەنووسی(یت)....
	سێیەم	.	دەنێرێ(یت)، دەفرۆشێ(یت)، دەخوات، دەنووسێ(یت)....
کۆ	یەکەم	ین	دەنێرین، دەفرۆشین، دەخۆین، دەنووسین....
	دووەم	ن	دەنێرن، دەفرۆشن، دەخۆن، دەنووسن....
	سێیەم	ن	دەنێرن، دەفرۆشن، دەخۆن، دەنووسن....

ج – ڕانەبوردووی تێنەپەڕ:

ژمارە	کەس	جێناو	نموونە
تاک	یەکەم	م	دەنووم، دەچم، دەمرم، دەگەڕێم....
	دووەم	ی	دەنووی(یـــت)، دەچی(یـــت)، دەمری(یـــت)، دەگەڕێی(یت)....
	سێیەم	.	دەنوێ(ێـــت)، دەچێ(ێـــت)، دەمرێ(ێـــت)، دەگەڕێ(ێت)....
کۆ	یەکەم	ین	دەنووین، دەچێن، دەمرین، دەگەڕێین...
	دووەم	ن	دەنوون، دەچن، دەمرن، دەگەڕێن....
	سێیەم	ن	دەنوون، دەچن، دەمرن، دەگەڕێن....

دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە دەمەتەقێیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە و ئەمانەیە:

ژمارە	کەس	جێناوی لکاو
تاک	یەکەم	م
	دووەم	ت
کۆ	سێیەم	ی
	یەکەم	مان
	دووەم	تان
	سێیەم	یان

نموونە بۆ جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم

(م) – کەسی یەکەمی تاک – "پێوام":

لەژێر ئاسمانی شینا،
لەپاڵ لووتکەی بەفرینا،
کوردستان گەڕام،
دۆڵاو دۆڵ پێوام؛

(گۆران، ل ٢٨)

(ت) – کەسی دووەمی تاک – "فەرمووت":

مەکە ئیخلافی وەعدەی کە فەرمووت
دەخیلت بم کە خانەی صەبرەکەم سووت

(نالی، ل ١٤٨)

(ی) – کەسی سێیەمی تاک – "دی، وتی":

کە خضر ئەو خاک و خۆڵی بەردەرەی دی
وتی: تۆ خاکی، یا ئاوای حەیاتی؟!

(مەحوی، ل ٢٩٨)

(مان) – کەسی یەکەمی کۆ – "ڕوانیمان":

... وردە وردە هاتین ڕوانیمان لە دوورەوە ترووسکەی چرا و ئاگر دەرکەوت....

(لە خەوما، ل ٣٢)

(تان) – کەسی دووەمی کۆ – "کردتان":

.... ئێوە ئەم فەقیرەتان برد و کردتان بە کۆڵکی موصیبەت ...

(لەخەوما، ل ٣٧)

(یان) – کەسی سێیەمی کۆ – "فرۆشتیان، خنکاندیان":

هەر بە دوو سێ دەقیقە خنکانیان
زوو فرۆشتیان بە پارە ئیمانیان

(زێوەر، ل ٧٨)

ئەم جێناوانە ئەگەرچی بە شێوەیەکی سەرەکی دەچنە سەر کرداری ڕابوردووی تێپەڕ، بەڵام بە زۆر بەشە ئاخاوتنی تریشەوە دەلکێن، وەک:

١ – دەچنە سەر ناو، بە وێنە:

چاوم، زولفت، زستانمان، میللەتتان .....

لە چاوم خوێنی جاری کرد و هەم ڕەنگی لە ڕوو بردم
ئەم ئاشووبی دڵ و دینە بە لێوی ئاڵو چاوی کاڵ

(مەحوی، ل ٢٠٢)

تا سونبولی زوڵفت لە نیهادی قەدت ئاڵا

من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا

(نالی، ل ١١٥)

ناوقەدی چلەی زستانمان پچڕا
ئەمڕۆ پشکۆکەی هەوامان گڕا

(پیردەمێرد، ل ١٣٧)

قەدری میللەتان بە جارێ شکان
نە حەیاتان ما نە ناوو نیشان

(بێکەس، ل ٥٧)

٢ – بە ئاوەڵناوەوە دەلکێن. وەک:

تەڕم، پاکمان ...
ئەی ڕووناکی ڕێی باوەڕم
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم

(گۆران، ل ٣٩)

ڕۆحمان بکەین بە پەرژین بۆ خاکی پاکمان
لە دڵی میللەتدا بژین بە ناوی چاکمان

(پیرەمێرد، ل ٣٥٣)

٣ – لەگەڵ زۆربەی جێناوەکاندا دێن:

ا – لەگەڵ جێناوی کەسیی جودا. وەک:

منیان، تۆم، ئێمەت ...

... لە پاشان دوان لەو باجگرانە هاتن بە لای منەوە، لەو تاریکاییەدا، سەیرێکی سەرو سەکوتو قەدو قیافەتی مینان کرد ...

(لەخەوما، ل ٣٣)

بیستو حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم

بە نانو ئاوو جلو بەرگی خۆم

(بێکەس، ل ٧٥)

گەر بتی ئێمەت نەدیوە، بۆچی دوێنێ دەتپەرست؟
ئەی بورەهمەن، تۆ لە لات ئەمڕۆ کەچی وەک لاکە (لات)

(مەحوی، ل ٦٠)

ب – لەگەڵ جێناوی خۆیی. وەک:

خۆم، خۆت، خۆمان، خۆتان...
کەڕووی لێنیشت گەردی شیعرم،
هەی جوانەمەرگ خۆم! هەی بمرم! ....

(گۆران، ل ٣٩)

لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خواریی ڕاستیی دەوێ
غافڵی دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا

(نالی، ل ٩٩)

..... کاروانچییەکان وتیان، ئێمە هەرچییەکمان کردووە ئەبێ ئەمشەو خۆمان بگەیەنینە ناوشار.

(لەخەوما، ل ٣١)

سا توخوا کوڕگەل ئێوەو خوای خۆتان
سەیرکەن لە باتیم تا دەلوێ بۆتان

(پیرەمێرد، ل ١٨٠)

ج – لەگەڵ جێناوی نیشانە، وەک:

ئەمەمان، ئەوەتان، ئەوەم .....
چنوور لە کێوان، وەنەوشە لە چەم
گوڵ لە گوڵستان یەکیانگرت سەرجەم

هاتنە لام وتیان: تۆ ڕابەرمان بە
ئەمەمان بۆ بکە و تاجی سەرمان بە

(پیرەمێرد، ل ١٥٨)

د – لەگەڵ جێناوی پرسیار، وەک:
کامتان، چیتان ... کێتان، چۆنیان...
وتی کامتان ئەتوانێ
ئەم دارانە بشکێنێ
(بێکەس، ل ١٩١)
..... ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون و چیتان پێ‌هەیە ....

(لەخەوما، ل ٣٢)

ە – لەگەڵ جێناوی نەفی، وەک:
هیچم، هیچت، هیچی، هیچمان، هیچتان، هیچیان
وێڵ و سەرگەردان بێ‌تین و خەستەم
هیچم پێ‌ناکرێ، دیل و دەست بەستەم

(بێکەس، ل ٧٨)

.... و هەندێکی‌تر
٤ – دەچنە سەر چەند جۆرێک لە ئاوەڵکردار:
ا – ئاوەڵکرداری شوێن، وەک:
ئێـــرەم، ئێرەمـــان .... ســــەرەوەم، ســــەرەوەمان، ژوورەوەم، ژوورەوەمان....
ب – ئاوەڵکرداری کات، وەک:
دوێنێمان، سبەینێمان ....

ج – ئاوەڵکرداری وەصفی، وەک:

زۆرمان ماوە، خێرایان لێکردن .....

هەر خێرا خێرا ئەمپرسی، زۆرمان ماوە بگەینە شار یان نا؟

(لەخەوما، ل ٣١ – ٣٢)

.... هتد

٥ – بە ژمارەوە دەنووسێ، وەک:

یەکێکیان، سیانیان، صەدمان، هەزارتان ......

سیانیان دەربارەی من لوتف کار بوو
بەڵام یەکێکیان لە پیاو بێزار بوو

(پیرەمێرد، ل ١٨٥)

هاوار بە ماڵم چیمان پێکرا
لە چارەکێکا صەدمان لێخرا

(بێکەس، ل ٥٨)

نەوەڵلا کەوابوو خوا هەڵناگرێ، ڕەحمی پێبکەن وازی لێبێنن، هەزارتان بۆ دنیا کردووە، ئەمەش بۆ خوا بکەن.

(لە خەوما، ل ٣٧)

.... و گەلێ حاڵەتی تر[12]

---

[12] هەندێ لە زمانەوانان وا ڕادەگەیەنن، کە جیناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بە پریپۆزیشنەوە دەلکێن:

د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم دەڵێ: "ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ ئامرازی (بۆ، پێ، لێ، لەگەڵ) بەکاردەهێنرێن ..."و وشەکانی (بۆمبێنێ، بۆتدەکرم ... پێمدەڵێن، پێمانوترا ... لێمگەڕێن، لێیمەدەن ... لەگەڵتبێم، لەگەڵیبرۆن ...)ی بە نموونە هێناوەتەوە (ل ٤٦٦–٤٦٧).

لە سەرەتادا ئەوە ڕووندەکەینەوە، د. ئیبراهیم کە دەڵێ ئامرازی (بۆ، بێ، لێ، لەگەڵ) مەبەستی پریپۆزیشنی (بۆ، بێ، لێ، لەگەڵ)ە.

جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ ئاشکرا دیارن، کە دووبارە بوونەوەی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاکن و (ان)ی نیشانەی کۆیان خراوەتە سەر.

	تاک	کۆ
کەسی یەکەم	م	م+ان=مان
کەسی دووەم	ت	ت+ان=تان
کەسی سێیەم	ی	ی+ان=یان

بەڵێ (بۆ) و (لەگەڵ) لە بنەڕەتدا پریپۆزیشنن، بەڵام هەرچی (پێ) و (لێ)یە ئەگەرچی پێوەندییان بە پریپۆیشنەوە هەیە، بەڵام بەر لە هەرشت پێشگرن.....

پێشگری (پێ)و (لێ) ئاوەڵی تری سادەی (تێ، وێ ....)و ناسادە (پێدا، تێدا، پێوە، تێوە ...پێک، تێک، لێک ....) یان هەیەو جێناوەکان لەگەڵ ئەمانیشدا بەکاردێنو د. ئیبرایم ناوی نەبردوون.

وێڕای نادروستی دانانی (پێ، لێ) بە پریپۆزیشن، ئەوەش دەخەینە پێشچاو کە هۆی هاتنی جێناوەکان لەگەڵ ئەم پێشگرانەدا، ئەو دەستوورە ئاشکرایەی زمانی کوردییە:

جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم کە لەگەڵ کرداری سادەدا دێن، دەکەونە کۆتاییەوە، بەڵام ئەگەر کردارەکە داڕێژراو بێ، دێتە پێشەوەو بە پێشگرەکەوە دەلکێن، وەک:

گرتم – تێمگرت، لێمگرت، دامگرت، هەڵمگرت، ڕامگرت ....

گرتمان – دامانگرت، هەڵمانگرت، ڕامانگرت ......

کردم – تێمکرد، لێمکرد، ڕۆمکرد ....

کردمان – تێمان، لێمانکرد، ڕۆمانکرد ...

هەرچی (بۆ) و (لەگەڵ)یشە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا پریپۆزیشتن، بەڵام لەو نموونانەدا کە د. ئیبراهیم هێناونی‌یەوە لە هەر حاڵەتێکی دیدا کە جێناو وەردەگرن گەلێ پرسیاریان لەسەر هەڵدەستێ.

ئەو جێناوە لکاوانەی ئەمڕۆ لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا بەکاردێن جیاوازییان لەگەڵ زمانی فارسیی ئەمڕۆ و فارسیی ناوەڕاستدا تەنیا لە فۆرمی کەسی سێیەمی تاک و کۆدایە.

لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا:

م	مان
ت	تان
ش	شان[13]

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا:

م	مان
ت	تان
ش	شان[14]

ڕ. ل. تسابۆلۆڤ وا رادەگەیەنێ، کە بەرانبەر فۆرمی (شم، شایی)ی کەسی سێیەمی فارسیی کۆن لە ئاوێستادا فۆرمی (هیم، هی) هەیە. بۆیە دەتوانرێ بوترێ کە لە زمانە ئێرانییەکانی ئەمڕۆدا دوو سیستەمی جیاوازی جێناوی لکاو بەدی دەکرێ، یەکێکیان لە فارسیی کۆنەوە کەوتۆتەوە و ئەوەیە کە فۆرمی کەسی سێیەمی تاک (ش)ە و لە (شم، شایی)یەوە وەرگیراوە. دووەم ئەوەیە، کە لە ئاوێستاوە هاتووە و فۆرمی کەسی سێیەمی تاکی (ی)یە (وەک لە کوردیدا)و بەچەی (هیم، هی)یە[15]

---

[13] بڕوانە:

ا – ذوالنور، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی، تهران، ١٣٤٣، ل ٢٦.

ب – علی برناک، دستور زبان فارسی، ١٣٤٧، ل ٢٦.

[14] ڤ. س. ڕاستورگویڤا، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل ٥٧.

[15] ڕ. ل. تسابۆڤ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ٢٦.

تێکستی کوردی چۆن ئەوە دەردەخات فۆرمی (م، ت، ی، مان، تان، یان) چ لە زوودا و چ ئەمڕۆ لە بەشە دیالێکتە سەرەکییەکانی دیالێکتی خواروی کوردیدا فۆرمی ستاندارد و سەرەکیی، بێ گومان جێناوی کەسیی لکاوی دەستەی یەکەمن، ئەوەش ڕادەگەیەنێ، کە لە هەندێ ناوچە لە زوودا یان ئێستاکە چەند فۆرمی دیش هەبوون یان هەن.

بە وێنە لە بەشە دیالێکتی موکریدا بۆ کەسی یەکەمی کۆ جگە لە (مان) فۆرمی (ن)ش بەرچاو دەکەوێ.

وەک:

کیمان//کێن

"خولایە لە دووی مەخسوودو مرادان دەچین کێن دێ دەهانایە".

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ٢٦٩)

هەر لەم بەشە دیالێکتەدا بۆ کەسی دووەمی کۆ تا ناوە ناوە (و) لە جێی (تان) دەبینرێ. وەک:

ماڵتان//ماڵو

"کوتی: ماڵو شێوێ، ئەنگۆ شێت بوون ..."

(تحفەء مظفریە، ب ١، ل ١٩٣)

چلۆنتان// چلۆنو

"وتیان چلۆنو خۆ دەگیر خست ....."

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ١٩٣)

پێویستە سەرنج بۆ ئەوەش ڕابکێشن، کە هەندێ جار ئەو (و)ە بۆ کەسی دووەمی تاکیش بەکاردێ، وەک:

ئەزو//ئەز

"خوشکێ، ئەزت ببم بە قوربانە!

....

....

خوشکێ، ئەزو ببم بەقوربانە!"

(تحفهء مظفريه، ب ١، ل ٢٦٩)

..... هتد[16]

*****

دەستەی دووەمی ئەو جێناوانە لە دوو ڕووەوە جێی دەمەتەقێیە. یەکەمیان ئەوەیە کەمێ لە زمانەوانان ئەم دەستەیە بە جێناو دانانێن ... ڕووی دووەم کە بناغەی مەسەلەکەیە، ئەوەیە، ئەوانەی بە جێناویان داناوە یان شتێکی دی لە دیاریکردنی بەشێکیاندا جیاوازییەکی تەواویان لە نێواندا هەیە.

ئەگەرچی دەستەی دووەمی جێناوەکان وەک دەستەی یەکەم چالاک نین، بەڵام ئەمانیش هەروەک دەستەی یەکەم دەتوانن ببنە بەشێک لە ڕستە و دەوری کارایان بەرکار ببینن و جگە لەوەی بە کردارەوە دەلکێن، هەروەها دەچنە سەر گەلێ بەشە ئاخاوتنی تریش و .. جا بۆیە ڕاست نییە بە کۆتایی کردار لە قەڵەم بدرێن.

ئەوەی پێوەندی بە کێشەی دیاریکردنی فۆرمیانەوە هەیە، ئەوەیە گومان و دەمەتەقێ بە شێوەیەکی سەرەکی لە فۆرمی کەسی دووەم و سێیەمی تاکدایە.

---

[16] مەکەنزی و تسابۆلۆب وا ڕادەگەیەنن (و) بۆ تاکەو (وو) بۆ کۆیە ... ئەیووبیو سمیرنۆڤا تەنیا (وو)یان دەستنیشان کردووە، ئەویش بۆکۆ .. مەکەنزی دەڵێ، لە پشدەرو هەندی ناوچەی دیش فۆرمی (و) و (وو) هەیە ... تسابۆلۆڤ ئەوەی دیاری کردووە، کە لە سنە بۆ کەسی یەکەمی تاک (ۆ) بەکاردێ.....

١ – کەسی دووەمی تاک:

مامۆستا سەعید صدقی لە کتێبی "مختصر صرف و نحوی کوردیدا (ل٢٩–٣٠) و مامۆستایان جەماڵ جەلال عەبدوڵڵا و ئەرنست مەکارۆس لە کتێبی " cours dialect kurdish basic of sulaimanin" (ل ١٥١-١٥٢) دا و لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی" (ل ١٥٩-١٦٧)دا و د. وریا عومەر ئەمین لە نەخشەی ژمارە (٣)ی وتاری "لایەنێکی جیاوازی" (ل٢٦١)دا و لیژنەی زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد لەو بەرهەمەدایە کە بەناوی "بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردییەکاندا" بلاوی‌کردوونەتەوە (ل٣٢٩) .... (یت)یان بۆ کەسی دووەمی تاکی جێناوی لکاوی دەستەی دووەم دەستنیشان کردووە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە کتێبی "دەستووری زمانی کوردی" (ل ٨٥–١٠٢)دا، (ی، یت)ی یاداشت کردووە.

د. ن. مەکەنزی لە کتێبی "kurdish dialect studies" (ل ١١٠)دا وا ڕادەگەیەنێ کە لە سلێمانی و وارماوە: (ی/یت) باوە و لە بنگرد و پژدەر و موکریان و هەولێر و ڕەواندز و خۆشناوەتی (ی) بەکاردێنن.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی"دا ئەم فۆرمانەی "ی (یت)، ە، ." بە وێنەی ئەو جێناوە داناوە (ل ٩٢–٩٥).

مامۆستا محەمەد مەعروف فەتتاح لە وتاری "خۆیەتی لە زاری سلێمانی‌دا" (ل١٧٤) وای بۆ چووە، کە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی دەستەی دووەم (ت)ە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری "سوورپێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا" (ل ٩٠-٩٢)و د.کەریمی ئەیووبی، د.ئی. ئا سمیرنۆڤا لە کتێبی "دیالێکتی کوردی موکری" (ل ٤٥-٤٧)دا و د.کوردستانی موکریانی لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین" (٦٨)دا بۆ کەسی دووەمی تاکی دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی کرمانجیی خواروو (ی) یان دیاری کردووە.

بە ڕای ئێمە ئەوانەی (ت) یان (یت) یان (.) یان (ە) ... یان بە جێناوی کەسی دووەمی تاکی دەستەی دووەم داناوە بە هەڵەدا چوون‌و تەنیا ئەو تاقمە ڕاست بۆ مەسەلەکە چوون کە (ی)یان دەستنیشان کردووە... لەنێو ئەوانەشدا، کە (ی)یان دیاری کردووە، مامۆستا مەسعوود محەمەد نەبێ، هەموو ئەوانی دی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئیسپات‌کردنی ئەو کارەیان نەهێناوەتەوە... شایانی باسە، مامۆستا مەسعوود چەند بەڵگەیەکی واقیعی و مێژوویی بۆ پتەوکردنی ئەو بۆچوونەی هێناوەتەوە. ئێمەش لەسەر بناغەی ئەو بەڵگانە و هەندێ بەڵگەی‌تر هەوڵ دەدەین ئەم تەم‌ومژە بڕەوێنینەوە.

١ – ئەگەر بۆ دەستنیشان‌کردن و ڕوون کردنەوەی ئەو کێشەیە گەشتێک بە دیوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین، ئەوە دەبینین لە زوودا فۆرمی (ی) بەکارهاتووە و زۆر درەنگ فۆرمی (یت) پەیدابووە. بە وێنە لە تێکڕای شیعرەکانی نالی و شاعیرانی دی سەردەمی ئەودا وێنەی (یت) نابینرێ:

گاهێ دەبی بە ڕەوح‌و دەکەی باوەشێنی دڵ

گاهێ دەبی بە دەم دەدەمێنی دەمی غوروو

(نالی، ل ١٧٦)

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاکو خۆڵ)
هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور

(نالی، ل ١٨١)

کاتێ بەرەو پێش بچین و ببینە سەردەمی مەحوی و تەماشای دیوانی مەحوی بکەین، دەبینین دیسان هەر (ی) بەکارهێناوە:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا
کە خۆ دەرخەی وەکو خور دڵ وەکو شەونم لەخۆ بڕوا

(مەحوی، ل ٣٥)

شوکور تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەرچی من لە فکرت چووم
لە من غائب نەبی تۆ، بەسمە، با من بم لە تۆ غائب

(مەحوی، ل ٥٢)

زێوەر کە ماوەیەک بەدوا مەحوی‌دا هاتووە. ئەمیش هەر لەسەر ڕێرەوی ڕاست ڕۆیشتووەو تێکڕا هەر (ی) وتووە:

تۆیش ئەگەر فرسەت لەدەست دەی ئەیبە مەملووکی کەسی
شەو چرا هەڵگر ئەبی، ڕۆژیش ئەشۆی جام و لەگەن

(زێوەر، ل ١٣)

مەغریبی باری گەیاندە مەنزلی ئەمن و ئەمان
تۆش لەناو قوڕدا چەقیوی (عیش) و نۆشت زاری‌یە

(زێوەر، ل١٢)

هەندێ لە نووسەرانی سەردەمی زێوەر ناوە ناوە فۆرمی (یت) یان نووسیوە... هۆی پەیدابوونی ئەو (ت)ە هەرشتێک بێ پەرەی سەند و سەری لە نووسەرانی ڕێزمانی کورریش شێواند.

۲ – تا ئەمڕۆش نەک هەر لە گەلێ شوێنی دەوروپشتی ناوچەی سلێمانی[17] ، هەروەها لە دوو ناوچەی گرنگی سەر بە دیالێکتی کرمانجی خواروو – موکریان و سۆران – دا چ لە زوودا و چ ئەمڕۆ هەر (ی) دەبینرێ، بە وێنە:

....ئەتۆ زۆر بێشەرمی لەپێش چاوی بەنی ئادەمی سواری مریشکی دەبی، شەرمێ لە شای ناکەی....

(تحفەء مظفریە، ب ۱، ل ۱۹٤)

ئەی ئەو کەسی دەتپەرستم و لێم ونی
تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی

(تاریک و روون، ل ۱۸٤)

لەگەر تۆمە ئەی حەبیبم
من بریندارم تۆی تەبیبم
خودا بتکا بە نسیبم

(فۆلکلۆر، ل ٥۱)

وەتەن مەفتووتم، مەحبووبمی تۆ
وە هیوامی، ئەتۆی حافیزی دینم

(میهری، ل ۲٦)

۳ – لە هەندێ بەشە دیالێکتی وەک هەورامی[18]، لۆڕی [19] ... ئەو جێناوە دیسان هەر (ی)یە.

---

[17] (D. N. Mac Kenzie. Kurdish Dialect Studies, London 1957. P. 110

[18] بڕوانە:

ا – دکتر ابراهیمپور، دستور زمانی کرتدی، تهران، ؟ ل ۱۲.

ب – محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، بەغدا، ۱۹۸۱، ل ۱۲.

٤ – وەک مامۆستایان: د. قەناتی کوردۆ[20] و د. چەرکەزی بەکۆ[21] ... پەنجەیان بۆ ڕاکێشاوە و وەک بەرهەمی ئەدەبی نیشانیدەدا لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا تەنیا (ی) بۆ کەسی دووەمی تاک لە کاردایە:

شێخێم! تو دزانی ئەڤ جزیرە
تێکدا کوبەراو کورد میرە

(خانی، ل ١٥٢)

گوتن: "ئەمان، مەمۆ تۆ چ دکی؟..

(مەمی ئالان، ل ٥٨)

گەر لوئلوئی مەنتور ژ نەظمی تۆ دەخوازی
وەر شعریٚ مەلیٚ بین تە ب شیرازیٚ چ حابەت

(جزیری، ل ١٤٦)

٥ – ئەگەر تەماشای هەندێ لەو زمانانە بکەین، کە خزمایەتیان لەگەڵ زمان کوردیدا هەیە، دیسان دەبینین، ئەو جێناوە لەو زمانانەشدا هەر (ی)یە. بە وێنە، وەک زمانی فارسیی ناوەڕاست[22] و زمانی فارسیی نویٚ[23] و زمانی بلوجی[24] و ... هتد.

---

[19] حەمیدی ئیزەد پەناهـ فەرهەنگی لەک و لوڕ، (لێدوان و بەراوردکردنی: مەحموود زامدار)، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٤٢.

[20] د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل ١٩٥.

[21] د. چەرکەزی، بەکۆ (باکاییڤ)، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ١٧٠.

[22] لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا "ی (یە)" جێناوی کەسی دووەمی تاکە (بڕوانە: ڤ. س. ڕاستورگۆیڤا، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل ٨٤).

[23] بڕوانە: ذوالنور، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی، تهران، ١٣٤٣، ل ٢٨.

[24]. لە هەر دوو دیالێکتی ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوای زمانی بلوجیدا (ی) جێناوی کەسی دووەمی تاکە (بڕوانە:ڤ. ا. فرۆلۆڤا، زمانی بلوجی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل ٤٣ – ٤٤.

٦ – مامۆستا مەسعوود محەمەد ورد بۆ ئەوە چووە کە جێناوی لکاو لەبەر زێدە گرنگی ئەو دەورەی پێی هەڵدەستێ لە ئاخافتندا، ناشێ هیچ پیتێکی بقرتێ. لە پێش چاومانە ڕاناوە چالاکەکانی (مان، تان، یان) لە هەموو حاڵەتێک لە هەموو ئەو لەهجانەدا کە بەکاریان دێنن وەک خۆیان دێنەوە و هیچ پیتێکیان لێ کەم ناکرێتەوە، تێیەکەی (دەکەیت)یش ئەگەر پیتێکی بنجی با دەبوا ئەویش وابا. لەمەش زیاتر دەتوانم بڵێم: بۆ دەبێ ڕێ هەبێ تێیەکەی بقرتێ و بگوترێ (دەکەی) کەچی ڕێی قرتانی (یێیەکە) نەبێ، خۆ زۆر ئاشکرایە دەنگی (ی) لە کوردیدا بە ئاسانی لەناودەچێ! ئەگەر یێیەکە بنجی نەبا دەبوا ئەو ببێتە قوربانی تێیەکەو بگوترێ (دەکەت) لە جێگەی (دەکەی) هەر هەمان دەنگی (ت) لە ڕابوردووی تێپەڕدا بە هۆی ئەوەوە کە ڕاناوە هەرگیز تێچوونی بۆ نییە[25].

ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆم بە دەستەوە نییە، بەلام وا بیردەکەمەوە، کە گرانیی هەندێ حاڵەتی گەردانیی – بە تایبەتی بزوێن نەچوونە سەر بزوێن بەب کە گرانیی هەندێ حاڵەتی گەردانیی – بە تایبەتی بزوێن نەچوونە سەر بزوێن بەبێ ئاڵقەی پەیوەندی – ئە (ت)ەی هێنابێتە کایەوە.... چونکە گەڕان و پشکنین ئەوە دەردەخەن، زووتر لە حاڵەتی گەردانیدا پەیدابووە، وەک لە باری ئاسایی کرداردا.

---

[25]مەسعوود محەمەد، سووڕێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا، 'گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد'، ب٢، ژ١، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٩١.

وەک پێشتر وتمان زێوەر لە باری ئاساییدا تێکڕا (ی)ی وتووە... بەڵام لە هەندێ حاڵەتی گەردانیدا (ت)ی خستۆتە سەر (ی)، وەک:

وا بەجێماوە لە خێل ناگەیتە کوێستانی مراد
کوردە سادەی غیرەتێ، (غیرەت) نەوەی دینداریە

(زێوەر، ل ١٢)

دەرحەق بە (عیلم مەکتەب) ئەتۆ هاتیتە زبان
"فیکری" بڵندی تۆیە گەیشتۆتە "موشتەری"

(زێوەر، ل٢٣)

.... هتد

دەبینین زێوەر وتویە (ناگەیتە، هاتیتە ...) نەیوتوە (ناگەییە، هاتییە...)، بەڵام لە بەرهەمی شاعیرانی پێش ئەوو فۆلکلۆری کوردی و تووێژی ئەمڕۆی گەلێ ناوچەی کرمانجیی خوارووداا لەو بارە گەردانی‌یەشدا (ت)ەکە ناهێننە ناو کردارەکەوە و دەڵێن:

بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە پوولی ناڕەواج
بۆ پاروێکی نان ئەسەفە ڕوو دەکەی بە ساج

(مەحوی، ل ٩٢)

ڕێوی کوتی: "مراوی ئەتۆ بۆ لە بەحراندا هەر چشتی خۆش دەخۆی، گوێ نادەیە کەس؟"

(تحفەء مظفریە، ل ١٩٤)

... هتد

ڕاستە هیچ زیانێک لەوەدا نییە ئەو (ت)ەی کۆتایی (یت) بە بەشێک لە جێناوەکە لە قەڵەم بدرێ، هەروەها زیانیش نییە بووترێ

زیادییەکی گەردانی‌یە. وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: "هەر لایێکیان بێ زمانی کوردی زەرەری لێناکەوێ"[26] . بەڵام سەپاندنی ڕای ئەوانەی (یت)ەکە بە جێناو دادەنێن یاخود بە بەشێک لە جێناوەکەی دەژمێرن، دووچاری چەند کێشەیەکمان دەکات:

١ – لە مەسەلەی جێناودا لە سەرێکەوە درز دەخاتە نێوان شێوەی سلێمانی و بەشە دیالێکتەکانی سۆارن و موکریانەوە و لە سەرێکی تریشەوە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی - کرمانجیی خواروو و ژووروو – لەیەک دادەبڕێ.

٢ – بەم کارە سۆری هەڵە بە زۆربەی زۆری ئەدەبی کلاسیکیمانەوە دەنێین، چونکە (ت)ەکەیان بەکار نەهێناوە و هەروەها ڕێبازێکی ڕەوان لە ڕەوتی ئەدەبی نوێمان کوێر دەکەنەوە و ئازادیی دەربڕێن کەم دەبێتەوە، بەتایبەتی بە نیسبەت شاعیرەوە، کە وا دەبێ کێش و قافیەی شیعری بەند دەبێ بە تێبردنی ئەو (ت)ەوە[27] .

٢ – کەسیی سێیەمی تاک:

مامۆستا سەعید صدقی کابان دەربارەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەڵێ: "بۆ ماضی لازم بۆ موفردەی غائیب لە فیعلەکەدا دەشاردرێتەوە، (ل ٢٩). وشەی (نووست)ی بە نموونە هێناوەتەوە ... "ضەمیری حاڵ و ئیستیقبال چ لازم چە موتەعەدی .... (ێ) موفرەدی غائیب لە بەعضێ فیعلا (ئەلف) وەکو (دەخوا، دەڕوا)" ... (ل ٢٩). بەم پێیە نووسەری ناوبراو سێ حاڵەتی جێناوی (.، ێ، آ)ی دیاریکردووە.

---

[26] هەمان سەرچاوە، ل ٩٣.

[27] . هەمان سەرچاوە، ل ٩٢ - ٩٤

... د. کوردستانی موکریانیش لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی"دا هەروەک مامۆستا کابان ئەو سێ جێناوەی دەستنیشان کردووە (ل ٦٨)، بەلام لە وتاری "جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروودا"دا ئەوانەی بە کۆتایی کردار لەقەڵەم داوە (ل ٤٠)و (تەنیا (ێ)ی بە جێناو داناوە (٢٤١-٢٤١).

د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم لە وتاری "گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسان و پێکەوە نەنووسانەوە"دا، تەنیا (ێ)ی بە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک ژماردووە (٤٥٤-٤٥٦) و ئەوانی دی هەموو وەک کۆتایی کردار تەماشاکردووە (ل٤٥٣-٤٥٤).

بە باوەڕی مامۆستا تۆفیق وەهبی "آ (ات، اتین)، ێ (ێت، ێتینب)، . جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکن (ل ٨٩).

د. وریا عومەر ئەمین "،. ات، ێت"ی دیاریکردووە و (ل٢٦١) مامۆستا نووری عەلی ئەمین "ێ/ێت، ت/ات، ."ی دەستنیشان کردووە (ل ٩٢-٩٥). لە کتێبی "زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی"دا (ات، ێت، ." دانراوە (ل ٥٦). مامۆستا ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی"دا (ێت)ی نووسیوە (ل١٥٩-١٦٧).

مامۆستا محەمەد مەعرووف فەتتاح لە وتاری "خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا" (ێ، ێت، ئا، ئات)ی ناوبردووە (ل١٧٤). لیژنەی زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە لاپەڕە (٣٢٧)ی ژمارە (١٠)ی

گۆڤـاری کـۆڕدا (ت، یـت)ی دەستنیشـان کـردووە و لـە لاپـەڕە (٣٢٩)یشدا (ان، تیت)ی داناوە.

د. مەکـەنزی وا ڕادەگەیـەنێ لـە سلێمانیو وارمـاوا: (ێ/یت)؛ لـە بنگرد و پژدەر و موکریـان: (ێ/ێت، ی/یت)؛ لە هەولێر و ڕەواندز و خۆشناوەتی (ی/تن، ت) بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکاردەبرێن.

د. کـەریمی ئـەیووبی و د.ئی.ئـا. سـمیرنۆڤا لـە بەشـە دیـالێکتی موکریـدا فـۆرمی (.، ە)یـان دیـاریکردووە و مامۆسـتا مەسـعوود محەمەدیش هەر (.، ە)ی داناوە.

د. کـەریمی ئـەیووبی و د. ئی. ئـا. سـمیرنۆڤا، هـەروەک مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد فـۆرمی دەسـتەی دووەمـی جێناوەکانیـان دیاریکردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەهێناوەتەوە و وێڕای ئـەوەش وایـان لـە قەڵـەم داوە، کـە (ێ)ش جێنـاوێکی لکـاوی گشـتییە... بـەڵام مامۆستا مەسعوود نموونە و بەڵگـەی تـەواوی هێناوەتـەوە و (ێ)یـش بە جێناو دانانێ.

گـەڕان و پشـکنین و لێکدانـەوە لکـاوی کەسـی سـێیەمی تـاک بـەم جۆرە دەردەخەن: (ە)، (.).

١ – حاڵەتی دەرنەکەوتنی جێناو:

سـەرنج دەری دەخـا کـە وا پێـنج جێنـاوی (م)ی کەسـی یەکـەمی تـاک، (ی)ی کەسـی دووەمـی تـاک؛ (ین)ی کەسـی یەکـەمی کۆ، (ن)ی کەسـی دووەمـی کـۆ؛ (ن)ی کەسـی سـێیەمی کـۆ بـە ئاشـکرا لەگـەڵ کـرداری تێنـەپـەڕی ڕابـوردوو و ڕانـەبوردووی تێپـەڕ و تێنەپـەڕدا دەردەکەون، هەرچی کەسی سێیەمە دەرناکەوێ.

خوێنەر کاتێ (ێ/ێت)، (ا/ات) لە کۆتایی کردار ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕەوە دەبینێ و دەخوێنێتەوە، کە زۆربەی زمانەوانان بە جێناویان داناون، هەقیەتی بکەویتە گومانەوە .... جا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانە و ساغکردنەوە ئەو مۆرفیمانە و دەستنیشانکردنی حاڵەتی کەسی سێیەمی تاک لەو کێشەیە دەکۆڵینەوە:

مۆرفیمی (ێ/ێت):

لەنێو ئەو کۆمەڵە مۆرفیمەدا (ێ) لە هەموویان چالاکترە ... لەبارەی ئەم مۆرفیمەوە سێ کێشە هەیە:

یەکەم: ئایا مۆرفیمەکە (ێ)یە یان (ێت)ە؟.

دووەم: (ێ) جێناوە یان زیادەی گەردانییە؟.

سێیەم: مەودای بەکارهێنانی چۆنە؟.

جگە لە هەندێ بەڵگەی تایبەتی، هەروەها ئەوەی لەمەوپێش وتمان بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی (ی) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، نەک (یت)، دەکرێ زۆربەی دووبارە بکرێتەوە.

١ – لە گەشتی تێکستی ئەدەبی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا لێمان ئاشکرا دەبێ لە زوودا فۆرمی (ێ) بەکارهاتووە و زۆر درەنگ (ێت) بڵاو بووەتەوە. بۆ نموونە لە سەرپاکی شیعرەکانی نالی و شاعیرانی سەردەمی ئەودا وێنەی (ێت) لە یەک دوو شوێندا بەکارهاتووە، کەچی (ێ) لە سەدان شوێندا:

وەها مەستی تەماشای چاوتە "نالی" کە نازانێ
بە بێداری دەبینێ، یا لە نەشئەی مەستییو خەودا

(نالی، ل ٨٩)

نالی' خەبەری بێ ئەثەری غائیبە، ئەمما:
ناڵێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا

(نالی، ل٨٢)

کە بەرەوپێش دەچین و دێینە سەردەمی مەحوی ئەوە دەبینین دیسان هەر (ێ) بەکارهێنراوە:

هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەڕێنی چاو
عەرەق ڕیتن نەبێ، شەخصێ لە کاری خۆ خەجڵ چبکا؟

(مەحوی، ل١٤)

چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر
کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ

(مەحوی، ل١٠٠)

وەک ئاشکرایە، زێوەر ماوەیەک دوای مەحوی هاتووە، ئەوەتە ئەمیش هەر لەسەر ڕێڕەوی ڕۆیشتووە و هەر (ێ)ی وتووە:

دێوێکە گیانی تیا نی‌یە ئەکشێ بەچەشنی ماو
بێ‌دەست‌و قاچ و خوێنە بە بێ گۆشت و دەمار

(زێوەر، ل٤٢)

هاتە سەرپێ کە وا بچێ بۆ 'ئاو'
بە لەپا کەوتە سەر هەمانە دڕاو

(زێوەر، لم ٧٩)

بەڵێ لە بەرەمی هەندێ لە نووسەرانی سەردمی زێوەردا ناوەناوە فۆرمی (ێت) دەبینرێ و دواتریش پتر بەکارهاتووە.... هاتنەکایەی ئەم (ت)ە هیچ لەو ڕاستی‌یە مێژوویی‌یە ناگۆڕێ، کە ئەو

مۆرفێمە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لە شێوەی (ێ)دا بەکارهێنراوە.

٢ – تا ئێستاش نەک هەر لە گەلێ شوێنی دەوروپشتی سلێمانی، هەروەها لە دوو ناوچەی گرنگ و بەرینی سەر بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو– موکریان و سۆران چ لە زوودا و چ ئەمڕۆ هەر (ێ) دیارە وەک:

سەگ کوتی: "وا مەسەڵەحەتە، مشک کلکی خۆی لە ئەسپۆنێ وەربدا، وەختێکی جووە دەنوێ، بچێ کلکی خۆی دە کەپووی جوولەکەی بنێ، دەشمێ، ئەنگوستیلەکە دەردەپەڕێ .....

(تحفەءی مظفریە، ب١، ل١٩)

گیژۆڵەکەی بەسام و توندی خەزان
کە پەلاماری دایە باخ و ڕەزان
دەشکێنێ نەمامی شلک و تەڕ

(تاریکو ڕوون، ل ١٤٠)

لە مارانڕا دێ مەحموود بەتەنێ
بە جامان خەنە لەسمێران دەنێ

(فۆلکلۆر، ل ٣٦)

خوداوەندا دەخیلت بم هەتا کەی حاڵەتم وا بێ
وەتەن داخی لەبۆ من بێ، لە بۆ خەڵک بێ گوڵستانی

(میهری، ل ٢٩)

٣ – وەک گەلێ لە زانایان پەنجەیان بۆ درێژکردووە و[28] وەک تێکستی تۆمارکرا و دەریدەخا لە دیالێکتی ژووروودا مۆرفیمی ناوبراو لە شێوەی (ێ)دایە.

یەکە ڕێوندایی هاتیە، قەت نابیسێ گوتنانە

(مەمێ ئالان، ل ٥٣)

ئەوێ عەلی مەمەند دابوو زێڕاندنێ.

(کوردۆ، ل٣٤)

٤ – مۆرفیمی (ێ)، کاتێ لەگەڵ جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەمدا دێ، (ت)ی لەگەڵ نایەت، وەک:

دامێ، دامانێ، بردمێ، ناردمێ، ناردمێ....

وا دیارە ئەو (ت)ەی ئەمڕۆ بەدوا (ێ)دا بەکاردێ، شێوەوە شێوازی پەیدابوونی هەروەک ئەو (ت)ە بێ، کە لەدوا جێناوی (ی)ی کەسی دووەمی تاکەوە دێت.... چونکە تێکستی کوردی نیشانی دەدا، کە لە زوودا ئێجگار کەمبووە و دوایی لە حاڵەتی گەردانی کرداردا بە دەرکەوتووە و ئینجا بۆ باری ئاساییش پەرەی سەندووە....

لێرەدا دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین، د. مەکەنزی لە دوو سەرەوە بەهەڵەدا چووە، کە دەڵێ (تن) لە ناوچەی هەولێر و ڕەواندز و خۆشناوەتی[29] جێناوی لکاوی کەسی سێیەمە:

یەک – ئەو (تن)ە جگە لەو ناوچانەی ئەمڕۆ، کە د. مەکەنزی دەستنیشانی کردوون، لە زووشدا لە گەلێ شوێنی تری کوردستاندا

[28] بە وێنە، بڕوانە: (قەناتی کوردۆ، هەمان سەرچاوە، ل ١٩٥؛ چەرکەزی بەکۆ، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٠).

[29] بڕوانە: د. مەکەنزی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١١٠.

بەکارهاتوون. بۆ بەڵگەی ئەمە مامۆستا مەسعوود محەمەد نموونەی لە (شێخ ڕەزا تاڵەبانی)و (مەلا وەسمان)ەوە هێناوەتەوە[30] وا منیش بۆ پتەوکردنی ئەو ڕایە نموونەیەک لە (نالی)یەوە دێنمەوە.

مەه بە شەو هەڵدێ، پەنا دەگرێت و دەنوێتن بە ڕۆژ

دا بگاتە سیرڕی پەچچەی پەرچەم و وەصفی برۆی

(نالی، ل ٦٩٤)

دوو – لە ڕاستیدا ئەو (تن)ەش، هەروەک (ت) زیادەی گەردانییە و شایانی باسە مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەوەی ئیسپات کردووە[31].

تا ئێرە ئەوەمان ڕوون کردەوە کە ئەو پاشبەندە بە شێوەی (ێ) باوتر بووە و باوە، نەک بە شێوەی (ێت) ... ئنجا دێینە سەر لێکدانەوەی کێشەی دووەم: (ێ) جێناوە یان زیادیی گەردانییە؟

ئێمە دەبینین هەر کردارێکی تێپەڕ یا تێنەپەڕ لە کاتی ڕانەبوردوودا کە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم وەردەگرن ئەگەر ڕەگی کردارەکە یاخود ڕاستتر ئەو بەشەی کردارە کە دەکەوێتە پێش جێناوەکە کۆتایی بە هەر دەنگێکی نەبزوێن هاتبێ، چۆن بە ڕەوانی و ئاشکرایی جێناوی (م)ی کەسی یەکەمی تاکو (ی)ی کەسی دووەمی تاک و (ین)ی کەسی یەکەمی کۆ و (ن)ی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ وەردەگرن، لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی (ێ)ی پێوە دەنووسێ. بۆ نموونە:

کرداری تێنەپەڕ

---

[30]بڕوانە: مەسعوود محەمەد، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٠٣.

[31]بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢-١٠٤.

(کەسی یەکەم- دەچم، دەمرم، دەبم
تاک (کەسی دووەم- دەچی، دەمری، دەبی
(کەسی سێیەم- دەچێ، دەمرێ، دەبێ
(کەسی یەکەم- دەچین، دەمرین، دەبین
کۆ (کەسی دووەم- دەچن، دەمرن، دەبن
(کەسی سێیەم- دەچن، دەمرن، دەبن

کرداری تێپەڕ

(کەسی یەکەم- دەنووسم، دەنێرم، دەفرۆشم
تاک (کەسی دووەم- دەنووسی، دەنێری، دەفرۆشی
(کەسی سێیەم- دەنووسێ، دەنێرێ، دەفرۆشێ
(کەسی یەکەم- دەنووسین، دەنێرین، دەفرۆشین
کۆ (کەسی دووەم- دەنووسن، دەنێرن، دەفرۆشن
(کەسی سێیەم- دەنووسن، دەنێرن، دەفرۆشن[32]

بێتوو دەنگی پێش جێناوەکان بزوێنی (وو)ش بێ، دیسان ڕوون و ئاشکرا مۆرفیمی (ێ) خۆی دەنوێنێ:

(١-دەنووم، دەیانگرووم
تاک (٢-دەنووی، دەیانگرووی
(٣-دەنوێ، دەیانگروێ[33]
(١-دەنووین، دەیانگرووین
کۆ (٢-دەنوون، دەیانگروون
(٣-دەنوون، دەیانگروون

---

[32]ئەگەر کردارەکە ڕانەبوردووی بزریش بێ، ئەو،مۆرفیمی (ێ/ێت)ە هەر دەردەکەوێ، وەک: دەنووسرێ (ێت)، دەنێررێ (ێت)، دەفرۆشرێ (ێت)

[33]لەم حاڵەتەدا لەبەر نەهاتنی بزوێن بەدوا بزوێندا (وو) دەبێتە کۆنسۆنانتی (و- W).

دەشێ بوترێ، ئەگەر ئەو (ێ)یە زیادەی گەردانی کردار بوایە، وا ڕێک لەگەڵ جێناوەکانی تردا نەدەهات .....

یاخود ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ، کە ئەو (ێ)یە زیادەی گەردانی کردارە، ئەوە دەبێ بوترێ (م، ی، ین، ن، ن)ش هەر زیادین.

ئەمە دواتر وەڵام دەدەمەوە، بەڵام جارێ دەمەوێ ئەوە یادداشت بکەم، ئەگەر لە هەندێ باردا (ێ) باش دەرنەکەووت یان دەنگێکی تر لە جێی بینرا، نەبێتە هۆی سەرلێتێکچوون.

بۆ نموونە لەو کردارە ڕانەبوردووانەدا کە لە پێش جێناوەکانی (م، ی، ین، ن، ن)ەوە دەنگی (ێ) هەیە، بە ڕەوانی جێناوەکان بە دوا ئەو (ێ)یەوە دێن. وەک:

(١–دێم، دەخنکێنم، دەسووتێنم
تاک (٢–دێی، دەخنکێی، دەسووتێی
(٣–دێ، دەخنکێ، دەسووتێ

(١–دێین، دەخنکێین، دەسووتێین
کۆ (٢–دێن، دەخنکێن، دەسووتێن
(٣–دێن، دەخنکێن، دەسووتێن

بەڵام کە لە باری کەسی سێیەمی تاکدا کردارەکان دەبنە (دێ، دەخنکێ، دەسووتێ) هەر یەک (ێ)یە، ئەمە شتێکی سەرسووڕهاوەر نییە و وەک ئاشکرایە دوو بزوێنی (ێ) بەیەکەوە نایەن و یەکێکیان تێداچووە.

یاخود هەندێ جار هەر لە کاتی ڕانەبوردوودا (ا) لەبریتی (ێ) دەبینرێ، وەک:

١-ئەگەر دەنگی پێش جێناوەکە (ە) بێ. وەک:

(١-دەکەم، دەبەم، دەخەم
تاک (٢-دەکەی، دەبەی، دەخەی
(٣-دەکا، دەبا، دەخا

(١-دەکەین، دەبەین، دەخەین
کۆ (٢-دەکەن، دەبەن، دەخەن
(٣-دەکەن، دەبەن، دەخەن

٢-ئەگەر دەنگی پێش جێناوەکان (ۆ) بوو[34]. وەک:

(١-دەخۆم، دەڕۆم، دەشۆم
تاک (٢-دەخۆی، دەڕۆی، دەشۆی
(٣-دەخوا، دەڕوا، دەشوا

(١-دەخۆین، دەڕۆین، دەشۆین
کۆ (٢-دەخۆن، دەڕۆن، دەشۆن
(٣-دەخۆن، دەڕۆن، دەشۆن

هەرچی ئەم (ا)یە، ئەمیش شێوەی مۆرفێم (نمط المورفيم – Allomorph)ی (ێ)یە و دواتر لێی دەدوێین.

ئێستاش دێینە سەر کێشەی سێیەمی مۆرفیمی (ێ)، کە باسی مەودای بەکارهێنانیتی:

١-لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕدا دێ. وەک:

تێنەپەڕ – دەچێ، دەگەڕێ، دەمرێ

---

[34] لەم حالەتەدا نەک هەر پاشبەندەکە (ا)یە، بەڵکو (ۆ)کەش دەبێتە (و– W).ی کۆنسۆنانت.

تێپەڕ – دەنێری، دەفرۆشێ، دەگری

٢-دەچێتە سەرکرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ لە دۆخی نەهی ناصەریحدا، وەک:

تێنەپەڕ – نەچی، نەنوێ، نەمری

تێپەڕ – نەنێری، نەفرۆشێ، نەنووسێ

٣-بە کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕە دەلکێ لە دۆخی فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن خواستندا، وەک:

تێنەپەڕ – بچێ، بنوێ، بمری

تێپەڕ – بنێری، بفرۆشێ، بگری

٤-بە کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕی دەمی ڕابوردووی نزیکی ئینشائییەوە دەلکێ. وەک:

تێنەپەڕ – چووبێ، نووستبێ، کەوتبێ

تێپەڕ – خواردبێ، فرۆشتبێ، ناردبێ

٥-دەچێتە سەر کرداری تێپەڕ کە جێناوی دەستەی یەکەمی لە سەرەتاوە لەگەڵ هاتبێ. وەک:

دەماننێری، دەمانفرۆشێ، دەمانگەڕێ

٦-دەچێتە سەر هەندێ کرداری تێپەڕ، کە جێناوێکی دەستەی یەکەمی پێوەبێ و وا چاو دەخەڵەتێنێ دەوری بەرکار ببینێ. وەک:

دامێ، دامانێ ....

کە داغی سینەمی دی، دەردی دامێ

وتی: مۆرت هەیە، صاحیب بەراتی

(مەحوی، ل ٢٩٨)

مۆرفیمی (ا/ات)

(ا)شـێوەی مـۆرفیمی (ێ)یـە و تـەنیا لـەو حاڵەتانـەدا پەیدادەبێ، کـە (ێ) لە پاش هەندێ دەنگەوە ناتوانێ بێ، دەنا کە دەنگـەکان دەگـۆڕێن (ێ(دێتەوە. دەربارەی (ا)ی شێوەی مۆرفیمی (ێ)یش، هـەروەها سـێ کێشە هەیە:

ئایـا پاشـبەندەکە (ا)یـە یـان (ات)ە؟ دووەم – (ا) جێنـاوە یـان زیادەی گەردانی‌یە؟ ؛ سێیەم – مەودای بەکارهێنانی چۆنە؟

بەشـێک لـەو بەڵگانـەی پێشـتر بـۆ ئیسـپاتکردنی مـۆرفیمی (ێ) هێنامانەوە، (ا)ی شێوەی مۆرفێمیشیان بەردەکەوێ.

١–گەڕان بە دیوانی نـالی و مەحوی و زێـوەر،...دا، ئەوە دەردەخـا، کە تەنیا لە یـەک دوو شـوێندا نـەبێ – ئـەویش لـەو شـیعرانەدا کـە بـە پێی تێ کۆتاییان دێ – فۆرمی (ات)یـان بەکارنـەهێناوە، کـەچی دەیـان ڕێژەی کەسی سێیەم کۆتایی بە (ا) هاتووە:

دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە
بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا

(نالی، ل ٨٤)

ڕەم دەکا حەتتا لە میهر و مەهـ جونوون ئادابی عیشق
سێبەری لێ بارە هەر کەس مەیلی تەنهایی بکا

(مەحوی، ل ١٨)

هەواکەی (شاهۆ) ئاوەکەی (قەندیل)
لا ئەبا لە کورد ئێشی برینی

(زێوە ر، ل ٣٥)

٢-لە تێکستی فۆلکلۆری دوو ناوچەی موکریان و سۆراندا دیسان هەر فۆرمی (ا) بەرچاو دەکەوێ، وەک:

گوتیان: "نا، مام ڕێوی تۆبەی کردووە، هەموو ڕۆژێ بەرۆژووە، لە ئاوی شەوێ پارێزێ دەکا، دەچێتە حەججێ."

(تحفەءی مظفریە، ب١، ل ١٩٣)

هەروا دەڕوا لەنجەی دەکا

سەری مەمکی گەمەی دەکا

(فۆلکلۆر، ل٥٢)

.... هتد

وا پێدەچێ ئەو (ت)ەی ئەمڕۆ بەدوا (ا)دا بەکاردێ شێوە و شێوازی پەیدابوونی هەروەک ئەو (ت)ە بێ کە لەدوا جێناوی (ی)ی کەسی دووەمی تاک و (ێ)ی کەسی سێیەمی تاکدا دێ... چونکە تێکستی کوردی نیشانیدەدا کە لە زوودا ئێجگار کەم بووە و دوایی لە حاڵەتی گەردانی کرداردا بەدەرکەوتووە و ئنجا بۆ باری ئاسایش پەرەی سەندووە.

دوای لێکدانەوەی فۆرمی مۆرفیمەکە، ئینجا با بزانین (ا) جێناوە یان زیادی گەردانییە.

پێشتر ئەوەمان باسکرد، کە لە دوو حاڵەتی کاتی ڕانەبوردوودا (ا) بە دەردەکەوێ:

١-ئەگەر دەنگی پێش جێناوەکان (ە) بێ.

لەم دۆخەدا جێناوی (م)ی کەسی یەکەمی تاک و (ن)ی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ لەبەر ئەوەی نەبزوێن بەڕەوانی بەدوا بزوێنی (ە)دا دێن، (ی- i)ی کەسی دووەمی تاکو (ی- i) سەرەتای (ین)ی

کەسی یەکەمی کۆ قۆرتیان بەوە دەرەوێتەوە، کە دەبن بە (ی — Y) نەبزوێن. دەمێنێتەوە سەر (ێ)، کە لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدا دەبێ بە شێوەیەک دەرەکەوێ. لەبەر ئەوەی (ێ) نە دەتوانێ ببێ بە نەبزوێن و نە نزیکایەتی لەگەڵ (ە) هەیە، بۆیە لەم بارەدا (ا)ی شێوەی مۆرفیمی دێ. لەبەر ئەوەش کە (ە) لە (ا) لاوازترە تێدەچێ و کردارەکان دەبنە: (دەکا، دەبا، دەخوا ...)

٢-ئەگەر دەنگی پێش جێناوەکان (ۆ) بوو.

هەر پێنج جێناوی (م، ی، ت، ین، ن، ن) چۆن لە بەشی یەکەمدا هاتبوون لێرەشدا هەر بەو چەشنە دێن ... هەرچی (ێ)یە دیسان نە دەتوانێ بەدوا بزوێندا بێ و نە دەشێ ببێ بە نەبزوێن، بۆیە سەرلەنوێ (ا)ی شێوەی مۆرفیمی (ێ) سەرهەڵداتەوە. جىا کە سەریش هەڵداتەوە کێشە هەر دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە بزوێن بەدوا بزوێندا نایەت ... بەڵام قۆرت بەوە دەرەوێتەوە، کە بزوێنی (ۆ) دەبێ بە نەبزوێنی (و-W). جیاوازی حاڵەتی یەکەم و دووەم لەوەدایە، لە حاڵەتی یەکەمدا بزوێنی پێش (ا) کە تێداچووە و لە حاڵەتی دووەمدا بووە بە بزوێن.

بۆ ئەوەش کە پتر بیچەسپێنین کە ئەم (ا)یە شێوە مۆرفیمی (ێ)یە، ئەگەر سەیری ئەو کردارانە بکەین کە ناومان بردن و ئەوانەیان لێهەڵبژێرن کە لە گەردان کردنیاندا جێناوی دەستەی دووەم وەردەگرن، دەبینین کاتێ لە دەمی ڕابوردووی ئینشائیی نزیکدا کۆتاییان دەبێتە دەنگێکی نەبزوێن و (ە) یان (ۆ) نامێنێ، ئەوسا (ا) نایەت و (ێ) خۆی دێتەوە. بە وێنە: کردبێ، بردبێ، خستبێ، خواردبێ .....

لەبەر ئەوەی (ا) لە هەموو ڕوویەکەوە لە (ێ) کزترە، بۆیە مەودای بەکارهێنانیشی تەسکترە، بەڵام لەو مەیدانانە کە تێیاندا بەکاردەبرێ، بەشی مەیدانی (ێ)ن:

١-لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕدا دێ:

تێنەپەڕ- دەڕوا ...

تێپەڕ- دەخوا ....

٢-دەچێتە سەر کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ لە دۆخی نەهی ناصەریحدا:

تێنەپەڕ- نەڕوا ....

تێپەڕ- نەخوا ....

٣-بە کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕەوە دەلکێ لە دۆخی فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن خواستن:

تێنەپەڕ- بڕوا ....

تێپەڕی- بخوا ...

٤-دەچێتە سەر کرداری تێپەڕ کە جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە بێ (بە مەرجێ لە سەرەتاوە هاتبێ):

دەمخوا، دەمانخوا ..

دەمشوا، دەمانشوا ...

نەبوونی پاشبەند:

هەموو کردارە تێنەپەڕەکان لە هەریەکێ لە چاوگی دالیـیەوە یان یێیـیەوە بن، لە کاتی ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائی ڕەبەق یان

بەردەوام یان دووردا[35] لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدا نە جێناو و نە زیادەی گەردانی وەرناگرن. بە وێنە (مردن، نووستن، گەڕان، چوون، فڕین):

ا-ڕابوردووی ئیخباری:

١-ڕابوردووی ئیخباریی ڕەبەق:

مرد، نووست، گەڕا، چوو، فڕی

٢-ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەمرد، دەنووست، دەگەڕا، دەچوو، دەفڕی

٣-ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

مردبوو، نووستبوو، گەڕابوو، چووبوو، فڕیبوو

ب-ڕابوردووی ئینشائی:

١-ڕابوردووی ئینشائی ڕەبەق:

مردبا، نووستبا، گەڕابا، چووبا، فڕیبا

٢-ڕابوردووی ئینشائی بەردەوام:

بمردبایە، بنووستبایە، بگەڕابایە، بچووبایە، بفڕیبایە

(بمردایە، بنووستایە، بگەڕایە، بچوایە، بفڕییایە.

جێناوی کەسی سێیەمی تاک و زێدەی گەردانی لە ڕێژەی ڕابوردووی تێپەڕی ئیخباری و ئینشائی ڕەبەق یا بەردەوام یان دووردا دەرناکەوێت.

---

[35] ئێمە لێرەدا سێ جۆرە ڕابوردووی ئینخباری و ئینشائیمان دیاریکرد و جۆری چوارەم کە ڕابوردووی نزیکە، ناومان نەبرد، چونکە ڕابوردووی نزیک لە حاڵەتی ئینشائیدا، وەک پێشتر باسمانکرد پاشبەندی (ی) وەردەگری، وەک (مردبی، نووستبی، گەڕابی، چووبی، فڕیبی ...). لە حاڵەتی ئینخبارییشدا وەک دواتر لێی دەدوێین جێناوی (ە) وەردەگری، وەک: (مردووە، نووستووە، گەڕاوە، چووە، فڕیوە ...).

وەک:
ا-ڕابوردووی ئیخباری:
١-ڕابوردووی ئیخباریی ڕەبەق:
نووسرا، کوژرا ...
٢-ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:
دەنووسرا، دەکوژرا ...
٣-ڕابوردووی ئیخباریی دوور:
نووسرابوو، کوژرابوو ...
ب-ڕابوردووی ئینشائی:
١-ڕابوردووی ئینشائیی ڕەبەق:
نووسرابا، کوژرابا ...
٢-ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:
بنووسرابایە، بکوژرابایە ...
(بنووسرایە، بکوژرایە ...)
٣-ڕابوردووی ئینشائیی دوور:
نووسرابووبایە، کوژرابووبایە ...
(نووسرابووایە، کوژرابووایە ...)

هەندێ کرداری تێپەڕ هەیە لە کاتی ڕانەبوردوودا کە بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکاردێن، زیادەی گەردانیی (ی)یان دەچێتەسەر. وەک:
دەژی، دەگری ...

ئەگەرچی زۆربەی نووسەران ئەو (ی)یەشیان بە جێناوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی دووەم داناوە، بەڵام بەهەڵەدا چوون و هەر

ئـەو نموونانـەی بـۆ جێنـاو نـەبوونی (یٚ/یٚـت/ا/ات) هێناومانتەوە، دەتوانن ببنە بەڵگەی ڕەتکردنەوەی جێناو نەبوونی (ی)یش ...

ب-جێناوی (ە):

نووسـەرانی ڕێزمـانی کـوردی (جگـە لـە مامۆسـتا نـووری عـەلی ئـەمین بـەپێی بۆچـوونی زووی و مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد)، بزوێنی (ە)ی کۆتایی ڕستەی وەک: "دارا مەردە"؛ "ئەو کـوردە"؛ "خـۆر بڵنـدە" ... یـان بـە کـرداری "بـوون (فعـل الکینونـە –verb to be) داناوە".[36]

بەڵێ مامۆستا مەسعوود ڕاست بۆی چووە، کە دەڵـێ لـەم جـۆرە ڕستانەدا "کوا فیعل؟ دەزانین هەموو فیعلێک لە خودی خۆیدا، واتە لـە ناوەرۆک واتـای وشـەکەیدا، دوو ڕەگـەزە (کـاتو ڕوودان)ن، هـەرچی فیعلی جیهان هەیە بیانهێنەوە بە نموونەی دەمەتەقە، تاکێکیان بێ ئـەم دوو ڕەگـەزە نییـە و ئیمکـانیش نییـە هـەبێ" (سـوورێکی خامـە ...، ل ١١١) ... بە دوا ئەمەدا مامۆستا مەسعوود بە چەندین بەڵگەی واقیعی و زمانەوانی ئەوە ئیسپاتدەکا، کە ئەو ڕستانە کات و ڕوودانیان تێدا نییە (ل ١١٤-١١٨).

کـە دەوتـرێ "دارا مـەردە" ... تـەنیا ڕاسـتییەک بـاسکراوە و مەبەست ئەوە نییە (تازە دارا بۆتە مەرد)، تا بیرمان بۆ ڕوودان بچێ. لە ڕستەکەدا مەردایەتی ئەو ڕووداوێکی نوێ نییـە کـە پێشـتر بـوونی نەبووبێ ... بەڵام بێتوو بووترێت "ئەو مەرد بوو"، ئـەودەم مەردایـەتی ئـەو دەبـێ بـە ڕووداوێـک لـە کـاتی ڕابـوردوودا، واتـە لێرەدا واتـای

---

[36] بڕوانـە بەرهەمـەکانی: توفیـق وەهبـی، نـووری عـەلی ئـەمین، محەمـەد ئـەمین هـەورامانی، عەبدوڵڵا شـالی .... و گەلێکیتر.

تەجریدی مەردایەتی بە هۆی کرداری (بوو)ەوە دەبێتە ڕوودان. هەروەهاش لە "نووستووم" یا "نووستووە"دا جێناوە لکاوەکان بە هۆی ڕێژەییێکی کرداری "نووستن"ەوە دەبنە ڕاگەیێنی واتای "ڕوودان"، بەڵام هیچ کامێک لە جێناوەکان لە خودی خۆیاندا ڕوودانیان تێدا نییە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە دیاریکردنی هۆی بەهەڵەچوونی زمانناسان لەم کێشەیەدا باش نیشانی پێکاوە، کە دەڵێ: "بەڕاستی ئەوەی زەین دەخەڵەتێنێ و بەرەو هێندێ دەبا وا بزانێ لە ڕستەی (مەردم، مەردە)دا ڕاناو هەبێ، ئەو (حکمو اسنادە)یە کە ڕاناوە چالاکەکە ڕایدەگەیەنێ و بەوەدا بزوتنەوەییکی واتایی پەیدادەبێ لە ڕستەکەدا کە هەرگیز لە وشەی ساردە و سڕ و بێتاو و تین پەیدانابێ ئەگەر هەزاریشی بەدوایەکەیدا قەتارکەی. کە بڵێی (لێرەوە تا کەرکوک دەشت) و وەستای لە قسەکەت، چەند لاشەییکی وشەو ئەمڕازت بەدوا یەکەیدا ڕیزکردووە بێ گیان و بزووتنەوە، بەڵام کە گوتت (... تا کەرکووک دەشتە) ئا ئەم بزوێنەی کۆتایی ڕستەکە گیانێک و جموجۆڵێک دەخاتە بەر وشەکانو ڕەگەزێکی تازە دێنێتە ناوەڕۆکی ڕستەکەوە کە بریتییە لە بڕیاردانی (دەشتایەتی) مەودای میانی ئێرەو کەرکووک. فامرانەوەی ئەو بڕیارە لە ڕستەکەدا وا دەکا خەیاڵ بۆ واتای ڕوودان بڕوا، کەچی هیچ شتێک لە نەبوویەوە پەیدانەبووە، واتە ڕوودان لە گوتەکەدا نییە، لە ڕاگەیاندنی حەقیقەت بەولاوە ئەو بڕیار (حکم و اسنادە)ە لە فیعلیشدا هەیە سەرەڕای کە کاتو ڕوودانیش هەیە، واتە لە ڕستەی (نووسی) ڕوودانی (نووسین) لە کاتی (ڕابوردوو) دوو ڕەگزەی ڕەسەنی فیعلەکەی (نووسین)ن لە

کاتی ڕابوردوودا قەوماوە، بەڵام لە ڕستەی (دارا مەردە)دا لە غەیری بڕیاری هەبوونی مەردایەتی کە هێزوپێزی گوتەکەی، نە ڕووداو نە چ کاتێک مەبەستی گوتەکەیە، کە مەبەست نیە لێشی نافامرێتەوە" (ل -١١٥).

لەسەر بناغەی ئەو بەڵگانەی مامۆستا مەسعوود محەمەد و هەندێ بۆچوونی خۆم، ئەوەمان لێکدایەوە کە (ڕووداو) لە ڕستەی وەک "دارا مەردە"، "پەروین زیرەکە"؛ "ئەو کوردە"دا نییە ... ئێستاش با بزانین (کات) لەم ڕستانەدا هەیە یا خود نییە؟

ئێمە کە دەڵێین "پەروین زیرەکە"؛ "پیرەمەگروون شاخێکی بەرزە"؛ "دڵ لای چەپە"؛ "شیر خۆشە"؛ "کۆتر مەلێکی جوانە"؛ "بەرد ڕەقە" ... لەم ڕستانەو سەدانی تری وەک ئەواندا بە بیری کەسدا نایەت بیربکاتەوە: پەروین کەی زیرەک بووە؟ شاخی پیرەمەگروون ئێستا یان لەزوودا بەرزبووە؟ دڵ لە کەیەوە لای چەپەوەیە؟ شیر لە چ دەمێکەوە زانراوە خۆشە؟ کۆتر لە چ زەمانێکدا مەلێکی جوان بووە؟ بەرد تازە ڕەق بووە یان لە دێر زەمانەوە هەروا بووە؟ ... ئاخێوەر لەم وتانەدا مەبەستی دەربڕینی ڕاستییەکە بێ ئەوە ئاگای لە دوێنێ و ئیمڕۆ و سبەینێ هەبێ و بێ ئەوە ڕستەکەش خۆی لە خۆیدا چ کاتێکی دەستنیشان کردبێ "کە دەڵێی (هەنگوێن شیرینە) ڕاستێکت گوتووە لە هەموو کاتدا هەر ڕاستە، واتە لەوەتەی هەنگوین هەبووە هەر شیرین بووە، ئێستاکەش شیرینە و لە دواڕۆژیشدا هەر شیرین دەبێ، خۆ کەسیش نالێ لەم ڕستەیەدا سێ کات کۆبۆتەوە بەجارێ" (ل ١١٧).

مەبەست لە بوونی کات لە وشە یاخود ڕستەدا ئەوەیە لە خودی وشەکە یان پێکهاتنی ڕستەکەدا کات هەبێ، نەک لە دەرەوە پێویست یان ڕاگەیاندنی حاڵ یان هەر شتێکی‌تر هێنابێتی، ئەگەر تەنها تەماشای واتا و ناوەڕۆکی وشەو پێکهاتنی ڕستە نەکەین و گوێ ڕاگرین دەنگ و سەدای دەرەکی داخوا کاتمان بۆ تێ‌دەخوێنێتەوە یان ناخوێنێتەوە، هەموو کردارەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن و شیرازەی باسی زانستی زمان لەبەر یەکتر هەڵدەوەشێ ....

"لە ڕستەی وەک (دارا مەردە، ترێ میوەیە) کە وا مەبەست دەرخستنی باوەڕێک یا ڕاستی‌یەکی (مطلق)ە و هیچ یەک لە بەشەکان و کەرتەکانی ڕستەکان لە خۆیانەوە پەنجە بۆ کاتێکی دیارکرا و درێژناکەن، هەر (اعتبار)ێکی دەرەکی بێ و کات (تحدید)کا بۆ ئەم باوەڕە یا ڕاستییە، بایەخی پێ نادرێ لە گۆشەی نیگای ڕێزمان و زانستی زمانەوە. کە لە عەینی ڕستەکەدا کات پەیدانەبوو ئیتر ئەوا کات نییە" (ل ١١٨-١١٩).

بەم پێیە دەردەکەوێ کە بزوێنی (ە)ی کۆتایی ڕستەی وەک "دارا مەردە"؛ "ئەو کوردە"؛ "پەروین زیرەکە" ... کردار نییە، چونکە ڕوودانو کاتی تێدا نییە.

من وای بۆ دەچم (ە) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی دووەمە و لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەکاردێ:

١-بە کرداری تێنەپەڕەوە دەلکێ، کە لە دۆخی ڕابوردوو و نزیکی ئینشائی‌دا بێ، وەک:

	(کەسی یەکەم- نووستووم، گەڕاوم، چووم، فڕیوم
تاک	(کەسی دووەم-نووستووی(یت)، گەڕاوی(یت)، چووی(یت)، فڕیوی(یت)
	(کەسی سێیەم-نووستووین، گەڕاوین، چووین، فڕیوین
کۆ	(کەسی دووەم-نووستوون، گەڕاون، چوون، فڕیون
	(کەسی سێیەم-نووستوون، گەڕاون، چوون، فڕیون

من کوردم	؛ من خەڵکی هەولێرم
تۆ کوردی(یت)	؛ تۆ خەڵکی هەولێری(یت)
ئەو کوردە	؛ ئەو خەڵکی هەولێرە
ئێمە کوردین	؛ ئێمە خەڵکی هەولێرین
ئێوە کوردن	؛ ئێوە خەڵکی هەولێرن
ئەوان کوردن	؛ ئەوان خەڵکی هەولێرن

٢-لە ڕستەی بێکرداردا دەچێتە سەر:

أ- ناو:

ب- ئاوەڵناو:

من زیرەکم	**؛ من کوردێکی نەبەردم**
تۆ زیرەکی(یت)	**؛ تۆ کوردێکی نەبەری(یت)**
ئەو زیرەکە	**؛ ئەو کوردێکی نەبەردە**
ئێمە زیرەکین	**؛ ئێمە کوردێکی نەبەردین**
ئێوە زیرەکین	**؛ ئێوە کوردێکی نەبەردن**
ئەوان زیرەکن	**؛ئەوان کوردێکی نەبەردن**

ج-زۆربەی جێناوەکان:

١-جێناوی کەسیی جودا:

من منم	**؛من لە تەنیشت تۆوەم**
تۆ منی	**؛تۆ لە تەنیشت منەوەی(یت)**
ئەو منە	**؛ئەو لە تەنیشت منەوەیە**
ئێمە ئێوەین	**؛ئێمە لە تەنیشت تۆوەین**
ئێوە ئێمەن	**؛ئێوە لە تەنیشت منەوەن**
ئەوان ئێوەن	**؛ئەوان لە تەنیشت منەوەن**

٢-جێناوی خۆیی:

من خۆم	**ئێمە خۆین**
تۆ خۆی(یت)	**ئێوە خۆن**
ئەو خۆیە	**ئەوان خۆن**

٣-جێناوی پرسیار:

من کێم	**؛من کامەم**
تۆ کێی(یت)	**؛تۆ کامەی(یت)**
ئەو کێیە	**؛ئەو کامەیە**
ئێمە کێین	**؛ئێمە کامەین**
ئێوە کێن	**؛ئێوە کامەن**
ئەوان	**؛ئەوان کامەن**

٤-جێناوی نیشانە:

من ئەمەم	**ئێمە ئەمەین**
تۆ ئەمەی(یت)	**ئێوە ئەوەن**
ئەو ئەمەیە	**ئەوان ئەمەن**

٥-جێناوی نادیار:

من کەسێکم	**ئێوە کەسێکین**
تۆ کەسێکی(یت)	**ئێوە کەسێکن**
ئەو کەسێکە	**ئەوان کەسێکن**

٦-جێناوی نەفی:

من هیچم	**ئێمە هیچین**
تۆ هیچی	**ئێوە هیچن**
ئەو هیچە	**ئەوان هیچن**

د-دەچێتە سەر ژمارە:

من یەکم	**ئێمە چوارین**
تۆ یەکی(یت)	**ئێوە چوارین**
ئەو یەکە	**ئەوان چوارن**

٥-دەچێتە سەر چەند جۆرێک لە ئاوەڵکردار:

١-ئاوەڵکردار شوێن:

من لێرەم	**؛من لە سەرەوەم**	**؛من لە ژوورەوەم**
تۆ لێرەی(یت)	**؛تۆ لە سەرەوەی(یت)**	**؛تۆ لەژوورەوەی(یت)**
ئەو لێرەیە	**؛ئەو لە سەرەوەیە**	**؛ئەو لە ژوورەوەیە**
ئێمە لێرەین	**؛ئێمە لە سەرەوەین**	**؛ئێوە لە ژوورەوەن**
ئەوان لێرەن	**؛ئێوە لە سەرەوەن**	**؛ئێوە لە ژوورەوەن**

.... و هتد

ئێستاش دێینە سەر باسکردنی ئەو بەڵگانەی کە جێناو نەبوونی مۆرفیمی "ێ(یت)//ا(ت)،ی" بە ئاسانی پێ ئیسپات دەکرێ:

لە سەرەتادا لە ڕەتکردنەوەی بە جێناو دانانی (ت)ی کۆتایی ئەو فۆرمانە دەدوێین.

هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بۆ بەڵگەی جێناوبوونی دەنگی (ت)ی کۆتایی کردارەکانی، وەک: (دەچێت، دەڕوات ....)، دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەو دەنگە لە کاتی بەکارهێنانی پاشگری (ەوە)دا بەدیار دەکەوێتەوە – واتە هەرچەند دەشێ بگوترێ (دەچێ، دەڕوا ....)، بەڵام کە ویستمان پاشگری (ەوە)یان بەدوادا بهێنین، دەبێ دەنگەکەی (ت) زیندوو بکەینەوە و بڵێین (دەچێتە، دەڕواتەوە ...). گوایە بەمە ئیسپات دەبێ کە دەنگی (ت) جێناوە[37].

بە تەواوی ڕام لەگەڵ ڕای مامۆستا مەسعوود محەمەددا دەگونجێ، کە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی ڕواڵەت پەرستییە چ

---

[37] بڕوانە: ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦ (ڕای د. نەسرین فەخری، ل ٥٠).

پێوەندی بە قووڵایی زمان و دەستووری ئاخاوتنەوە نییە. ئەو کەسەی خەیاڵی بۆ دیاردەی هاتنەوەی ئەم (ت)ە چووە دەبوو لەگەڵ ئەوەدا خەیاڵی بۆ کەسی دووەمی تاکیش چووبایە لە فعلەکانی وەک: (دەخۆیت، دەکەین، دەچیت) کە لەواندا بەشی زۆری کورد دەڵێن (دەخۆیەوە، دەکەیەوە، دەچیەوە، دەنوویەوە ...)

چونکە لەمەدا بۆمان معلوم دەبێ بەنیسبەت ڕاناوی کەسی دووەمەوە جگە لە دەنگی (ت) کە لە کۆتایی ڕاناوەکە هەیە دەنگێکی تری (ی)ش هەیە, ئەم پاشگرەی (ەوە) خۆی پێوەبگرێت, بۆیە بوو توانرا دەنگەکەی (ت) لە فعلەکانی (دەکەیت، دەڕۆیت ...)بسوێت و ڕاناوە ڕاستەکییەکەی (ی) بمێنێتەوە کە دەزانین ئەم (ی)یە هەرگیز سوانی بۆ نییە، واتە وەک دەنگەکەی (ت) نییە بسوێت‌و نەسوێت. لە حاڵەتی فعلی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا چ ڕاناوی وەک (یت) وجودی نییە تاکو بتوانین لەوێشدا دەنگە سواوەکان بە سواوی بهێڵینەوە و پاشگرەکە بەو بەشەی ڕاناوەوە بلکێنین, کە وا وەک (ی)ەکەی کەسی دووەمی ماوەتەوە و سوانی بەسەردا نەهاتووە. لە فعلی (دەڕۆیت-دەڕۆی) ڕاناوەکە دەنگی (ی)ەو دەتوانی بڵێی (دەڕۆیەوە), بەڵام لە فعلی (دەڕوا) نە ڕاناو هەیە نە دەنگێکی کۆنسۆنانت هەیە, پاشگری (ەوە) خۆی پێوە بگرێتەوە بۆیە دەبێ دەنگێکی کۆنسۆنانت بێ و ببێتە ئاڵقەی پێوەندی.

هاتنەوەی دەنگی (ت) ۆ پێشایی (ەوە) صیفەتێکی تازە بەو (ت)ە نابەخشێتW نایکاتە ڕاناو. ئەم دەنگە بەر لە قرتان و سوانی چی بووبێت بە هەمان صیفەتەوە دەگەڕێتەوە، واتە ئەگەر شێوە و زیادەی تصریف بێت، هەروەها دێتەوە، کاتێک پێی دەڵێین ئەم دەنگە

بە ڕاناوی دێتەوە بۆ دوای پاشگری (ەوە) کە ئیسپاتمان کردبێت لە بنەڕەتدا ڕاناو بووە" .... "لە زۆر جێگەی کوردستاندا ئەم پاشگرەی (ەوە) کە بە دوا فعلی ئەلفیدا دێت دەنگێکی (ی) ناوەندی دەهێنن بۆ ئەوەی پاشگرەکە خۆی بگرێت کەسیش نەیگوتوە ئەم دەنگە ناوەندییە ڕاناوە یا بەشێکە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن.

به نموونە سەیری ئەم ڕستانە بکە: (هەڵستا – هەڵستانەوە، گەڕا – گەڕایەوە ..." (بڕوانە: چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، ل ٨٦-٨٨).

وردبوونەوە و سەرنجڕاگرتن، بەڵگەی دیکەی وەک ئەمانە پەیدادەکەن. بە وێنە تەماشاکردنێکی ڕێژەی هەندێ کردار کە جێناوی ئاشکرایان پێوەیە و لەگەڵیشیان زیادەی (ت) هاتووە، بە ئاسانی جێناو نەبوونی (ت) ئیسپات دەکات .... ئەگەر نووسەر هەر لە چوارچێوەی (چووبێ – چوەتەوە – چووبێتەوە)دا بمێنێتەوە، ئەوە (ت)ی لێ تەسکە دەرچێ و بڕوانێتە حاڵەتەکانی (چوومەتەوە – چووینەتەوە-چوونەتەوە... چووبمەتەوە-چووبینەتەوە- چوبنەتەوە ....) دەبینێ لەگەڵ جێناوەکانی (م)ی کەسی یەکەمی تاک و (ین)ی کەسی یەکەم کۆو (ن) ی کەسی دووەم سێیەمی کۆدا هەمان (ت) هاتۆتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە نە لە ڕووی واتاوە نە لە ڕووی دەستووری زمانەوە ئەو (ت)ە نە جێناوەوە نە دەوری جێناو دەبینێ، بەڵکو زیادەیەکی گەردانیوون دەبێتەوە نە لە ڕووی واتاوە نە لە ڕووی دەستووری زمانەوە ئەو (ت)ە نە جێناوەوە نە دەوری جێناو دەبینێ، بەڵکو زیادەیەکی گەردانی‌یە ...

ئینجا لەو بەڵگانە دەدوێین، کە جێناو نەبوونی (ێ//ا)و (ی) یان پێ ئیسپات دەکرێ و نیشانیدەدەن، کەسی سێیەمی تاکی کرداری ڕابوردووی تێنەپەڕ و ڕانەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ جێناوی ئاشکرایان نییە:

١-ئێمە وەک دەزانین جێناوەکانی دەستەی دووەم لەگەڵ ڕانەبوردوو و ڕابوردووی تێنەپەڕدا ئاشکرا دەردەکەون، وەک:

ا-ڕانەبوردوو:

دەچم، دەڕۆم	**(م) کەسی یەکەم**	
دەچی(یت)، دەڕۆی(یت)	**(ی) کەسی دووەم)**	**تاک**
دەچێ(ێت)، دەڕوات(ات)	**(.) کەسی سێیەم)**	
دەچین، دەڕۆین	**(ین) کەسی یەکەم)**	
دەچن، دەڕۆن	**(ن) کەسی دووەم)**	**کۆ**
دەچن، دەڕۆن	**(ن) کەسی سێیەم)**	

ب-ڕابوردوو:

چووم، دەچووم،چووبووم ...

ڕۆیشتم، دەڕۆیشتم، ڕۆیشتبووم ..... (م) کەسی یەکەم

چووی(یت)، دەچووی(یت)، چووبووی(یت)

ڕۆیشتی، دەڕۆیشتی(یت)، ڕۆیشتبووی(یت).... (ی) کەسی دووەم تاک

چوو، دەچوو، چووبوو ...

ڕۆیشت، دەڕۆیشت، ڕۆیشتبوو ..... (.) کەسی سێیەم

چووین، دەچووین، چووبووین ...
ڕۆیشتین، دەڕۆیشتین، ڕۆیشتبووین ... (ین) کەسی یەکەم

چوون، دەچوون، چووبوون ...
ڕۆیشتن، دەڕۆیشتن، ڕۆیشتبوون .... (ن) کەسی دووەم کۆ

چوون، دەچوون، چووبوون ....
ڕۆیشتن، دەڕۆیشتن، ڕۆیشتبوون ... (ن) کەسی سێیەم

لە بەشی (ا)یش و (ب)یشدا پێنج جێناوی (م، ی، ین، ن، ن) ئاشکرا دیارن و هیچ گومانێک لە جێناوبوونیاندا ناکرێ ... هەرچی حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکە کە لە کاتی ڕانەبوردوودا لە کۆتاییەوە "ێ(یت)//ا(ات) ..." دەبینرێ، ئەگەر جێناو بوایە، دەبوو وەک هەموو ئەوانیتر لە کاتی ڕابوردوودا دەرکەوتایەتەوە.

٢-ئەگەر کردارێکی کاتی ڕانەبوردووی تێپەڕ بێنین گەردانی بکەین:

دەفرۆشم	**، دەخۆم**
دەفرۆشی(یت)	**، دەخۆی(یت)**
دەفرۆشێ(ێت)	**،دەخوا(ات)**
دەفرۆشین	**، دەخۆین**
دەفرۆشن	**، دەخۆن**
دەفرۆشن	**، دەخۆن**

بە ڕوخسار وا دەردەکەوێ کە "ێ(ێت)//ا(ات)"یش وەک (م، ی، ین، ن، ن) جێناوبێ، بەلام لەڕاستیدا وا نییە، بەلگەش بۆ ئەوە، ئەمەیە جێناوانە لەو ڕێژەیەی سەرەوەدا، کە وەک کارا (فاعل) هاتوون، ئەگەر بیانخەینە حالەتێکی بەرکار (مفعول)ێیەوە، دەبینین تەنیا "ێ (ێت)// آ (ات) ..." نامێنێ و دەنا ئەوانیتر هەموو دێنەوە. وەک:

دەیانفرۆشم	، دەیانخواردم
دەیانفرۆشتی(یت)	، دەیانخواردی(یت)
دەیانفرۆشت	، دەیانخوارد
دەیانفرۆشتین	، دەیانخواردین
دەیانفرۆشتن	، دەیانخواردن
دەیانفرۆشتن	، دەیانخواردن

ئەگەر ئەو "ێ(ێت)//ا (ات)"ەی لە کۆتایی کرداری ڕانەبوردووی کەسی سێیەمی تاکدا جێناو بوایە، دەبوو ئەویش وەک (م، ی، ین، ن، ن) دەربکەوتایە و ببوایە بە بەرکار. جا ئەمە نیشانی ئەوە دەدا، کە "ێ(ێت)//ا(ات)" زیادەی گەردانە و جێناو نییە.

٣-بەشێک لە زمانەوانان بۆ پتەوکردنی دانانی (ێ) بە جێناوی کەسی سێیەمی تاک هەندێ نموونە دەهێنێتەوە، کە ڕەنگە چاوی پێبخەلەتێ، وەک ئەوەی دەلێن، لە وشەکانی (دامێ، دامانێ)، (ێ) جێناوی کەسی سێیەمی تاکە و لەگەل کرداری رابوردوودا هاتووە و دەوری بەرکار دەبینێ... هەرچی (م) و (مان)یشە دەوری کارا دەگێڕن ... وا بزانم بە لێکدانەوەیەکی سەرپێیی، ئەو ڕایە دەپووچێتەوە و ئاشکرا دەبێ، کە ئەو (ێ)یە جێناو نییە و زیادەی گەردانییە...

وشـەی "دامـێ" هـەر لەبـەر ئـەوەی واتـای "مـن بـە ئـەوم دا" دەگەیەنی، نووسەران وا تێگەیشتوون ئیتر (ێ) دەبێ جێناوی لکاوی (ئەو) بێ ... بەلام من تەنیا ئەوەندە دەلێم، ئەگەر (ێ) جێناوبێ، ئەی چی لە "دامنێ" بکەین، کە واتای "من بە ئەوانم دا" دەگەیەنێ. لێرەدا ئاشکرا دیارە کە (م) جێناوی کەسی یەکەمی تاکە و کارایە ... (ن)ش جێناوی کەسی سێیەمی کۆیە و بەرکارە ... خۆ ناکرێ بلێین سێ جێناو پێکەوە دێن. وێرای ئەوە لەو ڕستەیەدا کەسی سێیەم مەبەست نییە و (ێ)ش بە کارایە و نە بەرکارە... جا ئەمە کە ئەو دەورانەی جێناوە لکاوەکان دەیانبینن، نەیانبینێ، ئیتر چۆن دەبێ بە جێناو ...

٤-لـە کـرداری تێنەپـەڕی ڕابـوردووی ئینشـائیی نزیکدا دەوتـرێ "چووبێ (ێت)، مردبێ (ێت)، کەوتبێ (ێت) ..."، بـەلام لەهـەمان ڕێژەدا ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بوو دەوترێ: "گرتبێتی، فرۆشتبێتی، ناردبێتی ...". گومان لەوەدا نییە، کە (ی)ی کۆتایی ئەم کۆمەلەی دوایی. واتە ی کردارە تێپەڕەکان-جێناوی کەسی سێیەمی تاکی کرداری تێپەڕە ... جا ئەگەر ئەو هەلەیە بکەین و بلێین (ێت) جێناوە، ئەوە دەبێ بۆ داپۆشینی ئەو هەلەیە دەستووری زمانەکەمان تێک دەین و بلێین، وشـەکانی "گرتبێتـی، فرۆشـتبێتی، ناردبێتی ..." دوو جێنـاوی کەسـی سێیەمی تاکیان تێدایە ....

٥-ئێمـە دەزانـین ڕێـژەی ڕانـەبوردووی لـە چـاوگی ئەلفی‌یـەوە وەرگێـڕاو، وەک "گـەڕان: دەگـەڕێم، دەگـەڕێی(یت)، دەگـەڕێ(ێت) ... سـووتان: دەسـووتێم، دەسـووتێی (یت)، دەسـووتێ (ێـت) .. خنکـان: دەخنکێم، دەخنکێی (یت)، دەخنکێ ێت) ... بـرژان: دەبـرژێم، دەبرژێی (یت)، دەبرژێ (ێت) ..."زیادەی "ێ(ێت)"ی گەردانی وەردەگرن، کەچی

بەشێک لەو چاوگە ئەلفی‌یانە لە کاتی ڕانەبوردوودا (ی) لەبریتی "ێ(ێت)" ... وەردەگرن، وەک: "ژیان: دەژیم، دەژی (یت)، دەژی ... گریان: دەگریم، دەگری (یت)، دەگری ...".

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ سەرنجی بۆ ڕابکێشین ئەوەیە کە چ ئەوانەی (ێ/ێت) وەردەگرن و چ ئەوانەی (ی) یان دەچێتەسەر تێکڕا لە کاتی ڕابوردوودا کۆتاییان بە (ا) دێت، وەک:

کۆمەڵی یەکەم – گەڕا، سووتا، خنکا، برژا ...

کۆمەڵی دووەم – ژیا، گریا ...

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بزانرێ (ێ/ێت) یان (ی) زیادەی گەردانین، نەک جێناوی کەسیی لکاو.

هەندێ دیاردەی ڕێزمانی:

١- کاتێک جێناوی لکاوی بەهێز و بێهێز (واتە – دەستەی یەکەمو دووەم) لە کرداری تێپەڕدا پێکەوە دێن، ئەوە:

أ- ئەگەر کردارەکە لە کاتی ڕابوردوودا بێ، هەمیشە بەهێزەکە (دەستەی یەکەم) دەبێتە کارا و بێهێزەکە (دەستەی دووەم) دەبێتە بەرکار. وەک:

ناردمانن- ئێمە ئەوانمان نارد.

گرتیانین – ئەوان ئێمەیان گرت.

فرۆشتتانم – ئێوە منتان فرۆشت.

ب- ئەگەر کردارەکە لە کاتی ڕانەبوردوودا بێ، بە پێچەوانەوە بەهێزەکە (دەستەی یەکەم) دەبێتە بەرکار و بێهێزەکە دەبێتە کارا. وەک:

دەتگرین - ئێمە تۆ دەگرین

دەتانگرین ئێمە ئێوە دەگرین

دەماننێرن - ئەوان ئێمە دەنێرن

دەمفرۆشن - ئەوان من دەفرۆشن

٢- بەڵام کرداری تێنەپەڕ لەبەر ئەوەی لە ڕەسەندا کرداری بێبەرکاری ڕاستەوخۆیە، چ لە کاتی ڕابوردوو و چ لە کاتی ڕانەبوردوودا لەیەک جێناو زیاتر وەرناگرێ و ئەویش تەنیا دەوری کارا دەبینێ. وەک:

دەنووم - دەنووین ... نووستم - نووستین ...

دەچم - دەچین .... چووم - چووین ...

٣- دوو جێناوی دەستەی یەکەم پێکەوە دێن. لەم بارەدا یەکەمیان دەبێتە بەرکار و دووەمیان کارا، وەک:

ناردمانی

ناردمانت

ناردمانتان

ناردمانیان

٤- بەڵام دوو جێناوی دەستەی دووەم پێکەوە نایەن.

٥- چ دەستەی یەکەم و چ دەستەی دووەم بە تەنیا دێن.

کاتێ بە تەنیا دەردەکەون لە هەر ڕێژەیەکدا بن، وەک کارا خۆیان دەنوێنن ... دەستەی یەکەم دەچنە سەر ڕابوردووی تێپەڕ و دەستەی دووەم بە ڕابوردووی تێنەپەڕ و ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕەوە دەلکێن.

وەک:

أ-ڕابوردووی تێپەڕ:

خوێندم ، نووسیم .... (م)

خوێندت ، نووسیت ...... (ت)

خوێندی ، نووسی ... (ی)

خوێندمان ، نووسیمان (مان)

خوێندتان ، نووسیتان .... (تان)

خوێندیان ، نووسییان (یان)

ب-ڕابوردووی تێنەپەڕ:

چووم ، کەوتم ... (م)

چووی(یت) ، کەوتی ... (ی)

چوو ، کەوت ... (.)

چووین ، کەوتین ... (ین)

چوون ، کەوتن ... (ن)

چوون ، کەوتن ... (ن)

ج-ڕانەبوردووی تێپەڕ:

دەخوێنم ، دەنووسم ... (م)

دەخوێنی(یت) ، دەنووسی(یت) .... (ێ)

دەخوێنێ(ێت) ، دەنووسێ(ێت). (.)

دەخوێنین ، دەنووسین .... (ین)

د-ڕانەبوردووی تێنەپەڕ:

دەچم ، دەکەوم (م)

دەچی(یت) ، دەکەوی(یت).. (ی)

دەچێ(ێت) ، دەکەوێ(ێت)... (.)

دەچین	**، دەکەوین ..**	**(ین)**
دەچن	**، دەکەون...**	**(ن)**
دەچن	**، دەکەون...**	**(ن)**

٦- دەستەی یەکەم ئەرکی سەرەکی‌یان دەربڕینی خۆیەتی .... هەرچی دەستەی دووەمە خۆیەتی دەرنابڕن[38]، [39].

ا-دەستەی یەکەم:

کچەکەم، کچەکەت، کچەکەی ...

ماڵم، ماڵت، ماڵی ...

ب-دەستەی دووەم:

.... هتد.

دەربارەی جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا سێ کێشە هەیە:

١- بەشێکی زۆری زانایان، ئەگەرچی وا ڕادەگەیەنن، کە دەستەی دووەمی جێناوەکان لەم دیالێکتەشدا وەک دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەردەکەون، بەڵام بە کۆتایی کرداریان لە قەڵەم دەدەن.

٢- زۆربەی تۆژەران وایان نیشانداوە، کە لە کرمانجیی ژووروودا دەستەی یەکەم ئەو جێناوانە نین و هیچ حاڵەتێک لەو

---

[38] شایانی باسە، مامۆستا مەسعوود محەمەد پەنجەی بۆ بەشێکی زۆری ئەو بەڵگانە ڕاکێشاوە (بڕوانە: مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٩، ل ٨٨-٩١).

[39] شایانی باسە مامۆستا محەمەد مەعروف فەتتاح پەنجەی بۆ ئەم ڕاستی‌یە ڕاکێشاوە (بڕوانە: محەمەد فەتتاح، خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق-دەستەی کورد، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٧٤-١٧٥).

چەشنە نابینرێ ... هەندێکیش ئەوەیان نیشانداوە، ئەگەرچی لە دیالێکتی ژووروودا دەستەی یەکەمی ئەو جیناوانە بەرچاو ناکەون، بەلام ئەو مەبەستەی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا دەیگەیەنن و ئەو دەورەی دەبینن لە کرمانجیی ژووروودا لە شێوازێکی ئێجگار نێزیکدا دەردەبڕرێن.

٤-نزیکەی هەمووان لەو ڕایەدا کە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا تەنیا (ێ) جێناوی لکاوە.

* * *

ئەگەرچی دەستەی دووەمی جێناوەکان وەک دەستەی یەکەم چالاک نین، بەلام ئەمانیش هەروەک دەستەی یەکەم دەتوانن ببنە بەشێک لە ڕستە و دەوری کارا یان بەرکار ببینن و جگە لەوەی بە کردارەوە دەلکێن، هەروەها دەچنە سەر گەلێ بەشە ئاخاوتنی تریش و ... جا بۆیە ڕاست نییە بە کۆتایی کردار لەقەڵەم بدرێن[40].

جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لەم شێوەیەی خوارەوەدا دەبینرێن:

ژمارە	کەس	جێناوی لکاو
تاک	یەکەم	م
	دووەم	ی
	سێیەم	ە،.
کۆ	یەکەم	
	دووەم	ن
	سێیەم	

[40]دواتر بە نموونە و بەڵگە ئەو ڕاستییە ئیسپات دەکەین.

نموونە:

(م)-کەسی یەکەمی تاک- "دکم، بنهێرم"

ئەز دکم خوەش بنهێرم ل جەمالا وە هەردوو خوشکانە.

(مەمێ ئالان، ل ١٤٥)

(ی)-کەسی دووەمی تاک- "دزانی"

شێخم تو دزانی ئەڤ جزیرە

تێکدا کوبەرا و کورد میرە

(خانی، ل ١٥٢)

کەسی سێیەمی تاک:

(.)- "ڕابوو"

... پاشی ئەو ژ جێیێ خوە ڕابوو ...

(کوردۆ، ل ٣٥)

(ە)-"هاتە"

ئێڤارێ، چاخێ ئەو هاتە مالێ ...

(کوردۆ، ل٤٥)

(ن)-کەسی یەکەمی کۆ- "وساکن، ئەداکن"

هەرچی تو دبێژی، ئەم وساکن

هەرچی تو دخوازی، ئەم ئەداکن

(خانی، ل ١٥٨)

(ن)- کەسی دووەمی کۆ- "بگرن"

گۆ: "هوونێ ژ سوباهی هەیانی ئێڤارێ، ژ ئێڤارێ هەیانی سبەهێ دۆرا قەسرا مەمێ نۆبەتێ بگرن".

(مەمێ ئالان، ل ٤١-٤٢)

(ن)- کەسی سێیەمی کۆ – "ڕابوون، دەرکەتن"

خورتێن کوردان ڕابوون، ب دەرکەتن ژ ئۆدەو قاوشانە.

(مەمێ ئالان، ل ٥٣)

وێڕای ئەو جێناوانە، کە فۆرمی سەرەکین بۆ زمانی ئەدەبی و ئاخاوتنی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجیی ژووروو، لە هەندێ بەشە دیالێکتدا فۆرمی دی بەرچاو دەکەێ. بە وێنە:

- لە بەشە دیالێکتی بادیناندا بۆ کەسی یەکەمی کۆ جگە لە (ن)، فۆرمی (ین)یش بەکاردێنرێ[41] وەک:

...... وەکی مە بهیستین مە وێ نڤیسین

(خالید حسەین، ل ٣)

... لێ بلا ئەم ژ بیر نەکەین کو ...

(خالید حسەین، ل ٣)

کەسی یەکەمی تاک فۆرمی (مە) و بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ (نە)ش بەکاردێنرێ[42].

- لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستاندا هەندێ جار بۆ هەندێ لە نووسەران وایان دیاری کردووە لە بەشە دیالێکتی

---

[41] هەندێ لە نووسەران ئەم تایبەتێتییەیان دەستنیشان کردووە، بە وێنە بڕوانە:

أ- د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، کتێبی "وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نیزیک و ناوەڕاست"، ب٧، یەریڤان، ١٩٧٥، ل ٣٤١.

ب-صادق بەهائەدین ئامێدی، ڕێزمانا کرمانجی، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٤٥.

[42] بڕوانە: د. چەرکەزی بەکۆ (باکاییڤ)، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکۆ، ١٩٧٦، ل ١٧٠-١٧١.

کوردەکانی سوریا[43] و ئازەربایجاندا[44] (ی) و لـە ناوچەی بادینـانی عێراقدا[45] (یت) دەبنە جێناوی لکاوی کەسیی سێیەم. بەڵام لەڕاسـتیدا چ (ی) و چ (یت) زیادەی گەردانین، نەک جێناوی لکاو.

جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم لەم دیالێکتەشدا هـەروەک لـە دیـالێکتی کرمـانجیی خـوارووا دەچنـە سـەر کرداری ڕانـەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ و ڕابوردووی تێپەڕ:

تێنەپەڕ:

أ- کاتی ڕانەبوردوو

١ – کاتی ئێستا:

	(ئەز	**دکەڤم**[46]
تاک	**(تو**	**دکەڤی**
	(ئەو	**دکەڤە**[47]

[43] بڕوانە: جگرخوێن، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی، بەغدا، ١٩٦١، ل ٧٥.

[44] بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، د. چەرکەزی بەکۆ، زمـانی کوردەکانی سۆڤییەت، ل ١٧٠-١٧١.

[45] بڕوانە:

أ- سەرچاوەی ناوبراو، د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، ل ٣٤١.

ب-سەرچاوەی ناوبراو، صادق بەهائەدین ئامێدی، ڕێزمانا کرمانجی، ل ٤٥.

[46] وەک:

ب خوەدێ ئەز دترسم ژ گۆلا خوینیانە

(مەمێ ئالان، ل٦٧)

[47] وەک:

ئەمرێ من نوژ چاردان دەرکەتییە، دکەڤە پانزدانە.

(مەمێ ئالان، ل ٤٩)

کۆ (ئەم
(هوون دکەڤن[48]
(ئەو، ئەوان

٢ – کاتی ئایندە:

	(ئەزێ	بکەڤم[49]
تاک	(تویێ	بکەڤی[50]
	(ئەوێ (ئەو، وێ)	بکەڤە
	(ئەمێ	
کۆ	(هوونێ	بکەڤن
	(ئەوێ (ئەو، وێ)	

ب – کاتی ڕابوردوو
یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری:

---

(48) وەک:
وەختا دنیا دبە بەرێ سبحێ، مەلە ب بانی دکەڤن سەرێ میںارانە.
(مەمێ ئالان، ل ٥٠)

(49) وەک:
ئەزێ بمرم ....
(کوردۆ، ل ٣٩)

(50) وەک:
ئەگەر ئەز نها دەستی خوە باڤێژم حەقییا بۆز، ب دەرخینم دوو جەوهەراتە.
تویێ هنگی بزانی پڕانیا سەروەتا میرانە.
(مەمێ ئالان، ل ٧٦)

١ – ڕابوردووی ئیخباری نزیک:

	(ئەز	کەتم[51]
تاک	(تو	کەتی[52]
	(ئەو	کەت[53]
	(ئەم	
کۆ	(هوون	کەتن[54]
	(ئەو	

٢ – ڕابوردووی ئیخباری بەردەوام:

	(ئەز	**دکەتم**
تاک	**(تو**	**دکەتی**
	(ئەو	**دکەت**
	(ئەم	
کۆ	**(هوون**	**دکەتن[55]**

---

[51] وەک:

گۆت 'کاڤا ئەز کەتم ڤی ئیشێ دلانە

(مەمێ ئالان ل ٧٠)

[52] وەک:

ئەز نزانم تو ب غوربەی کەتی قەتیایی ژ محبەتا باڤ و دییانە

(مەمێ ئالان، ل ٧٧)

[53] وەک:

ماعرێ ڕەش ڕەڤی چوو، لێ گولە ل دێلا من کوت .....

(کوردێ، ل ٣٦)

[54] وەک:

مەم و زین کەتن وەهمێ وەکی جەندەکی مرییانە

(مەمێ ئالان. ل ٥٤)

(ئەو

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

(ئەز کەتمە
(تو کەتیی‌ی
(ئەو کەتی‌یە[56]

(هوون
تاک (هوون کەتنە[57]
(ئەو

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

(ئەز کەوتبووم[58]
تاک (تو کەوتبووی

---

[55] وەک:

دەستێ خەلکێ دکەتن پاشلا وانە

(مەمێ ئالان، ل ٦١)

[56] وەک:

ئەز نزانم بێ تو د کورێ کەتی‌یە دایرا منأ ڕەنگین

(مەمێ ئالان، ل ٤٩)

[57] وەک:

هێدی، هێدی، ب ئاخافتن و سحبەتێ، کەتنە خەوا شەڤانە

(مەمێ ئالان، ل ٥٤)

[58] وەک:

ئەز کەوتبووم خەوا شەڤانە

(مەمێ ئالان، ل ٤٨)

(ئەو کەوتبوو

(ئەم
کۆ (هوون کەوتبوون
(ئەو

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی:

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

(١ – کەتبم
تاک (٢ – کەتبی
(٣ – کەتبە

کۆ (١ –
(٢ – کەوتبن
(٣ –

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

(١ – بکەتاما
تاک (٢ – بکەتایی
(٣ – بکەتا

(١ –
کۆ (٢ – بکەتانا

٣) –

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

١) – بکەتاما

تاک **٢) – بکەتایی**

٣) - بکەتا

١) –

کۆ **٢) –** **بکەتانا**

٣) –

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

١) – کەوتبوویاما، کەوتبووما

تاک **٢) – کەوتبوویایی**

٣) –کەوتبوویا[59]

١) –

کۆ **٢) –** **کەوتبوویانا، کەوتبوونا**

٣) –

تێپەڕ:

کاتی ڕانەبوردوو:

١ – کاتی ئێستا:

---

[59] وەک:

ئەوی دخوەست بزانبوویا سوڕا وی

(کوردۆ، ل ٤٣)

	١ – ئەز)	دنڤیسم
تاک	٢ – تۆ)	دنڤیسی
	٣ – ئەو)	دنڤیسە

	١ – ئەم)	
کۆ	٢ – هوون)	دنڤیسن
	٣ – ئەوان)	

٢ – کاتی ئایندە:

	١ – ئەزێ)	بنڤیسم[60]
تاک	٢ – تویێ)	بنڤیسی
	٣ – ئەوێ)	بنڤیسە

	١ – ئەمێ)	
کۆ	٢ – هوونێ)	بنڤیسن
	٣ – ئەوێ)	

بەم جۆرە بینیمان جێناوەکانی دەستەی دووەم لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا هەر بە کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ و ڕابوردووی تێنەپەڕەوە دەلکێن – واتە لەم ڕووەوە بە تەواوی لەگەڵ کرمانجیی خوارووودا یەک دەگرنەوە. لە ڕووی

[60] وەک:

ئەزێ بدەم تە ....

(کوردۆ، ل ٣٩)

فۆرمیشـەوە تـەنیا لـە کەسـی سـێیەمی تـاک و یەکـەمی کـۆدا کـەمێ جیاوازییان هەیە، دەنا فۆرمەکانی دی بە تەواوی لەیەک دەچن.

* * *

دەستەی یەکـەمی جێنـاوە لکاوەکـان کـە لـە دیـالێکتی کرمـانجیی خـوارووودا زۆر چـالاکن و بـە شـێوەیەکی سـەرەکی دەچنـە سـەر کرداری تێپـەڕی ڕابـوردوو لـە دیـالێکتی کـوردیی ژووروودا بـە هـیچ چەشنێک نابینرێن. نـەبوونی ئـەم جێناوانـە وای لـە هەنـدێ زمانـەوان کردووە، وا دابنێن لـە دیـالێکتی کرمـانجیی ژووروودا لـە ڕابـوردووی تێپـەڕدا جێنـاوی لکـاو لەگـەڵ کـرداردا دەرناکـەوێ ... لـە ڕاسـتیدا لـە هەنـدێ حاڵەتدا جێنـاوە لکاوەکانی دەسـتەی دووەم (نـەک یەکـەم) بە کۆتایی کرداری تێپـەڕی ڕابـوردووەوە دەلکێن. هـاتن و نـەهاتنی ئـەو جێناوە لکاوانەش بە بوون و نەبوونی بەرکارەوە بەندە[61] .

بەو پێیە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەتوانین دوو حاڵـەت دەستنیشان بکەین:

١ – دەرکەوتنی جێناوی لکاو:

ئەگـــەر لـــە ڕســـتەدا بـــەرکار نـــەبێ، ئـــەو کاتـــە جێنـــاوی لکـــاو پەیـــدا نـــابێ[62] و کردارەکـــە لەیـــەک فۆرمـــدا بـــۆ هـــەموو

[61] شایانی باسە، د. وریا عومەر ئەمین ئەم ڕاستییەی خستۆتە پێشچاو. بڕوانە: د. وریا عومـەر ئـەمین، پەیوەنـدی ڕانـاو و فرمـان لـە کرمـانجیی ژووروودا، گۆڤـاری "کـاروان"، ژ ٢، هەولێر، ١٩٨٢، ل ٤١-٤٢.

[62] کوردناسـانی سـۆڤییەت، بەتایبـەتی د. قـەناتی کـوردۆ باسـی ئـەم حاڵەتـەیان کـردووە و قەناتی کوردۆ ناوی ناوە (داڕشتنی بێئۆبێکتی). بڕوانە:

کەسەکانی ژمارەی تاک و کۆ دەبینرێ. بۆ نموونە:

ا – ڕابوردووی نزیک:

	(من		**من کردم**
تاک	(تە		**تە کردت**
	(وێ، وی		**ئەو کردی**
		کر[63]	
	(مە		**ئێمە کرمان**
کۆ	(وە	**کر**	**ئێوە کردتان**
	(وان		**ئەوان کردیان**

ج – ڕابوردووی تەواو:

	(من		**من دەمکردم**
تاک	(تە	**دکر**[64]	**تۆ دەتکردت**

د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ١٧٨-١٧٩.

(63) وەک:

عەلی مەمەد ... لێ ماعرێ قەرقاش کر و نەکر

(کوردۆ، ل ٣٥)

(64) وەک:

ڕۆژەکی عەلی مەمەد ل چۆلێ ناڤ میشە و نەوالا، دبەر پالا بەر ڕۆژە چیا نێچیر دکر.

(کوردۆ، ل ٣٥)

	(وێ، وی		ئەو دەیکردی
	(مە		ئێمە دەمانکرد
کۆ	(وە	دکر	ئێوە دەتانکرد
	(وان		ئەوان دەیانکرد

ج – ڕابوردووی تەواو:

	(من		من کردوومە
تاک	(تە	کرییە[65]	تۆ کردووتە
	(وێ، وی		ئەو کردوویە
	(مە	کرییە	ئێمە کردوومانە
کۆ	(وە		ئێوە کردووتانە
	(وان		ئەوان کردوویانە

د – ڕابوردووی دوور:

	(من		من کردبووم
تاک	(تە	کربوو[66]	تۆ کردبووت

---

[65] وەک:

من قەرار کرییە ...

(کوردۆ، ل ٤١)

مەعرێ ڕەش وێ خوە کرییە بن مەعرەکی دنێ ...

(کوردۆ، ل ٤١)

[66] وەک:

عەلی مەمەد ... خوە شاش کردبوو ...

	(وێ، وی		**ئەو کردبووی**
	(مە		**ئێمە کردبوومان**
کۆ	(وە	**کربوو**	**ئێوە کردبووتان**
	(وان		**ئەوان کردبوویان**

تێبینی:

چۆن کرداری ڕابوردووی تێپەڕ لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا بێ جێناوی لکاو نابێ لە دیالێکتی ژووروووشدا کرداری تێپەڕی ڕابوردوو بێ جێناوی کەسیی جودای دۆخی تیان نابێ، بە وێنە:

کرمانجیی ژووروو		کرمانجیی خواروو
من		خواردم
تە		خواردت
وێ، وی		خواردی
	خار	
مە		خواردمان
وە		خواردتان
وان		خواردیان

٢ – دەرکەوتنی جێناوی لکاو:

(کوردۆ ... ل ٤١)

ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار هەبێ، ئەو دەمە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم دێنە سەر کۆتایی کردار[67]...

بۆ نموونە:

ا – ڕابوردووی نزیک:

	(تە	ئەز	شاندم
تاک	(من	تو	شاندی
	(ئەوی	ئەو	شاند

	(تە	ئەم	
کۆ	(من	هوون	شاندم
	(ئەوی	ئەو	

ب – ڕابوردووی بەردەوام:

	(تە	ئەز	دشاندم
تاک	(من	تو	دشاندی
	(ئەوی	ئەو	دشاند

	(تە	ئەم	
کۆ	(من	هوون	دشاندن
	(ئەوی	ئەو	

ج – ڕابوردووی تەواو:

	(تە	ئەز	شاندمە

---

[67] د. قەناتی کوردۆ و د. چەرکەزی بەکۆ و هەندێکی دی ئەمەیان زۆر باش باسکردووەو بە حاڵەتی (ئۆبێکتی) ناویانبردووە.

تاک	**(من**	**تو**	**شاندی‌یی**
	(ئەوی	**ئەو**	**شاندی‌یە**[68]

	(تە	**ئەم**	
کۆ	**(من**	**هوون**	**شاندنە**
	(ئەوی	**ئەو**	

د – ڕابوردووی دوور:

	(تە	**ئەز**	**شاندبووم**
تاک	**(من**	**تو**	**شاندبووی**
	(ئەوی	**ئەو**	**شاندبوو**

	(تە	**ئەم**	
کۆ	**(من**	**هوون**	**شاندبوون**[69]
	(ئەوی	**ئەو**	

ئـەم جێناوانـە ئەگـەرچی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی دەچنـە سـەر کردار، بەڵام بە زۆر بەشە ئاخاوتنی تریشەوە دەلکێن.

وەک:

١ – دەچنە سەر ناو، بە وێنە:

ئەز مەمم، توژی زینی ....

[68] وەک: **باڤێ وی ....**

قیزا خوە شاندی‌یە پێش تە

(مەمێ ئالان، ل ٦٣)

[69] وەک: **جل‌و شۆرێ مەمێ شاندبوون ل تەرکیانە**

(مەمێ ئالان، ل١٥٩)

(مەمێ ئالان، ل ١١٠)

خوە ئەز نە عەلی مەمەدم.

(کوردۆ، ل ٤٤)

٢ – بە ئاوەڵناوەوە دەلکێن، بە وێنە:

ساقی! مە بگر کو ئەز ب دەستم

مەخموورم مەینە خوارێ مەستم

(مەمێ ئالان، ل ٦٤)

... ئەز غەرییم، نزانم ڕییان و دەربانە

(مەمێ ئالان، ٦٤)

٣ – لەگەڵ زۆربەی جێناوەکاندا دێن، بە وێنە:

..... چەکۆ و قەرەتازین، پسمامێ منن

(مەمێ ئالان، ل٤٩)

مەخمووری بێ جامێ ئەزم

یەغماگری ڕامێ ئەزم

(جزیری، ل ١٧)

ئەز ب دەستێ خوەمە

(مەمێ ئالان)

... هتد.

وەک نیشانمان دا لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا دوو دەستە جێناوی کەسیی لکاو هەیە: ١ – بەهێز، ٢ – بێهێز. جۆری یەکەم ئەو جێناوانەن کە لە ڕابوردووی تێپەڕدا بەکاردێن و ئەمانەن: (م، ت، ی، مان، تان، یان). ئەم دەستەیە لە ڕووی فۆرمەوە

دەمەتەقێی لەسەر نییە. جۆری دووەم ئەوانەن کە لە ڕابوردووی تێنەپەڕدا دەردەکەون و بە دوا ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێن و ئەمانەن: (م، ی، ٠، ین، ن، ن). ئەم دەستەیە لە دوو ڕووەوە جێی دەمەقێیە. یەکەمیان ئەوەی کەمێ لە زمانەوانان ئەم دەستەیە بە جێناو دانانێن. ڕووی دووەم، کە بناغەی مەسەلەکەیە، ئەوەیە، ئەوانەی بە جێناویان داناوە یان شتێکی‌دی لە دیاری‌کردنی بەشیکیاندا جیاوازییەکی تەواویان لە نێواندا هەیە.

جێناوەکانی هەردوو دەستە، جگە لەوەی بە کردارەوە دەلکێن، هەروەها دەچنە سەر گەلێ بەشە ئاخاوتنی تریش. وێڕای ئەوەی دەتوانن لە ڕستەدا دەوری کارا ببینن دەشتوانن ببنە بەرکار،... جا ئێمە لە سەرەتای ئەم باسەدا هەر لەو حاڵەتانەیان دەدوێین، کە یەک جێناو وەردەگرن و بە کردارەوە دەلکێن و دەوری کارا دەبینن. بۆ کورت کردنەوەی باسەکەش تێکڕای جێناوەکان ناکەینە نموونە و تەنیا کەسی سێیەمی کۆ وەردەگرین. وەک ئاشکراشە جێناوی کەسیی لکاوی کەسی سێیەمی کۆی دەستەی یەکەم (مان)ە و هی دەستەی دووەمیش (ین)ە.

-١-

لکانی بە کرداری سادەوە

تێبەر:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەنێرین، دەفرۆشین، دەخۆین،

دەگرین، دەنووسین ... (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباری نزیک:

ناردمان، فرۆشتمان، خواردمان، (مان)

گرتمان، نووسیمان .....

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەمان نارد، دەمانفرۆشت، دەمانخوارد

دەمانگرت، دەماننووسی .... (مان)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

ناردوومانە، فرۆشتوومانە، خواردوومانە،

خوێندوومانە، نووسیومانە .... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

ناردبوومان، فرۆشتبوومان، خواردبوومان

گرتبوومان، نووسیبوومان ... (مان)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائی

١ – ناردبامان، فرۆشتبامان، خواردبامان،

گرتبامان، نووسیبامان .... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئینشائی بەردەوام:

بمانناردبایە، بمانفرۆشتبایە، بمانخواردبایە،

بمانگرتبایە، بماننووسیبایە..

بمانناردایە، بمانفرۆشتایە، بمانخواردیە، (مان)

بمانگرتایە، بماننووسیبایە....

٣ – ڕابوردووی ئینشائی تەواو:

ناردبمان، فرۆشتبمان، خواردبمان،

گرتبمان، نووسیبمان .... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئینشائی دوور:

ناردبوومانایە، فرۆشتبوومانایە، خواردبوومانایە

گرتبوومانایە، نووسیبوومانایە ... (مان)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:

بنێرین، بفرۆشین، بخۆین

بگریین، بنووسین .... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەنێرین، نەفرۆشین، نەخۆین،

نەگریین، نەنووسین .... **(ین)**

تێبینی:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەنووین، دەچین، دەکەوین

دەمرین، دەگەڕێین ... **(ین)**

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباریی

١ – ڕابوردووی ئیخباری نزیک:

نووستین، چووین، کەوتین

مردین، گەڕاین... **(ین)**

٢ – ڕابوردووی ئیخباری بەردەوام:

دەنووستین، دەچووین، دەکەوتین

دەمردین، دەگەڕاین ... **(ین)**

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

نووستووین، چووین، کەوتووین،

مردووین، گەڕاوین ... **(ین)**

(نووستووینە، چووینە، کەوتووینە ...)

٤ – ڕابوردووی ئیخباری دوور:

نووستبووین، چووبووین، کەوتبووین

مردبووین، گەڕابووین ... (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائی

١ – ڕابوردووی ئینشائی نزیک:

نووستباین، چووباین، کەوتباین،

مردباین، گەڕاباین .... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئینشائی بەردەوام:

بنووستباینایە، بچووباینایە، بکەوتباینایە

بمردباینایە، بگەڕاباینایە .... (ین)

٣ – ڕابوردووی ئینشائی تەواو:

نووستبیین، چووبیین، کەوتبیین،

مردبیین، گەڕابیین .. (ین)

(نووستبێتین، چووبێتین، کەوتبێتین،

مردبێتین، گەڕابێتین ...)

٤ – ڕابوردووی ئینشائی دوور:

نووستبووینایە، چووبووینایە، کەوتبووینایە،

مردبووینایە، گەڕابووینایە ... (ین)

(نووستبووباینایە، چووبووباینایە، کەوتبووباینایە،

مردبووباینایە، گەڕابووباینایە ...

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:

بنووین، بچین، بکەوین

بمرین، بگەڕێین .... **(ین)**

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەنووین، نەچین، نەکەوین،

نەمرین، نەگەڕێین. ... **(ین)**

تێبینی:

١ – جێناوی کەسیی لکاو کە دەچێتە سەر کرداری تێنەپەڕ لە کاتی ڕانەبوردوودا بێ یان ڕابوردوو، ڕابوردووی ئیخباری بێ یان ئینشائی هەر بە کۆتاییەوە دەلکێ.

٢ – ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بوو، جێناوی کەسیی لکاو لە حاڵەتی ڕابوردووی بەردەوامی ئیخباری و ئینشائیدا، بە پێشی کردارەکەوە دەلکێ[70] و لە هەموو حاڵەتەکانی تردا هەر بە کۆتاییەوە دەنووسێ.

---

[70] بەڵام لە کرداری تێپەڕی کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا دەبینین جێناو هەر لە کۆتاییەوە دەمێنێتەوە و وەک کرداری تێپەڕی ڕابوردووی بەردەوام نایەتە پێشەوە.... ئەگەر بۆ بەڵگە هەر ئەو کردارە تێنەپەڕانەی بە نموونە هێناومانەتەوە بکەینە تێپەڕ، دەبینین جێناو دێتە پێشەوە، وەک:

دەنووستین / دەماننواند

دەچووین / دەمانچواند

دەکەوتین / دەمانکەواند

دەمردین / دەمانمراند

دەگەڕاین / دەمانگەڕاند

دیاریکردنی بە پێشەوە یان بە کۆتاییەوە لکانی جێناوی کەسیی لکاو بە کرداری ڕابوردووی بەردەوامی ئیخباری و ئینشائییەوە، کێشەیەکی گەورەی زمانی کوردی دەڕەوێنێتەوە و دەستووریکی سەرسووڕهێنمان بۆ ئاشکرا دەکا، کە ئەویش ئەوەیە:
لە گەڕاندا دەرکەوت کە لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا جێناوی کەسیی لکاو بە پێشیەوە دەلکێ، ئەوە ئەو کردارە تێپەڕە. خۆ بێتوو لە هەمان ڕێژەدا جێناو بکەوێتە کۆتاییەوە، ئەوە ئەو کردارە تێنەپەڕە.
ئاسانترین ڕێگە بۆ ئیسپاتکردنی ئەو دەستوورە ئەوەیە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک وەربگرین، کە بۆ هەردوو کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ هەر (م)ە و لەگەڵ کۆمەڵێک کرداردا تاقیبکەینەوە.

تێنەپەڕ	تێپەڕ
کەوتن-دەکەوم، بکەوتمایە	خستن- دەمخست، بمخستایە
هاتن- دەهاتم، بهاتمایە	هێنان، هانین- دەمهێنا، دەمهانی، بمهێنایە، بمهانیبایە.
چوون – دەچووم، بچوومایە	بردن- دەمبرد، بمبردایە
ڕۆیشتن- دەڕۆیشتم، بڕۆیشتمایە	ناردن- دەمنارد، بمناردایە
گەڕان- دەگەڕام، بگەڕامایە	گێڕان- دەمگێڕا، بمگێڕایە
گۆڕان- دەگۆڕام، بگۆڕامایە	چەقاندن- دەمچەقاند، بمچەقاندایە
چەقین- دەچەقیم، بچەقیمایە	گلاندن- دەمگلاند، بمگلاندایە
گلان- دەگلام، بگلامایە	سووتاندن- دەمسووتاند، بمسووتاندایە
سووتان- دەسووتام- بسووتامایە	نواندن- دەمنواند، بمنواندایە
نووستن- دەنووستم، بنووستمایە	خنکاندن- دەمخنکاند، بم خنکاندایە
خنکان- دەخنکام، بخنکامایە	ترساندن- دەمترساند، بمترساندایە
ترسان- دەترسام، بترسامایە	شکاندن- دەمشکاند، بمشکاندایە
شکان- دەشکام، بشکامایە	بەزاندن- دەمبەزاند، بمبەزاندایە
بەزین- دەبەزیم، ببەزیمایە	خەواندن- دەمخەواند، بمخەواندایە
خەوتن- دەخەوتم، بخەوتمایە	خواردن- دەمخوارد، بمخواردبایە
	گرتن- دەمگرت، بمگرتایە
	نووسین- دەمنووسی، بمنووسیبایە
	خوێندن- دەمخوێند، بمخوێندایە
	... هتد

٣ – کردار تێپەڕ بێ یان تێنەپەڕ لە باری فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن و فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا جێناوی کەسیی لکاو لە کۆتاییەوە دێت.

٤ – کرداری تێنەپەڕ لە باری فەرمانی ئاساییدا یان لە باری فەرمای نەهی صەریحدا بە هیچ جۆرێک جێناوی کەسیی لکاو وەرناگرێ.

٥ – کرداری تێنەپەڕ ئەگەرچی لە باری فەرمانی ئاساییدا یان لە باری فەرمانی نەهی صەریحدا جێناوی کەسیی لکاو وەردەگرێ، بەڵام جێناوەکە دەری بەرکار دەبینێ، نەک کارا[71].

ئێستاش با بزانین ئەو کردارانە بە نموونە هێناومانەتەوە لە چ بارێکدا جێناوی (مان)ی دەستەی یەکەمیان وەرگرتووەو لە کام دۆخدا جێناوی (ین)ی دەستەی دووەمیان چووەتە سەر.

---

[71] وەک:

ا – فەرمان لە باری ئاساییدا:

بمانێرە، بمانفرۆشە، بمانخۆ،

بمانگرە، بماننووسە .... (مان)

ب – فەرمان لە باری نەهی صەریحدا:

مەماننێرە، مەمانفرۆشە، مەمانخۆ،

مەمانگرە، مەماننووسە ... (مان)

ئەگەرچی جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە نێوان (ب)ی نیشانەی فەرمان یان (مە)ی نەهی و سەرەتی کردارەکە، بەڵام هەر ل پێشی ڕەگی کردارەکەوەیە، هەروەها مەبەست لەوەیە لە کۆتاییەوە نەهاتووە. لەباری ڕابوردووی بەردەوامیشدا هەرچەندە جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە نێوان (دە) و سەرەتای کردارەوەکەوە، بەڵام هەر وتوومانە لە پێشەوە دێت، چونکە لە پێش ڕەگی کردارەکەوەیە نەک لە کۆتاییدا.

ا – جێناوی لکاوی (مان)ی دەستەی یەکەم لەم بارانەدا بە کردارەوە دەلکێ:

١ – بە هەموو جۆرەکانی کاتی ڕابوردووی ئیخباری‌و ئینشائیی کرداری تێپەڕەوە .

ب – جێناوی لکاوی (ین)ی دەستەی دووەم لەم حاڵەتانەدا بە کردارەوە دەلکێ:

١ – بە کاتی ڕانەبوردووی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕەوە.

٢ – بە هەموو جۆرەکانی کاتی ڕانەبوردووی ئیخباری و ئینشائیی کرداری تێنەپەڕەوە.

٣ – بە کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕەوە کە لە باری فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن خواستندا یان فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا بن.

-٣-

لكانى بە كردارى ناسادەوە

یەکەم- کرداری داڕێژراو:

ا – بە هاریکاری پێشگر سازبوو:

١ – ئەو کردارانەی بە یاریدەی یەک پێشگری سادە سازبوون.

<u>تێبەر:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دادەگرین، ڕادەهێنین، ڕۆدەکەین،

پێدەگەیەنین، تێدەگەیەنین ... (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری:

١ – ڕابوردووی ئیخباری نزیک:

دامانگرت، ڕامانهێنا، ڕۆمانکرد،

پێمانگەیاند، تێمانگەیاند ... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئیخباری بەردەوام

داماندەگرت، ڕاماندەهێنا، ڕۆماندەکرد،

پێماندەگەیاند، تێماندەگەیاند .... (مان)

٣ - ڕابوردووی ئیخباری تەواو:
دامانگرتووە، ڕامانهێناوە، ڕۆمانکردووە،
پێمانگەیاندووە، تێمانگەیاندوە ... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:
دامانگرتبووم، ڕامانهێنابوو، ڕۆمانکردبوو،
پێمانگەیاندبوو، تێمانگەیاندبوو ... (مان)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:
١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:
دامانگرتبا، ڕاماناهێنابا، ڕۆمانکردبا،
پێمانگەیاندبا، تێمانگەیاندبا (مان)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:
دامانبگرتبایە، ڕامانبهێنابایە، ڕۆمانبکردبایە،
پێمانبگەیاندبایە، تێمانبگەیاندبایە
(دامانبگرتایە، ڕامانبهێنایە، ڕۆمانبکردایە
پێمانبگەیاندایە، تێمانبگەیاندایە... (مان)
٣ - ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:
دامانگرتبێ، ڕامانهێنابێ، ڕۆمانکردبێ،
پێمانگەیاندبێ، تێمانگەیاندبێ....
(دامانگرتبێت، ڕامانهێنابێت، ڕۆمانکردبێت، (مان)

پێمانگەیاندبێت، تێمانگەیاندبێت ....)

٤ - ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

دامانگرتبووایە، ڕمانهێنابووایە، ڕۆمانکردبووایە

پێمانگەیاندبووایە، تێمانگەیاندبووایە..

(دامانگرتبووبایە، ڕامانهێنابوویایە، ڕۆمانکردبووبایە، (مان)

پێمانگەیاندبووبایە، تێمانگەیاندبووبایە ....)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتاو مەبەستی ئیزنخواستن

دابگرین، ڕابهێنین، ڕۆبکەین،

پێبگەیەنین، تێبگەیەنین .... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

دانەگرین، ڕانەهێنین، ڕۆنەکەین

پێنەگەیەنین، تێنەگەیەنین .... (ین)

<u>تێنەپەڕ:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

ڕادێین، هەڵدەچین، ڕۆدەچین،

پێدەگەین، تێدەگەین ..... (ین)

ب – کاتی ڕابوردووی ئیخباری:

١ – ڕابوردووی ئیخباری نزیک:

ڕاهاتین، هەڵچووین، ڕۆچووین،

پێگەیشتین، تێگەیشتین ... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:
ڕادەهاتین، هەڵدەچووین، ڕۆدەچووین
پێدەگەیشتین، تێدەگەیشتین .... (ین)

٣ – ڕابوردوویی ئیختیارئێ تەواو:
ڕادەهاتووین، هەڵچووین، ڕۆچووین،
پێگیشتووین، تێگەیشتووین ...
(ڕاهاتووینە، هەڵچووینە، ڕۆچووینە، (ین)

پێگەیشتووینە، تێگەیشتووینە...)
٤ – ڕابوردووی ئیختیاریی دوور:
ڕاهاتبووین، هەڵچووبووین، ڕۆچووبووین،
پێگەیشتبووین، تێگەیشتبووین ... (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی
١ – ڕابوردووی ئینشائی نزیک:
ڕاهاتباین، هەڵچووباین، ڕۆچووباین،
پێگەیشتباین، تێگەیشتباین... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئینشائی بەردەوام:
ڕاهاتباینایە، هەڵچووباینایە، ڕۆچووباینایە،

پێگەیشتبانایە، تێگەیشتبانایە.....
(ڕاهاتینایە، هەڵچووینایە، ڕۆچووینایە،   (ین)

پێگەیشتینایە، تێگەیشتینایە ...)
٣ – ڕابوردووی ئینشائی تەواو:
ڕاهاتبین، هەڵچووبین، ڕۆچووبین،
پێگەیشتبین، تێگەیشتبین.....
(ڕاهاتبێتین، هەڵچووبێتین، ڕۆچووبێتین،   (ین)

پێگەیشتبێتین، تێگەیشتبێتین ...)
٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:
ڕاهاتبووینایە، هەڵچووبووینایە، ڕۆچووبووینایە،
پێگەیشتبووینایە، تێگەیشتبووینایە....
(ڕاهاتبووبانایە، هەڵچووبووبانایە، ڕۆچووبووبانایە،   (ین)

پێگەیشتبووبانایە، تێگەیشتبووبانایە ....)
ج – فەرمان:
١ – فەرمان بە واتاو مەبەستی ئیزنخواستن:
ڕابێین، هەڵبچین، ڕۆبچین
(ین)

پێبگەین، تێبگەین ...
٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:
ڕانەیەین، هەڵنەچین، ڕۆنەچین،

(ین)

پێ‌نەگەین، تێ‌نەگەین ....

تێبینی:

جێناوی کەسیی لکاو کە دەچێتە سەر کردارێکی داڕێژراوی بە یارمەتی یەک پێشگری سادە سازبوو، لە دوو شوێندا دەردەکەوێ:

یەکەم – لە کۆتاییەوە:

١ – ئەگەر کردارەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕی ڕانەبوردوو بوو.

٢ – ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بوو لە هەموو جۆرەکانی ڕابوردووی ئیخباری‌مو ئینشائی‌دا.

٣ – بێتوو کردارەکە تێپەڕ بێ یان تێنەپەڕ لە باری فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن‌خواستن و فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا.

دووەم – لە سەرەتاوە[72]:

١ – لە هەموو جۆرێکی ڕابوردووی ئیخباری‌و ئینشائی کرداری تێپەڕدا.

٢ – کرداری تێپەڕ ئەگەر لە باری فەرمانی ئاساییدا یان لە باری فەرمانی نەهی صەریحدا بێ، بەڵام لێرەدا جێناوەکە دەوری بەرکار دەبینێ نەک کارا[73].

---

[72] کە دەڵێین لە سەرەتاوە، مەبەست سەرەتای ڕەگی وشەیەی، ئەگینا هەرچەندە جێناوەکان کە دێنە پێشەوە، پێش پێشگر ناکەون.

[73] وەک:

ا – فەرمان لە باری ئاساییدا:

دامان‌بگرە، ڕامان‌بهێنە، ڕۆمان‌بکە

پێمان‌بگەیەنە، تێمان‌بگەیەنە ... (مان)

سەرنج:

١ – ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بوو، لە باری فەرمانی ئاساییدا یان لە باری فەرمانی نەهی صەریحدا بوو، جێناوی کەسیی لکاو وەرناگرێ.

٢ – ئەگەر لە جێی پێشگری سادە ئامرازی نەفی دانێین، ئەوە چ لە کرداری تێپەڕو چ لە کرداری تێنەپەڕدا، چ لە کاتی ڕانەبوردوو و چ لە کاتی ڕابوردوودا جێناوی لکاو چۆن لەگەڵ پێشگرەکەدا خۆی دەنواند، هەر بەو چەشنە لەگەڵ ئامرازی نەفیش خۆی دەنوێنێ.

٣ – لە هەموو جۆرەکانی ڕابوردووی ئیخباری‌و ئینشائی کرداری تێپەڕی داڕێژراودا جێناو لە سەرەتاوە دێت، بەڵام ئەگەر کردارە تێپەڕەکە سادەبوو، ئەوە تەنیا لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا جێناو دەکەوێتە سەرەتاوە، ئەگینا لە هەموو جۆرەکانی تری ڕابوردوودا لە کۆتاییەوە دێت.

٤ – جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم و دووەم لە چ بار و حاڵەتێکدا بە کرداری سادەوە دەلکێن، بە هەمان چەشن دەچنەسەر کرداری داڕێژراویش.

٢ – ئەو کردارانەی بە یاریدەی دوو پێشگری سادە سازبوون:

<u>تێپەڕ:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

ب – فەرمان لە باری نەهی صەریحدا:

دامانمەگرە، ڕامانمەهێنە، ڕۆمانمەکە،پێمانمەگەیەنە، تێمانمەگەیەنە.. (مان)

ڕاهەڵدەماڵین، هەڵدادەتەکێنین، تێڕۆدەکەین - (ین)

ب - کاتی ڕابوردوو:

یەکەم - ڕابوردووی ئیخباری:

١ - ڕابوردووی ئیخباریی نزیک

ڕامانهەڵماڵی، هەڵمانداتەکاند، تێمانڕۆکرد - (مان)

٢ - ڕابوردووی ئیخباری بەردەوام:

ڕامان هەڵدەماڵی، هەڵماندادەتەکاند، تێمانڕۆدەکرد- (مان)

٣ - ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

ڕامانهەڵماڵیوە، هەڵمانداتەکاندووە، تێمانڕۆکردووە - (مان)

٤ - ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

ڕامانهەڵماڵیبوو، هەڵمانداتەکاندبوو، تێمانڕۆکردبوو- (مان)

دووەم - ڕابوردووی ئینشائیی:

١ - ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

ڕامانهەڵماڵیبا، هەڵمانداتەکاندبا، تێمانڕۆکردبا - (مان)

٢ - ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

ڕامانهەڵبماڵیبایە، هەڵماندابتەکاندبایە، تێمانڕۆکردبایە -(مان)

(ڕامانهەڵبماڵیایە، هەڵماندابتەکاندایە، تێمانڕۆبکردایە - (مان)

٣ - ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

ڕامانهەڵماڵیبێ، هەڵمانداتەکاندبێ، تێمانڕۆکردبێ - (مان)

(ڕامانهەڵماڵیبێت، هەڵمانداتەکاندبێت، تێمانڕۆکردبێت) - (مان)

٤ - ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

ڕامانهەڵماڵیبووایە، هەڵمانداتەکاندبووایە، تێمانڕۆکردبووایە(مان)

(ڕامانهەڵماڵیبووبایە، هەڵمانداتەکاندبووبایە، تێمانڕۆکردبووبایە)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن‌خواستن:

ڕاهەڵبمالین، هەڵدابتەکێنین، تێ‌ڕۆبکەین – (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

ڕاهەڵنەمالین، هەڵدانەتەکێنین، تێ‌ڕۆنەکەین – (ین)

تێنەپەڕ:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

تێ‌هەڵدەچین، پێ‌ڕادێین .. (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

تێ‌هەڵچووین، پێ‌ڕاهاتین ... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

تێ‌هەڵدەچووین، پێ‌ڕادەهاتین ..... (ین)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

تێ‌هەڵچووین[74]، پێ‌ڕاهاتووین ... (ین)

(تێ‌هەڵچووینە، پێ‌ڕاهاتووینە) ...

٤ – ڕابوردووی ئیخباری بەردەوام:

تێ‌هەڵچووبووین، پێ‌ڕاهاتبووین ... (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی:

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

---

[74](وو)ی وشەی (تێ‌هەڵچووین)ی ڕابوردووی تەواو، وەک (وو)ی وشەی (تێ‌هەڵچووین)ی ڕابوردووی نزیک تەلەفوز ناکرێ، ئەلفوبێی عەرەبی ناتوانی بباش ئەو دوو حاڵەتە لێک‌جیابکاتەوە.

تێ هەڵچووباین، ڕاهاتباین... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

تێ هەڵچووباینایە، پێڕاهاتباینایە... (ین)

تێ هەڵچووینایە، پێ ڕاهاتینایە ...

٣ – ڕابوردووی ئینشایی تەواو:

تێ هەڵچووبین، پێ ڕاهاتبین ... (ین)

تێ هەڵچووبێتین، پێ ڕاهاتبێتین ... (ین)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

تێ هەڵچووبووینایە، پێ ڕاهاتبووینایە ... (ین)

تێ هەڵچووبووباینایە، پێ ڕاهاتبووباینایە (ین)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتاو مەبەستی ئیزنخواستن:

تێ هەڵبچین، پێ ڕابهێنین ..... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

تێ هەڵنەچین، پێ ڕانەهێنین ...... (ین)

تێبینی:

جێناوی کەسیی لکاو کە دەچێتە سەر کرداری داڕێژراو بە یارمەتی یەک پێشگری سادە سازبوو، لە چ شوێنێکدا و لە چ بارێکدا دەردەکەوێ، بەهەمان چەشن لە کرداری داڕێژراوی بە یارمەتی دوو پێشگری سادە سازبووشدا سەرهەڵدەدات.

لەم حاڵەتەدا سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کاتێ جێناو لە سەرەتاوە دێت، دەچێتە سەر پێشگری یەکەم و پێشگری دووەم بە دوایدا دێت.

٣ – ئەو کردارانەی بە یاریدەی پێشگرێکی ناسادە سازبوون.

<u>تێپەڕ:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

پێدادەبەین، پیڕادەگەیەنین، پێوەدەکەین، (ین)

تێوەدەگلێنین، پێکدەهێنین، ڕێکدەخەین (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

پێماندابرد، پێمانڕاگەیاند،

پێمانەوەکرد (پێوەمانکرد).. (مان)

تێمانەوەگلاند (تێوەمانگلاند)،

پێکمانهێنا، ڕێکمانخست.... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

پێماندادەبرد، پێمانڕادەگەیاند،

پێمانەوەدەکرد (پێوەماندەکرد).. (مان)

تێمانەوەدەگلاند (تێوەماندەگلاند)،

پێکماندەهێنا، ڕێکماندەخست.... (مان)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

پێماندابردووە، پێمانڕاگەیاندووە،

پێمانەوەکردووە (پێوەمانکردووە).. (مان)
تێمانەوەگلاندووە (تێوەمانگلاندووە)،
پێکمانهێناوە، ڕێکمانخستووە.... (مان)
٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:
پێماندابردبوو، پێمانڕاگەیاندبوو،
پێمانەوەکردبوو (پێوەمانکردبوو).. (مان)
تێمانەوەگلاندبوو (تێوەمانگلاندبوو)،
پێکمانهێنابوو، ڕێکمانخستبوو.... (مان)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائی
١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:
پێماندابردبا، پێمانڕاگەیاندبا،
(پێمانەوەکردبا)، پێوەمانکردبا... (مان)
تێمانەوەگلاندبا، (تێوەمانگلاندبا)،
پێکمانهێنابا، ڕێکمانخستبا .... (مان)
٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:
پێماندابردایە، پێمانڕابگەیاندبایە،
(پێمانەوەبکردبایە)، پێوەمانبکردبایە... (مان)
تێمانەوەبگلاندبایە، (تێوەمانبگلاندبایە)،
پێکمانبهێنابایە، ڕێکمانبخستبایە .... (مان)
(پێماندا ببردایە، پێمانڕابگەیاندایە، پێوەمانبکردایە، (مان)
تێمانەوەبگلاندایە، پێکمانبهێنایە، ڕێکمانبخستایە ....) (مان)

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

پێماندابردبێ، پێمانڕاگەیاندبێ، پێوەمانکردبێ... (مان)

تێوەمانگلاندبێ، پێکمانهێنابێ، ڕێکمانخستبێ .... (مان)

پێماندابردبێت، پێمانڕاگەیاندبێت، پێوەمانکردبێت... (مان)

تێوەمانگلاندبێت، پێکمانهێنابێت، ڕێکمانخستبێت... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

پێماندابردبووایە، پێمانڕاگەیاندبووایە، پێوەمانکردبووایە، (مان)

تێوەمانگلاندبووایە، پێکمانهێنابووایە، ڕێکمانخستبووایە...(مان)

پێماندابردبووبایە، پێمانڕاگەیاندبووبایە، پێوەمانکردبووبایە،(مان)

تێوەمانگلاندبووبایە، پێکمانهێنابووبایە، ڕێکمانخستبووبایە.(مان)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن

پێداببەین، پێڕابگەیەنین، پێوەبکەین، (ین)

تێوەبگلێنین، پێکبهێنین، ڕێکبخەین... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

پێدانەبەین، پێڕانەگەیەنین، پێوەنەکەین، (ین)

تێوەنەگلێنین، پێکنەهێنین، ڕێکنەخەین..... (ین)

<u>تێنەپەڕ:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

پێدادەچین، تێوەدەگلێنین، پێکدێین... (ین)

ب – کاتی ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

پێداچووین، تێوەگلاین، پێکهاتین.. (ین)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

پێدادەچووین، تێوەدەگلاین، پێکدەهاتین.. (ین)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

پێداچووین، تێوەگلاوین، پێکهاتووین... (ین)

(پێداچووینە، تێوەگلاوینە، پێکهاتووینە) (ین)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

پێداچووبووین، تێوەگلابووین، پێکهاتبووین.. (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

پێداچووباین، تێوەگلاباین، پێکهاتباین.. (ین)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

پێداچووبایانایە، تێوەگلابایانایە، پێکهاتبایانایە.. (ین)

(پێداچووینایە، تێوەگلاینایە، پێکهاتینایە...) (ین)

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

(پێداچووبین، تێوەگلابین، پێکهاتبین.. (ین)

پێداچووبێتین، تێوەگلابێتین، پێکهاتبێتین...) (ین)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

پێداچووبووینایە، تێوەگلابووینایە، پێکهاتبووینایە.. (ین)

(پێداچووبووبایانایە، تێوەگلابووبایانایە، پێکهاتبووبایانایە...) (ین)

ج – فەرمان:
١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:
پێدابچین، تێوەبگلێنین، پێکبهێنین.. (ین)
٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:
پێدانەچین، تێوەنەگلێین، پێکنەیەن.. (ین)

تێبینی:

لە حاڵەتی بەکارهێنانی سادەدا، جێناوی لکاو چۆن پاش و پێش دەکەوێ، لە حاڵەتی بەکارهێنانی پێشگرێکی ناسادەشدا هەر بە هەمان چەشن خۆی دەنوێنێ ... بەڵام لەو حاڵەتانەدا کە جێناو دێتە پێشەوە، چەند تایبەتێتییەک هەیە دەیانخەمە پێش چاو:

١ – ئەگەر پێشگرەکە لەو گرووپە بێ، کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگری سادەی (پێ، تێ، لێ) لەگەڵ پۆستپۆزیشنی (دا، ڕا، وە) دروستبووبێ، وەک: (پێدا، تێدا، پێوە، پێڕا، تێڕا، لێڕا)[75]، ئەوە:

ا – لە هەموویاندا پێشگر و پۆستپۆزیشنەکە لێکدەبنەوە و جێناوەکە بە پێشگرەکەوە دەلکێ و پۆستپۆزیشنەکەش بەدوا جێناوەکەدا دێ.

[75] بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو لەبارەی ئەو جۆرە پێشگرانەوە، بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٧٧، ل ٧٦-٧٧.

ب – ئەگەر پۆستپۆزیشنەکە (وە) بێ، هەروەها شێوەی لێک دانەبڕانی پێشگر و پۆستپۆزیشنەکە دەبینرێ – واتە جێناوە لکاوەکە بە کۆتایی پاشگرە نسادەکەوە دەلکێ.

٢ – بێتو ئەو پێشگرە ناسادانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پریپۆزیشنی (دە، بە، لە، وە، ڕە) لەگەڵ ژمارەی (ێیک، یەک) پەیدابووین، وەک (پێک، تێک، لێک، وێک، ڕێک...)[76]، ئەوە جێناوە لکاوەکە بە کۆتایی پێشگرەکەوە دەلکێ و لێکیان هەڵناوەشێنێ.

ب – بە هاریکاریی پاشگرساز بوو:

١ – پاشگری (ەوە/وە)

تێبیەر:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەنێرینەوە .... دەخۆینەوە ... (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردویی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

ناردمانەوە ... خواردمانەوە .... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەمانناردەوە ... دەمانخواردەوە ..... (مان)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

ناردوومانەوە .... خواردوومانەوە ... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

[76] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٧٧-٧٨.

ناردبوومانەوە ... خواردبوومانەوە ... (مان)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

ناردبامانەوە ... خواردبامانەوە ... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

بمانناردبایەوە ... بمانخواردبایەوە... (مان)

(بمانناردایەوە.... بمانخواردایەوە ...)

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

ناردبمانەوە ... خواردبمانەوە ... (مان)

(ناردبێتمانەوە .... خواردبێتمانەوە ....) (مان)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

ناردبوومانایەوە... خواردبوومانایەوە... (مان)

(ناردبووبامانایەوە ... خواردبووبامانایەوە..) (مان)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:

بنێرینەوە .... بخۆینەوە ... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەنێرینەوە ... نەخۆینەوە... (ین)

<u>تێنەپەڕ:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەنووینەوە ... دەچینەوە ... (ین)

ب – ڕابوردووی ئیخباری

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

نووستینەوە ... چووینەوە ... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەنووستینەوە ... دەچووینەوە ... (ین)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

نووستووینەوە ... چووینەوە ... (ین)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

نووستبووینەوە ... چووبووینەوە ... (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائی

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

نووستباینەوە ... چووباینەوە ... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

بنووستباینایەوە ... بچووباینایەوە... (ین)

(بنووستینایەوە ... بچووبینایەوە ...) (ین)

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

نووستبینەوە ... چووبینەوە ... (ین)

(نووستبێتینەوە ... چووبێتینەوە ...) (ین)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

نووستبووینایەوە ... چووبووینایەوە ... (ین)

(نووستبووباینایەوە ... چووبووباینایەوە ... (ین)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:

بنووینەوە ... بچینەوە ... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەنووینەوە ... نەچینەوە ... (ین)

٢ – پاشگری (اندن)

<u>تێپەڕ:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەسووتێنین ... دەبرژێنین ... (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

سووتاندمان ... برژاندمان ... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەمانسووتاند ... دەمانبرژاند ... (مان)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

سووتاندوومانە ... برژاندوومانە ... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:
سووتاندبوومان ... برژاندبوومان ... (مان)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائی:
١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:
سووتاندبامان ... برژاندبامان ... (مان)
٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:
بمانسووتاندبایە ... بمانبرژاندبایە ... (مان)
(بمانسووتاندایە ... بمانبرژاندایە ... (مان)
٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:
سووتاندبمان ... برژاندبمان ... (مان)
(سووتاندبێتمان ... برژاندبێتمان ...) (مان)
٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:
سووتاندبوومانایە ... برژاندبوومانایە ... (مان)
(سووتاندبووبامانایە ... برژاندبووبامانایە ...) (مان)

ج – فەرمان:
١ – فەرمان بە واتا ومەبەستی ئیزنخواستن:
بسووتێنین ... ببرژێنین ... (ین)
٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:
نەسووتێنین ... نەبرژێنین ... (ین)

<u>تێنەیەر:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەزیرێنین ... دەقیژێنین ... (ین)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

زیڕاندمان ... قیژاندمان ... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەمانزیڕاند ... دەمانقیژاند ... (مان)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

زیڕاندوومانە ... قیژاندوومانە ... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

زیڕاندبوومان ... قیژاندبوومان ... (مان)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

زیڕاندبامان ... قیژاندبامان ... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

بمانزیڕاندبایە ... بمانقیژاندبایە ... (مان)

(بمانزیڕاندایە ... بمانقیژاندایە ...) (مان)

٣ – ڕابوردوویی ئینشائیی تەواو:

زیڕاندبمان ... قیژاندبمان ... (مان)

(زیراندبێتمان ... ڤیژاندبێتمان ...) (مان)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

زیراندبوومانایە ... ڤیژاندبوومانایە ... (مان)

زیراندبووبامانایە ... ڤیژاندبووبامانایە ... (مان)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:

بزیرێنین ... بڤیژێنین ... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەزیرێنین ... نەڤیژێنین ... (ین)

تێبینی:

١ – ئەو کردارانەی پاشگری (ەوە/وە)یان پێوەیە، تێپەڕەکانیان وەک هەموو تێپەڕێکی سادە جێناوی لکاو وەردەگرن و تێنەپەڕەکانیشیان وەک گشت تێنەپەڕێکی سادە جێناوی لکاویان دەچێتە سەر.

٢ – ئەو کردارانەی پاشگری (اندن)یان پێوەیە:

ا – تێپەڕەکانیان وەک هەموو کردارێکی تێپەڕی سادە، جێناوی لکاو وەردەگرێ.

ب – تێنەپەڕەکانیان لە هەموو جۆرەکانی ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائیدا لە وەرگرتنی جێناوی لکاودا چ لە ڕووی شوێنی جێناو و چ لە ڕووی جۆری جێناوەوە وەک تێپەڕەکانیان لێدێ ... بەلام لە (١

– فەرمان لە باری ئاساییدا؛ ٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا)، هەر بە شێوەی تێنەپەڕی دەمێننەوە[77].

٣ – ئەو کردارانەی پاشگری (ەوە/وە) یان (اندن) یان پێوەیە، لە حاڵەتی جێناو لە کۆتاییەوە هاتنیاندا جیاوازییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە؛

ا – ئەگەر کردارەکە پاشگری (ەوە/وە)ی پێوە بێ، ئەوە جێناوەکە دەکەوێتە پێش پاشگرەکە.

ب – بێتوو کردارەکە پاشگری (اندن)ی لەگەڵ بێ، ئەو دەم جێناوەکە لە دوای پاشگرەکەوە دێ.

٤ – خۆ ئەگەر ئەو کردارانەی پاشگری (ەوە/وە) یان (اندن) یان پێوەیە، پێشگرێکی سادە یان دوو پێشگری سادە یان پێشگرێکی لێکدراویان لە پێشەوە بێت، ئەوسا وەک ئەو حاڵەتانەی پێشتر بەناوی "١ –ئەو کردارانەی بە یاریدەی یەک پێشگری سادە سازبوون؛ ٢ – ئەو کردارانەی بە یاریدەی دوو پێشگری سادە سازبوون؛ ٣ – ئەو کردارانەی بە یاریدەی پێشگرێکی ناسادە سازبوون"ەوە لێیان دواوین، لێ‌دێ – واتە وەک ئەو حاڵەتانە جێناوی لکاویان پێوە دەلکێ.

---

[77] ئەگەرچی جێناوی لکاو بە دۆخی کارایی ناچێتە سەر کرداری تێپەڕ، کە لە باری (١ – فەرمانی ئاساییدا؛ ٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا) بێ، بەلام وەک بەرکار دەچێ ... خۆ ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوە لەو حاڵەتە ناوبراوانەدا نەک هەر وەک کارا، بەلکو وەک بەرکاریش نایەت ... جا ئەو کردارە تێنەپەڕانەی پاشگری (اندن)یان پێوەیە و لە هەموو جۆرەکانی ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائی‌دا وەک کرداری تێپەڕ جێناو وەردەگرن، لە حاڵەت و شێوەی تێنەپەڕی دەمێننەوە.

دووەم – کرداری لێکدراو:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

سەردەشکێنین، جێگەدەکەینەوە، ڕێگادەگرین، بڵنددەکەین،)
ڕووڕەش‌دەکەین، فڕێ‌دەدەین، بەخێوەدەکەین، تۆڕهەڵدەدەین)(ین)
زین‌دەکەین، تۆبەدەکەین، سووردەکەین، گەرم‌دەکەین)
ڕاودەنێین، ئابڕوودەبەین، نان‌دەخۆین ...)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباری نزیک:

سەرماندەشکاند، جێگەمان‌کردەوە، ڕێگامان‌گرت، بڵندمان‌کرد،)
ڕووڕەشمان‌کرد، فڕێمان‌دا، بەخێومان‌کرد، تۆرمان‌هەڵدا) (ین)
زینمان‌کرد، تۆبەمان‌کرد، سوورمان‌کرد، گەرممان‌کرد)
ڕاومان‌نا، ئابڕوومان‌برد، نانمان‌خوارد ...)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

سەرمان‌دەشکاند، جێگەمان‌دەکردەوە، ڕێگامان‌دەگرت، بڵندمان‌دەکرد،)
ڕووڕەشمان‌دەکرد، فڕێمان‌دەدا، بەخێومان‌دەکرد، توورمان‌هەڵدەدا) (ین)
زینمان‌دەکرد، تۆبەمان‌دەکرد، سوورمان‌دەکرد، گەرممان‌دەکرد)
ڕاومان‌دەنا، ئابڕوومان‌دەبرد، نانمان‌دەخوارد ...)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

سەرماندەشکاند، جێگەمان‌کردەوە، ڕێگامان‌گرت، بڵندمان‌کرد،)

ڕوورەشمانکرد، فرێماندا، بەخێومانکرد، تووڕمانهەڵدا) (ین)
زینمانکرد، تۆبەمانکرد، سوورمانکرد، گەرممانکرد)
ڕاومانناد ئابڕوومانبرد، نانمانخوارد ...)
٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:
سەرمانشکاندبوو، جێگەمانکردبووەوە، ڕێگامانگرتبوو، بڵندمانکردبوو،)ڕوورەشمانکردبوو، فرێماندابوو، بەخێومانکردبوو، تووڕمانهەڵدابوو) (ین)
زینمانکردبوو، تۆبەمانکردبوو، سوورمانکردبوو، گەرممانکردبوو)
ڕاومانابوو، ئابڕوومانبردبوو، نانمانخواردبوو ...)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی
١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:
سەرمانشکاندبا، جێگەمان کردباوە، ڕێگامانگرتبا، بڵندمانکردبا،)
ڕوورەشمانکردبا، فرێماندابا، بەخێومانکردبا، تووڕمانهەڵدابا)(ین)
زینمانکردبا، تۆبەمانکردبا، سوورمانکردبا، گەرممانکردبا)
ڕاومانابا، ئابڕوومانبردبا، نانمانخواردبا ...)
٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:
سەرمانشکاندبایە، جێگەمانبکردبایەوە، ڕێگامانبگرتبایە، بڵندمانبکردبایە،)
ڕوورەشمانبکردبایە، فرێمانبدابایە، بەخێومانبکردبایە، تووڕمانهەڵبدابایە) (ین)

زینمـــانبکردبایـــە، تۆبـــەمانبکردبایـــە، ســـوورمانبکردبایـــە، گەرممانبکردبایە)

ڕاومانبنابایە، ئابڕووماندبیردبایە، نانمانبخواردبایە ...)

سەرمانشـــــکاندایە، جێگەمانبکردایـــــەوە، ڕێگامانبگرتایـــــە، بڵندمانبکردایە)

(.........،.......................،.........................،................

نانمانبخواردبایە.....)

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

سەرمانشکاندبێ ... نانمان خواردبێ ... (مان)

(سەرمانشکاندبێت ... نانمانخواردبێت ....) (مان)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

سەرمانشکاندبووایە ... نانمان خواردبووایە ... (مان)

(سەرمانشکاندبێت ... نانمانخواردبێت ....) (مان)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن:

سەربشکێنین، جێگەبکەینەوە، ڕێگەبگرین ... (ین)

.... نانبخۆین ... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

سەرنەشکێنین، جێگەنەکەینەوە، ڕێگەنەگرین ... (ین)

.... ناننەخۆین ... (ین)

<u>تێنەپەر:</u>

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

(ا)سووردەبین، بەهێزدەبین، سەرخۆشدەبین، تووشدەبین،)
دەربازدەبین، ڕەشدەبین، زلدەبین، تێردەبین، هەژاردەبین،) (ین)
سەردەکەوین، ژێردەکەوین، نەخۆشدەکەوین ...)

(ب)ملدەنێین، بڕیاردەدەین، جنێودەدەین ... (ین)
(ج)گەرمامان‌دەبێ، سەرمامان‌دەبێ، پەکمان‌دەکەوێ .... (مان)

ب – کاتی ڕابوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباریی:

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

(ا) سووربووین، بەهێزبووین، سەرخۆشبووین، تووشبووین،)
دەربازدەبین، ڕەشدەبین، زلدەبین، تێردەبین، هەژاردەبین،) (ین)
سەرکەوتین، ژێرکەوتین، نەخۆشکەوتین ...)
(ج) گەرمامان‌بوو، سەرمامان‌بوو پەکمان‌کەوت .... (مان)
(ب)ملمان‌نا، بڕیارمان‌دا، جنێومان‌دا ... (مان)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

(ا) سووردەبووین، بەهێزدەبووین، سەرخۆشدەبووین،)
تووشدەبووین، دەربازدەبووین، ڕەشدەبووین،)
زلدەبووین، تێردەبووین، هەژاردەبووین،) (ین)
سەردەکەوتین، ژێردەکەوتین، نەخۆشدەکەوتین ...)
(ب)ملمان‌دەنا، بڕیارمان‌دەدا، جنێومان‌دەدا... (مان)
(ج) گەرمامان‌دەبوو، سەرمامان‌دەبوو پەکمان‌دەکەوت.. (مان)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

(ا) سووربووین، بەهێزبووین، سەرخۆشبووین،)

تووشبووین، دەربازبووین، ڕەشبووین، زلبووین)

تیژبووین، هەژاربووین[78]، سەرکەوتووین،) (ین)

سووربووینە، بەهێزبووینە ....)

.... نەخۆشکەوتووینە ...)

(ب)ملمانناوە، بڕیارمانداوە، جنێومانداوە ... (مان)

(ج) گـــەرمامانبـــووە، ســـــەرمامانبووە، پەکمانکـــەوتووە.... (مان)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دوور:

(ا)سووربووبووین، بەهێزبووبووین، سەرخۆشبووبووین .. (ین)

.... ژێرکەوتبووین، نەخۆشکەوتبووین... (ین)

(ب)ملماننابوو، بڕیارماندابوو ... (ین)

(ج)سەرمامانبووبوو، پەکمانکەوتبوو ... (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائیی:

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

(ا)سووربووباین، بەهێزبووباین ... (ین)

... ژێرکەوتباین، نەخۆشکەوتباین ... (ین)

(ب)ملماننابا، بڕیارماندابا ...) (مان)

(ج)سەرمامانبووبا، پەکمانکەوتبا...) (مان)

---

[78] لێرەشدا ئەم وشانە وەک ئەوانەی کاتی ڕابوردووی نزیک ناوترێن، هەروەها (بڕوانە: پەراوێزی ژ ٧٤).

٢

– ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

(ا) سووربووباینایە، بەهێزبووباینایە ... (ین)

... ژێرکەوتباینایە، نەخۆشکەوتباینایە ... (ین)

(سووربووینایە، بەهێزبووینایە ... (ین)

... ژێرکەوتینایە، نەخۆشکەوتینایە ..) (ین)

(ب)ملماننابایە، بڕیارماندابایە ...) (مان)

(ج)سەرمامانبووبایە، پەکمانکەوتبووبایە...) (مان)

(ملمانبنایە، بڕیارمانبدایە ..)

..... سەرمامانبووایە، پەکمانکەوتبووایە ....) (مان)

٣

– ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

(ا)سووربووبین، بەهێزبووبین ...)

... ژێرکەوتبین، نەخۆشکەوتبین) ین

(سووربووبێتین، بەهێزبووبێتین ....)

... ژێرکەوتبێتین، نەخۆشکەوتبێتین .....)

(ب)ملماننابێ، بڕیارماندابێ ....) (مان)

(ج)سەرمامانبووبێ، پەکمانکەوتبێ ...)

(ملماننابێت، بڕیارماندابێت ....) مان

... سەرمامانبووبێت، پەکمانکەوتبێت ....)

٤

– ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

(ا)سووربووباینایە، بەهێزبووبووباینایە ...)

ژێرکەوتبووباینایە، نەخۆشکەوتبووباینایە ..) ین
(سووربووبووباینایە، بەهێزبووبووبینایە ...)
ژێرکەوتبووبووباینایە، نەخۆشکەوتبووبایناپە ...)
(ب)ملمان‌نابووبووایە، بڕیارمان‌دابووایە ... (مان)
(ج)سەرمامان‌بووبووایە، پەکمان‌کەوتبووایە ...)
(ملمان‌نابووبووبایە، بڕیارمان‌دابووبووبایە .....) مان
سەرمامان‌بووبووبایە، پەکمان‌کەوتبووبووبایە ..)

ج – فەرمان:
١ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن‌خواستن:
(ا)سووربین، بەهێزبین، سەرخۆش‌ببین، تووش‌ببین،)
دەربازببین، ڕەش‌ببین، زل‌ببین، تیژببین، هەژارببین،) (ین)
سەربکەوین، ژێربکەوین، نەخۆش‌بکەوین ...)
(ب)مل‌بنێین، بڕیاربدەین، جنێوبدەین ... (ین)
(ج)گەرمامان‌بێ، سەرمامان‌بێ، پەکمان‌بکەوێ .... (مان)
(گەرمامان‌ببێت، سەرمامان‌ببێت، پەکمان‌بکەوێت ..) (مان)
٢
– فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:
(ا)سوورنەبین، بەهێزنەبین، سەرخۆش‌نەبین،)
تووش‌نەبین، دەربازنەبین، ڕەش‌نەبین، زل‌نەبین،) (ین)
تیژنەبین، هەژارنەبین، سەرنەکەوین، ژێرنەیەوین،)
نەخۆش‌نەکەوین ....)
(ب)مل‌نەنێین، بڕیارنەدەین، جنێونەدەین ... (ین)

(ج)گەرمامانن‌نەبێ، سەرمامانن‌نەبێ، پەکمانن‌نەکەوێ، (مان)
گەرمامانن‌نەبێت، سەرمامانن‌نەبێت، پەکمانن‌نەکەوێت. (مان)

تێبینی:

یەک – ئەگەر کرداری لێکدراو تێپەڕبوو، ئەوە جێناوی کەسیی لکاو لە دوو شوێندا دەردەکەوێ:

١ – لە ناوەڕاستدا[79]:

لە هەموو جۆرێکی ڕابوردووی ئیخباریی‌و ئینشائی‌دا.

٢ – لە کۆتاییدا:

ا – لە کاتی ڕانەبوردوودا.

ب – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن‌خواستن و فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا.

دوو – ئەگەر کرداری لێکدراو تێنەپەڕ بوو، دیسان جێناوی کەسیی لکاو لە دوو شوێندا – واتە لە ناوەڕاست‌و کۆتاییدا – دەردەکەوێ. بەڵام تایبەتێتی کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ ئەوەیە دەبنە دوو دەستە:

١ – ئەوانەی وەک تێپەڕ جێناو وەردەگرن.

٢ – ئەوانەی وەک تێپەڕ جێناویان پێوە دەلکێ. ئەو کردارە تێنەپەڕانەی وەک تێنەپەڕ جێناویان دەچێتە سەر ئەمانەن:

١ – کۆمەڵی (ا) و (ب)ی ڕیژەی کاتی ڕانەبوردوو.

---

[79] لەم حاڵەتانەدا جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو وشەیەوە، کە وشە لێکدراوەکەیان ڕۆناوە.

٢ – کۆمەڵی (ا) و (ب)ی ڕێژەی فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزنخواستن و فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا.

٣ – هەرموو جۆرێکی ڕێژەی ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائیی کۆمەڵی (ا).

ئەو کردارە تێنەپەڕانەش کە وەک تێپەڕ جێناو وەردەگرن، ئەمانەن:

١ – کۆمەڵی (ج)ی ڕێژەی کاتی ڕانەبوردوو.

٢ – کۆمەڵی (ج)ی ڕێژەی فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزن خواستن و فەرمان لە باری ناصەریحدا.

٣ – هەموو جۆرێکی ڕێژەی ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائیی کۆمەڵی (ب) و (ج).

سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە کردارەکانی ڕێژەی ڕانەبوردوو لەگەڵ ڕێژەی فەرمان وەک یەک خۆیان دەنوێن و هەموو جۆرەکانی ڕێژەی ڕابوردووش وەک یەک دابەش دەبن.

کۆمەڵە کرداری بەشی (ا) و بەشی (ج) لەسەر دەستووری خۆیان بەردەوام دەبن – واتە:

کۆمەڵی (ا) چ لە کاتی ڕانەبوردوو و چ لە هەموو جۆرەکانی ڕابوردوو و چ لە ڕێژەی فەرماندا جێناوی دەستەی دووەم لە کۆتاییانەوە دێت.

کۆمەڵی (ج) لە کاتی ڕانەبوردوو و هەموو جۆرەکانی ڕابوردوو و فەرماندا جێناوی دەستەی یەکەم دەچێتە ناوەڕاستیانەوە. هەرچی کۆمەڵە کرداری بەشی (ب)ە لەسەر یەک دەستوور ناڕوا – واتە:

٢ – لە کاتی ڕانەبوردوو و فەرمان‌دا وەک کۆمەڵی (ا) جێناو وەردەگرێ.

٢ – لە کاتی ڕابوردوودا وەک کۆمەڵی (ج) جێناوی دەچێتە سەر، هۆی ئەم نەچوونە سەر دەستووری بەشێک لەو کردارە لێکدراوە تێنەپەڕانە، ڕەنگە هۆی ئەوە بێ، هەرچەندە خۆیان تێنەپەڕن، بەڵام ئەو وشەیەی پێوەی بەندەو بووەتە پێشبەندی و بە هەردووکیان کردارەکە پێکدێت، لە بنەڕەتدا واتای بەرکاری بووە، یاخود هەندێک لەو کردارانە پتر واتای سیفەتی یەت دەگەیەنن.

-٣-

جیناوی لکاو لەگەڵ کردارەکی کارا بزردا

بەر لەوی بچینە نێو ئەم باسەوە، پێویستە پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە درێژبکەین، کە ئەم لاباسە دەچێتە ژێر باسی کرداری تێپەڕەوە، چونکە لە کرداری تێنەپەڕدا ڕێژەی تایبەتی کارا بزر پەیدا نابێ. جا بۆیە لێرەدا ئەو نموونانەی دەیانهێنینەوە، هەموو لە کرداری تێپەڕەوە وەرگیراون:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دەدروێین، دەکێڵرێین، دەنووسرێین ... (ین)

ب – کاتی ڕانەبوردوو:

یەکەم – ڕابوردووی ئیخباری

١ – ڕابوردووی ئیخباریی نزیک:

دروایین، کێڵراین، نووسراین ... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام:

دەدرواین، دەکێڵراین، دەنووسراین ... (ین)

٣ – ڕابوردووی ئیخباریی تەواو:

درواوین، کێڵراوین، نووسراوین (ین)

٤ – ڕابوردووی ئیخباریی دور:

دروابووین، کێلرابووین، نووسرابووین .... (ین)

دووەم – ڕابوردووی ئینشائی

١ – ڕابوردووی ئینشائیی نزیک:

دروابایـن، کێلرابایـن، نووسرابایـن ... (ین)

٢ – ڕابوردووی ئینشائیی بەردەوام:

بدرواباینایە، بکێلراباینایە، بنووسراباینایە .... (ین)

(بدروایناییە، بکێلرایناییە، بنووسرایناییە ......) (ین)

٣ – ڕابوردووی ئینشائیی تەواو:

بدروابین، بکێلرابین، بنووسرابین .... (ین)

٤ – ڕابوردووی ئینشائیی دوور:

دروابووینایە، کێلرابووینایە، نووسرابووینایە ... (ین)

(دروابووبایناییە، کێلرابووبایناییە، نووسرابووبایناییە ...) (ین)

ج – فەرمان:

١ – فەرمان بە واتا و مەبەسی ئیزنخواستن:

بدروێین، بکێلڕێین، بنووسرێین ... (ین)

٢ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەدروێین، نەکێلڕێین، نەنووسرێین ... (ین)

تێبینی:

١ – کرداری کارا بزر هەمیشە لە کرداری تێپەڕ دروست دەکرێ.

٢ – لە کرداری کارا بزردا، کارا دەرناکەوێ و تەواوکەرەکەی (بەرکار) جێی‌ی دەگرێ و دەوری جێگری کارا دەبینێ.

٣ – لەبەر ئەوەی ئەو کردارە تێپەرانە دەبنە تێنەپەڕ، بۆیە جێناوی لکاوی دەستەی دووەمیان بۆ بەکاردێ – واتە گەردانیان لە ڕانەبوردوو و هەموو جۆرەکانی ڕابودوو و لە حاڵەتی فەرماندا وەک کرداری تێنەپەڕ جێناو وەردەگرن.

* * *

دوای ئەوەی لە زۆربەی ئەو حاڵەتانە دواین، کە یەک جێناوی لکاو بە دەوری کارا لەگەڵ کرداردا دێت، ئینجا با بە کورتی سەیرێکی حاڵەتەکانی دەرکەوتنی دوو جێناوی لکاو بکەین، کە یەکێکیان دەبێتە نیشانەی کارا و ئەوی تریان نیشانەی بەرکار.

بەر لەوەی بچینە نێو ئەم باسەوە، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین، ئەو کردارانەی بە نموونە دەیانهێنینەوە، سەرپاکیان تێپەڕن، چونکە وەک ئاشکرایە کرداری تێنەپەڕ بەرکاری ناوێت.

-١-

لکانیان بە کرداری سادەوە

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

جگە لەو حاڵەتەی کە یەک جێناوی دەستەی دووەم وەردەگرێ و دەوری کارا دەبینێ، هەروەها حاڵەتی ئەوتۆش هەیە، کە دوو جێناو وەردەگرێ، کە یەکێکیان لە دەستەی یەکەمە و ئەویتریان لە دەستەی دووەمە. وەک:

دەیان نێرین – ئێمە ئەوان دەنێرین

دەتان نێرن – ئەوان ئێوە دەنێرن

دەمان نێرن – ئەوان ئێمە دەنێرن

لەم حاڵەتەدا دوو تایبەتێتی بەرچاو دەکەوێ:

١ – جێناوەکەی دەستەی دووەم دیسان هەر دەوری کارا دەبینێ و ئەوی دەستەی یەکەم دەوری بەرکار دەگێڕێ.

٢ – جێناوەکەی دەستەی یەکەم هەمیشە پێش ئەوی دەستەی دووەم دەکەوێ – واتە ئەوی دەستەی یەکەم لە سەرەتاوە دێ و هی دەستەی دووەم لە کۆتاییەوە.

ب – کاتی ڕابوردوو:

وێڕای ئەو حاڵەتانەی کە یەک جێناوی دەستەی یەکەم وەردەگرێ و دەوری کارا دەبینێ، چەند حاڵەتێکی تریش دەبینرێ:

١ – هاتنی دوو جێناوی دەستەی یەکەم بەسەریەکەوە. وەک:

ڕابوردووی نزیک:

ناردمانیان – ئەوان ئێمەیان نارد

....

ناردبامانیان – ئەوان ئێمەیان ناردبا

ڕابوردووی تەواو:

ناردوومانیان – ئەوان ئێمەیان ناردووە

....

ناردبمانیان – ئەوان ئێمەیان ناردبا

....

ڕابوردووی دوور:

ناردبوومانیان – ئەوان ئێمەیان ناردبوو

....

ناردبوومانیانایە – ئەوان ئێمەیان ناردبووایە

لەم حاڵەتەدا جێناوی یەکەم هەمیشە بەرکارە و جێناوی دووەمیش هەردەم کارایە.

٢ – هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم لەگەڵ جێناوێکی دەستەی دووەم.

لەم حاڵەتەدا جێناوەکەی دەستەی یەکەم چ لە پێش ئەوەی دەستەی دووەمەوە بێت و چ لە پشتیەوە، هەر وەک کارا خۆی دەنوێنێ. جێناوەکەی دەستەی دووەمیش چ لە پێش ئەوی دەستەی یەکەمەوە دەرکەوێ و چ لە پشتیەوە، هەروەک بەرکار دەور دەبینێ. بە نموونە:

ا – کاتێ جێناوی دەستەی یەکەم لە پێشەوە دێ و ئەوی دەستەی دووەم بە دوایدا

ڕابوردووی نزیک:
ناردتانین – ئێوە ئێمەتان نارد
ناردیانین – ئەوان ئێوەیان نارد
ناردمانن – ئێمە ئێوە (ئەوان) مان نارد
....

ڕابوردووی تەواو:
ناردووتانینە – ئێوە ئێمەتان ناردووە.
ناردوویاننە – ئەوان ئێوەیان ناردووە
ناردوومانە – ئێمە ئێوە (ئەوان)مان ناردووە.
....

ڕابوردووی دوور:
ناردبووتانین – ئێوە ئێمەتان ناردبوو
ناردبوویانن – ئەوان ئێوەیان ناردبوو
ناردبوومانن – ئێمە ئێوە (ئەوان)مان ناردبوو
....

ب – دەمێ جێناوی دەستەی دووەم لە پێشەوە دەردەکەوێ و جێناوی دەستەی یەکەم بە دوایدا دێ:

ڕابوردووی نزیک:
ناردینیان – ئەوان ئێمەیان نارد

ناردنیان – ئەوان ئێوەیان نارد

ناردینت – تۆ ئێمەت نارد

....

ڕابوردووی تەواو:

ناردووینیانە - ئەوان ئێمەیان ناردووە

ناردوونیانە - ئەوان ئێوەیان ناردووە

ناردووینت – تۆ ئێمەت ناردووە

....

ڕابوردووی دوور:

ناربووینیان – ئەوان ئێمەیان ناردبوو

ناردبوونیان – ئەوان ئێوەیان ناردبوو

ناردبووینت – تۆ ئێمەت ناردبوو

....

هەموو ئەوەی تا ئێرە دەربارەی هاتنی دوو جێناوی لکاو لەگەڵ کرداری ڕابوردوودا وتوومانە، بۆ جۆرەکانی ڕابوردووی نزیک و تەواو و دوور دەگونجێ، بەڵام هەرچی ڕابوردووی بەردەوامە جێناوە لکاوەکان بە جۆرێکیتر لەگەڵی دەردەکەون، ئەویش تەنیا یەک حاڵەتە کە بریتییە لە هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم لە سەرەتاوە لە دەوری کارادا و لە کۆتاییەوە جێناوێکی دەستەی دووەم لە دەوری بەرکاردا. بە وێنە:

دەمان نارد – ئێمە ئەوانمان دەنارد

دەیان ناردین – ئەوان ئێمەیان دەنارد

دەتان ناردین – ئێوە ئێمەتان دەنارد

....

بمان ناردینایە - ئێمە ئەوانمان بناردبایە

بیان ناردبینایە - ئەوان ئێمەیان بناردبایە

بتان ناردبینایە - ئێوە ئێمەتان بناردایە

....

ج — فەرمان:

هەموو جۆرەکانی فەرمان بە تەواوی وەک ڕێژەی کاتی ڕانەبوردوو جێناو وەردەگرن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە. واتە لە سەرەتاوە جێناوی دەستەی یەکەم دێ و دەوری بەرکار دەبینێ و لە کۆتاییشەوە جێناوی دەستەی دووەم دەردەکەوێ و وەک کارا خۆی دەنوێنێ.

بە وێنە:

١ — فەرمان لە باری ئاساییدا:

بمان نێرن — ئێوە ئێمە بنێرن

بیان نێرن — ئێوە ئەوان بنێرن

بیان نێرن — ئێوە ئەوان بنێرن

٢ — فەرمان بە واتا و مەبەستی ئێزنخواستن:

بیان نێرین — ئێوە ئەوان بنێرین

بتان نێرین — ئێمە ئێوە بنێرین

٣ — فەرمان لە باری نەهی صەریحدا

مەمان نێرن — ئێوە ئێمە مەنێرن

مەیان نێرن — ئێوە ئەوان مەنێرن

٤ — فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:

نەیان نێرین – ئێمە ئەوان نەنێرین
نەمان نێرن – ئێوە ئێمە نەنێرن

-٣-

لکانیان بە کرداری ناسادەوە

یەکەم – دارێژراو:

أ- بە هاریکاری پێشگر سازبوو:

لە کرداری دارێژراوی بە یاریدەی یەک پێشگری سادە سازبوو یان کراری دارێژراوی بە یاریدەی دوو پێشگری سادە پێکاتوو یان کرداری دارێژراوی بە یاریدەر پێشگرێکی ناسادە ڕۆنراودا، جێناوە لکاوەکان وەک یەک خۆیان دەنوێنن، بەم چەشنەی خوارەوە:

جێناوە لکاوەکان لە کاتی ڕانەبوردوو و لە حاڵەتە هەمەجۆرەکانی فرمانی کرداری سادەدا چۆن و بە چ شێوەیەک دەردەکەون و خۆیان دەنوێنن، هەر بەو جۆرەش لە کرداری بە هاریکاری پێشگر دارێژراودا دێن – واتە جێناوێکی دەستەی یەکەم لە سەرەتاوە دێ و دەوری بەرکار دبینێ، لە کۆتاییشەوە جێناوێکی دەستەی دووەم دەردەکەوێ و دەبێتە کارا. بە وێنە:

ا – کاتی ڕانەبوردوو:

دایان دەگرین – ئێمە ئەوان دادەگرین

دامان دەگرن – ئەوان ئێمە دادەگرین

....

هەڵیان دادەتەکێنین – ئێمە ئەوان دادەتەکێنین

هەڵمابن دادەتەکێنین – ئەوان ئێمە هەڵدادەتەکێنن

....

ڕێکتیان دەخەین – ئێمە ئەوان ڕێکدەخەین
ڕێکمان دەخەن – ئەوان ئێمە ڕێکدەخەن

....

ب – فەرمان:
١ – لە باری ئاساییدا:
دامانبگرن – ئێوە ئێمە دابگرن
هەڵمانداپتەکێنن – ئێوە ئێمە هەڵداپتەکێنن
ڕێکمانبخەن – ئێوە ئێمە ڕێکبخەن
٢ – فەرمان بە واتا و مەبەستی ئیزبخواستن:
دایانبگرین – ئێمە ئەوان دابگرین
هەڵیانداپتەکێنین – ئێمە ئەوان هەڵداپتەکێنین
ڕێکیانبخەین – ئێمە ئەوان ڕێک بخەین
٣ – فەرمان لە باری نەهی صەریحدا:
دامانمەگرن – ئێوە ئێمە دامەگرن
هەڵمانمەتەکێنن – ئێوە ئێمە هەڵدامەتەکێنن
ڕێکمانمەخەن – ئێوە ئێمە ڕێکمەخەن
٤ – فەرمان لە باری نەهی ناصەریحدا:
دایاننەگرین – ئێمە ئەوان دانەگرین
هەڵیاندانەتەکێنین – ئێمە ئەوان هەڵدانەتەکێنین
ڕێکیاننەخەین – ئێمە ئەوان ڕێکنەخەین

....

وەک نیشانماندا، جێناوە لکاوەکان لە کاتی ڕابوردووی نزیک و تەواو و دووری کرداری سادەدا یەک دەستوور پەیڕەوی دەکەن و ڕابوردووی بەردەوامیش دەستووری جیاوازی تایبەتیی خۆی هەیە ... هەرچی کرداری داڕێژراوی بە هاریکاریی پێشگر سازبووە تێکڕای جۆرەکانی ڕابوردووی وەک ڕابوردووی بەردەوامی کرداری سادە جێناوی لکاو وەردەگرێ، ئەویش کە بریتییە لە هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم لە سەرەتاوە لە دەوری کارادا و لە کۆتاییەوە جێناوێکی دەستەی دووەم لە دەوری بەرکاردا، وەک:

ڕابوردووی نزیک:
دامانگرتن، دایانگرتین، داتانگرتین.
هەڵمانداتەکاندن، هەڵیانداتەکاندین، هەڵتانداتەکاندین.
ڕێکمان خستن، ڕێکیانخستین، ڕێکتانخستین.

ڕابوردووی بەردەوام:
داماندەگرن، دایاندەگرتن، داتاندەگرتین.
هەڵمانداتەکاندن، هەڵیاندادەتەکاندین، هەڵتاندادەتەکاندین.
ڕێکماندەخستن، ڕێکیاندەخستین، ڕێکتاندەخستین.
ڕابوردووی تەواو:
دامانگرتوون، دایانگرتوون، داتانگرتوون.
هەڵمانداتەکاندوون، هەڵیانداتەکاندوون، هەڵتانداتەکاندوون.
ڕێکمانخستوون، ڕێکیانخستوون، ڕێکتانخستوون.

ڕابوردووی دوور:

دامانگرتبوون، دایانگرتبوون، داتانگرتبوون.

هەڵماندادەکاندبوون، هەڵیاندادەکاندبووین، هەڵتاندادەکاندبووین.

ڕێکمانخستبوون، ڕێکیانخستبوون، ڕێکتانخستبوون.

ب - بە هاوکاریی پاشگر سازبوو:

هـەرچی کـرداری داڕێـژراوی بـە یاریـدەی پاشـگری (ەوە/وە) و (اندن)یشـە لـە هـەموو ڕێژەیەکدا وەک کرداری سـادە جێنـاوی لکـاو وەردەگرێ. واتە:

١ – لە کاتی ڕانەبوردوو و هـەموو حاڵەتـە فەرماندا لـە سـەرەتاوە جێنـاوی دەسـتەی یەکـەم دێ و دەوری بـەرکار دەبینـێو لـە کۆتاییشـەوە جێناوی دەستەی دووەم دەردەکەوێ و وەک کارا خۆی دەنوێنێ. بە وێنە:

کاتی ڕانەبوردوو:

دەیاننێرینەوە - ئێمە ئەوان دەنێرینەوە.

دەمانسووتێنن – ئەوان ئێمە دەسووتێنن.

فەرمان:

بماننێرنەوە - ئێوە ئێمە بنێرنەوە.

بمانسووتێنن – ئێوە ئێمە بسووتێنن.

....

بیاننێرینەوە - ئێمە ئەوان بنێرینەوە.

بتانسووتێنن – ئێمە ئێوە بسووتێنن.

....

مەمان‌نێرنەوە – ئێوە ئێمە مەنێرنەوە.

مەیان‌سووتێنن – ئێوە ئەوان مەسووتێنن

....

نەیان‌نێرینەوە – ئێمە ئەوان نەنێرینەوە.

نەمان‌سووتێنن – ئێوە ئێمە نەسووتێنن.

....

٢ – لە ڕێژەی ڕابوردووی نزیک و تەواو و دووردا سێ حاڵەت پەیدا دەبێ:

یەک – هاتنی دوو جێناوی دەستەی یەکەم بە سەریەکەوە. لەم حاڵەتەدا جێناوی یەکەم هەمیشە بەرکارە و جێناوی دووەمیش هەردەم کارایە. وەک:

ناردمانیانەوە – ئەوان ئێمەیان ناردەوە.

سووتاندمانیان – ئەوان ئێمەیان سووتاند.

ناردمانیانەوە – ئەوان ئێمەیان ناردووەتەوە.

سووتاندوومانیان – ئەوان ئێمەیان سووتاندووە.

....

ناردبوومانیانەوە – ئەوان ئێمەیان ناردبووەوە.

سووتاندبوومانیان – ئەوان ئێمەیان سووتاندبوو.

....

دوو – هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم و بەدوایدا جێناوێکی دەستەی دووەم. لەم بارەدا جێناوەکەی دەستەی یەکەم دەبێتە کارا و ئەوەی دەستەی دووەم بەرکار. وەک:

ناردتانینەوە - ئێوە ئێمەتان ناردەوە.
سووتاندمانانن – ئێمە ئەوانمان سووتاند

....

ناردووتانینەوە - ئێوە ئێمەتان ناردووەتەوە.
سووتاندوومانن – ئێمە ئەوانمان سووتاندووە.

....

ناردبووتانینەوە - ئێوە ئێمەتان ناردبووەوە.
سووتاندبوومانن – ئێمە ئەوانمان سووتاندبوو.

....

سێ – دەرکەوتنی جێناوێکی دەستەی دووەم و بە دوایدا جێناوێکی دەستەی یەکەم. لەم حاڵەتەدا جێناوەکەی دەستەی دووەم بەرکارە و ئەوی دەستەی یەکەم کارایە. وەک:

ناردینیانەوە - ئەوان ئێمەیان ناردەوە.
سووتاندینیان – ئەوان ئێمەیان سووتاند.
ناردووینیانەوە - ئەوان ئێمەیان ناردووەتەوە.
سووتاندووینیان – ئەوان ئێمەیان سووتاندووە.

....

ناردبووینیانەوە - ئەوان ئێمەیان ناردبووەوە.
سووتاندبووینیان – ئەوان ئێمەیان سووتاندبوو.

....

٣ – لە ڕێژەی ڕابوردووی بەردەوامدا تەنیا یەک حاڵەت هەیە، ئەویش بریتییە لە هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم لە سەرەتاوە لە

دەوری کارادا و لە کۆتاییەوە جێناوێکی دەستەی دووەم لە دەوری بەرکاردا. بە وێنە:

دەمانناردنەوە- ئێمە ئەوانمان دەناردەوە.

دەمانسووتاندن- ئێمە ئەوانمان دەسووتاند.

دووەم-کرداری لێکدراو:

کرداری لێکدراویش حاڵەتی ڕانەبوردوو و فەرمانی لەگەڵ کرداری سادە و داڕێژراودا هیچ جیاوازییەکی نییە. هەرچی حاڵەتی ڕابوردوویشی‌یەتی لە لایەکەوە لە کرداری داڕێژراو نزیک دەبێتەوە و لە لایەکی‌ترەوە لە کرداری سادە. ئەمیش وەک کرداری داڕێژراو هەر چوار ڕێژەی نزیک و بەردەوام و تەواو و دووری بەیەک چەشن جێناو وەردەگری. بەلام لە ڕووی جۆر و دەوری جێناوەکانەوە لە کرداری سادە نزیک دەبێتەوە و لەگەڵ خاڵی یەکەم و بەشی ئەلفی خاڵی دووەمی‌دا بە تەواوی یەکدەگرنەوە. تەنیا جیاوازی لە نێوانیاندا ئەوەیە، کە کرداری لێکدراو حاڵەتی بەشی (ب)ی خاڵی دووەم کرداری سادەی نییە. واتە:

١ – لە کاتی ڕانەبوردوو و هەموو جۆرەکانی فەرماندا لە پێشەوە جێناوی دەستەی یەکەم دەردەکەوێ و دەوری بەرکار دەگێڕێ و لە کۆتاییشەوە جێناوی دەستەی دووەم دێ و وەک کارا خۆی دەنوێنێ. بە نموونە:

کاتی ڕانەبوردوو:

سەرمانبشکێنن- ئێوە سەری ئێمە بشکێنن.

ڕێگامان‌دەگرن- ئەوان ڕێگای ئێمە دەگرن

فەرمان:

سەرمان‌بشکێنن – ئێوە سەری ئێمە بشکێنن.

ڕێگامان‌بگرن – ئێوە ڕێگای ئێمە بگرن.

....

سەریان‌بشکێنین – ئێمە سەری ئەوان بشکێنین.

ڕێگاتان‌بگرین – ئێمە ڕێگای ئێوە بگرین.

....

سەرمان‌مەشکێنن – ئێوە سەری ئێمە مەشکێنن.

ڕێگامان‌نەگرن – ئێوە ڕێگای ئێمە مەگرن.

....

سەریان‌نەشکێنن – ئێوە سەری ئەوان نەشکێنین.

ڕێگامان‌نەگرین – ئێوە ڕێگای ئێمە مەگرین.

٢ – لە هەموو ڕێژەکانی ڕابوردوودا دوو حاڵەت بەدی دەکرێ:

یەک – هاتنی دوو جێناوی دەستەی یەکەم بە سەر یەکەوە. لەم حاڵەتەدا جێناوی یەکەم هەمیشە بەرکارە و جێناوی دووەمیش هەردەم کارایە. یەک:

سەرمانیان‌شکاند – ئەوان سەری ئێمەیان شکاند.

ڕێگایانمان‌گرت – ئێمە ڕێگای ئەوانمان گرت.

....

سەرمانیان‌دەشکاند – ئەوان سەری ئێمەیان دەشکاند.

ڕێگایانمان‌دەگرت – ئێمە ڕێگای ئەوانمان دەگرت.

....

سەرمانیان‌شکاندووە – ئەوان سەری ئێمەیان شکاندووە.

ڕێگایانمان‌گرتووە – ئێمە ڕێگای ئەوانمان گرتووە.

....

سەرمانیان‌شکاندبوو – ئەوان سەری ئێمەیان شکاندبوو.

ڕێگایانمان‌گرتبوو – ئێمە ڕێگای ئەوانمان گرتبوو.

دوو – هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم لە ناوەڕستدا و جێناوێکی دەستەی دووەم لە کۆتاییەوە. لەم بارەدا جێناوەکەی دەستەی یەکەم – واتە ئەوەی لە ناوەڕاستدا دێ – دەبێتە کارا و ئەوی دەستەی دووەم، کە لە کۆتاییەوە دەردەکەوێ، دەبێتە بەرکار.

وەک:

سەرتان‌شکاندین – ئێوە سەری ئێمەتان شکاند.

ڕێگامان‌دەگرتن – ئێمە ڕێگای ئێوە (ئەوان)مان دەگرت.

....

سەرتان‌شکاندبووین – ئێوە سەری ئێمەتان شکاندووە.

ڕێگامان‌گرتوون – ئێمە ڕێگای ئێوە (ئەوان)مان گرتووە.

....

سەرتان‌شکاندبووین – ئێوە سەری ئێمەتان شکاندبوو.

ڕێگامان‌گرتبوون – ئێمە ڕێگای ئێوە (ئەوان)مان گرتبوو.

* * *

جێناوی خۆیی

وێنەی جێناوی خۆیی لە ئاوێستادا لە شێوەی (هڤە، خوە، خوەتۆ)دا دەبینری[80] و لە فارسی ناوەڕاستدا لە فۆرمی (خوەت)دا بەرچاو دەکەوێ[81] و لە فارسیی نوێدا بووە بە (خود)[82] ....

لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا ئەگەرچی (خۆ) فۆرمی سەرەکیی جێناوی خۆیی‌یە، بەڵام لە هەندێ حاڵەت و لە هەندێ بەشە دیالێکتدا شێوەی (خود)[83]یش هەیە.

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لەگەڵ ئەوەشدا کە (خوە) فۆرمی سەرەکی‌یە، بەڵام شێوەی (خۆ)[84] و (خوو)[85] و (خۆن)[86] و (خوا)[87]یش دەبینرێن.

---

[80] بڕوانە: س. ن. سۆکۆلۆڤ، زمانی ئاوێستا، مۆسکو، ١٩٦١، ل ٦٤.

[81] بڕوانە: ڤ. س. ڕاستۆرگوێڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکو، ١٩٦٦، ل ٦٨.

[82] بڕوانە:

أ – ذوالنور، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی، تهران، ١٣٤٣، ل ٢٨ – ٢٩.

ب – علی برناک، دستور زبان فارسی، ١٣٤٧، ل ٢٨.

[83] دواتر لێی دەدوێین.

[84] بە وێنە بڕوانە:

أ – چ. خ. باکایێڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکو، ١٩٧٣، ل ١٦٣.

ب – ق. کوردۆیێڤ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، مۆسکو، ١٩٧٨، ل ١١٤.

ج – م. خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، کتێبی "وڵاتان و ڕۆژهەڵاتی نێزیک و ناوەڕاست"، ب ٧،یەریڤان، ١٩٧٥، ل ٣٣٤.

[85]) بە وێنە بڕوانە:

أ – سەرچاوەی ناوبراو، چ. خ. باکایێڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، ل ١٦٣.

ب – سەرچاوەی ناوبراو، م. خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، ل ٣٣٤.

ئەگەر ئاورێک لەو کتێبانە بدەینەوە کە لە ڕێزمانی کوردی دەدوێن و سەرنج لەو شوێنانەیان ڕابگرین، کە دەربارەی (جێناوی خۆیی) لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودان، وێڕای بینینی هەڵە و ناتەواوی و بە لای زۆر لایەنی باسەکەدا نەچوون و سادەیی، ئەوە بەدی دەکەین کە نووسەران لەم باسەدا دەبنە دوو کۆمەڵ:

کۆمەڵی یەکەم وا ڕادەگەیەنن کە مۆرفیمی (خۆ) جێناوی خۆیەتی و دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان (م، ت، ی، مان، تان، یان) وەردەگرێ و دەبێتە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)[88]...

کۆمەڵی دووەم وایان داناوە، کە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) جێناوی خۆیین[89].

---

[86] بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، چ. خ. باکاییڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، ل ١٦٣.

[87] بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی ....، ل ١١٤.

[88] بە نموونە، وەک:

أ – ک. ڕ. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لینینگراد، ١٩٦٨، ل ٥٢.

ب – سەرچاوەی ناوبراو، چ. خ. باکاییڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، ل ١٦٣.

ج – ق. کوردۆییڤ، دەستووری زمانی کوردی ....، ل ١١٤.

د – ڕ. ل. تابۆ:سۆڤ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ٢٨.

ه – سەرچاوەی ناوبراو، م. خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، ل ٢٣٤.

..... و هەندێکی‌تر.

[89] بە نموونە، وەک:

أ – تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩، ل ١١٢-١١٣.

ب – نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٩٥-٩٦.

ج – عەبدوڵڵا شالی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئەمین عەلی، نووری عەلی ئەمین، فەریدوون عەلی ئەمین، عەلائەدین سەجادی، کەمال مەحموود قەرەج، ئەبوزەید مستەفا سەنەدی، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٢١-٢٢.

ئەگەرچی کۆمەڵی یەکەم ڕاست بۆ دیاری کردنی فۆرمی ئەو جێناوە چوون، بەلام ناتەواوییان ئەوەیە، کە تەنیا حاڵەتی پێوەلکاندنی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمیان باس کردووە و بە هیچ چەشنێک ئەوەیان یادداشت نەکردووە کە جێناوی (خۆ) جێناوێکی لکاوی دەستەی دووەم یان دوو جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم پێکەوە یان جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەم و بە دوایدا جێناوێکی دەستەی دووەم یان (ش/یش)ی پێوەندی و بە دوایدا جێناوێکی دەستەی یەکەم ... یش وەردەگرێ ... یاخود دەبێتە پارچەیەکی وشەی داڕێژراوی یان لێکدراو ...

کۆمەڵی دووەم لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەو جێناوەوە تۆمار نەکردووە، هەروەها لە دیاریکردنی فۆرمیشیدا بە هەڵەچوون. ئەگەر جێناوی خۆیی (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) بوایە، ئەوە لە شێوەی (خۆ)دا دەرنەدەکەوت یاخود (ش/یش)ی پێوەندی نەدەکەوتە نێوان(خۆ) و جێناوە لکاوەکانەوە، یاخود نەدەبوو (خۆ) ببێتە پارچەیەکی وشەی سادە، بەڵکو دەبوو (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) ببن ...

جێناوی (خۆ)[90]، کە واتای خۆیەتی و خاوەنێتی دەگەیەنێ، لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا بەم جۆرانەی خوارەوە دەردەکەوێ:

د – د. کوردستانی موکریانی، جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروودا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٢٤٩-٢٥٠.

.........و هەندێکی‌تر.

[90](خۆ)ی جێناو کە لە ڕووی واتاوە بەرانبەر (نفس، عين – self) دەوەستێ‌و هەندێ جێگای تەئکید دەگرێتەوە، لەگەڵ ئامرازی (خۆ) کە بە واتای (اذا، لو) دێ و لەگەڵ مۆرفیمی (خۆ) کە ڕەگی کرداری ڕانەبوردووی (خواردن)ە .... نابێ تێکەڵبکرێ.

١ – بێ ئەوەی هیچ زیادی‌یەکی لەگەڵ بێ، وەک:

خۆ لە خۆ[91] ئەکوتێ، بێگانە لە کولۆری دارا

(پەندی پێشینیان، ل ١٩٦)

هەروا دەڕوا خۆ دەشلینی
پەنجە و پانیان لۆ یەک دینی
قەسدێ دەکا بمسووتینی

(فۆلکلۆر)

٢ – یەک جێناوی دەستەی یەکەم وەردەگرێ، وەک:

خۆ+م --» خۆم

لە ژینی خۆم ئومێدم قەطعە "نالی"!
کە سووتاوە هەموو جەرگ و هەناوم

(نالی، ل ٢٩٤)

خۆ+ت---» خۆت

خۆت سووک‌مەکە بە غائیلەی سەد مەرامەوە
تا ماوی ڕابوێرە بە ناموس و نامەوە

(زێوەر، ل ٢٠)

ئامرازی (خۆ). وەک:

خۆ مریشک نیم بە دەندووک شەڕبکەم
(پەندی پێشینیان، ل ١٩٧)

خۆی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو:
شەربەتی خەوف و ڕەجای ئەغیار ویار
ترش و شیرین هەم دەچێژم، هەم دەخۆم
(نالی، ل ٢٩٧)

... هتد.

[91] ئەو (خۆ)یە بە واتای (خزم) دێت.

خۆ+ی---» خۆی

خۆی خستۆتە ساجی عەلی

(پەندی پێشینیان، ل ١٩٨)

خۆ+مان---» خۆمان

ئەی بلبل، هەژار خۆمان

بێدەستەڵات، پڕ گومان

(گۆران، ل ١٠٨)

خۆ+تان---»خۆتان[92]

دوژمن بە خۆتان خۆش مەکەن

هەموو بە جارێ لە چەپڵەدەن

(بێکەس، ل ٨١)

خۆ+یان---» خۆیان[93]

پۆل پۆل ئەهاتنە سەر ڕێگەمان و قەدرێک شەڕەتفەنگ ئەکرا و زەفەریان نەئەبرد، خۆیان ونئەکرد.

---

[92] لە هەندێ شێوەی کوردیدا لە جێگای (خۆمان) شێوەی (خۆن) و لە بریتی (خۆتان) فۆرمی (خۆو) بەکاردێ. (بڕوانە: مەسعوود محەمەد، سووڕێکی خامە بە دەوری ڕاناودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٢، ژ١، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٧٨).

[93] هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ئەو حاڵەتانەی جێناوی (خۆ) کە جێناوی لکاو وەردەگرن، بە (جێناوی خۆیی کەسیی) ناودەبەن. بە وێنە، بڕوانە(ڕ. ل. تسابۆلۆڤ)، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل ٢٨؛ ک. ڕ. ئەیبوو:ی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لینینگراد، ١٩٦٨، ل ٥٢ ....و هەندێکیتر)

ئەگەرچی ڕاستە جێناوی خۆیی بەبێ جێناوی لکاو، کەسی قسەکەر یان قسەبۆکراو یان قسەلێکراوی تێدا نییە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە جێناوی لکاو وەربگرێ و ببێتە جێناوێکی تر. چونکە ئەگەر بەو پێیە بێ، ئەوە دەبێ کاتێ جێناوی لکاو دەچێتە سەر ناو (وەک: کوڕم.... کوڕمان...) ناوەکە ببێتە ناوی کەسی؛ یان کە بە پرێپۆزیشنەوە دەلکێ (وەک: لەم ... لەمان...)، ئەوە پرێپۆزیشنەکە ببێتە پرێپۆزیشنی کەسی .....

(لەخەوما، ل٣٠)

٣ – جێناوێکی دەستەی دووەمی دەچێتە سەر، وەک:

خۆ+م---» خۆم

من خۆم، نەناسیاو نیم.

خۆ+ی (یت) ---» خۆی (یت)

تۆ خۆی (یت)، نەناسیاو نیت.

خۆ+ە---» خۆیە

ئەو خۆیە[94]، نەناسیاو نیە.

خۆ+ین---» خۆین

ئێمە خۆین، نەناسیاو نین.

خۆ+ن---» خۆن

ئێوە خۆن، نەناسیاو نین.

خۆ+ن---» خۆن

ئەوان خۆن، نەناسیاو نین.

٤ – دوو جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە دەلکێ، وەک:

خۆ+م+م---» خۆمم

.. کە چاوم بەوانە کەوت و ئەو ئەحواڵەم دی بە جارێک خۆمم لەبیرچووەوە.

(لەخەوما، ل٣٩)

خەڵک هەموو مەسروورو شادن دەستە دەستە دێنە خوار

---

[94]) دەرکەوتنی (ە) وەک جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی دەستەی دووەم لەگەڵ جێناوی خۆیی (خۆ)دا بەڵگەیەکی ترە بخرێتە سەر ئەو بەڵگانەی لە وتاری "جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا"دا بۆ ئیسپاتکردنی بە جێناو دانانی (ە) هێناومانەتەوە.

من خەریکی دەردی خۆمم، تەرکی ناو یاران ئەکەم

(بێکەس، ل ١٧٥)

خۆ+ت+ت---» خۆتت

یاخود بە قەولی گاڵتەی درۆزن

کەرەکەی خۆتت لێبووە بە ڕم و ژن

(پیرەمێرد، ل ٣٠٢)

خۆ+ت+ی---» خۆتی

خۆتی[95] فیداکەی هەر کەمە

خەلاتی ئەو دەردو غەمە

(بێکەس، ل ١٦٢)

خۆ+م+تانڤ خۆمتان

خۆمتان لێناگۆڕم

خۆ+تان+مان---» خۆتانمان

خۆتانمان لێمەشارنەوە

.... هتد[96].

٥ - جێناوێکی دەستەی یەکەم و بە دوایدا هی دەستەی دووەم، وەک:

خۆ+ م+ن---» خۆمن

ئەوان وەک کوڕی خۆمن

---

[95] واتە: (خۆت فیدای ئەو کەی).

[96] کاتێ دوو جێناوی دەستەی یەکەم دەچنە سەر جێناوی خۆیی (خۆ)، هەمیشە ئەوی یەکەم بەرکارە و ئەوی دووەم کارایە. بە وێنە: خۆتم نیشان بدە - تۆ (بەرکار) خۆت بە من (کارا) نیشان بدە. خۆیتان لێوندەکا – ئەو (بەرکار) خۆی لە ئێوە (کارا) وندەکا. خۆیانمان لێدەشارنەوە - ئەوان (بەرکار) خۆیان لە ئێمە (کارا) دەشارنەوە.

خۆ+ ت+ن---» خۆتن

ئەوان لە خۆتن

خۆ+ت+ین---» خۆتین

ئێمە لە خۆتین

خۆ+مان+ین---» خۆمانین

ئەوە کێیە لە دەرگا دەدا؟ خانم بیکەرەوە خۆمانین

خۆ+تان+ین---» خۆتانین

ئێمە لە خۆتانین

٦ – کاتێ (خۆ) جێناوی لکاوی دەچێتە سەر چ لە پێش و چ لە پاش جێناوەکە مۆرفیمی (ش/یش) دەتوانێ وەربگرێ. وەک:

ا – لە پێش جێناوەکە:

خۆشم، خۆشت، خۆشی، خۆشمان، خۆشتان، خۆشیان.

لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم

وا تێگەیشتم کە چەند بێهۆشم

(بێکەس، ل ٧٧)

پیرەمیردێک بوو، چوارپێنج ولاخی پێبوو، خۆشی تەنها بوو

(لەخەوما، ل ٣٠)

کە خۆشیان ئەیانمژین،

بۆ خەڵقیشیان سەرئەبڕین

(گۆران، ل ٨٧)

ب – لە پاش جێناوەکەوە:

خۆمیش، خۆتیش .... خۆمانیش، خۆتانیش ....

خۆتانمانیش، خۆمتانیش[97] .....

٧ – جێناوی (خۆ) لەگەڵ کرداردا بەو جۆرەی خوارەوە خۆی دەنوێنێ:

ا – کاتێ جێناوێکی دەستەی یەکەمی پێوە لکابێ لەگەڵ کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕیشدا دێ. وەک:

خۆمان – فرۆشتمان، کوشتمان .....

خۆمان – چووین، کەوتین ....

ب – ئەگەر دوو جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە لکابێ، تەنیا لەگەڵ کرداری تێپەڕدا دێ و لەگەڵ تێنەپەڕدا نایەت، وەک:

خۆمانمان- فرۆشت، کوشت ...

خۆمانمان- ،

ج – بێتوو جێناوێکی دەستەی دووەم یان جێناوێکی دەستەی یەکەمو بە دوایدا جێناوێکی دەستەی دووەمی چووبێتە سەر، ئەوە لەگەڵ هیچ جۆرە کردارێکدا نایەت.

٨ – جێناوی (خۆ) دەتوانێ ببێتە بەشێکی گرنگی وشەی نادسادە. وەک:

ا – لە وشەی دارێژراودا:

یەک – لەگەڵ پێشگر

بەخۆ ....

دوو – لەگەڵ پاشگر

[97] ـ ئەگەر دوو جێناوی لکاو بە دوا (خۆ)دا هات، حاڵەتی (ش/یش) کەوتنە نێوان دوو جێناوەکەشەوە هەیە، وەک: خۆتانیشمان، خۆمیشتان ...

خۆیەتی، خۆیی

ب – لە وشەی لێکدراودا:

یەک – لەسەرەتاوە:

خۆکرد، خۆماڵی، خۆپەرست، خۆناسین، خۆبەخت، خۆپەسەندی ....

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالبی مەعنا دەکا

(نالی، ل ١٠٧)

خۆپەسسندی مایەی ڕیسوایییە

(پەندی پێشینیان، ل ١٩٣)

دوو – لە کۆتاییەوە:

سەربەخۆیی، لەسەرخۆ ...

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ

(بێکەس، ل ٨٢)

٩ – جێناوی (خۆ) چ لە زوودا و چ ئەمڕۆ؛ چ سەربەخۆ و چ لە پێکهێنانی وشەی ناسادەدا ناوە ناوە لە شێوەی (خود)دا دەبینرێ. وەک:

کە هاتی تیغی بێزاریت لەسەر دام
سەری خۆم خود بە خود هەڵگرتو ڕۆییم

(نالی ل ٣١٤)

هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەقصەدی
خۆپەسەندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا

(نالی، ل ١٠١)

جێناوی خۆیی لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا لە ڕووی جینس[98] و ژمارە و دۆخەوە بێلایەنەوە، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروووشدا هەر بەو چەشنەیە:

چەند نموونەیەک:

*بۆ نێر:

هەما مەم ڕابوو لنگی خوە ئاڤێتە جۆتێ سۆلانە.

(مەمێ ئالان، ل ٤٣)

عەلی مەمەد .. ڕۆنیشت و خۆ دا بەر تەعقە ....

(کوردۆ، ل ٣٤)

*بۆ مێ:

خۆشکەک مە هەبوو ڕەنگێ سۆرگول
هەلگرتیە وێ ژ بۆ خوە بلبل

(خانی، ل ٢٨٨)

***بۆ تاک:**

عەلی مەمەد ..... دلێ خۆدا گۆت ....

(کوردۆ، ل ٣٥)

---

[98] بە وێنە، ئەوەتە بۆ کەسی سێیەمی تاک چ مێ بێ و چ نێر هەر (خۆی) بەکاردێنرێ.

ا – بۆ مێ:

ئەزانێ یار خۆی، کام هەژار، ڕۆژی سەدجار،
ئەکا هاوار: خۆزگەم بە پار، خۆزگەم بە پار!

(گۆران، ل ٢٣)

بۆ مێ:

ئەوانیش وتیان ... هاتووە لێرە کاسبیەک بکا بۆ خۆی ....

(لەخەوما، ل ٣٣)

شەفقێ ب دیدارێ خوە کت
قەستا بریندارێ خوە کت

(جزیری، ل ٤٥٥)

*بۆ کۆ:

ڕۆژەکی دەرکەتن، چوون سەر کانییا گولانە،
ژ خۆە دانین پۆستێن کەوانە،

(مەمێ ئالان، ل ٤٥)

*بۆ دۆخی ڕاستەوخۆ:

ل سینانا ناڤێ سلێمان دەرباز بوو، خۆ بەردا کورانا بشیرێی ..

(ئۆردیخان، ل٨٠)

*بۆ دۆخی تیان:

هەم ئەهلی ئەزەر نە بێن کو: کورمانج
ئیشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج

(خانی، ل ٦٠)

هتد ....

جێناوی نیشانە

لە زمانی ئاوێستادا "تە، ئەیتە، ئەیم" (ئەم، ئەمە)؛ "هاو، ئەڤە" (ئەو، ئەوە) [99] و لە زمانی سانسکریتیدا "تا، ئینا، ئەیام"؛ "ئەوسا" (ئەوە، ئەوە)[100] جێناوی نیشانەن ... لە ئاوێستاش و سانسکریتیشدا زۆری ئەو جێناوانە ژمارە و جنس و دۆخیان هەیە[101].

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا "ئین، ئێ (ت)" (ئەم، ئەمە)؛ "ئان، ئۆی" (ئەو، ئەوە) جێناوی نیشانەی سەرەکین و جاروبارەش "ئیم" (ئەم، ئەمە) بەرچاودەکەوێ ... جێناوی "ئۆی" (ئەو، ئەوە) فۆرمی کۆی هەیە – "ئۆشان" (ئەوان، ئەوانە). لە هەندێ حاڵەتدا جێناوی "ئێ (ت)" (ئەم، ئەمە)یش "ئات/ئەشان) (ئەمان، ئەمانە) فۆرمی کۆیەتی. هەرچی جێناوی "ئین" (ئەم، ئەمە) و "ئان" (ئەوە، ئەوە)یە فۆرمی کۆیان نییە .... تێکڕای جێناوەکانی نیشانەی زمانی فارسیی ناوەڕاست دۆخیان نییە[102].

لە زمانی فارسیی نوێدا "این" و "آن" جێناوی نیشانەن. "این" بۆ نزیک و "آن" بۆ دوورە. ئەم دوو جێناوە ئەگەر بۆ کەسبن لە حاڵەتی

---

(99) A. V. Wiliams Jackcon, Avesta Grammer, part 1. Stuttgart W. Kohljammer. 1892, pp 117-122.

(100) هەمان سەرچاوە، ل ١١٧-١٢٢.

(101) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣.

(102) ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل ٦٣.

کۆدا دەبنە "اینان، آنها"، بەلام بێتوو بۆ شت بن لە حاڵەتی کۆدا دەبنە "اینها، آنها"[103].

جێناوەکانی نیشانە لە زمانی کوردیدا وێڕای نزیکی شێوەیان لەگەڵ جێناوەکانی نیشانەی ئەو زمانانەی خزمایەتی‌یان لەگەڵیان هەیە، لە ڕووی بەکارهێنانیشیناەوە زۆر وێکدەچن.

لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا (ئەم، ئەمە، ئەمان، ئەمانە) و (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە) جێناوی نیشانەن. کۆمەڵی یەکەمیان واتە (ئەم، ئەمە، ئەمان، ئەمانە) بۆ نزیک و کۆمەڵی دووەمیان، واتە (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە) بۆ دوور بەکاردێن... هەرچی (ئەم، ئەمە)ی کۆمەڵی یەکەم و (ئەو، ئەوە)ی کۆمەڵی دووەمە تاکن و بە یاریدەی (ان)ی کۆ بوونەتە (ئەمان، ئەمانە) و (ئەوان، ئەوانە)ە و جێناوی نیشانەی کۆ سازبووە.

بەو پێیە جێناوەکانی نیشانە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا لە شێوەی ئەو خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێن.

	تاک	کۆ
نزیک	ئەم، ئەمە	ئەمان، ئەمانە
دوور	ئەو، ئەوە	ئەوان، ئەوانە

چەند سەرنجێک:

١ – فۆرمی (ئەم، ئەو) –(ئەمان، ئەوان) دەگمەن بە تەنیا دەبینرێن، بەلام کاتێک جێناوی لکاو یان مۆرفێمی (ش/یش) .. دێتە سەریان چالاک بەدەردەکەون. وەک:

[103] علی برناک، دستور زبان فارسی، ١٣٤٧، ل ٢٧.

ئەمم، ئەمیان، ئەمتان ....

ئەوم، ئەویان، ئەوتان ...

ئەمانم، ئەمانیان، ئەمانتان ...

ئەوانم، ئەوانیان، ئەوانتان ...

ئەمیش ... ئەویش ... ئەمانیش ... ئەوانیش ...

٢ – کاتێ جێناوی نیشانەی (ئەمە) و (ئەوە) لە ڕستەیەکدا دێن، کە وشەی سەرەی تێدایە، (ە)ی کۆتاییان دەچێتە سەر وشە سەرەکە. وەک:

ئەم کوڕە ئازایە (ئەم ....)

ئەو کوڕە ئازایە (ئەو .....)

بەڵام بێتوو وشە سەرەکە نەبێ، ئەوە (ە) دەچێتەوە شوێنی خۆی. وەک:

ئەمە ئازایە (ئەمە)

ئەوە ئازایە (ئەوە)[103].

---

[103] مامۆستا نووری عەلی ئەمین و دانەرانی کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی"و هەندێکی دی لەو ڕایەدان کە لە حاڵەتی یەکەمدا، واتە لە ڕستەکانی – (ئەم کوڕە ئازایە) و (ئەو کوڕە ئازایە)دا – (ئەم ....ە)و (ئەو .....ە) ئاوەڵناوەن و لە حاڵەتی دووەمدا، واتە لە ڕستەکانی – (ئەمە ئازایە)و (ئەو ئازایە) دا – (ئەمە)و (ئەوە) جێناوی نیشانەن.... (بڕوانە: نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٩٧، ١٢٠. عەبدوڵلا شاڵی، د. عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئەمین عەلی، نووری عەلی ئەمین، فەریدوون عەلی ئەمین، عەلائەدین سەجادی، کەمال مەحوود فەرەج، ئەبوزەید مستەفا سەندی، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٨٥–٩٤.

هۆی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە لە ڕێزمانی چاولێکەریی کوردی و گەلێ زمانی تردا زاراوەی جێناو، ڕاناو – (pronoun) زۆر جار تەنیا بۆ ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن، کە لە ڕستەدا هەمان دەوری ناو دەبینن، واتە - زاراوەی ناوبراو لە ڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە بە واتای دەقاودەقی (جێ–ناو؛ ڕا–ناو): (pro-noun) – وەردەگرن، کە گوایا لەجێی ناو، لەبریتی ناو

٣ – دەمی (ان)ی کۆ دەچێتە سەر (ئەمە) و (ئەوە)، دەکەوێتە نێوان (ئەم) و (ە)؛ (ئەوە) و (ە)دوە. (ئەمانە)و (ئەوانە)ش کە لە ڕستەیەکدا دێن وشەی تێدابێ (ان+ە) دەچێتە سەر وشە سەرەکە. وەک:

ئەم کوڕانە ئازان (ئەم ...... ان ....ە)

ئەو کوڕانە ئازان ·ئەو ....ان ....ە)

ئەگەر وشە سەرەکە نەبێ، ئەوە (ان+ە) دەچێتەوە سەر (ئەم) و (ئەو). وەک:

ئەمانە ئازان (ئەمانە)

ئەوانە ئازان (ئەوانە)

چەند نموونەیەک:

ئەم ....ە

ئەم دێیە جێ‌دێڵم: بێ‌نیشان، بێ‌شوێن‌پێ.

ئەی پەری! سڵ‌مەکە، لا مەدە بۆ لاڕێ!

(گۆران، ل ٢٦)

دێت ... بەو پێیە وشەی وەک (ئەم، ئەو ... ئەمە، ئەوە ...)و گەلێکی‌تر کە ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن، نابێ لە ڕیزی جێناو دابنرێن .. لێرەدا پێویست بەوە ناکا بە دوورو درێژی لە نادروستی و ناراستی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی جێناو بدوێین، کە تەنیا لەسەر بناغەی ئیتیمۆلۆژیی زاراوەکە بنیات‌نراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر وشەی (ئەم، ئەمە ... ئەو، ئەوە ...)(جێناو نەبێ و ئاوەڵناو بێ، لەسەر بناغەی ئەوەی جێی ناو ناگرێ، بەڵکو لەبریتی ئاوەڵناو بێ، ئەوە ئاشکرا نییە بۆچی وشەی وەک (من، تۆ ...) هەر ئەو ئەرکە دەبینن، کە ناو دەبینێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە ناو دانانرێن. کەواتە، ئەگەر (ئەم، ئەمە ... ئەوە، ئەوە ....) بە ئاوەڵناو دابنرێن، ئەوە دەبێ بەپێی هەمان تێگەیشتن و بۆچوون وشەی (من، تۆ ....) لە ڕستەی (من کوڕێکی ئازام) و (ۆ کوڕێکی ئازای/ت)دا بە ناو بژمێررێن و لە ڕستەی (من ئازام)ی (تۆ ئازای/ت)دا بە جێناو دابنرێن.

ئەمە جێی ڕەمز و ئیشاراتی دەروونە، لە گەرووی
تەنگی پڕ غەرغەرەیی واعیظی غەرڕا نییە باس

(نالی، ل ٢٣٥)

ئەمانە

دەم و لێوی وەک گولی بەربەیانی
ئەمانە گشت ... گەلێکی تریش جوانی

(گۆران، ل ٤٧)

ئەو .....ە

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

(پیرەمێرد، ل ١١٩)

ئەوە

کێیە تا سەر لە فەزای دەرد و غەمابێ مابێ
ئەوە هەر کوردە کەچاوی لە هەوابێ وابێ

(زێوەر، ل ١٦)

ئەوانە

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین

(پیرەمێرد، ل ١٢٠)

جێناوی نیشانەش، هەروەک جێناوی خۆیی، جێناوی لکاو وەردەگرێ. وەک:

ئەم+یان——» ئەمیان

ئەم+مان——» ئەممان

ئەمیان ئەخەمان ئەگرێ،
جوابی ئەممان پێنادرێ

(گۆران، ل١٠٨)

ئەمە+مان---» ئەمەمان

هاتنە لام وتیان: تۆ ڕابەرمان بە
ئەمەمان بۆ بکە و تاجی سەرمان بە

(پیرەمێرد، ل ١٥٨)

ئەم+یان---» ئەمیان
ئەو+یان---» ئەویان

ئەمیان ئاوازی شادی
ئەویان نووزەی بەربادی

(گۆران، ل ١٠٥)

ئەمانە+م---» ئەمانەم

ئەمانەم گشت لا جوان بووەو جوانە،
بەڵام هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمانە

(گۆران، ل ٤٨)

ئەوە+یان---» ئەوەیان

لە تەختێک هەڵدەستێ هەزارو یەک نەغمە!
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە!

(گۆران، ل ٤٦)

ئەوە+ن---» ئەوەن

.... وتی باوکم ئەمانە بە هیوای ئەوەن شتێکیان بدرێتێ ...
(لەخەوما، ل ٣٤)

.... هتد.

کاتێ جێناوی نیشانە جێناوی لکاوی دەچێتە سەر، تەنیا لە پێش جێناوە لکاوەکەوە مۆرفێمی (ش/یش) دەتوانێ وەربگرێ، نەک وەک جێناوی خۆیی، کە دەتوانێ چ لە پێشیەوە و چ لە پاشیەوە بێت. وەک:

ئەمیشم، ئەمەشم، ئەمانەشم، ئەویشم، ئەوەیشم، ئەوانەشم ...

ئەم+یش---» ئەمیش

ئەگەر خوێنم دەڕێژی تۆ، ئەوە تیغو ئەمیش گەردن

ئەگەر بنیادی پەیمان، دەستی من دامێنتە، بازا!

ئەمە+ش---» ئەمەش

..... هەزارتان بۆ دنیا کردووە، ئەمەش بۆ خوا بکەن.

(لەخەوما، ل ٢٧)

.... هتد.

لەنێو جێناوەکانی نیشانەدا، بەتایبەتی (ئەم) لە پێکهێنانی وشەی لێکدراودا سەرنج ڕادەکێشێ. وەک:

ئەمساڵ، ئەمڕۆ ...

هەوا هاوینە، هەوای هاوینە

ئەمساڵ هاوینمان زۆر لێ بەقینە

(پیرەمێرد، ل ٦٠)

ئەمڕ بە بەفرو تەرزە ئەتۆی خستە زمهەریر

هاوین کە هاتە پێشەوە بەفراو ئەخاتە دەشت

(زێوەر، ل ٦٠)

ئەمڕۆ کە دەوترێ (بەم، لەم، بەمە، لەمە، بەمانە، لەمانە)؛ (بەو، لەو، بەوە، لەوە، بەوانە، لەوانە)، ئەسڵەکەیان (بە ئەم، لە ئەم، بە ئەمە،

لە ئەمە، بە ئەمانە، لە ئەمانە)؛ (بە ئەو، لە ئەو، بە ئەوە، لە ئەوە، بە ئەوانە، لە ئەمانە) بووە و (ئە/ە)کەی سەرەتایان تێچووە. لە ئاخاوتن و نووسینی ئەمڕۆی کوردیدا لەوانەیە بڵێین خەڵک هەموو وشەکان بە یەکەوە دەڵێن و بە یەکەوە دەیان نووسن – واتە مەودا ناخەنە نێو پریپۆزیشنەکە و وشەی دوایەوە[105].

چەند نموونەیەک:

بەم (بە ئەم)

گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!

(بێکەس، ل ٧٧)

لەم (لە ئەم)

لەم گەردشی مینایە کە وا دوورە، نە جەورە
ساقی کەرەمی سایقە، "نالی" مەکە ئیلحاح

(نالی، ل ١٦٧)

بەو (بە ئەو)

گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ
بەو مەوسیمی بارانە کە وا خونچە دەپشکووت

(نالی، ل ١٥٣)

لەو(لە ئەو)

لەو نیعمەتەی پێی داوی
تۆزێکی نەک تەواوی

---

[105] بۆ زانستی زیاتر لەم بارەوە، بڕوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"دا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب١٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٩٧-١٠٢.

(گۆران، ل ١٠٥)

.... هتد.

لە ناوچەی موکریان و سۆران ... دا (هۆو[106]، هۆوە، هۆوانە، هەو[107]......)یش، وەک جێناوی نیشانە بەدەردەکەون.

چاوەکەم تۆش پیر دەبی ڕیشت دەبێتە گۆرەوی
وەک بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن تۆ خوا هەوی

(کۆیی، ل ٤٧)

لە بەشە دیالێکتی کرماشاندا "یە" (ئەم، ئەمە)؛ "یانە" (ئەمان، ئەمانە)؛ "ئەڤە" (ئەو، ئەوە)؛ "ئەڤانە" (ئەوان، ئەوانە) جێناوی نیشانەن. شێوەی ئەو جێناوانە لە زاری هەورامیشدا بەو جۆرە "ئینە" (ئەم، ئەمە)؛ "ئێنێ" (ئەمان، ئەمانە)؛ "ئانە" (ئەوە)؛ "ئانێ" (ئەوان، ئەوانە) دەبینرێ[108] و[109].

...... هتد.

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا (ئەڤ، ئەڤە، ئەڤان، ئەڤانە) و (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە) جێناوی نیشانەن. لەم دیالێکتەشدا هەروەک لە دیالێکتی خوارووودا کۆمەڵی یەکەمیان، واتە – (ئەڤ،

---

[106] لە ئاوێستادا جێناوی (تە)، کە بە واتای (ئەم، ئەمە) دێت، لە دۆخی تیاندا ئەگەر بۆ تاکی نێر بێ، دەبێ بە (هۆ).

[107] جێناوی نیشانەی (هەو)ی کوردی بەرانبەر (هاو)ی ئاوێستا دەوەستێ، کە هەردووکیان واتای (ئەو، ئەوە) دەبەخشن.

[108] بڕوانە: دکتر ابراهیمپور، دستور زبان کردی، تهران، ؟، ل ١٢-١٣.

[109] "ئینە"ی هەورامی و (ئینا)ی سانسکریتی زۆر وێکدەچن .. "ئێنێ"ی هەورامی لە "ئێن"ی فارسی ناوەڕاست نزیکە ... "یانە"ی کرماشانی و "ئانە"و "ئانێ"ی هەورامی لە "ئان"ی فارسیی ناوەڕاست و (آن)ی فارسیی نوێ دەکەن ... "ئەڤە" و "ئەڤانە"ی کرماشانی وەک هی کرمانجیی ژووروووە ....

ئەڤە، ئەڤان، ئەڤانە) بۆ نزیک و کۆمەڵی دووەمیان، واتە – (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە) بۆ دوور بەکاردێن. هەرچی (ئەڤ، ئەڤە)ی کۆمەڵی یەکەم و (ئەو، ئەوە)ی کۆمەڵی دووەمە تاکن و بەیارمەتی (ان)ی کۆ بوونەتە (ئەڤان، ئەڤانە) و (ئەوان، ئەوانە) و جێناوی نیشانەی کۆ سازبووە.

چەند نموونەیەک:

ئەڤ:

هێژا نە زەمین نە ئەڤ سەما بوو

ئەو سەروەرێ جملە ئەنبیا بوو

(خانی، ل ٣٦)

ئەڤە[110] –

ڕۆژەکی وێ تێکەڤە دەست، ئەڤە جەنەوەرێ وەکی هەسپانە،

(مەمێ ئالان، ل ٤٢)

ئەو –

عەلی مەمەد ئەو خەبەردان بهیست و ژ خوەڕا گۆت ....

(کوردۆ، ل ٤٤)

ئەوە –

سەرچەشمەیا حوسنێ ئەوە

خورشیدەو عالەم پەرتەوە

(جزیری، ل ٥١)

---

[110] لە ئاوێستادا هەمان جێناوی نیشانەی (ئەڤە) بەدیدەکرێ. تەنیا ئەوەندە هەیە، ئەم جێناوە لە دیالێکتی ژووروویی زمانی کوردیدا بۆ نزیک بەکاردێ، بەڵام لە ئاوێستادا بۆ دوور.

.... هتد.

لە بەشە دیالێکتی کوردەکان سۆڤییەتدا: هان/ هانا/ هانە؛ وا ها/ ئاوها/ ئاها/ هاوا/ هایا[111] ... یش جێناوی نیشانەن[112].

جێناوەکانی کۆمەڵی دووەم لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا خاوەنی یەک فۆرمن و (ئەو) بناغەی هەموویانە. بناغەی جێناوەکانی دەستەی دووەم لە دیالێکتی خوارووودا (ئەم)ەو لە دیالێکتی ژووروودا (ئەڤ)ە. ئەو جیاوازییە کەمەی لە بوونی دەنگی (م) بە (ڤ)دا بەرچاودەکەوێ لە یاسای فۆنەتیکی کوردیدا دیاردەیەکی ئاشکرا و ڕوونە.

لە هەردوو دیالێکتی کوردیدا جێناوی نیشانە شێوەی تاک و کۆی هەیە. لە دیالێکتی خوارووودا نێر و مێ وەک یەکە، بەڵام لە دیالێکتی ژووروودا بەتایبەتی لە دۆخی تیاندا ڕەسەنی نێر و مێ جیادەکرێتەوە.

(ئەڤ. ئەو) ئەگەر بۆ نێر بەکاربهێنرێن، (ی) وەردەگرن و دەبنە (ئەڤی، ئەوی)، بەڵام بێتوو بۆ مێ بوترێن (ێ)یان دەچێتە سەر و دەبنە (ئەڤێ، ئەوێ) ... زۆر جاریش (ە/ئە)ی سەرەتایان تێدەچێ و لە شێوەی (ڤی، وی)؛ (ڤێ، وێ)دا دەبینرێن[113]....

بە وێنە:

---

[111] زۆربەی ئەو فورمانەی لەگەڵ جێناوەکانی نیشانەی زمانی ئاویستا یان فارسیی ناوەڕاست یەکدەگرنەوە.

[112] بڕوانە: چ. خ. بەکۆ (باکاییڤ). زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل ١٤٣ .

[113]) شایانی باسە د. کوردستان موکریانی ئەو ڕاستی‌یەی خستوتە پێش‌چاو (بڕوانە: د. کوردستانی موکریانی، جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە ڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووو و کرمانجیی ژووروودا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ٢٤٢.

هەما مەم ڕابوو لنگی خوە ئاڤێتە جۆتی سۆلانە.
داکەت حەوشێ و چوو بەر کەندالێ بەحری ئەڤی گەلەک خۆرتانە دیت ....

(مەمێ ئالان، ل ٤٣)

ژنا وی کەربوو، لێ دیسا ژی باوەڕ نەکر، فێلێ خوە نەتەرکاند، بیرە خوەدا هشت، کۆ ڕۆژەکێ ئەڤێ یەکێ بزانبە.

(کوردۆ، ل ٤٣)

عەلی مەمەد ل وی ماعری نهێڕی و ....

(کوردۆ، ل ٤٣)

ئەمــە د شــکلێ کــەفتن، وێ چــاخێ، ئــەهێ خــوە بــاڤێژن دەقــێ گولەکانە.

(مەمێ ئالان، ل ٤٦)

جێناوی پرسیار

لە گەڕان و پشکنین بە دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا چەند دەستەیەک جێناوی پرسیار دێنە پێش چاو:

١- کێ / کی .

٢- چی / چ / چە .

٣- کام / کامە / کێهە / کێها / کێهان / کیژان .

٤- چۆن / چلۆن / کوو / چەوا (ن) / چاوا (ن) .

٥- کەی / کەنگێ / کەنگی / کەنگین / کەنگینێ / کەینێ .

٦- کوا / کوانێ / کا / کانێ .

٧- کوێ / کوێندەرێ / کێرێ / کیدەرێ / کوێدەرێ / کوو .

٨- چەند / چەن / چەنگ .

کێ / کی

ئەم جێناوە بۆ پرسیاری ئەو کەسە بەکاردەبرێ ، کە کارێکی کردبێ یان بیکا .. وێکچوون و نزیکیی ئەم جێناوە لەو زمانە کۆن و نوێیانەی لەگەڵ کوردیدا خزمایەتییان هەیە دەبینرێ . بە وێنە: لە ئاوێستادا (کە)" [١١٤] " ،لە فارسیی کۆن و هیندیی کۆندا (کەیە) " [١١٥] " لە فارسیی ناوەڕاستدا (کێ)" [١١٦] " ، لە فارسیی نوێدا (کە)" [١١٧] " لە بلوجیدا (کێ/ کە)" [١١٨] " ..یە

[١١٤] - بڕوانە : س . ن سوکۆلۆڤ ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ل ٦٦.

[١١٥] - بڕوانە : پ . لّ تسابۆلۆڤ لە بارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣١

لە بەشە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا (چ لە زمانی ئەدەبی و چ لە بەشە دیالێکتەکانی موکریان و سۆراندا) چۆن لە زوودا تەنیا فۆرمی (کێ) بەکاردەهێنرا، ئەمڕۆش بە هەمان چەشن هەر فۆرمی (کێ) بەکاردەهێنرێ . لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ئەگەرچی هەردوو شێوەی (کێ)یش و (کی)یش هەیە، بەڵام (کی) زۆرتر بەکاردێنرێ. هەرچی (کێ)یە پتر لە دۆخی تیاندا دەبینرێ ...

لە دیالێکتی خوارووودا :

کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت

لەو تەختە کەوا صاحیبی مۆرن بە صەدارەت؟

(نالی ، ل ١٤٦)

کێ کردی ، کێ بردی ؟

(پەندی پێشینان ، ل ٣٥٦)

کێ وا : لە ژێر زنجیرا

ئازادیی هات بە بیرا؟

(گۆران، ل ٨٥)

میر زێندین نادریە کن قەرەتاڤدینی : (کێ مواجبی لێ بڕیوە؟ کێ قسەی پێ کوتووە ؟ ...

---

[116] - بڕوانە ڤ ، س ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٦٥- ٦٦ .

[117] - بڕوانە : أ- ذو النور دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی تهران ، ١٣٤٣ ، ل ٣٢ .

ب_ علی برناك ، دستور زبان فارسی ، ١٣٤٧ ، ل ٣٤.

[118] - ڤ ، نا فورولۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٣٤ .

(تحفه مظفرية، ب١، ل ٢٨٥)

ئەو کانییەکەی لە سێبەرێ
بە خۆم لێدا بە خوەنجەرێ
کێ ئاوی لێ برد زەردئەسمەرێ

(فۆلکلۆر، ل ٦٢)

لە دیالێکتی ژووروودا :

کی دبێژە دۆیێ من ترشە ؟

(کوردۆ ، ٢٣٤)

ئەڤ ڕەنگ کێ دی وە ب سوڕ
قودرەت نموون زەنگارێ (خط)

(جزيرى ، ل ٢٤٨)

کی دەردێ کێ دزانە ، هەر کەی دەردێ خوە دزانە .

(کوردۆ ، ل ٢٤٣)

چی / چ / چە:

ئـەم جێنـاوە بـۆ پرسـیار لـە شـت و هـۆی ڕووداو بـەکاردێنرێ. لـە ناوچـەی سلێمانی بە زۆری شێوەی (چی) دەوتـرێ و کـەمێ جـاریش (چ) لـە ناوچـەی خانەقین و سنە و کرماشان ...(چە) دەڵێن. لە بەشە دیالێکتی موکریان"[119] " و سـۆران و دیـالێکتی کرمـانجیی ژووروودا"[120] " (چ) بـاوە، بـەلام لـە دۆخـی تیاندا هەمیشە دەبێ بە (چی)

[119] - بڕوانە: ك ، ڕ ئەیووبی و ئی ، ئا سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی مـوکری، لینینگـراد ، ١٩٦٨ ، ل ٤٨.

[120] - بڕوانە : ق . کوردۆیێڤ، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٠٩ .

ئەم جێناوە لە ئاوێستادا لە شێوەی (چەهیە)"[121]" لـە فارسیی ناوەڕاستدا (چـێ)"[122]" لـە فارسـیی نوێـدا (چ)"[123]" لـە بلوجیـدا (چ ، چـێ)"[124]" دەبینرێ.

نموونە :

گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم ؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم ؟!

(بێکەس ، ل ٧٥)

چی بەجێما لە دوایان
بۆ دۆست و ئاشنایان ؟

(گۆران ، ل ٨٩)

هەباسە ، لە دیوەخانان چ باسە

(پەندی پێشینان ، ل ٤٧٤)

میر کوتی (کوڕینە ئەمە چ بکەین ...؟

(تحفه مظفرية، ب١، ل ٣١٨)

میر کوتی (... بەکر ئاغا ، ئەتوو چی دەدەیێ؟ ...)

(تحفه مظفرية، ب١، ل ٣١٨)

نەفع و زەرەرا خوە ئەو نزتنت

---

[121] - بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو ، سوکۆلۆڤ ، ل ٦٦ .
[122] - بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو ، ڕاستۆر گویڤا ، ٦٧ .
[123] - بڕوانە : أ– سەرچاوەی ناوبراو ، ژو النور ، ل ٣٣
ب– یەرچاوەی ناوبراو ، فورولۆڤا ، ل ٣٤ .
[124] - بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، فورولۆڤا ، ل ٣٤ .

یا قەنج ژ بۆ خوەرا چ زانت ؟

(خانی ، ل ٤٨٨)

... تو چ ژ من دەخوەزی ؟

(کوردۆ ، ل ٤٣)

نابینی کو پێکڤە جملە زددن؟

حیکمەت چییە ، بۆچ پێکڤە نددن ؟

(خانی ، ٢١٤)

چی ل دۆرا وی دبوو و دقەومی گشك فەهم دکر .

(کوردۆ ، ل ٤٢)

کام/ کامە/ کێهە/ کێها/ کێهان/ کیژان/ کیبشك ..

ئـەم دەسـتـە جێنـاوە خـاوەنی یـەك واتـان و بـۆ پرسـیاری جوداکردنـەوەی کەسـێك یـان شـتێك لـەنێو کۆمەڵێکدا بـەکاردەهێنرێن. لـە زمـانی ئـەدەبیی کوردیدا فۆرمی (کام/ کامە) دەبینرێ . ئەم فۆرمەش لە ئاوێستادا لە شێوەی (کەتەمە)" [١٢٥] " و لە فارسیی ناوەڕاستدا (کەتام)" [١٢٦] " و لـە فارسـیی نوێدا (کودام)" [١٢٧] " .. دا بەرچاو دەکەوێ.

چەند نموونەیەك :

کانم بەرزی جوانە وەك بەرزیی بالآی ؟

[١٢٥] - بڕوانە : سەرچاوەی ناوبرا ، سۆکۆلۆڤ ، ل ٦٦.

[١٢٦] - بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، ڕاستۆرگویڤا ، ل ٦٨.

[١٢٧] - بڕوانە :

سەرچاوەی ناوبراو ، ذو النور ، ل ٣٤ .

سەرچاوەی ناوبراو، علی برناك ، ل ٣٥.

کام تیشك ئەگاتە تیشکی نیو نیگای؟

(گۆران، ل ١٠)

چۆلەکە هارت کامە ؟ تا بازت کام بێ

(پەندی پێشینان ، ل ١٧٦)

لە بەشە دیالێکتی موکریان و سۆراندا لەپاڵ بەکارهێنانی (کام/ کامە)دا ، فۆرمی (کێهە/کێها/ کێهان)" [128] "یش هەیە : بە وێنە : دەبێ لە خەویان هەڵبستێنن ، بزانین ، کێهەیان جوانە، کێهەیان قسان چاك دەزانێ .

(تحفه مظفرية، ب١، ل٢٢٩)

فۆرمی سەرەکیی ئەم جێناوە لە دیالێکتیی کرمانجیی ژووروودا (کیژان)ەو لە هەندێ ناوچەی بادیناندا شێوەی (کیشك)یش دەبیسترێ.

(کیژان)لە جێنغاوی پرسیاری (کێ) و پریپۆزیشی (ژی) و جێناوی کەسیی (وان)ی دۆخی تیان ساز بووە" [129] "، کە واتای (کامە لە وان) دەبەخشێت.

وێنەی ئەم (کیژان)ە لە دیالێکتی ڕۆژئاوای زمانی بلووجیدا لە شێوەی (کوژان)دا دەبینرێ" [130] ".

چەند نموونەیەك:

---

[128] - ئەم جێناوە لە دیالێکتی ڕۆژهەلاتی زمانی بلووجیدا لە شێوەی (کییان)دا دەبینرێ (بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، فورولۆڤا، ل ٣٤)

[129] - بڕوانە أ- ق. کوردۆیێڤ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو خواروو)، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١١٥.

ب_ چ ، خ باکاییێڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣، ل ١٥٥.

ج_ سەرچاوەی ناوبراو ، تسابۆلۆڤ ، ل ٣٠.

[130] - بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو، فورولۆڤا ، ل ٣٤ .

... ئەز نزانم کیژان ماعر بوو ...

(کوردۆ، ل ٣٦)

ئەز کەتمە بەختێ تە ، برا هەلە ژ منـره بێـژە، کا تـو بـاوەڕ دبـی ب کیـژان سووندانە ؟

(مەمێ ئالان، ل ٩١)

چۆن / چلۆن/ کوو/ چەوا (ن)/ چاوا (ن).

ئەم جێناوانە بۆ پرسیار کردن لە شت و لە چۆنیەتی ڕووداو بەکاردەبرێن.

لـە زمـانی ئـەدەبیی ئـەمڕۆی کوردیـدا و لـە زۆربـەی بەشـە دیالێکتـەکانی کرمانجیی خوارووا (چۆن) فۆرمی سەرەکییە.

وێنەی ئەم جێناوە لە فارسیی نوێدا (چوون)ە"[١٣١]" و لە فارسیی ناوەڕاستدا (چێگۆن)ە (کە لـە جێنـاوی پرسـیاری (چـێ) و (گـۆن) واتـە (شـێوە، وێنـە، ڕەنگ) پێکهاتووە"[١٣٢]" ...

چەند نموونەیەك:

چۆن دێتە دەر ؟ چۆن ئەڕژێ؟
وا گیان ئەسمێ ، هۆش ئەمژێ؟

(گۆران، ل ١٠٣)

ئێستا لە داخا هیچم پێ ناخورێ

[١٣١] - بڕوانە: أ– سەرچاوەی ناوبراو ، ذو النور ، ٣٤.
ب_ سەرچاوەی ناوبراو ، علی برناك ، ل ٣٥.

[١٣٢] - بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، تسابۆلۆڤ ، ل ٣٠.

نەوسن چۆن بەرگەی برسێتی ئەگرێ؟

(پیرەمێرد، ل ١٦٥)

بێرو هاوێر لەگەڵ کاکی نەکردبا بێ شك

چۆن دەمانبوو ئەو هەموو گۆشت و پەنیر و بەرگنە ؟

(تاریك و ڕوون ، ل ٧١)

فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کۆن و زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆی ناوچەی موکریان[١٢٣] " " سۆراندا (چلۆن) فۆرمی سەرەکییە. ئەم فۆرمی (چلۆن)ە لە بەشێکی زۆری ،دەبیاتی کۆن و بەشێکی کەمی ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ناوچەی سلێمانیشدا ببینرێ.

ێنە :

دەروێش کوتی (شاە عەبباسێکی لە ئیسفەهانێ ، ئەمنێکی لێرە، چلۆن بە ختی وی بچم ؟)...

(تحفە مظفریة، ب١، ل ١٨٠)

(... کاکە مەمی چلۆن ببەتلێنین، قەرەتاژدین، عرفۆ، چەکۆ پێنەزانن؟).

(تحفە مظفریة، ب١، ل ٣١٨)

وا ظەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان

بنوارە چلۆن نەقشە لەنێو دیدەیی تەڕما

---

[١٢٣] - کەریمی ئەیووبی و سمیر نۆڤا لە کتێبی (دیالێکتی کوردی موکری) (لێنینگراد ، ١٩٦٨)دا بە هیچ چەشنێك ناوی (چلۆن)یان نەبردووە و بە هەڵە (چۆن)یان بە فۆرمی سەرەکی داناوە .

(نالی ، ل ١٢١)

یا ئەپرسین ، یا ئەگرین،
ئیتر چلۆن بخوێنین ؟

(گۆران ، ل ١٠٨)

ناوچەی سۆران جگـە لـە (چۆن) و (چلۆن)، هـەروەها (کوو)ش زۆر بەرچاو کەوێ. ر. ل. تسۆبۆلۆڤ لەبارەی ئەم جێناوەوە نووسیوێتی: (ڕەنگە پێوەندی ، (کـووە– kuwa)ی ئاوێسـتاییەوە هـەبێ و (و– W) بووبـێ و (هـ – h) و ایيش سوابێ)"[١٣٤] " .

نموونە:

له قرژاریان پرسی کوو به هەردوو سەران دەڕۆی ؟ گوتی لـە لاوان بـە عـەیب ئیری .

(پەندی کوردی ، ل ٧٤)

رمی (چەوا (ن) / (چاوا (ن)) سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروووە . وەك : ،شا ژ عەلی مەمەد پرس کر گۆت : (بێژە ، چاوا بوو ، کو تە گـواه ل قیـزا مـن ست، بێژە مەعنیا وێ چ بوو؟)

(کوردۆ ، ل ٤٠)

ۆتن : (ئەمێ چاوا ژ بۆ دەردێ وی ببینن دەرمانە ؟)

(مەمێ ئالان ، ل ١٣١)

ل حەسەن ڤە گەڕێ ، گۆتی : (برا ، ڤێ جارێ گۆتنا تە چاوانە ؟).

[١٣٤] - بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو ، تسابۆلۆڤ ، ل ٣٠ .

(مەمێ ئالان ، ل ١٢٧)

ی/ کەنگێ/ کەنگی/ کەنگین/ کەنگینێ/ کەینێ .

ناوچەی سلێمانی و هەندێ هەرێمی دی تەنیا (کەی) بەکاردێنرێ. لە دیالێکتی مانجیی ژووروودا (کەنگێ) و (کەنگی) دەوترێ. لە ناوچەی موکریان و سۆراندا کە لە (کەنگێ) و (کەنگی) فۆرمی (کەنگین) و (کەنگینێ) و (کەینێ)یش چاو دەکەوێ .

ند نموونەیەك :

کەی تۆم دیوە ؟ کەی ئەتناسم ؟ کەی ؟ کەی ؟ کەی؟
دڵداری چی؟ پەیمانی چی ؟ حەی ! حەی ! حەی !

(گۆران ، ل ٢٧)

دیلی ، ژێردەستی ، ئەسیری ، تا کەی ؟
ڕووتی ، نەداری ، فەقیری ، تا کەی ؟

(تاریك و ڕوون ، ل ٥٠)

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تا کەنگێ دەبی وا بێهەست و دەنگ ؟

(تاریك و ڕوون ، ل ٥٠)

کەنگێ ژ مەڕا دبت مویەسسەر ،
خالق ژ ئەزەل نە کەت مقەدەر ؟

(خانی ، ل ٤٧٦)

بە داو دەکەن پێکۆڵێ
وەدەرکەوت لە ستەمبووڵێ ،

کەنگێ وە کەم وێ تۆڵێ ؟

(تحفه مظفرية، ب١، ل ٢١٨)

منداڵی پەیوەستی ، بە جاعێری سەربەستی

بە پیری کەی هەڵدەستی ؟

(پەندی کوردی ، ل ٢٥)

ا/ کوانێ ، کا / کانێ .

پرسیار لە کەس و شت بەکاربێنرێن .

وا/ کوانێ) سەر بە دیالێکتی خواروون و (کا/ کانێ)یش سەر بە دیالێکتی

ەروون:

وێنە:

ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەڕت

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت؟

کوانێ دوو چاوی مەست ؟ کوانێ ؟

کوانێ برۆی پەیوەست ؟ کوانێ؟

کوانێ زوڵفی ڕەش؟

کوڵمی ئاڵ و گەش

کوا هەیکەلی جەمال؟

کوا حوسنی بێ میثال؟

(گۆران ، ل ١٣)

کوانێ سواری دەنازەنین ؟

کێ بوو؟ لە ئالّی ئادەمان

قەلاّتی هەلّگرت بە زەمان

(تحفه مظفرية، ب١، ل ٢١٦)

رە ئێرە و مەپرسە تۆ ئەدی چارشێوو ڕوویەند کوان؟

رە ئێرە ببینە چاوی مەست و بەژن و بالاّی جوان

(تاریك و ڕوون، ل ٦١)

ێ بۆوە پەنجەی جوانان

انێ گەمەی جێ ژوانان ؟

(تاریك و ڕوون، ل ٩٥)

. کا ڤاریۆخا تە ؟ ئەز وێ نابینم ...

(کوردۆ ، ل ٩٢)

ئەو چاوا چێکرنە ؟

(جیم و گولپەری ، ل ١٦)

نێ ل مە ئاشە ، یانە زیزە ؟

ـی وی بوهارە ، یا پەییزە ؟

(خانی ، ل ٣٤٨)

رمی (کا) لە ناوچەی سۆرانیش بەکاردێ .

وێنە :

نەلّێی کا مالّت ؟ نالّێم کا قەبرت

(پەندی کوردی ، ل ٨٥)

ێ / کێ / کێندەر / کوێندەرێ / کێرێ / کیدەرێ / کوێدەرێ / کوو

پرسیاری شوێن و جێگە بەکاردێن.

لە ناوچەی سلێمانی و موکریان و هەندێ هەرێمی تری دیالێکتی خوارووی ردیدا تەنیا فۆرمی (کوێ) دەبینرێ. لە ناوچەی هەولێر و کۆیە و ناوشوان رمی (کێ / کێدەر/ کوێندەرێ)" [135] " باوە ...

رمی (کێرێ / کیدەرێ / کوێدەرێ / کوو) لە ناوچە جیاوازەکانی دیالێکتی مانجیی ژووروودا دەبینرێن.

ند نموونەیەك بۆ وێنەی کرمانجیی خواروو :

... پەح ئەمە چی بوو من دیم ، من لە کوێم ، ئەمە خەوە یان نا ؟

(لە خەوما ، ل ٥٧)

لە ناو کورددا نەبوو پەیمان شکاندن

لە کوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی ؟

(تاریك و ڕوون ، ل ١٢٩)

دەوڵەمەند پیرۆزت بێ ، فەقیر لە کێت بوو؟

(پەندی کوردی ، ل ٤٦)

شێتان شێتەبن دەچنە سەر ئۆمەرمەندان ، ئۆمەرمەندان شێت بێ بچتە ندەر؟

[135] - لە شێوەی سلێمانیدا ئەو فۆرمە ناوە ناوە لە هەندێ باردا دەبینرێ، وەك ئەوەی دەوترێ (فلانە کەس کوێندەری)یە.

(پەندی کوردی ، ل ٦٠)

ند نموونەیەك بۆ وێنەی کرمانجیی ژوورو :

.... تە ئەو ژ کیدەرێ ئانییە ؟

(کوردۆ ، ل ٨٣)

.... ئەڤ ڕێ دچن کوو"[١٣٦]" ؟

(کوردۆ ، ل ٦٩)

.... پرسی (تو کییی؟ کوو هاتی هەوارییا من ؟)

(کوردۆ ، ل ٦٥)

.... گۆت (هەڤالۆ خوەندەگەها کەچان ل کوویە ؟

(جیم و گولپەری ، ل ٦)

ند / چەن / چەنگ ..

ئەم جێناوە بۆ پرسیاری ئەندازە و ژمارە .. بەکاردێ . (چەند) لە هەردوو لێکتی سەرەکیی کوردیدا وەك جێناوی پرسیار و جێناوی چەندێتی دەبینرێ. وێنەی ئەم جێناوە لە ئاوێستادا (چـڤەتت)" [١٣٧] "، لە فارسیی کۆندا یەنت)" [١٣٨] "، لە فارسیی ناوەڕاستدا (چەند)"[١٣٩]"ە .

بەشە دیالێکتی سلێمانیدا شێوەی (چەن) و (چەنگ)یش بەرچاو دەکەوێ .

---

[١٣٦] - فۆرمی (کوو) لە شێوەی لوڕیشدا بەکاردێ .

[١٣٧] -) A.V Williams Jackson, avesta grammer, part 1 stuttgart W kohlhammar 1892 , p , 144

[١٣٨] - بڕوانە : سەرچاوەی نابراو : تسابۆلۆڤ ، ل ٣٠

[١٣٩] - بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، ڕاستۆر گویڤا ، ل ٦٨ .

نموونە :

هندی ئەوی ڕاکرن سەلاطین
دەه چەند ئەوی چێ کرن شەیاطین ؟

(خانی ، ل ٢١٨)

پێم بڵێ توخوا چەند جوانت دی ؟
چەند جووتە یاری دەس لە ملانت دی ؟

(بێکەس ، ل ١٥٢)

خوێنی کوڵمی چەن گەش بوو ؟
چاو و برۆی چەن ڕەش بوو ؟

(گۆران ، ل ٨٩)

تایبەتێتییەکی دیاری جێناوی پرسیار لە زمانی کوردیدا ئەوەیە زۆربـەیان لـە جێناوەوە دەتوانن ببن بە بەشە ئاخاوتنی تر ، یاخود لە جێناوی پرسیارەوە ببنە گروپێکی دی جێناو .

بەوێنـە لـە ڕسـتەی وەك (چـۆن بـە بـاش دەزانـی ، وابکـە) ، (چـۆن هێنات ، وەها بیبەرەوە) .. دا (چۆن) بووە بە ئامرازی پێوەنـدی (عطـف) و دوو ڕستەی بە یەکەوە بەستۆتەوە بێ ئەوەی هیچ پرسی تێـدابێ ... وشـەی (کەی) لە ڕستەی وەك (کەی زستان هات، بەفریش دەباریێ) ، (کـەی شـێرکۆ هاتەوە ، بەپیریەوە دەچین) ...دا ، کە دوو ڕستە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، ئـەو واتایە بەدەسـتەوە نـادات کـە لـەباری پرسـیاردا بەدەسـتیەوە دەدات، چونکە لێرەدا پرسیار نییە– واتە لێرەدا (کەی) جێناوی پرسیار نییە، بەڵکو ئامرازی پێوەندی (عطف)ە .

لەسەرەوە لەوە دواین کە (چ) جێناوی پرسیارە و بۆ پرسیار لە شت و هـۆی ڕووداو بەکاردێنرێ، بەلاّم کاتێ بە واتای (هیچ) دێت، ئـەوە دەبێتـە جێنـاوی نەفی . بە وێنە :

بەکر ئاغا کوتی : (قوربان ئەمن چ نادەم) .

(تحفه مظفرية، ب١، ل ٣١٨)

ئەتوو هێشتا شـکلی نحـۆیێ گەرگـەری چ جـارەکی بـە چاوێ سـەرێ خـو ڕا نەدیتیە.

(فۆلكلۆر ، ل ٢١٠)

یاخود وشەی (چەند) کاتێ بۆ پرسیاری ئەندازە و ژمارە بەکاردێنرێ جێناوی پرسیارە، بەلاّم دەمێ پرسیاری پێ ناکرێ دەبێتە جێناوی چەندێتی ، وەك :

... زۆر هیلاك و ماندوو بووم ، لەپاش چەند سەعاتێك هێز لە ئەژنۆم بڕا ...

(لەخەوما، ل ٢٩)

گۆت : (چەند ڕۆژا شووندا ئەزێ ژ تەڕا بێژم) .

(کوردۆ، ل ٤٥)

.... هتد .

جێناوی پرسیاریش ، هەروەك جێناوی خۆیی ، جێناوی لکاو وەردەگرێ

١– جێناوێکی دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر ، وەك :

چی + م = چیم

من ئومێدی چیم هەبوو، کەچی چیم دی و چیم بیست .

(لەخەوما ، ل ٥٣)

چی + مان = چیمان

بۆچی زاین ؟ کەی، چۆن ئەمرین ؟

چیمان لێ دێ کە مردین ؟

(گۆران ، ل ١٠٧)

کام + ی = کامی

ئێمە مایەی چوار سروشتین : ئاو و ئاگر ، خاك و با

ئەم هەوێنە کامی زیاتر بێ ، بەلای ئەویا ئەبا

(پیرەمێرد ، ل ٢٩٠)

٢- یەك جێناوی دەستەی دووەم وەردەگرێ ، وەك :

کێ + ن = کێن

... وتیان مەڕۆن بزانین ئێوە کێن ....؟

(لەخەوما ، ل ٣٢)

کوێ + م = کوێم

پەح ئەمە چی بوو من دیم ، من لە کوێم ، ئەمە خەوە یان نا ؟

(لەخەوما، ل ٥٧)

٣- دوو جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە دەلکێ ، وەك :

کێتانمان ، چیتانمان ...

٤- جێناوێکی دەستەی یەکەم و بە دوایدا هی دووەم ، وەك :

چیمانن ، چیتن ..

٥- کاتێ جێناوی پرسیار جێناوی لکاوی دەچێتە سەر چ لە پێش و چ لە پاش جێناوەکە مۆرفیمی (ش/ یش) دەتوانێ وەربگرێ ، وەك

أ- لەپێش جێناوەکە :

کێشم ، کێشتان ... چیشم ، چیشتان ..

کامیشم ، کامیشتان ... چەندیشم ، چەندیشتان ...

ب-لەپاش جێناوەکە :

کێتانیش ، چیتانیش ..

جێناوی چەندێتی

لە مەسەلەی جێناوی چەندێتی‌دا سێ شتی سەرەکی لە باسە ڕێزمانییەکاندا بەدی دەکرێ:

١ – زۆربەی نووسەران نە باسیان کردووە و نە بەلایدا چوون[١٤٠]. دیارە ئەمەش لە دوو ڕێگەوە وا کەوتۆتەوە: یەکەم – بەشێک لەوە نووسەرانە لەبەر کورتیی نووسینەکانین یان هەستپێنەکردنی بەلایدا نەچوون؛ دووەم – بەشێکی تریان لەبەر ئەوەی بە جێناویان دانەناوە، یان ئەگەر بە جێناویشیان دانابێ، وەک جێناوی چەندێتی تەماشایان نەکردووە.

٢ – کەمێ لە نووسەران، ئەگەرچی باسیان کردووە، بەڵام وایان داناوە، کە ئەم گرووپە جێناو نییە و پێوەندی بە ناو و ئاوەڵکردارەوە هەیە[141].

٣ – ئەو نووسەرانەش کە وەک گرووپێکی تایبەتی جیایان کردووەتەوە، لێی‌دواون، زۆربەی زۆریان بە چەند دێڕێک کۆتاییان

---

[١٤٠] بە نموونە، وەک: سەعید صدقی، تۆفیق وەهبی، نووری عەلی ئەمین، لیژنەی زمان و زانستەکانی کوڕ، د. مەکسیمی خەمۆ .. هتد

[141] بە وێنە، وەک: تسابۆلۆڤ، ل ٣١ .. هتد

بــەو باســە هێنــاوە .... وێــڕای ئــەوە ئەوانــەش کــە لــەم باســەدا ســـــەرکەوتوون گســـەلێ وشـــــەی ئاشـــــکرای ئـــــەم گرووپـــــەیان ناونەبردووە[142].

لــە زمــانی کوردیــدا کۆمــەڵێ وشــە هــەن، کــە بــۆ مەبەســتی گەیاندنی مانای چەندێتی بەکاردێن و دەکرێ بە (جێناوی چەندێتی) ناوببرێن. وەک:

لە کرمانجیی خواروودا

١ – چەند/ چەندە/چەندی

٢ – ئەوەند/ئەوەندە/ئەوەندەی

٣ – ئەمەند/ ئەمەندە[143]

٤ – هێند/هێندە/هەند/هەندە

نموونە:

چەند

چاوەکەم! مەڕوانە ڕەنگی ظاهیری

خوا دەزانێ (ڕووسپی) چەند ڕووسییان

---

[142] بە وێنە د. قەناتی کوردۆ لەوانی کرمانجیی خوارودا ناوی (چەندە، چەندی، ئەوەندە، ئەوەندی، ئەمەند، ئەمەندە، ئەمەندی ...)ی نەبردووە. لەوانی کرمانجیی ژووروویشدا (هندەک، ئەڤقاس)ی یادداشت نەکردووە (ل ١٥٩–١٦٠) ... د. چەرکەزی بەکۆ ناوی (هنەک، هندەک)ی نەبردووە (ل ١٥٧–١٥٨) .... د. کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا تەنیا (چەند، هێندە، ئەوەندە)یان تۆمار کردووە (ل٤٩) ... د. کوردستان موکریانی بۆ ئەوانەی کرمانجیی خوارو تەنیا (چەند، ئەوەندە، هێندە)ی نووسیوە. بۆ ئەوانەی کرمانجیی هەر (چەند، ئەڤقاس، ئەوقاس)ی یادداشتکردووە (ل ٢٤٧–٢٤٨) ....

[143] وشەکانی (چەند ... ئەوەندە ... ئەمەندە ...) لە ئاخاوتنی سلێمانیدا لە شێوەی (چەن، چەنگ .... ئەوەنە، ئەوەنگە ... ئەمەنە، ئەمەنگە ...)دا دەبینرێن.

(نالی، ل ٣٢٦)

کراسی یارێ چەند تەنکە
تێدا دیارە زەردە مەمکە

(فۆلکلۆر، ل ٧٠)

چەند

چەندە خۆشە دابنیشین دوو بە دوو ئەمن و گوڵم
داکەوێتن موودەعی لەو خوارە هەروەک دەستی کەر

(نالی، ل ٢٠٣)

چەندی

چۆمێ باراندێزی دێتە خوارێ، چەندی زوڵاڵ و شیرینە!

(تحفەء مظفریە، ب١، ل ٢٠٣)

ئەوەند

ئەوەند شیرینە بە قوزەڵقورتەوە ئەخورێ

(پەندی پێشینیان، ل ٦٠)

ئەوەندە

ئەوەندە بە شوێن دزا بچۆ، لێت هەڵنەگەڕێتەوە

(پەندی پێشینیان، ل ٦٠)

ئەوەندەی

ئەوەندەی قنگە جنۆکەیەکە

(پەندە پێشینیان، ل ٦١)

هێند

دڵ موشەببەک بوو لەبەر ئێشان و نیشانی موژەت
ئیشی چاو بو بۆیە هێند گریام و خوێنە کەوتەسەر

(نالی، ل٢٠٢)

هێندە

تیری موژگانت لە سینەمدا دەچێ بۆ پیری دڵ
هێندە کە چ ئایینە قەصدی خانەدانی دین دەکا

(نالی، ل ١١٣)

هەند

کۆلکە مەلا هەند زۆرن
حیلەو شەرعیان دانایە

(فۆلکلۆر، ل ٢٣٥)

هەندە

چەند ئەستێرەی لە عاسمانێ
هەندەم خەنجەر دادەڕژانێ

(فۆلکلۆر، ل ٧٢)

تێبینی:

بە سەرنجڕاگرتن لە جێناوەکانی چەندیتی دیالێکتی خوارووی کوردی ئەوە بەدیدەکرێ، کە:

١ – تێکڕایان کۆتاییان بە (ند/ ەندە) هاتووە.

٢ – بەشێکیان نیشانەی (ێک، ێ، ەک)ی نەناسیاوی وەردەگرن و گەلێ جار لەگەڵ ئەو نیشانانەدا بەکاردێنرێن. وەک: چەندەک، هێندێ، هێندێک، هەندەک [144]....

٣ – گشتیان جێناوی لکاو وەردەگرن. وەک: چەندم، ئەوەندەمان، ئەمەندەت، هێندەیان ...

[144] ئەو وشانە کاتێ نیشانەی نەناسیاوی وەردەگرن، پتر وەک جێناوی نادیار بەکاردێن.

لە کرمانجیی ژووروودا
چەند
هنەک/هندەک/ - (هێندێ، هێندێک)
چڤاس – (چەندێک)
ئەڤقاس- (ئەمەندە)
ئەوقاس – (ئەوەندە)

نموونە:
چەند
یەک بوو ئەلیف یەک نوقطە کر
چەند شکلێ دی لێ زێدە کر
(جزیری، ل ٥٣)
هنەک/ هندەک[145]
هنەک دبێژن "ئەمێ ناڤێ وی بکن عارف". هنەک دبێژن: "ناوەلاهـ ئەمێ بکن عەمەر" ....
(مەمێ ئالان، ل ٤١)
.... هندەک چوون ....
(کوردۆ، ل ٥٤)
چڤاس ... ئەوقاس
باڤێ چڤاس ستەیرن ل عەزمانا،

145. (هنەک/ هندەک) لە هەندێ باردا وەک جێناوی نادیاریش خۆی دەنوێنێ.

چقاس خیزێ بەر دەڤێ بحارا،
ئەوقاس خێڤەت ل دۆر مەگرتنە.

(کوردۆ، ل ٢٠٦)

تێبینی:

سێ جێناوی (چقاس، ئەڤقاس، ئەوقاس) لێکدراون و لە (چ) و (ئەڤ)و (ئەو) لەگەڵ (قاس) سازبوون. (قاس)یش لە (قاس)یەوە وەرگیراوە، کە واتای (بەرانبەر، هێندە ...) دەگەیەنێ.

جێناوی هەیی

دەربارەی کێشەی جێناوی هەیی لە زمانی کوردیدا ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە بەشێک لە نووسەران تەنیا باسی (هی)یان کردووە[146]...

تێکڕای ئەو زانایانەی لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بەدوا ئەم کێشەیە کەوتوون، نیشانەکانی ئیزافەشیان بە جێناوی هەیی لە قەڵەم داوە[147] .....

وەک لێکۆڵینەوە دەریدەخا، لە زمانی کوردیدا وێڕای (هی)، هەندێ فۆرمی جێناوی هەیی هەیە ... هەرچی نیشانەکانی ئیزافەشە، ئەگەرچی ڕاستە لە ڕەسەندا لەجێناوی هەیییەوە کەوتوونەتەوە، بەڵام بوون بە نیشانەی ئیزافە و لە جێناو شۆڕاون.

جێناوی هەیی ئەو جێناوەیە کە خۆیەتی (تملک) ڕادەگەیەنێ.

---

[146] بە وێنە، وەک تۆفیق وەهبی (١١٣-١١٤)؛ نووری عەلی ئەمین (ل ١٠٦-١٠٧) ...

[147] بە نموونە، وەک: د. قەناتی کوردۆ (ل ١١٦-١١٧)؛ د. چەرکەزی بەکۆ (ل ١٥٠-١٥٧)؛ صادق بەهائەدین (ل٩٦-٩٧)؛ د. کوردستان موکریانی (ل٢٤٨-٢٤٩) ...

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا (ئی) جێناوی هەیی بووە و هەروەها کاری ئیزافەشی بەجێهێناوە - واتە یاریدەی دانەپاڵیەکتری دیارخەر و دیارخراوی داوە[148]. جێناوی هەیی کە لە ئاویستادا (یە/یا)، (یەت/هیەت) بووە، لە هەمان کاتدا وەک نیشانەی پێکەوەبەستنی دیارخەر و دیارخراو خۆی نواندووە[149].

وێڕای تایبەتیتی هەندێ بەشە دیالێکت، ئەوە دەمێنێتەوە کە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا (هی/ئی) فۆرمی سەرەکیی جێناوی هەیی یە.

هەرچەندە وشەی (هی/ئی) لە تێکستی کۆن و نوێی کوردیدا بە شێوەیەکی سەرەکی وەک جێناوی هەیی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا دەبینرێ کە دیارخەر و دیارخراوی پێکەوە بەستووە - واتە دەوری ئیزافەی بینیوە.

لە ئاخاوتن و نووسینی زوو و ئەمڕۆی سلێمانیدا فۆرمی زۆر باوی ئەو جێناوە (هی)یە.

بە وێنە:

دوو شتە ڕێگەی ڕزگاری من بێ
یا یار هیی من بێ، یا یار هێمن بێ

(پیرەمێرد، ل١٦٥)

ئەی ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵەی، ئێسک سووک!
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هیی بووک!

(گۆران، ل٤٥)

---

[148] بڕوانە: ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا، زمانی فارسیی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل ٧٣ - ٧٤.

[149] بڕوانە: سۆکۆلۆڤ، زمانی ئاویستا، مۆسکۆ، ١٩٦١، ل ٦٥-٦٦.

هیی خۆم بۆ خۆم، هیی تۆ ئەخۆم

(پەندی پێشینیان، ل٤٩٩)

لە ناوچەی موکریان و سۆران ئەگەرچی دیسان هەر فۆرمی (هـی) بـاوە، بـەڵام فـۆرمی (ئـی)یش زۆر بـەرچاو دەکـەوێ ... لـە هەندێ شوێنیش فۆرمی (هین) بەکاردێنرێ، وەک کە دەوترێ: ئەو خانووە هین[150] تۆیە.

جێنـاوی هـەیی لـە دیـالێکتی ژووروویی کوردیـدا بـەپێی جنس دەگۆڕدرێ: (یێ– ye) بۆ نێرو (یا– ya) بۆ مێ بەکاردێنرێ. وەک:

ماڵ و دەوڵـەتا عـەلی مەمـەد پڕ بوو، پەز و دەوارێ وی ژ یێ جینارا پرتر بوو.

(کوردۆ، ل ٣٣)

تە ستیا چاڤ بەلەک بر، زین ژی یا مەیە

(مەمێ ئالان، ل٦٨)

تایبەتێتی ئەم جێناوە لەوەدایە ناتوانێ وەک (جێناوی خۆیی) و (جێنــاوی نیشــانە) ... جێنــاوی لکــاو یــان مــۆرفیمی (ش/یــش)،... وەربگرێ.

---

[150] ئـەم جێنـاوە لەگـەڵ وشـەی (هـین)، کـە بـە واتـای (فـلان، وانـەک، هەرامـە ...) دێـت، جیاوازە. وەک:

دوێنێ هینم بینی

لە بازاڕ هین دەفرۆشن

جێناوی نەفی

لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا بە شێوەیەکی سەرەکی (هیچ، چ) وەک جێناوی نەفی بەکاردێن و زۆر جاریش وشەی (کەس/کەسێ/کەسێک، شت/شتێک، یەک/یەکێ/یەکێک)یان لەگەڵ دێ.

نموونە:

لەڕێی ژیانا هیچ پێش نەکەوتووم
لات و پەژمووردەم، هەروەکو مردووم

(بێکەس، ل٧٥)

بەکرئاغا کوتی: "قوربان ئەمن چ نادەم"

(تحفەء مظفریە، ب١، ل٣١٨)

هیچ کەس ناتوانێ تا ڕۆژ بناڵێ
مەگەر عاشقی سەودایێ خاڵێ

(پیرەمێرد، ل٢٠٣)

وا گلۆڵەی کەوتە لێژی باوی ئیستیعمار نەما
هیچ کەسێ ئیتر بە زوڕنا و تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ

(بێکەس، ل٨٣)

.... هتد.

هەرچەندە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروووشدا (هیچ، چ) وەک جێناوی نەفی دەبینرێن، بەڵام وشەکانی (تو، قەت) کە بە مانای (هیچ) دێن، زۆرتر لە کاردان.

نموونە:

عەلی مەمە دگۆت: "ئیرۆ تو نێچیر ڕاستی من نەهات ..."

.... ئەز نکارم تو ناڤا کوڕێ خوە بکم

(کوردۆ، ل۳۷)

.... لێ قەت نێچیر ڕاستی وی نەهاتن

(مەمێ ئالان، ل٤١)

لەگەڵ (تو، قەت)یشدا، زۆر جار وشەی (کەس/کەسەک، تشت/ تشتەک...) دێت. وەک:

.... قەت کەسەک پێ نەحەسی‌یا

(کوردۆ، ل۳٤)

جێناوی نەفیش جێناوی لکاو و مۆرفێمی (ش/یش) وەردەگرێ. وەک: هیچم، هیچت، هیچمان ... هیچتان ... هیچیشیان ...

ئێستا لە داخا هیچم پێ ناخورێ
نەوسن چۆن بەرگەی برسێتی ئەگرێ

(کوردۆ، ل۳٦)

هیچت نەبێ‌و ڕاخەرت ببێ

(پیرەمێرد، ل١٦٥)

.... هتد[151].

(پەندی پێشینیان، ل٤٩٩)

[151] زۆربەی زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی باسی ئەم جۆرە جێناوەیان نەکردووە. شایانی باسە، هەندێ لە نووسەرانی قوتابخانەی سۆڤییەت لێی‌دواون، بەتایبەتی: د. قەناتی کوردۆ (١١٩)؛ د. چەرکەزی بەکۆ (١٦٢-١٦٣)؛ د. کەریمی ئەیووبی و د. ئا. سمیرنۆڤا (ل٥٠)؛ د. کوردستانی موکریان (ل ٢٥٢-٢٥٣).

جێناوی هاوبەشی

لـە دیـالێکتی خـوارووی کوردیـدا وشـەی (یـەکتر) جێنـاوی هاوبەشـی هـەرە دیارو چالاکـە. ئـەم جێنـاوە لـە ژمـارەی (یـەک)و ئاوەڵناوی (تر) سازبووە.

با سکاڵا بۆ یەکتر
لەگەڵ ئاخی سارد و سڕ،
دوور و درێژ هەڵڕێژین:
مەیتی بێکەس ئەنێژین

(گۆران، ل ٨٤)

هەندێ جار (ی) دەچێتە سەر جێناوی (یەکتر)، وەک:
چەند خۆشە دەستەیەک دڵسۆزو یاران
ڕەفیقی یەکتری بێ غەرەزکاران

(بێکەس، ل ١٥٧)

هەندێ جار (ی) دەچێتە سەر جێناوی (یەکتر)، وەک:
چەند خۆشە دەستەیەک دڵسۆزو یاران
ڕەفیقی یەکتری بێ غەرەزکاران

(بێکەس، ل ١٥٧)

لـە هەنـدێ ناوچـەی کرمـانجیی خـواروودا وشـەی (یەکدی)و (یەکـدوو)ش وەک جێنــاوی هاوبــەش بــەدی دەکـرێن. ئــەم دوو فۆرمەش دیسان لـە ژمـارەی (یـەک) و ئاوەڵنـاوی (دی، دوو) – کـە لە (دن)ەوە کەوتوونەتەوە – پێکهاتوون[152].

[152] شایانی باسە د. قەناتی کوردۆ لەو پێکهاتنە دواوە، سەرچاوەی ناوبراو، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، ل١١٤.

دەستیان دەستوێ یەک دەکرد، دمیان بە دمی یەکدی دەنانە.

(تحفەء مظفریە، ب١، ل٢٣٩)

لە دیالێکتی ژووررووی کوردیدا دوو فۆرمی (هـەڤ)و (هەڤدو) باون. وەک:

عەلی بەگ، عەمەر بەگو ئەڵماز بەگی درکەتنە هاڤینگەهاتە.

ژ خوەڕە ل هەڤ نێڕینو گریانە،

(مەمێ ئالان، ل٣٩)

ئـەم جێنـاوەش دەتـوانێ جێنـاوی لکـاو و مـۆرفێمی (ش/یـش) وەربگرێ. وەک:

یەکترمان، یەکترتان ....

یەکتریشمان، تەکتریشتان .....

..... هتد[153]

---

[153] نووسـەرانی لای خۆمـان (تەنانـەت د. کوردسـتانیش) باسـی ئـەم جۆرە جێناوانـەیان نەکردووە. زانایانی یەکێتی سۆڤییەت لێی دواون: د. قەناتی کوردۆ، جگە لە (یەکدی)، باسی هەموو ئەوانی تری کردووە و باش لێیان دواوە (ل١١٤-١١٥). د. چەرکەزی بەکۆ باسی هـەموو ئەوانـەی کـردووە لـە زمـانی کوردەکـانی سـۆڤییەتدا بـەکاردێن (ل١٦٤-١٦٥). د. کـەریمی ئـەیووبی و ئی. ئا. سـمیرنۆڤا تـەنیا لـە (یەکتر/یـەکتری) دواون (ل٥٣) و نـاوی (یەکدی)یان نەبردووە، کە لـە بەشـە دیالێکتی موکریدا زۆر باوە. ب. ل. تسابۆلۆڤ بـە دوو دێڕێک تەنیا (هەڤ)ی باس کردووە و ناوی ئەوانیدی نەبردووە ...

جێـناوی دیارو جێـناوی نادیار

لە چاوگێڕان بەو کارانەدا، کە لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسراون لە باسی جێناوی دیار و جێناوی نادیاردا بۆچوونی هەمەچەشن دەبینرێ:

١ – بەشێک لە نووسەران دوو گرووپی جێناوی دیارو جێناوی نادیاریان جیاکردۆتەوەو بۆ هەر گرووپێک کۆمەڵێ وشەیان دیاری کردووە ...

بە وێنە:

ا – بۆ جێناوی دیار:

د. قەناتی کوردۆ وشەکانی: "هەر، هەریەک، هەرکەس، هەرتشت/هەرشت، گشک/ گشت، هەموو، تەڤ، تەمام/ تەواو"ی یادداشت کردووە (ل ١١٧–١١٨). د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا وشەکانی "هەر، هەریەک، هەرکەس(ێک)، هەموو، تەواو، هەمووکەس، هەرکامێک، هەمووشتێک، سەروو، هەو"یان ڕیزکردووە (ل٥٠–٥١). د. کوردستان موکریانی وشەکانی "هەر، هەرکەس، هەشت، گشت، هەموو، هەمووشت، هەمووکەس" و "هەر، هەرتشت، هەرکەس، گشت/گشک، هەمی، هەمی تشت، هەمیکەس"ی تۆمارکردووە (ل٢٥١)...

ب – بۆ جێناوی نادیار:

قەناتی کوردۆ وشەکانی "کەس، تشت، شتێک"ی تۆمار کردووە و وتووشییە لەگەڵ ئەو وشانە نیشانەی (ێک، ێ) یش دێت (ل١١٩). د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا سمیرنۆڤا وشەکانی: "یەکێک، کەسێک، شەخسێک، چکەس، فڵانکەس، شتێک، فڵانشت،

هێنـدێک، هێنـدێ، کەسـێک"یان نـاوبردووە (ل٥٠). د. کوردسـتان موکریانی وشـەکانی "یـەکێک، کەسـێک، هێنـدێک، گـەلێک، شـتێک، فڵانکەس، فڵانشت"ی بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو نووسیوە و وشـــەکانی: "کەس/کەســـەک/تۆکەس، تشت/تشتەک/تۆتشـــت، هنەک/هندەک"یشی بۆ دیالێکتی کرمانجیی ژووروو داناوە (ل٢٥٠).

٢ – هەندێ لە نووسەران تەنیا یەک گرووپیان دیاری کردووە، ئەویش گرووپی جێناوی نادیارە.

بە وێنە:

مامۆستا تۆفیق وەهبی وشەکانی: "کەس، پیاو، هیچ، یەک، کێ، هـین، کـەم، کـام، چـی، کـابرا، فـلان، هـەموو، زۆر"ی بـە جێنـاوی نادیاری سادە داناوە و وشـەکانی: "کەسێ، هیچکەس، هەرکەسێ، هەچکەسێ، هەمووکەسێ، پیاوێ، نـەختێ، هێنـێ، هینەکە، کابراکە، هـەرکابرایی، هەنـدێ، گـەلێ، فڵانەکەس"یشـی بـە جێنـاوی نادیـاری ناسـادە لەقەڵـەم داوە (ل١٠٩). مامۆسـتا نـووری عـەلی ئـەمین وشـەکانی: "یــەکێ، کــەس، فــلان، فیســار، کــابرا، هــەموو، هەندێ/تۆزێ/برێ/کــەمێ/پێچێ/چۆڕێ، هــیچ، گــەلێ، فــرە، هین/هینەکە، وانەک/وانەکەکە، هەرامە،/هەرامەکە/یارۆ/یارۆکە"ی بۆ جێنـاوی نـاوبراو دەستنیشـان کـردووە (ل١٠٤-١٠٥). مامۆسـتا جگەرخوێن وشەکانی: "کەش، هن، گش، تەڤ، هەموو، پڕ، کێم، پیچ، جۆرگۆر، زۆر، گلک، هیچ" و "ئەوک، چیک، لیڤەر، یاریگۆنێ، فلان، هرام، وانەک، فیسار، کابرا، یارۆهێن"ی نووسیوە (ل٨٤-٨٥) ...

٣ – چەنـد نووسـەرێکیش ئـەو چەشـنە وشـانەیان بـە ئـامرازی نادیار داناوە.

بە نموونە:

مامۆستا سەعید صدقی لە ژێر سەرناوی (ادوات مبهمە)دا لە وشەکانی (کەس، هیتر، هێندێ، هین) دواوە (ل٥٢-٥٣) ...

لە لێکدانەوەو بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی ئەو نووسینانەدا، نەک هەر کێشەی ئەوە دێتە پێش‌چاو، کە هەندێ ئەو جۆرە وشانە بە ئامراز دادەنێن‌و بەشێک بە جێناوی نادیار لە قەڵەمیان دەدەن و ژمارەیەکیش بە جێناوی دیار و نادیاریان ناودەبەن، بەڵکو گەلێ کێشەی تریش بەدی دەکرێ:

١ – ئەوانەی جێناوی دیار و نادیاریان دیاری‌کردووە، نەک تەنیا جیاوازی لە دەستنیشان‌کردنی وشەکانی هەر گرووپێکدا هەیە لە نێوانیاندا، بەڵکو زۆر جار نووسەرێک وشەیەکی لە ڕیزی جێناوی دیاردا تۆمار کردووە، کەچی نووسەرێکی دی هەمان وشەی خستۆتە گروپی جێناوی نادیارەوە.

٢ – لەنێو وشەکانی ئەو نووسەرانەدا کە تەنیا گروپی نادیاریان دەستنیشان‌کردووە، هەندێ وشە هەیە کە مانا و مەبەستی دیار و ڕوون و ئاشکرایە.

٣ – چ ئەوانەی ئەو وشانەیان وەک جێناوی دیارو نادیار تەماشاکردووەو چ ئەوانەی تەنیا گروپی جێناوی نادیاریان داناوە و چ ئەوانە بە ئامرازی نادیاریان لەقەڵەم داوە، گەلێ وشەی ئەوتۆیان تۆمارکردووە، کە بێ سێ و دوو نە جێناوی دیارن و نە جێناوی نادیارن و نە ئامرازی نادیارن. بە وێنە هیچ گومان لەوەدانییە، کە وشەکانی: پیاو، فرە، زۆر، پڕ، کێم ..و گەلێکی‌دی نەک هەر جێناوی دیار یان جێناوی نادیار نین، بەڵکو هیچ چەشنە جێناوێک نین ... وشەکانی: کێ، کام، چی ... ئەگەرچی جێناون، بەڵام ڕاست نی‌یە بە دیاری و نادیاری‌یەوە ببەسترێنەوە ...

٤ – ڕاستە بەشێک لەو وشانە لە هەندێ باردا دەوری جێناو دەبینن، وەک ئەوەی لە ڕستەکانی: "هەموو ڕۆیشتوون" یان "کەس ڕۆیشت؟" ...دا (هەموو، کەس) جێناون، بەڵام بۆمان هەیە بپرسین لە ڕووی جێناو بوون و لە باری دیاری و نادیاریی‌یەوە جیاوازی لە نێوان وشەکانی (هەرکەسێک) و (هەر مرۆڤێک) و (هەر مشکێک) و (هەر دارێک) ..... دا چییە؟ یاخود ئەگەر (پیاو) جێناو بێ، ئەی (مەردم، ئادەمیزاد ....) بۆ جێناو نەبن؟ .....

جێناوی لێکدەر؟

هیچ یەکێک لە کوردناسانی سۆڤیەت باسی ئەمەیان نەکردووە – واتە وەک گروپێکی جێناو جیایان نەکردووەتەوە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی بەناوی "بۆناوی لێکدەر" (ل ١٠٦–١٠٨)ەوە بە دوور و درێژی لێی‌دواوەو (ی) و (کە)ی بۆ ئەم گروپە دیاری‌کردووە.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە ژێر سەرباسی "ڕاناوی گەیەنەر" (٩٩–١٠٠)دا باسی کردووەو (ی)، (کە)، (ی‌کە)ی بۆ ئەم دەستەیە دەست‌نیشان کردووە.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ بە سەرناوی "ڕاناوی لێکدەر" (ل٥٨–٦٣)ەوە لەم باسەی کۆڵیوەتەوە: بەلای د. نەسرین فەخری و مامۆستا صادق بەهائەدینەوە "تەنها وشەی (کە) ڕاناوە" و ئەو پیتە (ی)ەی کە هەندێ جار دێتە پێش ڕاناوەکەوە پیتی پەیوەندییە و کەرتی ڕاناوەکە نییە" (ل٥٨) ... مامۆستا نووری عەلی ئەمینیش دەڵێ: "پیتی (ی) یاخود (کە) ئەگەر بە تەنها هاتن هەر یەکەیان ئەو

ڕاناوەن کە پێی دەڵێن ڕاناوی لێکدەر، بەلام لەم حاڵەتەدا فەرقیان لەگەڵ حاڵەتی بە جووتە هاتنیان لە ڕستەدا ئەوەیە کە (ی)ی تەنها و (کە)ی تەنها هەریەکەیان لەو شێوەیەدا ڕاناوی لێکدەری سادەیە، بەلام ئەگەر بەسەریەکەوە بەکارهێنران دەبنە ڕاناوی ناسادە" (ل٥٨) ... مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەمە بە جێناو دانانێ و بۆ بە جێناو دانەنانی گەلێ نموونە و بەڵگەی هێناوەتەوە.

مـن وای بـۆ دەچـم ئەمـە تەئسـیری زمـانی ئینگلیـزی و مێجەرسۆن بێ لەسەر مامۆستا تۆفیق وەهبی و هی تۆفیق وەهبی لەسـەر هەنـدێ زمانـەوانانی لای خۆمـان .... وەک ئاشـکرایە، لـە زمـانی ئینگلیـزیدا وشـەکانی (who, whose, whome) بـە جێناوی لێکدەر دانراون و دیارە ئەمەش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و لێکدانـەوە و هێنراوەتـە ئەنجام... ئەو جۆرە وشـانە لـە ئینگلیزیـدا سەربەخۆیییان هەیە و لابردنیان مانای ڕستە دەگۆڕێ. هەرچی (کـە)ی کوردییـە سـەربەخۆیی تـەواوی نییـە و لابردنیشـی هیچـی ئەوتۆ لـە ڕسـتە ناگۆڕێ. بە وێنـە، ئەگەر لە ڕستەی "من کە بۆ ئازادی بجەنگم، لـە مەرگ ناترسـم"دا (کـە) لـە ڕسـتەکەدا هـەبێ و نەبێ واتا و مەبەست هەر یەکە.

بـەکارهێنانی ئـەم (کە)یـە وەک ئـامرازی مـەرج و ئـامرازی پێوەندی و ... نەبینینی دەوری جێناو و ... مەودای بە جێناو دانانی مێجەرسۆن چ لـەو کتێبـەدا کـە سـاڵی ١٩١٣[154] و چ لەوەیدا کـە سـاڵی ١٩١٩[155] لەبارەی زمـانی کوردییـەوە بڵاوی کردووەتـەوە

(154) E.B. Soane, Crammer of the Kurmanjy or Kurdish Language London, 1913, pp. 29-30

(155) E.B. Soane, Elementary Kurmanji Grammer, Baghdad, 1919, p.16.

باسی جێناوی لێکدەری لە زمانی کوردیدا کردووە و وەک گرووپێک جیای کردووەتەوە. دوور نییە مامۆستا تۆفیق وەهبی کەوتبێتە ژێر تەئسیری مێجەرسۆنەوە مامۆستا نووری عەلی ئەمینیش کەوتبێتە ژێر تەئسیری مامۆستا تۆفیق وەهبی‌یەوە.

شایانی باسەم کوردناسانی ئەم سەردەمەی ئینگیز (بە تایبەتی د. مەکەنزی‌و د. ئەرنست مەکارۆس) وا بۆی نەچوون و نەهاتوون بەرگی زمانی ئینگلیزی بکەنە بەر زمانی کوردی .... جا بۆیە بە هیچ چەشنێک لە کارەکانیاندا باسی جێناوی لێکدەر نییە.

* * *

جێناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە و ئیشارەت بۆ دەلالەت و ماددە دەکا، بەڵام ناویان نابا.... جێناوی کەسی پێوەندیی کەس بەرانبەر بە قسەکەر و بەشداریکەری قسە نیشاندەدا. سێ کەس لە گفتوگۆدا نیشاندەدا: جێناوی کەسی یەکەم – قسەکەر ڕادەگەیەنێ؛ جێناوی کەسی دووەم – ئەو کەسەیە کە قسەکەر ڕاستەوخۆ لەگەڵی دەدوێ؛ کەسی سێیەم – ئەو کەسەیە کە لە گفتوگۆدا بەشداری ناکاو کەسەکانی‌تر باسی دەکەن ... جێناوی خۆیی پێوەندیی کارا بە بەرکارەوە؛ نیهاد بە گوزارەوە ڕادەگەیەنێ، بە تایبەتی یەککەوتنی نیهاد لەگەڵ گوزارەدا. جێناوی خۆیی (خۆ)ی کوردی دەتوانێ لەگەڵ هەرسێ کەسی تاک و کۆی جێناوی کەسیی جودادا ڕێکبکەوێ، وەک: (من خۆم هاتم)؛ (تۆ خۆت هاتی)؛ (ئەو خۆی هات)؛ (ئێمە خۆمان هاتین)؛ (ئێوە خۆتان هاتن)؛ (ئەوان خۆیان هاتن). بەڵام لە هەندێ زمانی وەک ئەڵمانی‌و فەرەنسی ... دا جێناوی خۆیی هەر بە کەسی سێیەمەوە

بەنـدە[156]... جێنـاوی نیشـانەی (ئـەم، ئەمـە ... ئـەو، ئـەوە) لەسـەر بناغەی ئیشارەت بۆ شت یان چۆنیەتی دیاریکردن، مانای شت و چۆنیەتی دەگەیەنێ. لەم حاڵەتەدا بۆ تەواو گەیاندنی واتا، ئیشارەت دەور دەبینێ، بەوێنـە، کـە دەوترێ: "بڕۆ بۆ ئـەو ماڵـە" (بـە دەسـت درێژکـردن ئیشـارەت دەکـرێ) یـان ئەگـەر بـوترێ: "ئەمـە برامـە" (دەشـێ بـە سـەر ئیشارەت بکرێ) یاخود بێتـوو بـووترێ: " ئەمـە باڵایـەتی" (دەلـوێ بـە دەسـت بەرزکردنـەوە نیشـان بدرێ) ... ئـەەم جۆرە بەکارهێنانـەی جێنـاوی نیشـانە، تایبەتـە بـە زمـانی ئاخـاوتن، بـەڵام لـە زمـانی نووسـیندا دیـاریکردنی واتـای تـەواویان لەسـەر بناغەی تێکستەکە دادەمەزرێ، بۆ نموونە (ئەم) بۆ مـەبەستی نزیـک بەکاردێ و (ئەو)یش بۆ دوور ... جێناوی (کێ، چی، کام، چۆن ...) دەربڕینـی تەقـەلای قسـەکەر دەگەیـەنێ، کـە هاوبەشـی بەشـدارانی ئاخاوتنەکە شتێکی نائاشـکرای لـێ ئاشـکرابێ. جێنـاوی پرسـیاری (کـێ، چـی) پرسـیاری کەسـێک یـان شـتێک دەکـا؛ (چـۆن) هـەواڵی چۆنیەتی دەپرسێ؛ (کوێ) – جێگە؛ (کەی) – کات ....

جگـە لـەو دابەشکردنـەی جێنـاو، کـە لـە ڕووی واتـاوە کـراوە، هەروەها دەشێ لە ڕووی پێوەندییەوە لەگەڵ بەشـە ئاخاوتنـەکانی تردا تەماشابکرێ و ئەو جۆرانەی خوارەوەی لێهەڵبهێنجرێ:

١ – جێناوی ناوی، وەک: (من، تۆ، کێ، چی ..و هەندێکیتر).

٢ – جێناوی ئاوەڵناوی، (ئەوە، هی، هەرکەس ... و هەندێکیتر).

---

[156] گ. ن. گفۆزدیێف، زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ، ب١، چاپی سێیەم، مۆسکۆ، ١٩٦٧، ل ٢٨٥.

٣ – جێناوی ژمارەیی، وەک (چەند، هەندێ، هیچ .... و هەندێکی تر).

٤ – جێناوی ئاوەڵکاری، وەک: (کوێ، هەمیشە ... و هەندێکی تر).

نیشانەی نموونەکان

١ - (بێکەس)

دیوانی بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم ڕێکیخستوە و سەرەتا بۆ نووسیوە و سەرپەرشتیی لە چاپدانی کردووە، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٠.

٢ – (پەندی پێشینیان)

پەندی پێشینیان، کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، ١٩٧١.

٣ – (پەندی کورد)

عومەر شێخەڵا دەشتەکی، پەندی کوردی، هەولێر، ١٩٧٢.

٤ – (پیرەمێرد)

پیرەمێردی نەمر، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بەغدا، ١٩٧٠.

٥ – (تحفهء مظفریه، ب١)

ئۆسکارمان، تحفهء مظفریە، بەرلین، ١٩٠٥، پێشەکیو ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٥.

٦ – (تحفهء مظفریه، ب٢)

ئۆســـکارمان، تحفـــەء مظفریـــە، بسـەرلین، ١٩٠٥، پێشـــەکیو ساخکردنەوەو هێنانـە سـەر ڕێنووسـی کـوردی هـێمن موکریـانی، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٧٥.

٧ – (جزیری)

دیوانـا مـەلایێ جزیـری، تویژانـدنا صـادق بەهائـەدین ئامێـدی، بەغدا، ١٩٧٧.

٨ – (جگر خوێن)

خگر خوێن، سەورا ئازادی، شام، ١٩٥٤.

٩ – (جیم و گولپەری)

جگر خوێن، جیم و گولپەری، شام، ١٩٤٦.

١٠ – (خالید حسەین)

چەند چیرۆک، بەغدا، ١٩٨٤.

١١ – (خانی)

ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئەستەموول، م. بۆز ئەرسـەلان لـە چاپیداوە.

١٢ – (زیوەر)

دیوانی زێوەر، بەغدا، ١٩٥٨.

١٣ – (صەبری)

عوسمان صەبری، باهۆز و چەند نڤیسارێن دی، شام، ١٩٥٦.

١٤ – (فۆلکلۆر)

فۆلکلـۆری هۆنراوەکـانی کـوردەواری، کۆکردنـەوەی محەمـەد کەریم شەریف، کەرکووک، ١٩٧٤.

١٥ – (کوردۆ)

کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ لە زاری کوردەکانی سۆڤیتەوە تۆماری کردوە. شوکور مستەفاو ئەنوەر قادر هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

١٦ – (کۆیی)

دیوانی حاجی قادر کۆیی، گرد و کۆ و بلاوکەرەوە گیو موکریانی، هەولێر، ١٩٥٣.

١٧ – (گۆران)

سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم کۆیکردوەتەوە و ئامادەیکردوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٠.

١٨ – (گۆران، ب)

گۆران، بەهەشت و یادگار و فرمێسک و هونەر لەگەڵ دوو هاوێنە گەشتم سلێمانی، ١٩٧١.

١٩ – (لاوک)

سوارچاکی لە لاوکی کوردەواریدا، محەمەد کەریم شەریف، بەغدا، ١٩٧٨.

٢٠ – (لە خەوما)

جەمیل صائیب، لە خەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە جەمال بابان، بەغدا، ١٩٧٥.

٢١ – (مەحوی)

دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدوالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٧.

٢٢ – (مەمی ئالان)

مەمێ ئالان، چیرۆکنڤیس کۆی کردووەتەوە پێشەکی بۆ نووسیوە، صالح عەلی گوللی و ئەبوەر قادر محەمەد لە ڕێنووسی لاتینی‌یەوە هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧.

٢٣ – (میهری)

دیوانی میهری، بژاردن‌و ئامادەکردنی: عەزیز گەردی، سلێمانی، ١٩٧٧.

٢٤ – (نالی)

دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، بەغدا، ١٩٧٦.

٢٥ – (هێمن)

تاریک و ڕوون، گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی هێمن، بەغدا، ١٩٧٤.

سەرچاوە

بە زمانی کوردی

(١) ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

(٢) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، جێناوی کەسیی جودا لە زمانی کوردیدا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد"، بەشی یەکەم، ب١٢، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٤٥-٩٥.

(٣) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا، گۆڤاری "کاروان"، بەشی یەکەم، ژ٣٣، هەولێر، ١٩٨٥، ل٢٧-٣٨؛ بەشی دووەم، ژ٣٤، هەولێر، ١٩٨٥، ل١٦-٢٥.

(٤) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چ لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا، ١٩٧٤.

(٥) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٩.

(٦) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"دا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق-دەستی کورد"، ب١٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل٧٦-١٣٢.

(٧) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، زمانی کورد لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، ١٩٧٦.

(٨) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی "جێناوی کەسیی لکاو"دا کراون، گۆڤاری "کاروان"، ژ ٢٩، هەولێر، ١٩٨٥، ل٢٢-٣٣.

(٩) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەورۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧.

(١٠)د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی کوردی، بەغدا، ١٩٧٥.

(١١)د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسانو پێکەوە نەنووسانەوە، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب٩، بەغدا، ١٩٨٢، ل٤٥٠-٤٨٨.

(١٢)د. بەدرخان سندی، (ئەز) ئو (من) د ئەزمانێ کوردیدا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب١٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل ١٣٣-١٥٣.

(١٣)تۆفیق وەهبی، ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئـە)ی شێوەی سلێمانی، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب١، ژ١، بەغدا، ١٩٧٣، ل٩-٣٨.

(١٤)تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩.

(١٥)تۆفیق وەهبی، خوێندەواری باو، بەغدا، ١٩٣٣.

(١٦)خگەر خوێن، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی، بەغدا، ١٩٦١.

(١٧)د. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.

(١٨)حەسەن قزلجی، لەبارەی هێندێ لە نهێنیەکانی ڕێزمانی کوردی، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب٥، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٣٥-١٧٦.

(١٩)حەمیدی ئێزەد پەناهـ فەرهەنگی لەک و لوڕ (لێدوان و بەراوردکردنی: مەحموود زامدار)، بەغدا، ١٩٧٨.

(٢٠)ڕەئووف ئەحمەد ئالانی، کێشەی نووسینی ڕاناوی لکاو، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان"، ژ٦٤، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٢-٧٣.

(٢١)ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زاراوە زانستەکانی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦.

(٢٢)زاراوە زانستییەکان، دانان و لێکۆڵینەوەی لیژنەی زاراوە زانستییەکانی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦.

(٢٣)سەعید صدقی، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨.

(٢٤)صادق بەهائەدین ئامێدی، ڕێزمانا کرمانجی، بەغدا، ١٩٧٦.

(٢٥)صادق بەهائەدین ئامێدی، زمانێ کوردی، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان"، ژ١، سالی١، بەغدا، ١٩٧١، ل٣٩-٤١.

(٢٦)صادق بەهائەدین ئامێدی، گراماتیکا زمانی کوردی، گۆڤاری "ڕوناهی"، ژ١، سالی٢، بەغدا، ١٩٦٢، ل٢٤-٢٨.

(٢٧)عەبدولرەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی، قامووسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٧؛ بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٧٩.

(٢٨)عەبوڵلا شالی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئەمین عەلی، نووری عەلی ئەمین، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عەلائەددین سەجادی،، کەمال مەحموود فەرەج، ئەبوزەید مستەفا سەندی، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، بەغدا، ١٩٧٦؛ بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، بەغدا، ١٩٧٦؛ بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، بەغدا، ١٩٧٦؛ بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی، بەغدا، ١٩٧٦؛ بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەغدا، ١٩٧٦؛ بۆ پۆلی شەشەمی ئامادیی، بەغدا، ١٩٧٦.

(٢٩)فەیسەل مستەفا حاجی، لە ڕێگای شێوەکانی کوردیدا، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ"، بەشی سێیەم، ژ٥٤، بەغدا، ١٩٧٦، ل٤٠-٤٢؛ بەشی چوارەم، ژ٥٥-٥٦، بەغدا، ١٩٧٦؛ ل٤٠-٤٢؛ بەشی پێنجەم، ژ٥٧، بەغدا، ١٩٧٧، ل٦١-٦٣.

(٣٠)د. قــەناتی کــوردۆ، گراماتیکــا زمــانێ کــوردی، چــاپی یەکــەم، مۆسکۆ، ١٩٦٠.

(٣١)د. قــەناتی کــوردۆ، گراماتیکــا زمــانێ کــوردی، چــاپی ســێیەم، مۆسکۆ، ١٩٦٠.

(٣٢)د. کوردســتان موکریــانی، جۆرەکــانی جێنــاو و دەوریــان لــە ڕســتەی کوردیــدا لــە دیــالێکتی کرمــانجیی خــواروو و کرمــانجیی ژووروودا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٢٩-٢٥٤.

(٣٣)لیژنــەی زمــانی کــودی، بــەراوردکاریی لــە نێــوان زارە کوردییەکاندا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٢٧٧-٢٣٧.

(٣٤)لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لیژنەکانی، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەورەحمانی حاجی مارف، بەغدا، ١٩٧٥.

(٣٥)محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١.

(٣٦)محەمەد ئەمین هەورامی، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

(٣٧)محەمەد ئەمین هەورامی، (کە) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردیدا، گۆڤاری "کاروان"، ژ١٢، هەولێر، ١٩٨٣، ل ١٩-٢٨.

(٣٨)محەمەد مەعرووف فەتتاح، خۆیەتی لە زار سلێمانیدا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد"، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٦٢-١٩٥.

(٣٩)مەسعوود محەمەد، بەسەرداچوونەوە، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب٥، بەغدا، ١٩٧٧، ل ١٣٥-١٧٦.
(٤٠)مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەییێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.
(٤١)مەسعوود محەمەد، سووڕێکی خامە بە دەوری ڕاناودا، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، ب٢، ژ١، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٩-١٤٧.
(٤٢)مەسعوود محەمەد، لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک، گۆڤاری "کاروان"، ژ٢٠، هەولێر، ١٩٨٤، ل ١٧-٢٥.
(٤٣)د. نەسرین فەخریو د. کوردستان موکریانی، ڕیزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٢.
(٤٤)نووری عەلی ئەمین، ڕیزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.
(٤٥)نووری عەلی ئەمین، قەواعیدی زمانی کوردی لە (صرفو نحو)دا، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٦؛ بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٥٨.
(٤٦)د. وریا عومەر ئەمین، پەیوەندی ڕاناو و فرمان لە کرمانجیی ژووروودا گۆڤاری "کاروان"، ژ٢، هەولێر، ١٩٨٢، ل ٤٢-٤٣.
(٤٧)د. وریا عومەر ئەمین، ڕیزمانی ڕاناوی لکاو، گۆڤاری "کاروان" ژ٨، هەولێر، ١٩٨٣، ل ٦٨-٧٤.

بە زمانی فارسی

(٤٨)دکتر ابراهیم پور، دستور زبان کردی، تهران؟
(٤٩)دکتر پرویز ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی، جلد اول، ١٣٥٤، جلد دوم، ١٣٥٤، جلد سوم، ٣٥٤.

(٥٠)ذوالنور، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی، تهران، ١٣٤٣.

(٥١)سید کمال طالقانی، دستور زبانی فارسی، چاپ ششم، ١٣٥١.

(٥٢)علی برناک، دستور زبانی فارسی، ١٣٤٧.

(٥٣)محمد کیوان پور، نامهای پرندگان در لهجه‌های کوردی، تهران، ١٣٢٦.

بە زمانی عەرەبی

(٥٤)الدکتور ابراهیم انیس، من اسرار اللغة، الطبعة الرابعة، القاهرة، ١٩٧٢.

(٥٥)الدکتور ابراهیم السامرائی، فقه اللغة المقارن، بیروت، ١٩٦٨.

(٥٦)الدکتور ابراهیم السامرائي، مباحث لغویة، النجف، ١٩٧١.

(٥٧)توفیق وهبی، قواعد اللغة الکردیة، الجزء الاول، الباب الثانی، بیروت، ١٩٥٦.

(٥٨)عبدالباقی الصافی، دراسة مقارنة الکلمة و علم الصرف فی اللغتین العربیة و الانکلیزیة، مستل من مجله کلیه الاداب جامعة البصرة، العدن، ٤ و ٥.

(٥٩)عبدالمهدی مطر، دراسات فی قواعد اللغة العربیة، الجزء ١-٢، النجف، ١٣٨٥هـ.

(٦٠)الدکتور علی عبدالواحد وافی، علم اللغة، الطبعة السابعة، القاهرة، ١٩٧٢.

(٦١)فتحیة توفیق صلاح، التیسیر فی النحو والصرف، عمان ١٩٧٨.

(٦٢)محمد سعيد عبدالرحمن، قواعد اللغة في النحو والصرف، بغداد، ١٩٧٠.

بە زمانی ڕووسی

(٦٣)ئۆ. س. ئاخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوەکانی زمان، مۆسکۆ، ١٩٦٦.

(٦٤)ک. ڕ. ئەیووبی‌و ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد، ١٩٦٨.

(٦٥)ئی. م. ئۆرانسکی، زمانە ئێرانی‌یەکان، مۆسکۆ، ١٩٦٣.

(٦٦)د. ن. ئۆشاکۆڤ، فەرهەنگی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، بەرگی یەکەم، ١٩٣٥؛ بەرگی دووەم، ١٩٣٨؛ بەرگی سێیەم، ١٩٣٩؛ بەرگی چوارەم، ١٩٤٠.

(٦٧)چ. خ. باکاییڤ، بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستان، مۆسکۆ، ١٩

(٦٨)چ. خ. باکاییڤ، زمانی کوردەکانی ئازربایجان، مۆسکۆ، ١٩٦٥.

(٦٩)چ. خ. باکاییڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤییەت، مۆسکۆ، ١٩٧٣.

(٧٠)س. ڤ. برۆملبێی، ل. ن. بوولاتۆڤا، دەربارەی مۆرفۆلۆژیی بەشە دیالێکتەکانی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٢.

(٧١)پ. ئا. بوداگۆڤ، خاسیەتی جێناوی کەسیی جودا، مۆسکۆ، ١٩٥٨.

(٧٢)ڕ. س. تسابۆلۆڤ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە، مۆسکۆ، ١٩٧٨.

(٧٣)ق. س، ڕاستۆرگوێڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦.
(٧٤)ئـا. ئـا. ڕیفۆرماتسکی، سـەرەتاییێکی زمانناسـی، چاپی چـوارەم، مۆسکۆ، ١٩٦٧.
(٧٥)زاری یوسـف، ئـەرکی جێنـاوی لکاوی (ێ) لـە زمـانی کوردیـدا، "کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسـی فیلۆلـۆژیی ئێرانـی"، دووشـەمبە، ١٩٦٦، ل ٣٢٥-٣٢٧.
(٧٦)ل. ئی. زاریێتسکی، لەبارەی جێنـاوەوە، گۆڤـاری "زمـانی ڕووسـی لە قوتابخانە"، مۆسکۆ، ١٩٤٠، ژ٦.
(٧٧)ئـا. ئـی. سامیرنیێتسـکی، مۆرفۆلـۆژیی زمـانی ئینگلیـزی، مۆسـکۆ ١٩٥٩.
(٧٨)س. ن. سۆکۆلۆڤ، زمانی ئاوێستا، مۆسکۆ، ١٩٦١.
(٧٩)ئا. ل. شـوومیلینا، کێشـەی لێکدانـەوەی کەسـی سـێیەمی جێنـاوی کەسیی جودا، مۆسکۆ، ١٩٦٢.
(٨٠) ڤ. ئا. فورۆلۆڤا، زمانی بلووجی، مۆسکۆ، ١٩٦٠.
(٨١)ن. س. ڤاڵگینـــا، د. ێ. ڕۆزێنتـــال، م. ئـــی. فۆمینـــا، ڤ، ڤ. تساپکێڤیچ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ، چاپی چوارەم، مۆسکۆ، ١٩٧١.
(٨٢)یو. ڤ. ڤانینکۆڤ، م. ڤینیارسکی، جێناوی کەسیی جودا لە زمانی ڕووسیو ئیسپانیدا، مۆسکۆ، ١٩٦٨.
(٨٣)ئی، م. ڤۆلف، ڕێزمانو سیمانتیکی جێناو، مۆسکۆ، ١٩٧٤.
(٨٤)ڤ. ڤ. ڤینـۆگرادۆڤ، زمـانی ڕووسـیی ئـەمڕۆ (مۆرفۆلـۆژی)، مۆسکۆ، ١٩٧٢.
(٨٥)ق. کوردۆییێڤ، دەستووری زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.

(٨٦)ق. کوردۆییێف، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٤.

(٨٧)ق. کوردۆییێف، زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦١.

(٨٨)ت. د. کۆریلسکایا، ئ. ڤ. پادووچێڤا، لەبارەی جێناوی خۆییو کەسییو نیشانە لە زمانی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ١٩٧١.

(٨٩)ئی. ئۆ. کۆستێتسکایا، ڤ. ئی. کارداشێڤکسی، ڕێزمانی فەرەنسی، چاپی حەوتەم، مۆسکۆ، ١٩٧٣.

(٩٠)ئا. ن. هڤۆزدێڤ، زمانی ئەدەبیی ڕووسی ئەمڕۆ، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، مۆسکۆ، ١٩٦٧.

(٩١)ئا. ئی. گولانۆڤ، مۆرفۆلۆژی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ، چاپی دووەم، مۆسکۆ، ١٩٦٥.

(٩٢)یو. ی. لیڤین، لەبارەی واتای جێناوەوە، مۆسکۆ، ١٩٧٣.

(٩٣)ک. ئی. مایتینسکایا، جێناو لە زمانانی خاوەن یاسای جوددادا، مۆسکۆ، ١٩٦٩.

(٩٤)د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق، کتێبی "ولاتانو میللەتانی ڕۆژهەلاتی نێزیکو ناوەڕاست"، ب٧، یەریڤان، ١٩٧٥، ل ٢٧٣-٢٨٢.

(٩٥)ڤ. ن. یارخۆ، ڤ. ئی. لۆبۆدی، زمانی لاتینی، چاپی چوارەم، مۆسکۆ، ١٩٦٩.

بە زمانە ڕۆژئاواییەکان

(96) G. O. Crume, A Grammer of english Language, London, N. Y, 1931.

(97) Ernest N. Maccarus, A Kurdish Grammer, New-York, 1958.
(98) H.A Glason, Linguisties and English Grammer, New-York, 1966.
(99) James Sledd, A Short Introduction to English Grammer, Chieago, 1959.
(100) Joyee Blau, Manuel De Kurd, Paris, 1980.
(101) D. N. Mackenzie, Kurdish Dialect Studies, London, 1957.
(102) D. N. Mackenzie, Kurdish Dialect Studies, London, 1961.
(103) Norman C. Stageberg, An Inrodutory english, Grammer, New-York, 1965.
(104) E. B. Soane, Elemntary, Kurmanji Grammer, Baghdad, 1919.
(105) E. B. Soane, Grammer of the Kurmanji Language, London, 1913.
(106) A. V. Williams Jackenzie, Avesta Grammer, Part I, Stuttgart W. Kohlhammer, 1892.